حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلیژی هونەرەجوانەکان

بەشی پەروەردەی هونەری

# دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان و ڕێگاکانی گەشەپێدانی لەژێر ڕۆشنایی ئاراستە هاوچەرخەکاندا

نامەیەکە پێشکەشە بە ئەنجومەنی کۆلیژی هونەرەجواکانی زانکۆی سلێمانی، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە بواری پەروەردەی هونەر- دەرهێنانی شانۆی

**لەلایەن**

**گۆران عەلی کەریم**

**بەسەرپەرشتی**

**پ. د. جواد نعمت حسين**

**ی.پ.د. دڵشاد مستەفا رەحیم**

2722 کوردی 1444 کۆچی 2022 زاینی

ب

(لەوانەیە نەتوانین چارەنوسی ژیانمان بگۆڕین ، بەڵام دەتوانین چارەنوسمان جێی سەرنج ڕاکێشان بێت و هەوڵبدەین لەکەوتن و ڕوخانیشدا ئاهەنگ بەهێز و تواناکانمانەوە بگێڕین، ئەمە یەکێکە لە پیشە سەرەکیەکانی شانۆ)

ئانتۆنین ئارتۆ

من بۆئەوە شانۆ ئەنجام نادەم کە لەگەڵ ژیاندا تەبا و ڕێکبم، بەڵکو شانۆ بۆیە ئەنجام دەدەم چونکە لە خودی ژیان ناڕازیم

**بڕیاری سەرپەرشتیاران:**

ئەم نامەیە بەناونیشانی (دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان و ڕێگاکانی گەشەپێدانی لەژێر ڕۆشنایی ئاراستە هاوچەرخەکاندا) لەلایەن خوێندکار (گۆران عەلی کەریم) ەوە، بەسەرپەرشتی ئێمە لەزانکۆی سلێمانی-کۆلیژی هونەر ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە پەروەردەی هونەر-شانۆ.

سەرپەرشتیاری یەکەم
ناو: پ.د جواد نعمەت حسین
ڕێکەوت /۲۰۲۲/۱۲

سەرپەرشتیاری دووەم
ناو: ی.پ.د دڵشاد مستەفا رەحیم
ڕێکەوت /۲۰۲۲/۱۲

بەپێی ئەو پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.د جواد نعمەت حسین
سەرۆکی بەشی پەروەردەی هونەر
ڕێکەوت /۲۰۲۲/۱۲

بەپێی ئەو پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: م.د. نعیمە عبداللە محمد
لێپرسراوی خوێندنی باڵا
ڕێکەوت /۲۰۲۲/۱۲

ت

**بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن:**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان و ڕێگاکانی گەشەپێدانی لەژێر ڕۆشنایی ئاراستە هاوچەرخەکاندا) خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار (گۆران عەلی کەریم) دا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە (پەروەردەی هونەر- شانۆ) پێبدرێت.

پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر زڵمی

ئەندام

ڕێکەوت: / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.ی.د. عبدالناصر مصطفی

ئەندام

ڕێکەوت: / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.د. جواد نعمت حسین

ئەندام و سەرپەرشتیاری یەکەم

ڕێکەوت: / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.ی.د. دڵشاد مصطفی رحیم

ئەندام و سەرپەرشتیاری دووەم

ڕێکەوت: / ١٢ / ٢٠٢٢

ناو: پ.د.نظام عبدالجبار حسین

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: / ١٢ / ٢٠٢٢

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی هونەرەجوانەکاندا، ژمارە ( ) لە ڕێکەوتی ( / / ) پەسەندکرا.

پ.ی.د. ڕێبوار سعید رشید

ڕاگری کۆلێجی هونەرە جوانەکان

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە:**

- ئەو خانمە شانۆکارانەی بەبێ سڵەمینەوەی بیری دواکەوتووی کۆمەڵگە لەسەرشانۆکان ئامادەییان هەبووە

- شانۆکارانی کورد کەتائێستاش لەسەر ژیانی خۆیان شانۆ دەکەن

- ئەو گەنجانەی لەئێستاو داهاتوودا شانۆی تەقلیدی تێکدەشکێنن و بانگەشەی شانۆیەکی نوێ دەکەن

- بە خوێندکارانی بەشی شانۆ لە پەیمانگە و کۆلیژی هونەرەجوانەکان

- بە خوێندکاران لەبەشی پەروەردەی هونەر

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ :

- هەردوو مامۆستای بەڕێزم (پ.د جواد نعمەت) و (ی.پ.د دڵشاد مسەفا) کە خۆبەخشانە سەپەرشتی نامەکەیان کردم و بەردەوام ڕێنمای و هاوکارم بوون
- مامۆستای بەڕێزم (ی.پ.د نعیمە محەمەد ) لێپرسراوی بەشی خوێندنی باڵا لە کۆلیژی هونەرەجوانەکان، کەبۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەم کار ئاسانی کرد.
- وەزارەتی پەروەردە و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کەبواری خوێندنیان بۆ فەراهەم کردم
- هاوڕێی بەڕێزم (پ.ی.م کاوە عێزەدین) مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن، هاوکارم بوو لە ئاماری توێژینەوەکەدا.
- هاوڕێ و برای خۆشەویستم کاک (بەکری بینەر)، هاوکارم بوو لە سەرچاوە پەیداکردندا.
- مامۆستای بەڕێزم (ی.پ.م وەفا ) و هاوڕێی بەڕێزم (م. کامەران مەحمود) مامۆستایانی بەشی پەروەردەی هونەر، هاوکارم بوون لەپێدانی زانیاری بۆ توێژینەوەکە.
- بەڕێز (ی.پ.د ابتسام اسماعیل) ڕاگری کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، هاوکارم بووە لە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکە.
- هاوڕییانم کە پشتیوان و هاوکاربوون بەڕێزان (ی.پ.د صمیم حسب الله یحی ، رەحیم عبدالرەحیم زادە، فەرەیدون حامدی، تریفە کەریمیان) بە پێدانی سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو.
- خاتوو (پرژە تەیفور) هاوکارم بووە لە تایپ و دیزاینکردندا.
- بەڕێز (د.بەرهەم خالید) هاوکارم بوو لە تەرجومەکردنی تێکستی ئینگلیزیدا.

# پێرستی ناوەڕۆک


| ناوەڕۆک | ژمارەی لاپەرە |
| --- | --- |
| ناونیشان | |
| پەیڤێک | ب |
| بڕیاری سەرپەرشتیاران | پ |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن | ت |
| پێشکەشکردن | ج |
| سوپاس و پێزانین | چ |
| پێرستی ناوەڕۆک | ح- خ- د |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | ژ- س |
| **شی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە** | ١ |
| ١ – ١ کێشەی توێژینەوەکە | ٢ |
| ١ – ٢ گرنگی توێژینەوەکە | 7 |
| ١ – ٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە | 8 |
| ١ – ٤ سنوری توێژینەوەکە | 8 |
| ١ – ٥ پێناسەی زاراوەکان | 8 |
| **بەشی دووەم : پێشینەی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو** | 13 |
| ٢ – ١ پێشینەی تیۆری | 14 |
| ٢ – ١ – ١ دەرهێنانی شانۆیی | 14 |
| ٢ – ١ – 2 چەمکی دەرهێنانی شانۆیی | 15 |
| ٢ – ١ – 3 دەروازەیەکی پێویست سەبارەت بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی دەرهێنانی شانۆیی جیهانی | 18 |
| ٢ – ١ – 4 بنەماکانی دەرهێنانی شانۆیی | 27 |
| ٢ – ١ – 5 رەگەزە سەرەکییەکانی دەرهێنان | 40 |
| ٢ – ١ – 5 – 1 پێکهاتن | 41 |
| ٢ – ١ – 5 – 2 جەختکردن | 41 |
| ٢ – ١ – 5 – 3 جێگیربوون | 45 |
| ٢ – ١ – 5 – 4 هاوسەنگ بوون | 47 |
| ٢ – ١ – 5 – 5 وێناندن | 49 |
| ٢ – ١ – 5 – 6 جووڵە | 50 |

| | |
|---|---|
| 55 | ٢ – ١ – 5 – 7 ڕیتم |
| 58 | **٢ – ١ – 6 دەروازەیەکی مێژووی دەربارەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان** |
| 58 | ٢ – ١ – 6 – 1 دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و سەرەتای دروست بوونی لقی دەرهێنان |
| 64 | ٢ – ١ – 6 – 2 کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان روداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی شاری سلێمانیدا |
| 65 | ٢ – ١ – 6 – 3 بابەتی وانەی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا |
| 67 | ٢ – ١ – 6 – 4 چۆنیەتی دابەشکردنی بەشە وانەکانی دەرهێنان لەناو پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا |
| 70 | ٢ – ١ – 7 – شانۆی هاوچەرخ |
| 72 | ٢ – ١ – 7 – 1 مۆدێرنیزم |
| 77 | ٢ – ١ – 7 – 2 کاریگەریەکانی مۆدێرنیزم لەسەر شانۆی هاوچەرخ |
| 78 | ٢ – ١ – 7 – 3 تایبەتمەندیەکانی شانۆی هاوچەرخ |
| 88 | **٢ – ١ – 8 ئەزمونی چەند شانۆکارێکی هاوچەرخی جیهانی وەک نمونە** |
| 88 | ٢ – ١ – 8 – 1 ئانتۆنین ئارتۆ |
| 98 | ٢ – ١ – 8 – 2 جێرزی گروتۆفسکی |
| 109 | ٢ – ١ – 8 – 3 برتۆڵد برێخت |
| 126 | **٢ – ٢ توێژینەوەکانی پێشوو** |
| 126 | ٢ – ٢ – ١ لێکۆڵینەوەی (علي:2005) |
| 127 | ٢ – ٢ – ٢ لێکۆڵینەوەی (حاجی قاسمی :2012) |
| 128 | ٢ – ٢ – ٣ لێکۆڵینەوەی (حسنی پور:2012) |
| 129 | ٢ – ٢ – ٤ لێکۆڵینەوەی (محمدی:2018) |
| 130 | ٢ – ٢ – ٥ لێکۆڵینەوەی (محمد:2020) |
| 132 | 2-3 بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| 136 | **بەشی سێیەم : ڕێباز و ڕیکارەکانی توێژینەوەکە** |
| 137 | 3-1 ڕێبازی توێژینەوەکە |
| 137 | 3-2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 138 | 3-2-1 ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 139 | 3-2-2 بڕوانامەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 140 | 3-2-3 پسپۆڕی ووردی کۆمەڵگە توێژینەوەکە |

| | |
|---|---|
| 141 | 3-2-4 شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 142 | 3-2-5 بە پێی بڕوانامە و ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| 143 | 3-3 ئامرازەکانی توێژینەوەکە |
| 148 | 3-4 جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە |
| 149 | 3-4-1 هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان |
| **151** | **بەشی چوارەم : ئەنجامەکانی توێژینەوە و راڤەکردنیان** |
| 152 | ٤ – ١ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
| 152 | ٤ – 1- 1 ئەنجامی ئامانجی یەکەم |
| 183 | ٤ – 1- 2 ئەنجامی ئامانجی دووەم |
| 186 | 4-2 دەرئەنجامەکان |
| 187 | 4-3 راسپاردەکان |
| 188 | 4-4 پێشنیارەکان |
| **189** | **لیستی سەرچاوەکان** |
| 190 | سەرچاوەکان بە زمانی کوردی |
| 191 | سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی |
| 196 | سەرچاوەکان بە زمانی فارسی |
| 196 | سەرچاوەکان بە زمانی ئیگلیزی |
| 197 | گۆڤارەکان |
| 198 | ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان |
| ١١٨ | سەرچاوەکان لە ئەنتەرنێت |
| 199 | چاوپێکەوتن |
| 199 | لێکۆڵینەوەکان |
| **201** | **پاشکۆکان** |
| 246 | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی |
| 249 | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی |

## پێرستی خشتەکان



| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی خشتە | ژمارەی خشتە |
|---|---|---|
| 138 | ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | (3 -١) |
| 139 | بڕوانامەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | (3 -٢) |
| 140 | پسپۆری وردی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | (3 -٣) |
| 141 | شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | (٣-4) |
| 142 | بەپێی بڕوانامەو ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | (٣-5) |
| 148 | تاقیکردنەوەی (پێرسۆن) بۆ جێگری فۆرمی ڕاپرسییەکە | (٣- 6) |
| 152 | دۆخی دەهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان | (4- 1) |
| 156 | میتۆدی پەیڕەوکراو بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان | (4 - 2) |
| 162 | شێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنان لەکوردستاندا لە دیدی بەرتوێژانەوە بە بەراورد بە ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان | (4- 3) |
| 166 | شێوازی تەکنیکی پراکتیکی بەکارهێنراو لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان | (4 -4 ) |
| 170 | چالاکیە فێرکاریەکان کەپێویستە بەکاربهێنرێت لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهینان | (4- 5) |
| 174 | ئەو گرفتانەی کەتوشی بابەتی دەرهێنانی شانۆی دەبێتەوە لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان | (4- 6) |
| 178 | سودەکانی وانەی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پێگەیاندنی خوێندکاراندا | (4- 7) |
| 183 | پێشنیارەکانی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە ژێر ڕۆشنای ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا | (4 - 8) |

## پێرستی وێنەکان


| ژمارەی وێنە | ناونیشانی وێنە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 – 2 | شانۆی (کالیگۆلا) | 42 |
| 2 – 2 | شانۆی (کالیگۆلا) | 43 |
| 3 -2 | شانۆی (ساڵی ئاشووب) | 44 |
| 4 -2 | شانۆی (کالیگۆلا) | 44 |
| 5 -2 | شانۆی (کالیگۆلا) | 45 |
| 6 -2 | وێنەی نا هاوسەنگ | 46 |
| 7 – 2 | وێنەی هاوسەنگ | 46 |
| 8 – 2 | شانۆی (ساڵی ئاشووب) | 48 |
| 9 – 2 | شانۆی (کالیگۆلا) | 49 |
| 10 – 2 | شانۆی (لەسەدە تاریکەکاندا شەو درێژتر بوو) | 51 |
| 11 – 2 | شانۆی (کارەکەرەکان) | 53 |
| 12 – 2 | شانۆی (ساڵی ئاشووب) | 55 |
| 13 – 2 | ڕیتم | 57 |


## پێرستی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە | 202 |
| ٢ | (ڕاپرسی کراوە) بۆ مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی. تایبەت بە دۆخی وانە وتنەوەی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا | 203 |
| ٣ | (ڕاپرسی کراوە) بۆ مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی، سەبارەت بە پێشنیارەکان و گەشە پێدانی لەژێر ڕۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکاندا | 206 |
| ٤ | (ڕاپرسی داخراو) بۆ شارەزایان .بۆ دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆی | 209 |
| ٥ | (ڕاپرسی داخراو) بۆ شارەزایان، بۆ پێشنیارەکان | 223 |
| ٦ | (پاشکۆی داخراو) بۆ مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی. سەبارەت بە دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا | 228 |
| ٧ | (ڕاپرسی داخراو) بۆ مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی. بۆ پێشنیارەکان | 241 |

# پوختەی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە:

1. (خستنە ڕووی دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان).

2. (پێشنیارەکانی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە ژێر ڕۆشنای ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا).

بابەتی دەرهێنانی شانۆی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی لقی دەرهێنان لەخوێندنی شانۆدا لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا.

لەجێبەجێ کردنی ئەم توێژینەوەیەدا، بەپێی سروشت و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستووە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆی لەسەرجەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی پارێزگاکانی کوردستان بە هەموو شار و قەزاکانەوە. بۆئەم مەبەستەش نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (53) کەس، توێژەر پشتی بەستوە بەسەرجەم ئەو مامۆستایانەی وانەی دەرهێنانی شانۆییان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کورستاندا وتۆتەوە، وەک نمونەی توێژینەوەکە بۆ (کۆمەڵگەی توێژینەوەکە)، (حصر الشامل) کراوە.

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەدوو جۆر راپرسی بەستوە، ئەوانیش یەکەمیان راپرسی کراوە و دووەمیان راپرسی داخراو، کەئەوانیش بریتین لەم هەنگاوانەی خوارەوە.

1- سەرەتا توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکی کراوە، کە بەشێوەی پرسیار بەسەر مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیدا دابەشی کردون.
2- دواتر توێژەر بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەراپرسیە کراوەکەدا بووە، هەڵسا بە ئامادەکردنی فۆرمی راپرسی داخراو، کە بەشێوەیەک کێشەو پرسیارەکانی لەخۆ گرتبوو.
3- هەروەها توێژەر هەڵساوە بە دەرهێنانی ڕاستگۆی ڕواڵەتی و جێگری بۆ ڕاپرسیەکە.
4- لەڕووی ئامارییەوە هاوکێشەی ناوەندی شیاو بەکار هێنراوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان.

لەگرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەی لای خوارەبوون:

1- سەلماندنی نەبوونی پلانێکی گشتی بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لەسەرجەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستاندا.

2- جەختکردنە سەر فێرکردنی خوێندکاران بەشێوەی تیوری و پراکتیکی و دروستکردنی کەشێکی گونجاوی هونەریانە.

3- یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و پرۆگرامی ناوخۆی پەیمانگەکان کۆنن و کۆمەڵێک یاسای چەسپاوی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەسەر پەیمانگەکان و وانە هونەریەکاندا جێبەجێ دەکرێن.

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا کۆمەڵێک ڕاسپاردەی پێشکەش کردووە لە گرنگترینیان:

1- ئامادەکردنی پێداویستی لایەنی پراکتیکی لەلایەن سەرۆکایەتی بەشی شانۆوە، بۆ ئەنجامدانی وانە پراکتیکیەکان کە وەک (هۆڵ و کەرەستە بەکارهاتووەکان بۆ دروستکردنی دیمەنی شانۆیی).

2- هاوتاکردنی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، هاوشێوەی ناوەندە ئەکادیمیە هونەرەجوانەکانی جیهان و خوێندنی هونەری شانۆ بەشێوەیەکی سەردەمیانە.

هەروەها توێژەر چەند ناونیشانێکی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تر پێشنیاز کردووە لەوانەش:

1. دۆخی دەرهێنانی شانۆی هاوچەرخ و کاریگەریەکانی بەسەر بزاوتی شانۆی کوردییەوە لەپاش ڕاپەڕینی 1991.

2. کاریگەری وانە پراکتیەکانی دەرهێنانی شانۆیی لەسەر دۆخی پەروەردەکردنی دەرهێنەر لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا.

# بەشی یەکەم

## (ناساندنی توێژینەوەکە)

1.1 کێشەی توێژینەوەکە

2.1 گرنگی توێژینەوەکە

3.1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە

4.1 سنوری توێژینەوەکە

5.1 پێناسەی زاراوەکان

بەشی یەکەم

## ١-١ کێشەی توێژینەوەکە

بابەتەکانی خوێندن لەناو دەزگاکانی خوێندندا کرۆکی پرۆسەی فێرکردنە، چونکە خوێندن سەرچاوەی بەخشینی زانست و زانیارییە و مرۆڤ لەڕێگەی خوێندنەوە بیری هۆشیاری فراوان دەبێت، بۆیە پیویستە هەمیشە بابەتی پەروەردە و فێرکردن لەپرۆسەی خوێندندا بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە بەمەبەستی دەرخستنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانییەوە. هەوڵدان بۆچارەسەری لایەنە نەرێنیەکانی دەبێتە دەرئەنجامێک بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەداموودەزگاکانی پەروەردەدا. پێویستە بابەتی خوێندن هەمیشە تازەبکرێتەوە بە بابەتی نوێ، بۆئەوەی بگونجێ لەگەڵ خواستی خوێندکاران و کۆمەڵگە ی نوێدا، چونکە ئەوەی وا لە نەوە نوێکان دەکات بەردەوام لەگەڵ سەردەمی نوێدا هەڵسوکەوت بکات پرۆسەی خوێندن و فێرکردنە، هەرلەڕێگەی ئەم دەزگایەوە داهێنانی نوێش دروست دەبێت. ئەگەر سەیری بواری لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی بکەین ئەوا بە هەزاران توێژینەوە دەبینین کە لەبواری پەروەردە و فێرکردندا ئەنجام دراوە لەناو زانکۆکانی جیهاندا.

بێگومان دامەزراوە فێرکاریەکانی بواری پەروەردە زۆرن و چەندین جۆری جیاوازی هەیە کە خوێندکار تێیدا دەخوێنێت، پەیمانگەی هونەرەجوانەکانیش کە دامەزراوەیەکی هونەری و فێرکارییە، کار دەکات لەسەر پێگەیاندنی خوێندکاران لەبوارەکانی شانۆ و شێوەکاری و میوزیک، بۆ پێگەیاندنی خوێندکار لەبواری هونەردا.

هونەری شانۆ چەندین رەگەزی هەیە تاوەکو پرۆسەیەکی شانۆی بەرهەم بێت کەئەوانیش ( نوسەر ، دەرهێنەر ، ئەکتەر ، بەڕێوەبەری شانۆ ، بەڕێوەبەری بەرهەم ، دیکۆریست ، ماکێر ، دیزانەری جلوبەرگ . دیزاینەری ڕوناکی ، جێبەجێکاری کارە هونەریەکان و چەندین رەگەزی تر تا لەکۆتایدا دەگات بە بینەر). هەریەکێک لەم رەگەزانە لەهونەری شانۆدا پایە و پێگەی گرنگیان هەیە، تەنانەت بەپێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و شێواز و مامەڵەی کارکردنیان گۆڕاوە.

هونەری شانۆ بەیەکێک لەو هونەرە زیندوانە دادەنرێت کەدەتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بینەر دروست بکات. بەهۆی ئەوەی کە بینەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ روبەڕوی نمایشی شانۆی دەبێتەوە، هەست و سۆزی تێکەڵاوی سەرجەم روداو و بابەتەکانی ناو شانۆییەکە دەکات. هەر بەهۆی ئەم کاریگەرییە راستەوخۆیەی شانۆ لەسەر بینەران، وایکردوە هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستامان گرنگی بدرێت بەبواری شانۆ، هەرچەندە شانۆ ڕوی ئەدەبی و هونەری لەکارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو لایەنە هونەریەدا زۆر جار شانۆ بۆ ئاراستەکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار هێنراوە. کەواتە بەهۆی کاریگەریە راستەوخۆییەکەی شانۆوە لەسەر بینەر دەتوانرێت کۆمەڵگە بەوشێوەیە ئاراستە بکرێت کە نمایشە شانۆییەکە دەیەوێت. یان دەکرێت بڵێین شانۆ فاکتەرێکی گرنگە بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە.

دەرهێنانی شانۆیی لەدوای سەدەی نۆزدەهەمەوە و بەتایبەتیش لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە وولاتە پێشکەوتوەکاندا گرنگی پێدراو چەندین ناوەندی ئەکادیمی بۆ دامەزرا و خوێندکاران و شانۆکارانی ئارەزومەندی بواری دەرهێنانی شانۆیی لەو ئەکادیمیانەدا هەوڵی خۆ فێرکردن و پەرەپێدانی بواری زانستی دەرهێنانیان دەوە، ئەو ناوەندە ئەکادیمی و زانستیانەش وەک پرۆسەیەکی فێرکاری وانەی دەرهێنانیان کردۆتە بەشێکی سەرەکی فێرکاری لە ناوەندە شانۆییەکاندا.

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا و دروست بونی چەندین قوتابخانە و ستایلی نوێی هونەری ، شانۆش خۆی نوێ کردەوە و چەندین ستایلی  نوێ لەشانۆدا سەریان هەڵدا، بەتایبەت شانۆکارە هاوچەرخەکان بیریان لەوە کردوە کەچۆن شانۆکەیان لەگەڵ سەردەمی نوێدا بگونجێنن و ئاراستەی نوێ بدۆزنەوە. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمەوە چەندین ستایلی نوێ سەری هەڵدا ئەوانیش (شانۆی بایۆمیکانیک  لای مایر هۆڵد، شانۆی توندوتیژی لای ئانتۆنین ئارتۆ ، شانۆی هەژار لای گرۆتۆفسکی ، شانۆی ژور لای کانتۆر ، شانۆی داستان لای برتۆلد برێخت ، شانۆی ئەنترۆپۆلۆژی لای یۆژینۆ باربا ) لەئێستاشدا

چەندین ستایلی تری شانۆی لەجیهاندا سەری هەڵداوە هەروەک و (شانۆکەی پیتر برۆک و شانۆی ڕۆژی ئاریان مونشکین و شانۆی ئوگوستۆ بوال و شانۆی وێنەی سەلاح قەسەب).

لەپاش ئەم دەرهێنەر و ستایلە شانۆییانەوە کارکردنی دەرهێنەر ئازادی بەخۆوە بینی و دەرهێنەرە نوێکان بەردەوام بون لە کار و ئەزمونی نوێ ، بەجۆرێک لەسەر شانۆکانی جیهان ولەناو فێستڤاڵە شانۆییە بەناوبانگەکاندا بەردەوام ستایلی نوێ و دەرهێنەری نوێ دەردەکەوێت و چیتر ناکرێت لەدونیای هاوچەرخدا مامەڵەی باو و تەقلیدی لەگەڵ هونەری شانۆ و جیهانبینی دەرهینەردا بکرێت.

لەئێستادا کاری هونەری بەشێوەیەکی گشتی بۆتە زانست و ناوەندە ئەکادیمیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەبەرەو پێشخستنی ڕەوتی هونەری. لەزۆر ناوەندی دونیادا لقی دەرهێنان گرنگی زۆری پیدەدریت و خوێندکاران لەناو ناوەندە ئەکادیمەکاندا ئەزمونی کاری نوێ دەکەن، هەڵبەتە لەهەرێمی کوردستانیش پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان لەبەشی شانۆدا لقی دەرهێنانی هەیە و ئەم بابەتە وەک بابەتێکی سەرەکی دەخوێندرێت، کەتێیدا رەچاوی چەندین میتۆد و قوتابخانەی شانۆی دەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەوڵیداوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی پسپۆڕیەکەی کە بواری (دەرهێنانی شانۆی) ە توێژینەوەیەک ئەنجام بدات بەمەبەستی ئاشنابون بەلایەنی دۆخی دەرهێنانی شانۆیی و خستنەڕوی ئاراستە هاوچەرخەکانی بواری دەرهێنان لەلای دەرهێنەرە هاوچەرخەکانی شانۆکارانی جهیانی.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بەوانەی دەرهێنانی شانۆی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستاندا، پاشان گەشەپێدانی ئەم بابەتە لەژێر رۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکانی دەرهێنانی شانۆیدا کەئێستا لە زۆربەی ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیادا پەیرەو دەکریت.

بابەتی وانەی دەرهێنانی شانۆی لەناو پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا یەکێکە لە لقە سەرەکیەکانی خوێندنی شانۆ، خوێندکار بۆماوەی سێ ساڵ بەشێوەیەی جیاواز وانەی دەرهێنان دەخوێنێت و تییدا بەشێوەی تیوری و پراکتیکی فێر دەکرێت. هەر لەبەر گرنگی ئەم

وانەیە ساڵانە لەجیهاندا بەهەزاران خوێندکار لەناو زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هونەری شانۆ دەبنە هەڵگری بڕوانامەی دەرهێنانی شانۆیی. بەشی شانۆ لە پەیمانگەدا دوو لق لەخۆ دەگرێت ئەوانیش لقی نواندن و لقی دەرهینانە. بابەتی دەرهێنانی شانۆی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی لقی دەرهێنان لەخوێندنی شانۆدا لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا. توێژەر بەپێی بواری پسپۆڕییەکەی کە دەرهێنانی شانۆیە، جەختی کردۆتە سەر ئەم بابەتە کە بابەتی خوێندنی دەرهێنانی شانۆیە،

بابەتی دەرهێنانی شانۆی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە ( فێربون و راهینان کردن و جێبەجێکردنی پرۆسەی گواستنەوەی دەق بۆ سەر شانۆ و مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەر و سەرجەم پێداویستیەکانی تری شانۆی هەروەک دیکۆر و جلوبەرگ و روناکی و میوزیک، هەروەها بابەتی دەرهێنانی شانۆی پرۆسەیەکی گواستنەوەیە لەنێوان ئەزمونی مامۆستایی پسپۆڕ لەگەڵ خوێندکارەکانیدا و فێرکردنیان بەشێوەیەک کە بتوانن لەکۆتایدا کارێکی شانۆیی بەرهەم بهێنن).

لەلایەکی ترەوە توێژەر هەوڵیداوە باس لەلایەنی فێرکردن و چۆنیەتی خوێندنی وانەی دەرهێنان بکات لەناو پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ناوەندە ئەکادیمیەکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر کاری کردوە لەسەر گەڕان و لێکۆڵینەوە لەناو پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لەلایەن مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆی.

لە ژێر تیشکی روناکی ئەم گەڕان و دۆزینەوانەدا، توێژەر هەوڵیداوە شێوازی وانەی دەرهێنانی شانۆی بگونجێنیت بە پرۆگرامە سەردەمیەکانی دەرهێنانی شانۆیی لەژێر کاریگەریەکانی ئاراستە هاوچەرخەکانی جیهانی پێشکەوتودا، ئەمەش بۆئەوەیە کە هەم خوێندکار هەم مامۆستا بتوانن زانیاری نوێ بەدەست بهێنن لەم وانە گرنگ و سەرەکیەدا. بەشێکی تری پیویستی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەیە گەشە بە بواری دەرهینانی شانۆی بدرێت لەلایەن توێژەرەوە بۆ فراوان کردن و بەدەست خستنی زانیاری نوێ، ئەویش بەپێی

شارەزایی توێژەر لەبواری دەرهینای شانۆیدا. چونکە توێژەر بۆخۆی وەک شارەزایەک ماوەی سی ساڵە خەریکی کاری دەرهێنانی شانۆییە و نزیکەی حەڤدە سالیشە وەک مامۆستای بابەتی دەرهێنان له پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیدا وانەی دەرهێنانی شانۆی دەڵێتەوە.

گەڕانی توێژەر بۆ لێکۆڵینەوەکانی پێشوو دەست نەکەوتنی ئەم بابەتە بوو لەناو لێکولێنەوەکاندا، بەتایبەت کارکردن لەسەر وانەی دەرهینان لەناو پەیمانگەکانی کوردستاندا بەشێوەی هاوچەرخ،

چونکە لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا کار لەسەر ناونیشانی ناوبراو نەکراوە ،هاوکات لەگەڵ ئەوەدا چەند توێژینەوەیەک بە بایەخەوە باس لە ئاراستەکانی دەرهێنانی شانۆی هاوچەرخ دەکەن، کەدەکریت بۆ خوێندکاری توێژەر سودی هەبێت لە پێشخستنی گۆڕاوە شوێنکەوتوەکان . کەئەوانیش لێکۆڵینەوەی هەریەک لە: (علي:2005) (حاجی قاسمی، 2012)، (حسنی پور:2012)، (محمدی:2018)، (محمد:2020)

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەپێناو زانینی دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستاندا، هەر لەم ڕوانگەیەوە توێژەر چەند پرسیارێکی لا گەڵاڵە بووە هەر وەکوو:

- ئایا دۆخی وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا لەچی ئاستێکدایە؟.
- ئایا وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە کوردستاندا تاچەندە لەگەڵ ئاڕاستە هاوچەرخەکانی جیهاندا کاری لەسەر کراوە؟.

بەمەبەستی وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە بڕیاردرا بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە کەخۆی لەخۆیدا کێشەی توێژینەوەکەیە.

## 2.1 گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی هەر توێژینەوەیەک بێگومان پەیوەندی بەگرنگی بابەتەکەوە هەیە. چونکە کاتێک هەست دەکرێت بابەتێک گرنگ و بایەخدارە، دەبیت کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بەشێوەیەکی زانستی تیشکی بخەنە سەر و بیکەنە بابەتی لیکۆڵینەوە و توێژینەوە. یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا بۆیەکەم جارە توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکرێت.

لەکاتێکدا کە گرنگی توێژینەوەکە و گرنگی بابەتەکە لەبەرچاو بگیرێت، دەتوانرێت ئەم توێژ وکەسانەی خوارەوە سودی لێ ببینن.

1.2.1 مامۆستایانی سەرجەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستان، بەسود وەرگرتن لە ئەنجامی توێژینەوەکە.

2.2.1 خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەتایبەت ئەوانەی لە لقی دەرهێنان دەخوێنن ، ئەگەر هاتو ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەلایەن پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانەوە پەسەند بکرێت.

3.2.1 دەبێت بۆ دەرهێنەرانی شانۆ لەدەرەوەی ناوەندە ئەکادیمیەکان، کەدەتوانن بەشێوەیەی ۆرک شۆپ سودی لێ ببینن.

4.2.1 کتێبخانەی کوردی، سودبەخشین ودەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی لەڕێی سەرچاوەی زانستی و هونەریەوە، بەتایبەت توێژنەوە لەسەر هونەری شانۆ کەسود دەگەیەنێت بە خوێنەری کورد.

5.2.1 خوێندکارانی پەروەردەی هونەر و کۆلیژی هونەر بەشی شانۆ، کەدەکرێت ئەوانیش وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەکاری بهێنن، چونکە ئێمە سەرچاوەی زانستیمان کەمە.

6.2.1 خوێندکارانی خوێندنی باڵا وەک توێژینەوەیەکی پێشوو، لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم جۆر و بابەتە.

## 3.1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە

بریتیە لە :

1.3،1 خستنە ڕووی دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.

2.3.1 خستنە رویی پێشنیارەکانی گەشە پێدانی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە ژێر ڕۆشنای ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا.

## 4.1 سنوری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بەپێی ئەم سنورانەی لای خوارەوە ئەنجامدراوە:

1.4.1 سنوری بابەتی : خستنە ڕووی دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستانی عێراق و ڕێگاکانی گەشەپێدانی دەرهێنانی شانۆیی بەپێی ئاراستە هاوچەرخەکان.

2.4.1 سنوری مرۆیی : مامۆستایانی پسپۆڕ لەبواری دەرهێنانیدا.

3.4.1 سنوری شوێن : سەرجەم ئەو پەیمانگەی هونەرەجوانانەی کەبەشی شانۆی تێدایە لەهەرێمی کوردستاندا.

4.4.1 سنوری کات: ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١).

# 5.1 پێناسەی زاراوەکان

## 1.5.1 دۆخ (واقع)

مەبەستی توێژەر لەم چەمکە بریتییە:

لە واقعی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەرێمی کوردستاندا.

## 2.5.1 دەرهێنانی شانۆیی

**آ- پێناسەی زارەوەیی**

بەچەند جۆرێک پێناسەکراوە وەک:

- (دولمان، 1948)

پێناســـەی کـــردوە بەوەی کە :" گرنگـــی دەرهێـــنەر وەک مامۆســـتا وایە، لەبەر ئەوەی دەرهێـنەر هەڵدەسـتێت بە فێرکردنـی ئەکـتەر کەچـۆن ووشـەکانی نـاو دەقەکە بڵێـت و وەچۆن لەسەر شانۆ کاربکات و بیربکاتەوە لە شانۆییەکە" (Dolman: 1984:17).

- (ئەلکساندەر دین 1953)

پێناسـەی کردوە بەوەی کە دوو جـۆری هەیە ئەوانیش بـریتیە لە:" یەکەم ، دەرهێنەری دروستکەر هەروەک میوزیسیان و ئەندازیار و رۆمان نووس و وێنەکێش و پەیکەرساز، دووەم،دەرهێنەری شیکار، وەک نوسـەری دەق و ئەکـتەر و ئـامێرژەنی میوزیک و رابەری ئۆکسـترا، کە بەبـڕوای (دیـن) دەرهێـنەری شـیکار هونەرمەنـدترە چـونکە دەقێکـی نوسـراو بەووشـــەی وەســـتاوەوە دەخـــاتە نـــاو لاپەڕەی ژیـــانێکی نـــوێ و شـــیکاریەکی ڕاســـتگۆی لەسەرشانۆ بۆدەکات" (Dean:1953: 23).

- (بوبوف ، 1976).

پێناســـەی کـــردوە بەوەی دەرهێـــنەران ســـێ ئاراســـتەی هەیە کە ئەوانـــیش:"یەکەم، ئاراسـتەکردنی ئەکتەر بۆبەرجەسـتەکردنی کارەئەکتەرەکان بەشـێوەیەی بەشداریکردنی ناڕاسـتەوخۆ. دووەم، دەهێـنەر ئـاوێنەیەکە بـۆ ئەوەی ئەکـتەر فـۆڕمی کەسـایەتی خـۆی تێدابببینێت. سێهەم، هەڵدەستێت بەڕێکخستنی نمایشی شانۆی لەهەموو رویەکیەوە وەک کـــرداری میـــزان ســـین و دیکـــۆر و رونـــاکی و کـــارتێکەرە دەنگیەکـــان و ســـەرجەم پێداویستیەکانی تر" (بوبوف: 1976: 27).

- (فرید و عبدالحمید، 1980)

پێناســـەی کـــردوە بەوەی کە :" هـــونەری دەرهینـــان کـــرداری بەرجەســـتەکردنی دەقـــی شـــانۆییە لەڕێـــگەی ســـەرچاوەی بیســـت و بینـــین و جـــوڵەی ســـەر شـــانۆ" (فریـــد& عبدالحمید:1980 :5) .

**ب- پێناسەی تیۆری**

- تـوێژەر پێناســەی کـردوە بەوەی کە: "دەرهێـنەر ئەو کەســەیە کە هەڵدەسـتێت بە ڕێکخســتنی نمــایش بە ئامــادەکردنی ســەرلەنوێ دەق و هەڵبژاردنــی ئەکــتەران و گەیاندنی پەیامێکی گشتگیر لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکانی"

### 3.5.1 پەیمانگەی هونەرەجوانەکان

توێژەر پێناسەی کردووە بەوەی کە:

ئەو ناوەنـدە هـونەریەیە کە سـەر بە وەزارەتـی پەروەردەی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، خوێنــدکار لەدوای قۆنــاغی نــۆی بنەڕەتــیەوە بەشــێوەی چــاوپێکەوتن لەســەر بنەمــای ئارەزومەنـدی و دەرخستنی توانا هونەریەکانی وەردەگیرێت .خوێندن تێیدا بۆمـاوەی پێنج ساڵە، پێکهاتوە لەسێ بەش ئەوانیش (بەشی شانۆ ، بەشی شێوەکاری ، بەشی میوزیک).

لەبەشــی شــانۆدا لەدوای قۆنــاغی دووەمەوە لقــی دەرهێنــان و نوانــدن جیــادەکرێتەوە و خوێنـدکار بۆمـاوەی سـێ سـاڵ بەشـێوەی پسـپۆڕی وانەی دەرهێنـان و نوانـدن دەخوێنێت، لەدوای پێنج ساڵەکە خوێندکار بڕوانامەی دبلۆمی پێدەدرێت.

### ٤.٥.١ ئاراستە هاوچەرخەکانی دەرهێنانی شانۆی

**آ- پێناسەی زارەوەی**

بەچەند جۆرێک پێناسەکراوە

- (اردش، 1979)

پێناســەی کـردوە بەوەی کە :" دەرهێـنەر لەشــانۆی هاوچەرخـدا پـلان داڕێـژەری پرۆژەی بەهەمی شـانۆییە، لەهەمـان کاتـدا عەقڵی بیرکەرەوە و داهێنەری وردو درشـتی

شانۆییەکەیە، هەروەها بەرپرسی هونەری و هزری کاری شانۆییەکەیە، پێویست ناکات بەرپرسی لایەنی کارگێری و ئابوری شانۆکەبێت" (اردش:1979: 14).

- (روبین، 1980)

سەبارەت بەدەرهێنانی شانۆی دەڵێ :" دەرهێنەر ئەو کەسەیە کەتۆڕی پێکەوە بەستنەوەی دیکۆر و کەسایەتیەکان ، کەرەستە و پەیڤەکان ، روناکی و جوڵەکان دەستنیشان دەکات، بۆیە دەکرێ بڵێین دەرهێنانی شانۆی تەنیا هونەری درەوشانەوەی دەقێک دەستنیشان ناکات، بەڵکو هونەری دەرخەری دیوە شاراوەکانی دەقە" (روبین:1386: 55).

- (ئارتۆ، 2017)

بەم شێوەیە پێناسەی کردوە کە:" خوڵقاندنی بەرهەمێکی شانۆی کاری راستەوخۆیە لەگەڵ تەختەی شانۆ، کەئەمەش کاری دەرهێنانە بۆ بەشانۆکردنی ،زیاتر لەوەی کاری دەقێکی نوسراوبێت، بیرۆکەی شانۆگەریەک راستەوخۆ لەسەر شانۆ ئامادەبکرێت لەبەرکەوتنیدا لەگەڵ بەربەستەکانی دەرهێنان و بەربەستەکانی سەرشانۆ، دۆزینەوەی زمانێکی کارا دەسەپێنێت، واتا هەموو ئەو بنەمایانەی کەبەشێوەیەکی تایبەتمەند تێیدا شانۆیین، دەق ملکەچ دەکات" (ئارتۆ:2017: 66).

- (وایتمور، 2021)

پێناسەی کردوە بەوەی کە بریتییە لە :"دەرهێنەر دوای خوێندنەوەی دەق ئازادە لەبڕیاردانی شێوازی کارکردنی لەچۆنیەتی دروست کردنی شوێن و هەڵبژاردنی دەق و پەرەپێدانی دیزاین و پلانی رەنگ و بابەتی ئەکتەرەکان و لابردنی هەندێک لەوشەکانی ناو دەق یان ئامادەکردنی دەقەکە، هەوەها هەڵدەستێت بەکرداری پەیوەندی نێوان دیزانەران و ئەکتەرەکان و کارە هونەریەکان، چونکە لەکۆتایدا دەرهێنەر و دیزاینەر و هونەریەکان و ئەکتەرەکان دروستکەری مانای راستەقینەی نمایشە شانۆییەکەن" (وایتمور:2021: 24).

**ب- پێناسەی تیۆری**

- توێژەر پێناسەی کردوە بەوەی (ئاڕاستە هاوچەرخەکانی دەرهێنانی شانۆیی، هەموو ئەو ئاڕاستانە دەگرێتەوە کەتوانیویانە بەشێوازێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ پانتایی نمایشدا بکەن و ئاڕاستەی نوێ لەشانۆدا بدۆزنەوە، یان مەبەست لەو دەرهینەرانەیە کە ئاڕاستەی کارکردنیان بەجۆرێکە کە دەتوانرێت لەهەموو سەردەمێکدا سود لە بیر و بۆچون و شێوازی کاری دەرهێنانیان وەربگیرێت).

# بەشی دووەم

## (1.2 پێشینەی تیۆریی و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو)

2.1.1 دەرهێنانی شانۆیی

2.1.2 چەمکی دەرهێنانی شانۆیی

2.1.3 دەروازەیەکی پێویست سەبارەت بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی دەرهێنانی شانۆیی لەجیهاندا

2.1.4 بنەماکانی دەرهێنانی شانۆی

2.1.5 پێنج توخمە سەرەکیەکەی دەرهێنان

2.1.6 دەروازەیەکی مێژووی سەبارەت بە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان

2.1.7 شانۆی هاوچەرخ

2.1.8 ئەزمونی چەند شانۆکارێکی هاوچەرخی جیهانی وەک نمونە

2.2 لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

## (بەشی دووەم)

## 1. 2 پێشینەی تیوری

## 1.1.2 دەرهێنانی شانۆی

هونەری دەرهێنان پرۆسەیەکە کە بەرجەستەی دەقی شانۆی دەکات لەڕێگەی سەرچاوەی بیستن و بینین و جوڵەکانی سەر شانۆ. (لەڕاستیدا دەرهێنەری شانۆی کەسی سەرەکیە لەبەرهەمهێنانی شانۆییەکەدا بەڵام ئەو راستیەش هەیە کەبەبێ هاوکارییەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی تری شانۆ پرۆسەکە بەرهەم نایات کەئەوانیش ئەکتەرەکان – دیزاینەری دیکۆر و جلوبەرگ و روناکی و بەڕیوبەری بەرهەم و شانۆ .......) (فرید& عبدالحمید:1980: 5). دەرهێنانی شانۆی ئەو پرۆسەیەیە کە ئەدەبی نوسراو دەگوازێتەوە بۆ هونەریکی بینراو کەتێیدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ نمایشەکە روبەروی بینەران دەبێتەوە. دەرهێنەرەکان بۆ پرۆسەی دەرهێنانیان هەر کەسەیان پەیرەوی لەستایل و شێوازی کارکردنی خۆی دەکات و خەیاڵ و جیهان بینی خۆی تێکەڵاوی ئەو جیهانە دەکات کەدەیەوێت کاری لەسەر بکات، کەدەرهێنان تێکەڵەیەکە لە ئەزمون و توانا و جیهان بینینی دەرهێنەر کە بەشێوەیەکی زانستی و هونەری کارەکەی ئەنجام دەدات.

دەرهێنەری پۆلەندی (لیۆن شیللر) پێیوایە (ناکریت بڵێین شانۆ تەنیا ئەکتەرە یان دیزاینەری دیکۆر و نوسەری شانۆی و میوزسیان و جێبەجێکارە ، بەڵکو شانۆ داهێنراوێکە بۆ ئەو هەموو وزە مرۆڤایەتی و هونەری و تەکنیکە ، کەلەژێر رکێفی تەنیا کەسێکدایە ئەویش دەرهێنەرە) (عید:1983 :273).

پرۆسەی دەرهێنان پێویستی بە خوێندنەوە و توێژینەوە و گەڕان هەیە ، تەنانەت پیویستە کەسی دەرهێنەر لەناوەندە ئەکادیمیەکانی وەک پەیمانگە و زانکۆکان وانەی دەرهێنان بخوێنن و بەشێوەیەکی زانستی فێری هێڵ و تەکنیکەکان و مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ پێکهاتەکانی نمایشدا ببێت، بۆئەوەی بتوانن ئەو بیرۆکەیەی دەیانەوێت بەشێوازێکی هونەری بیگەیەننە بینەران. هەرچەند لەئێستادا پرۆسەی دەرهێنان بەهۆی تەکنەلۆژیاوە گۆڕانی زۆر بەسەردا هاتوە و لەزۆر نمایشدا تەکنیکە هونەریەکان کۆنترۆڵی

فەزای نمایشیان کردوە بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ خوێندن و فێربوونی پرۆسەی دەرهێنان ناتوانرێت کاری دەرهێنان ئەنجام بدرێت.

(ئەرستۆتالیس لەکتێبی (هونەری شیعر)دا باس لەبنەماکانی نواندن و هەروەها داستان و دراما دەکات کەئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ پەیڕەوکردنی هەنەری شانۆ لەمێژودا) (تودروف :1990: ص 12). بەپیی ئەم بۆچونەی تۆدرۆف دەبینین کە بوونی شانۆ هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە کۆمەڵێک بنەمای بۆ دروست بووە و ئەو بنەمایانەش بوونەتە سەرچاوەی فێرکردن و شێوازی تایبەتی شانۆ.

ئەرستۆ هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵێک چەمکی کردۆتە بنەمای کارکردن و بۆتە بەشیک لەپەیرە و میتۆد ئەویش. (بە وشەی بیۆتیکا لەڕوی رەخنەی ئەدەبیەوە جۆرێک لە گشتگیری بەسەر ئەدەبەوە چەسپاندوە) (فرای:1990 :ص16). کەواتە دەردەکەوێت شێوازەکانی هونەری شانۆ هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە پێویستی بە فێرون بووە، هەڵبەتە ئەم فێربوونەش بەشێک بووە لە جێبەجێکردنی رەوتە ئەدەبیە شانۆییەکان و دواتریش لە ستایل و قوتابخانە شانۆییەکاندا پەیڕەو کراوە.

## 2.1.2 چەمکی دەرهێنانی شانۆیی

دەرهێنانی شانۆیی، زانستە و شێواز و تایبەتمەندی و ڕێبازی جۆرا و جۆری هەیە، دەرهێنانی شانۆی بەندە بە پرۆسەیەکی پلان بۆدارێژراوی شێوازگەرا، کە تایبەتە بە کات و شوێنی دیاری کراوە وە بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە.

ووشەی هونەری دەرهینان، ووشەیەکی لێکدراوە کە لەدوو ووشە پێکهاتوە، (ووشەی هونەر گرنگی دەدات بە داهێنان و کاری پیشەییەوە، ووشەی دەرهێنانیش گرنگی دەدات بە رێکخست و دارشتن و پێکهاتنی گشتیەوە. ئەمەش کۆکردنەوەی کرداری داهێنان و کرداری پیکهاتنە) (امل:2009،ص11).

بەبڕوای مێژونوسانی شانۆ، پرۆسەی دەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆئەم سەدانەی کۆتایی بەتایبەت لە سی ساڵی دوایی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵداوە و وەک بەشیک

لەهونەری شانۆ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و کامڵ چەسپیوە. چەمکی دەرهێنانی شانۆی دەگەڕێتەوە بۆ (ناوەراستەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دەگەڕێتەوە بۆ دۆک جۆرجی دووەم کە حاکمی ناوچەی ساکس میننگن بووە، بەیەکەم دەرهێنەری شانۆی ڕۆژئاوا دەناسرێت (ملتقى الاول:2017). (بەشێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی سەرچاوەکاندا کۆدەنگی ئەوە هەیە کە ساڵی (١٨٨٧)، واتا بەرواری بوونیادنانی ماڵی نمایشی شانۆی *(لیبر) دەرهینانی شانۆیش سەری هەڵداوە) (روبين: 2008: 17).

هاوکات دەکرێت ساڵی تر لەبەرچاو بگیرێت بۆ سەرهەڵدانی شانۆی مۆدێرن و لەدایک بوونی دەرهێنانی شانۆ، بۆنمونە ساڵی (١٨٦٦) ساڵی دروست بوونی **گرووپی (ماینینگن)ە (سەرهەڵدانی دەرهێنانی شانۆی دەگەڕێتەوە بۆ یەکخستنی شانۆ، چونکە کاری دەهێنانی شانۆی ڕێکخستن بوونیانمایشی شانۆییە) (صليحة:1997 : 55-56).

ئەو ماوەیە قۆناغی کلاسیکی نوێ بووە لە فەرەنسا و شۆڕشێکی نوێ بووە لەهونەری شانۆدا، تەنانەت ئەم پێشکەوتنەی هونەری شانۆ بەزۆر شوێنی تری دونیادا بڵاو بۆتەوە بۆنمونە، لە ئنگلتەرا (دیڤید گاریک) کاتێک کە بەڕێوبەری شانۆی (دوری لین) بووە هەڵساوە بە مەشق کردنی ئەکتەرەکان و دابەشکردنی ڕۆڵە ناوەندیەکان بەسەر ئەکتەرە

---

*Theater Libre لیبر ئەو شانۆیەیە کە ئەندرێ ئەنتوان لە گەرەکێکی شاری پاریس بوونیادی نا و لەژێر کاریگەری ئەمیل زۆلا و ڕێبازی ناچرالیستیدا، هاوکات بە دیکۆر و جلوبەرگ و کەرەستەکانی نواندنیەوە روی لەشانۆی ریالزمی کرد

** ئەو گرووپەیە کە دۆک ماینینگ لەشاری ساکس لە ئەڵمانیا بوونیادی نا

ناسراوەکاندا، چونکە بەر لە (دیڤید گاریک) بەهیچ جۆرێک مەشق و راهێنان بە ئەکتەرەکان نەکراوە بەڵکو لە ڕۆژانێکی کەمی پیش نمایشدا دەقەکەیان خوێندۆتەوە و ڕۆڵەکان دابەش کراوە.

له ئەڵمانیا (کونراد ئیخۆف) لەساڵی (١٧٥٣) ناوەندێکی ئەکادیمی بۆ وانە وتنەوەی نواندن دروست کرد، کەتێیدا بێجگە لەمەشق و راهێنان دەقی شانۆی تێدا دەخوێنرایەوە و خوێندنەوەی شیکاری پێش نمایشیان دەکرد. هەروەها ولڤانگ گۆتە (پێیوایە کاری دەرهێنان جێبەجێ کردنی زانستی پرۆسەی نمایشە) ( ابراهیم،:2006: 59 ).

(جوناسان ولڤانگ گۆتە) لەئەڵمانیا ئەو کاتەی سەرپەرشتیاری (شانۆی کۆشکی فایمەر) بوو هەندێک تەکنیکی بۆ بەرهەمە شانۆییەکانی بەکار هێناوە و هەروەک (دیڤید گاریک) راهێنانی بە ئەکتەرەکانی کردوە، بەتایبەت ئەکتەرە سەرەکیاکانی. هەروەها کاتێک ئەکتەری بۆ کەسایەتیەکان هەڵبژاردوە پشتی بەستوە بە توانا و لێهاتوی و شارەزای نواندنی ئەکتەرەکان) (فرید&عبدالحمید:13:1980).

هەروەها ساڵی (١٨٨٠) لەزۆربەی هۆڵە شانۆییەکاندا سود لە ڕوناکی کارەبای بینراوە و ڕۆحیەتێکی تر بەبەری شانۆدا کراوە، هەرچۆنێک بێت رەخنەگران و مێژونوسانی هونەری شانۆ یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە سی ساڵی کۆتای سەدەی نۆزدە دەسپیکی دروست بوونی دەرهێنانی شانۆییە بەشێوازێکی تۆکمە و وەک لقێکی سەرەکی لەو هونەرە سەیر کراوە و هەرلەرێگەی دەرهێنەرەوە گروپ و ستایلە نوێکان سەری هەڵداوە. (ئەم قۆناغە، سەدەی نۆزدە بە قۆناغی مۆدێرن دەناسرێت لەهونەری شانۆدا، لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری لەدەق و لەشێوازی نمایشدا کراوە، چونکە کەسێک هەبووە وەک سەرپەرشتی و چاودێری نمایش ئامادەی هەبووە. ڕۆڵی ئەکتەریش بۆتە گەیاندنی دەق بەبینەران) (امل:2009: 25).

لەسەرەتای ئەم بابەتەوە توێژەر دەیەوێت ئەوەتان پێبڵێت، رەنگە لەدونیادا ناوی کەسانی تر هەبن بەڵام ئەمەیان پەیوەندی بە حەز و خولیای توێژەوە نییە تاوەکو ناوی نەهاتوە بەڵکو بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستابوون ناوی گروپ و دەرهێنەرەکان هێنراون و توێژەر ئاماژەی پێداوە نەوەک بەشێوەی زارەکی پشتی پێبەسترابێت. بۆئەوەی بەشێوەیەکی بابەتیانە پەردە لەسەر چەمکی دەرهینان هەڵبدەینەوە دەبێت بنەمای بایەخی

مێژوی لەبەر چاو بگرین و شیکاری بۆ بکەین پاشان تیشک بخەینە سەر قوتابخانە شانۆییەکان و کاریگەریان لەناو ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکاندا.

## 3.1.2 دەروازەیەکی پێویست سەبارەت بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی دەرهێنانی شانۆیی جیهانی

پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی دەگەرێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش، دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی شانۆدا کاری دەرهێنانی شانۆیش سەری هەڵداوە بەڵام ئەوکات لەڕێگەی نوسەرە شانۆییەکانەوە کاری دەرهێنان ئەنجام دەدرا. (هەرسێ کەڵە نوسەری یۆنانی کۆن (ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیدس) خۆیان نوسەری شانۆکانیان بوون و خۆشیان نواندنیان تێدا دەکرد و هەربۆخۆشیان دەرهێنەری شانۆییەکانیان بوون)(اردش:1979: 28) .

دەرهێنەر لە درامای یۆنانی کۆندا رابەری کۆرس و سەماکان بووە، راهێنانی بە سەماکاران کردوە و رێنوێنی کردون بۆئەوەی سەماکانیان لەگەڵ شێوازی دراماکەدا بگونجێن، هەروەها شێوازی وەستان و رۆیشتنی سەرشانۆکەی پێ ئەنجامداون.(شاعیر یان هونەرمەند بەرپرس بووە لە نمایشی شانۆییەکە، واتا بەرپرسی شتەکان و بوونیادی گەشەسەندنی دیمەنەکان بووە) (ابو دبسة&غیت&الاخر:2008 :35).

لەکۆندا دەرهێنەر وەک نوسەر یان سەرۆکی کۆرس (جۆقە) ناوی هاتوە چونکە لەو کاتانەدا زاراوەی دەرهێنەر بوونی نەبووە و ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، لەسەردەمی یۆنانی کۆندا یاسای دابەشکردنی سەر شانۆ هەبووە واتا وەک هێڵی دەرهێنان شوێنی هاتنە ناوەوە و چونە دەرەوەی ئەکتەرەکان دیاری کراوە.

(ئەو شوێنەی کە ئەکتەرەکانی لێوەستاوە لەسەر شانۆکە ناوی (پرۆسینۆم) بووە، پشتەوەی شانۆش ناوی (سکینا)بووە و ئەملاولاکانیش بە (بلابراسکینا) ناوی هاتوە) (کوفجي&نصار:2008: 130). بۆنمونە پاشاکان لەدەرگای گەورەوە و لە ناوەڕاستی

شانۆکەوە هاتونەتە ژورەوە و کەسایەتیە جیاوازەکانی تر ئەوانەی کەرۆڵی گرنگیان نەبووە لەملاولای شانۆکەوە هاتوچۆیان کردوە.(سکینا کەمەبەست لێی روکاری پشتەوەی شانۆکەیە سێ دەرگای هەبووە، دەرگای پشتەوەی ناوەڕاست کە گەورەترین دەرگابووە، بۆناو کۆشک یان هۆڵ بەکارهاتوە، دەرگای لای ڕاست بۆ ئەوانەی کەمترین پلەیان هەیە، دەرگای لای چەپیش پەیوەست بووە بە پەرستگا یان شوێنی دوور) (عبدالوهاب:2009: 15).

بەپێی گۆڕانی سەردەمەکان دەرهێنانی شانۆیش گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە پێشتر کەسێک وەک حکایەت خوان یان سەرۆکی کۆرس هەموو دیالۆگەکانی دەوەت بەڵام بەپێی بەرەوپێش چونی هونەر گۆڕان بەسەر ئەم شێوازەدا هات، (دیالۆگ وتن لەنێوان چەند ئەکتەرێکدا دابەشکرا و نواندن لە تاک ئەکتەرێتی رزگاری بوو بەتایبەت لەسەردەمی کلاسیکی فەرەنسیدا) (دین: 1972: ٣٠).

هەرچەندە نوسەرەکان لەو سەردەمانەشدا بەهەمان شێوە دەرهێنەر بوون بەڵام بەردەوام بیر لەوە دەکرایەوە کە شتی تازە بۆناو شانۆ زیاد بکەن، تەنانەت بیر لە دیکۆر و روناکیش دەکرایەوە. قۆناغێکی تری دەرهێنانی شانۆی ئەو کاتەبوو کە کەنیسە کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی ژیانی کردبوو، هونەری شانۆش کەوتبووە ژێر کاریگەری کەنیسەوە و نمایشەکان تەنیا بۆ بۆنە ئاینیەکان بوون، بەڵام لەم سەردەمەدا زیاتر قەشەکان هەڵدەستان بەکاری دەرهێنان و زۆربەی کارە شانۆییەکان لەناو کەنیسەدا بوون و سودیان لە جلوبەرگی ئاینی وەردەگرت و بە تیشکی روناکی مەشخەڵەکانیان روناکیان بۆ شانۆکانیان دروست دەکرد.

شانۆ لەچاخی ناوەڕاستدا پیرۆزکرابوو بە شانۆ دینیەکان، دەرهینەرەکان کە لەپیاوانی ئاینی پێکهاتبوون پەیوەست کرابوون بەپانتایی دیاری کراوەوە، چ لەناو کەنیسەدا یان لەدەرەوەی کەنیسە.( شانۆ دابەشکرابوو بۆ سێ دیمەن ئەوانیش ئاسمانی فیردەوس ، زەوی و دۆزەخ) (جان وا & جوسار:2007: 8).

لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەهەمان شێوەی سەردەمی یۆنان نوسەر لە گروپەکەدا هەڵدەستا بەبەرهەمهێنانی کارە شانۆیەکان و وەک دەرهێنەر ڕۆڵی هەبووە، پانتای دینی باڵی کێشابوو بەسەر تەواوی شانۆکاندا، هاوکات پێشکەش کردنی ئەو شانۆیانە لە کەشێکی دینیدا جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بەجۆرێک نمایشەکان تاوانیویانە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بینەرەکان دروست بکەن، هاوکات بەشێکی سەرەکی پێشکەش کردنی ئەو شانۆ دینیانە بۆ ڕێنمای کردن و فێربوون و پەروەردەکردنی مرۆڤ بووە بە دینی مەسیحی. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ، لە سەردەمی کەنیسەدا وێنەی دروستکراو لەسەر دیواری کەنیسەکان بۆ شانۆکان پەیدابوو ، بەجۆرێک سەرنج ڕاکێش ببوو کە بینەران ئاوێتەی ناو شانۆکە دەبوون، وێنەکان بەشێک بوون لە چیرۆکی ئینجیل و قەداسەکان. (بۆنمونە لەساڵی 1547 لە شانۆی (ئازارەکانی فالنسین) دیمەنی وێنەکراو نەخشێنرابوو کەتایبەتبووە بە شانۆکە) (تشيني:1998: 197).

لەسەردەمی (تیودور) لە ئنگلتەرا و سەردەمی لویسی چواردە لەفەرەنسا ئەکتەری یەکەمی ناو گروپەکان هەڵدەستا بە ڕێکخستنی نمایشەکان و ڕێنوێنی کردنی ئەکتەرەکان. کەزۆر جار (شکسپیر) لەبەریتانیا و (مۆلێر) لەفەرەنسا کە خۆیان هەم ئەکتەری سەرەکی بوون و هەم نوسەریش کاری سەرپەرشتی گروپیان دەکرد و هەرخۆشیان ڕێنماییان دەدا (فريد&عبدالحميد:1980: 10).

لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەفەرەنسا قۆناغی کلاسیکی نوێ سەری هەڵدا، پێشڕەوانی کلاسیکی نوێ (ڕاسین و کۆڕنێ و مۆلێر)ن. هەرسێکیان سێ نوسەی دیاری فەرەنسان و شێوازی تایبەتی خۆیان هەبووە لەنوسینی شانۆییەکانیاندا، هەرسێکیشیان خۆیان دەرهێنەری شانۆییەکانیان بوون، ڕاسین و کۆڕنێ تراژیدی نووس بوون و مۆلێریش کۆمیدا نوس بووە، (جوڵەی ئەکتەر و ئەدایان لەسەر شانۆ جیاوازبووە لەناو کارە تراژیدیاکانی ڕاسین و کۆڕنێ شێوازی خۆیانیان هەبووە و لە ناو شانۆ کۆمیدیاکانی مۆلێریش جوڵەکانی نزیک بووە لە پەهلەوانییەوە) (عيد:2007: ).

هەڵبەتە لەگەڵ بەرەو پێش چونی سەردەمەکاندا زۆر وڵات هەوڵی بەرەو پێش چونی دەدا، وڵاتێکی وەکو بەریتانیا هۆڵی بۆنەکان و شانۆی بونیادناو شانۆکارەکان شانۆکانیان تێدا نمایش دەکرد، لەئنگلتەرا و لەسەردەمی شاژنە ئەلیزابیس نوسەر و هونەرمەندێکی وەکو شکسپیر خۆی نوسەر و هەرخۆشی دەرهێنەری شانۆییەکانی بوو، شانۆییەکانی لەسەر شانۆی (گلوب) لەناو کۆشکدا نمایشی دەکرد( شکسپیر وەک دەرهێنەر لەناو گروپەکەیدا لەتەواوی شانۆییەکانیدا کاری کردوە، هەڵساوە بە رێکخستن و ڕێنمای کردنی ئەکتەرەکان لەبەرجەستەکردنی رۆڵەکانیاندا) ( خليل:2021).

بەڵگە بۆئەمەش ئەو ڕێنوێنیەیە کەشکسپیر لەسەر زمانی هاملێتەوە دەمانکات کاتێک دەڵێ (با کردارەکانتان لەوشەکانتان بچێت و وشەکانیشتان لە کردارەکان) (شکسپیر:2008: 139). لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە نوسەرەکان نەیان ویستوە ئەکتەرەکان لەخۆیانەوە و بەبێ پاساو جوڵە ئەنجام بدەن، یان دەڵێ (بەوجۆرە قسەبکە کەمن بۆتی دەکەم، با وشەکان ناسک بێت لەسەر زمانت) (شکسپیر: 2008: 138). بۆیە دەردەکەوێت کەنوسەرەکان ڕۆڵی دەرهێنەریشیان بینیوە، ئەو قۆناغەی شکسپیر بەقۆناغی کلاسیکی نوێ ناودەبرێت و تێیدا گۆڕانی گەورە ئەنجادراوە هەر لەدروست کردنی هۆڵی شانۆیی و دروستکردنی دیکۆر و جلوبەرگ و، تەنانەت سود وەرگرتن لە روناکی مەشخەڵ بۆ دروستکردنی دیمەنە جیاوازەکان.

ئەوەی لەسەر شانۆی یۆنانی کۆن هەیە ، بەهیچ جۆرێک دیکۆریان لەناو شانۆکانیاندا بەکار نەهیناوە تەنانەت لە سەدەی ناوەڕاستدا ئەو دیکۆرانەی بەکارهاتون بۆ دەرخستنی بەهەشت و دۆزەخ بوون تاوەکو بینەر ئاشنابکەن بەئاینی مەسیحی نەوەک بۆ گرنگیدان بە هونەر و تەکنیکی شانۆ. بەڵام لەسەردەمی کلاسیکی نوێدا دیمەنەکان بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکی شانۆکە بەکارهاتوە وەک( دانانی درەخت کەئاماژەبووە بۆ دارستان و بەکارهێنانی مێزو کورسی و رێکخستنی وەک هۆڵی دادگا لەخزمەتی دیمەنە شانۆییەکاندا ،

هاوكات لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا شێوازی جلوبەرگ هەمان شێوازی جلوبەرگی سەردەمی خۆیان بووە و نەتوانراوە شێوازی کۆنتر بەکار بهێننەوە) (فريد&عبدالحميد:1980: 11).

گومانی تێدانییە کەشانۆ لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا گۆڕانی بەسەرداهاتوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانسدا لەئیتاڵیا شانۆش لەڕوی فکر و فۆرمەوە گۆڕانی بەسەرداهات و شانۆی بەرەو نوێ بوونەوە برد کەئەویش خۆی لەم خاڵانە دەبینێتەوە:

آ- سەرهەڵدانی شانۆیەکی رەسمی و ڕێکخراو.

ب- شانۆیەکی عەقڵانی سەدەی نۆزدەهەم و تیوری حیکمەی سەدەی حەڤدەهەم.

پ- سەرهەڵدانی شانۆیەک کەبەرەو شانۆی ڕەمزی هەنگاوی دەنا.

ت- بەدیار کەوتن و سەرهەڵدانی دەرهێنان لەدوای ئەم گۆڕانانەوە.

(سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەی دەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆلای دەرهێنەرە مۆدێرنەکان پێشرەوی ئەم هونەرەش *(دۆک ماینینگن) ە کەلەساڵی ١٨٧٤ لە بەرلین دەستی کردوە بەکاری دەرهێنانی شانۆیی و کۆمەڵێک ڕێنمای تایبەتی بە کاری دەرهێنان دەرکردوە) (دین:1972 :30). بەلام وەک میتۆد و شێوازی کارکردن دەکرێ بڵێین (ئەندرێ ئەنتوان یەکەمین دەرهێنەرە کە ڕێچکەو ستایلی تایبەت بەخۆی هەیە ئەویش کارکردنی بووە بە قوتابخانەی ناچرالیزم و لەساڵی (١٨٨٧) شانۆی لیبری لەپارس بوونیادنا) (روبين:1384: 17).

هەڵبەتە بەپێی سەرچاوەکان زۆر ناوی تر دێت بۆ سەرەتاو یەکەم دەرهێنەری شانۆیی بەلام بەشێوەیەکی گشتی رەخنەگران و مێژونوسانی شانۆ بۆ کارکردنی دەرهێنان دەگەرێنەوە بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کەخاوەن ستایل و ڕێنمای تایبەت بوون بە شانۆ و

---

* دۆک ماینینگن : دەرهێنەری شانۆییە و ساڵی1866 لە شاری ماینینگنی ئەڵمانیا لەدایک بووە و ساڵی 1914 کۆچی دوایی کروە.

نمایش.  زۆرێک لەنوسەران بۆباسکردن لەمێژوی دروست بوونی دەرهێنان لە *(ئەندرێ ئەنتوان) ە وە دەست پێدەکەن، بەڵام بەپیی هەندێک سەرچاوەی سەرهەڵدان و دروست بوونی یەکەم دەرهێنەر دەگەڕێتەوە بۆ قەشە (دۆک ماینینگن) هەرچەندە سەرەتا وەک قەشەیەک لە کەنیسەکانەوە خەریکی کاری شانۆی بوو بەڵام دواتر گروپیکی شانۆی دامەزراندو خەریکی کاری شانۆی بوو، بەتایبەت لەنێوان سالانی (١٨٧٠ – ١٨٩٠) کە کۆمەڵێک گەشتی بۆ وڵاتان کردو شانۆکانی پێشکەش کرد ( اردش:1979: 42).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لەمێژوی کاری دەرهێناندا بۆیەکەم جاربوو دەرهێنەرێک خۆی نوسەر نەبێت و کاری نوسەرەکانی تر پێشکەش بکات. چونکە تا پێش (دۆک ماینینگن) نوسەرەکان خۆشیان  کاری دەرهێنانیان ئەنجام دەدا، بەڵام (ماینینگن) تەنیا کاری دەرهێنانی ئەنجام دەدا و بەرپرسی یەکەمی گروپەکە بووە، تەنانەت وەک یاسایەک چەند مەرجێکی تایبەتی بۆ کاری دەرهێنانی شانۆی ئەنجام داوە کەئەوانیش بریتین لە :

**یەکەم:-  پەیوەندی (دۆک ماینینگن) بەدەقی شانۆوە:**

- پابەندبوونی دەرهێنەر بەدەقی شانۆوە، پێویستە دەرهێنەر پابەندی تەواوی دەقە شانۆییەکەبێت و لە بنەماکانی دەق لانەدات.
- لێکوڵینەوە و شیکردنەوەی دەقە شانۆییەکان، (ماینینگن) پێیوایە کەدەبێت ئەو دەقانەی کەهەڵی دەبژێرین بۆکارکردن دەرهێنەر هەمو لایەنە نهێنی و شاراوەکانی دەقەکە شیبکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات.
- گەیاندنی دەق بەبینەر لەڕێگەی نواندنەوە، (دۆک ماینینگن) گرنگی داوە بەئەکتەر و ڕینمای ئەکتەرەکانی کردوە کەبەشێوەیەکی باش نواندن بکەن،

---

*ئەندرێ ئانتوان: دەرهێنەر وئەکتەری فەرەنسی ساڵی 1858 لە فەرەنسا لەدایک بووە و ساڵی 1943 کۆچی دوایی کردوە، خاوەنی گروپی شانۆیی لیبەر بووە.

چونکە دەق و پەیامی دەقەکە تەنیا لەڕێگەی ئەکتەرەوە دەکات بەبینەر.

هەڵبەتە لایەنێکی تری پێشکەوتنی شانۆ بەگشتی شانۆکەی (ماینینگن) ئەو بەرەوپێشچونە بووە کە شانۆ چوە ناو هۆڵی داخراوەوە، وێنەی دروستکراوی سەرشانۆکان بۆ دیمەنەکان توانیبووی ڕۆحێکی زیندوو ببەخشێ بەشانۆکە و دەرهێنەر و ئەکتەریش نزیکتر بکاتەوە لەگەڵ بینەراندا،( ئەو شیوە وێنە دروستکراوانە دیکۆرێکی هونەری و ئیستاتیکی بە نمایشەکان دەبەخشی) (عبدالحمید:2009: 365).

**دووەم :- پەیوەندی (دۆک ماینینگن) بەئەکتەرەوە:**

گونجاندنی فۆرمی ئەکتەر بەکارەئەکتەرەوە ئەویش بەهۆی نزیکایەتی فۆرمی ئەکتەرەکە لە کارەئەکتەرەکەوە کەزۆرجار بەوەسفی نوسەر ئێمە دەزانین کە شێوازی ئەو کەسایەتیە چۆنە، بێگومان بەشێکی تری ئەم گونجاندنە لەهەڵبژاردنی دەرهێنەر بۆ ئەکتەر پەیوەندی بە جەستە و دەنگ و ئیمائەوە هەیە.

جەختکردن و مامەڵەکردنی ئەکتەر لەگەڵ پێکهاتەکانی نمایشدا. (ماینیگن) جەختی لە ئەکتەرەکانی دەکردەوە کەپیویستە مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ دیکۆر یان جلوبەرگیاندا بکەنەوە نەک وەک شتێکی نامۆ سەیری بکەن و بەرکەتەی خراپیان لەگەڵیدا هەبیت.

ڕێکخستنی جوڵەی ئەکتەرەکان و شیوازی هات و چۆ و دابەشکردنیان بۆسەر شانۆ یەکێکی تربووە لە کارەکانی (ماینیگن) لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا.

ئەم ڕینماییە سەرەتایەک بوو بۆ دەرهێنەر کەدەبیت لەکارەکانیدا شێوازێک یان ڕێکخستنێکی تایبەت ڕەچاوبکات لە شانۆییەکانیدا. هەڵبەتە دوابەدای (ماینینگ) دەرهێنەرانی وەک و (ئەندرێ ئەنتوان و ستانسلافسکی) سودیان لە ئەزموونەکەی وەرگرتوە.

هەرچەندە لەمێژوی هونەری دەرهێنانی شانۆدا ناوی چەندین دەرهێنەر دەهێنرێت بەڵام دەوترێت کە (ئەندریە ئەنتوان)ی شانۆکاری فەرەنسی بەیەکەم دەرهێنەری شانۆی هەژمار دەکرێت، ئەم بڕیارەش پاساوەکەی ئەوەیە کە ناوی ئەنتوان یەکەمین واژۆیە لەمێژوی

دەرهێنانی شانۆیدا تائێستا مابێتەوە و ستایلی کارکردنی پارێزراوبیت. هەروکو ئەوەی کە (مانیە سیزان) واژۆی لەسەر تابلۆ شێوەکاریەکانی خۆی کردوە. بەڵگەیەکی تر بۆئەوە دەگەرێتەوە کە ئەنتوان یەکەمین کەسە نمایشەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و سیستەماتیزە کراو لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش کردوە.(هەروەها ئەندرێ ئانتوان خاوەنی شانۆی ئازادە، ڕیالیزمی فۆتۆگرافی لە ناو شانۆکانیدا بەکارهێناوە و کاریگەر بووە بە قوتابخانەی سروشتگەرای ئەمیل زۆلا) (ملتقی الاول:2017).

(ئەنتوان پێنج بەرگی بۆ بینەری بەرهەمە شانۆییەکانی نوسیوە، لە سێهەم بەرگیدا لە مانگی مای ساڵی ١٩٨٠ دایە بە ناونیشانی (شانۆی ئازاد) گرنگترین تێروانینەکانی سەبارەت بە دەرهێنانی شانۆی و نمایشی شانۆی خستۆتە ڕوو) (روبین:1384: 31). ئەم جۆرە کارکردنەی (ئەندریە ئانتوان) بووە هۆی ئەوەی دەرهێنەری شانۆی لەبەڕێوەبەری شانۆ جیا بکەینەوە. هەرچەندە بەڕێوەبەری شانۆ کەسی لێهاتو شارەزابیت بەڵام کارکردنی لەگەڵ دەرهێنەردا دوو شتی جیاوازن، تایبەتمەندی دەرهێنەر ڕێکخستنی جوڵە و کردار و شێوازی نواندن و سەر شانۆیە، ئاگابوونە لە شێوازی دەربڕین و ئاواز و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان. دەرهێنەری راستەقینە بێجگە لەوەی مانا دەبەخشێتە شانۆی نمایشکراو بەڵکو بە ئەزمونی گشتی شانۆش مانا دەبەخشێت. چونکە دەرهێنانی شانۆی تەنیا خاڵی هاوبەشە کەدەتوانێ هەمومان بەهەزاران خاڵی ناکۆک و جیاوازمانەوە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

ئەندرێ ئانتوان چەند تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەبووە کە لەشانۆکارانی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوانیش:

- بەکارهێنانی دیمەنی سێ رەهەندی.
- گرنگیدان بە ئیهام کە دادەنرێت بە ئامانجی بەرهەم هێنانی شانۆی.
- دامەزراندنی شانۆی ئازاد یان سەربەخۆ لە پاریس و دەرەوەی پاریس.
- گرنگی شانۆکانی ئانتوان ئەوەبووە کە دوربووە لەسانسۆر و نەیهێشتوە چاودێری لەسەربێت.

- ( ئانتوان گرنگی داوە بە گواستنەوەی بیری نوسەر بۆ بینەران.
- نمایشکردنی دەقی نوسەرانی بەناوبانگ و ناسراو.
- گرنگیدان بە جوڵە و ئیمائەی نواندنی ئەکتەران و شیکردنەوەی مانای نواندن.
- گونجاندن و ڕێکخستنی سەرجەم بنەماکانی نمایش، لەیەکەیەکی یەکرگرتودا)

(عبدالحميد:2016: 18&19&20).

(ئانتوان لەشێوازی کارکردنی خۆیدا وەک دەرهینەرێکی هاوچەرخ کاری کردوە، ئەم ئاراستە هاوچەرخەی ئانتوان خۆی لە فۆرمدا دەبینێتەوە وەک دیکۆر و روناکی و ئێکسسوار، هەروەها دۆزینەوەی قوڵای شاراوەی دەق یەکێکی تربووە لە تایبەتمەندیەکانی) (مدخل إلي علوم المسرح:٢٠٠٩).

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم خاڵی وەرچەرخانی دەرهێنانی شانۆییە لەجیهاندا، ئەویش بە ئەزمونە جیاوازەکانی دەرهینەرانی وەک (ستانسلافسکی و مایرهۆڵد و گۆردن گریک و ئاپیا ) و چەندین دەرهینەری تر کە لەم توێژینەوەیەدا وەک گرنگیەک بەو شانۆکارە هاوچەرخانە توێژەر باس لە ئەزمونی کارکردنی هەندێکیان دەکات. جیاوازیەکانی ئەم دەرهینەرانە بەجۆرێک بوون کە هەریەکەیان بۆخۆیان بوونەتە قوتابخانەیەکی تایبەتی شانۆی. هەندێک لەو دەرهینەرە شانۆییانە گۆڕانیان لەشێوازی بینینی شانۆی کردوە، کە لەسەرو هەمویانەوە *(ئەدۆلف ئاپیا) و (گۆردن گریک) دێن کەپییان وایە (دیزاینی دیمەنەکان نابێت هەوڵ بدرێت کۆپی بکرێتەوە لەسەر شانۆ ، چونکە دەبێت لە ئەندێشەی واقعەوە وێنا بکرێت نەوەک واقع خۆی بگوازێتەوە).

---

*ئەدۆلف ئاپیا: ساڵی 1862 لە جنێف لەدایک بووە و ساڵی 1928 کۆچی دوایی کردووە، دەرهێنەری شانۆیی و توێژەری هونەری و فۆتۆگرافەر و زەخرەفەکێش بووە.

(Marshall:1962:23) .

دەرهێنەرە هاوچەرخ و مۆدێرنەکان ئاراستەی کارکردنیان بۆ بوونیادنانی شانۆیەکی نوێ و ئایندەی بووە، هەوڵیانداوە روخسارێکی نوێ ببەخشن بەشانۆ جیاواز لەو روخسارەی پێشوتر هەیبووە، ئەوەتا شانۆکاری بەناوبانگ *(گۆردن گریک) بانگەشەی شانۆیەکی نوێ دەکات و دەڵێ: ( بۆ ڕزگارکرنی شانۆکەمان دەبێت ئەوەی هەیە بیڕوخێنین و شانۆیەکی ئایندەی بوونیاد بنێین، دەبێت ئێمە تەواوی هونەرەکانی تر تێبپەڕینین، هونەرەکەمان ئەو شتانەبڵێت کە هونەرەکانی تر نەیان گوتوە، زۆر لەوە زیاتر پێشکەش بکەین کەئەوانی تر پێشکەشی دەکەن) (یفانز:1979: 43).

## 4.1.2 بنەماکانی دەرهێنانی شانۆیی

شانۆ شوێنێکە کە خەڵکی لەگەڵ بیرۆکە و سۆزدا ڕوبەڕو دەبنەوە، (پێویست بەوە ناکات شانۆ وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە، هێندەی پەیوەستە بەوەی پرسیارمان لادروست بکات. دروستکردنی ئەم پرسیارانەش بۆ ئەوە گرنگە کە بینەر لەناخی خۆی وەڵامی بداتەوە، ئەوەشی کە گرنگە ئەوەیە کە ئایا چی جۆرە پرسیارێک لەبینەر دەکرێت؟)( آونیل & بورتز:2019 :97) .

هەڵبەتە بۆ دروست بوونی پرسیار و ئاراستەکردنی پرسیارلەناو شانۆدا لەبینەران پێویستمان بە بنەمایەکی سەرەکی هەیە تاوەکو بتوانین ئاراستەی پرسیارەکانمانی لێوە هەڵهێنجێنین، ئەویش ئەو بنەما سەرەکیە لەکاری دەرهێناندا دەقی شانۆییەکەیە. یان دەکریت پرسیارەکەی (جولیان هلتۆن) بەینەوە کەدەڵێ: (ئەو پرسیارە یەکلاکەرەوەیەی کەپێویستە

---

*ئدوارد گۆردن گریک: ساڵی 1872 لە بەریتانیا لەدایک بووە و ساڵی 1966 کۆچی دوایی کردووە، زیاتر بە گۆردن گریک ناسراوە، ئەکتەر و دەرهێنەر و دیزاینەری شانۆ بووە، دایکی یەکێکە لە ئەکتەرە بەناوبانگەکانی بەریتانیا بەناوی ئالان تری.

روبەڕوی ببینەوە ئەوەیە: چۆن دەکرێت شانۆیەک پێشکەش بکەین کەلەم زەمەنەدا بژی؟) (هلتون:2001: 293).

کەواتە خاڵێکی گرنگ بۆ دەرهینەری شانۆ، پێشکەشکردنی ئەو شانۆییانەیە کەلەگەڵ سەردەم و کاتدا دەگونجێت، بزانێت چی جۆرە شانۆیەک هەڵدەبژێرێت. ئەمانەش لەخاڵی یەکەمەوە پەیوەستە بە هەڵبژاردنی دەقی شانۆییەکەوە. مەحاڵە بتوانین شانۆییەک پێشکەشی بینەران بکەین بەبی بوونی دەقی شانۆیی، چونکە دەق بنەمای کاری دەرهێنان و نواندن و نمایشی شانۆییە، هەر لەڕیگەی دەقەوە دەرهێنەر و ئەکتەر پەیامی شانۆییەکەیان دەگەیەننە بینەران.

دەق مانای زۆر و شیکاری زۆری هەیە بەجۆرێک لە قۆناغی مۆدێرنەدا ماناکانی کارکردنی دەق گۆڕانی بەسەردا هاتوە،( مۆدێرنە بڕوای بەوەیە کەدەق بەشێکە لە ئەدەب، لەگەڵ ئەوەشدا پۆست مۆدێرنە بانگەشەی چەمکی( خۆهەڵقورتاندن لەدەق) دەکات) (بروک:1995: 29-30). بەپێی ئەم بووچونەی (بروک) بێت دەرهێنەر دەتوانێت دەستکاری دەق بکات و بەو شێوەیە بەکاری بهێنێت کەلەگەڵ ستایلی کارکردنی ئەودا دەگونجێت، بۆیە دەبینین بەشێکی زۆر دەرهێنەرە هاوچەرخەکان دەقیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەگوازتۆتەوە بۆسەر شانۆ بەڵکو دەستکاری دەقیان کردوە. (دەق ئامادەبوونی کرداری نابێت، بەبی جێبەجێ کردنی کردەی دەق) (ایکو:2004: 2).

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی هەیە کە دەقی شانۆی لەسەر بوونیاد دەنرێت و شانۆنامەنوسان گرنگی بەو بنەما شانۆییانە دەدەن کە ئاستی هونەری و گوتاری شانۆی لەسەر بەندە ئیتر دەرهێنەر ئازادە بەچی جۆریک مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات و چی جۆرە دەقێک هەڵدەبژێرێت بۆ کارکردنی، (چونکە هونەری شانۆ، بەشێوەیەکی فراوان قسە لەسەر هەموو شتێک دەکات و بەبێ هیچ کۆت و بەندێک گۆڕان لەخۆیدا دروست دەکات لەناو هەموو بابەت و شێوەکاندا) (الجابري:1989: 78).

یان ئەگەر ئاسانترین پێناسە بۆ بەهای دراماتیکی شانۆی بکەین ئەوا دەبینین ئەم بەهایە بەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی شانۆ دەکاتەوە ئەوانیش (بیرۆکەی سەرەکی ، کەسایەتی ، گرێ ، دیالۆگ ، ،کەشی دەرونی گشتی. بەبی بوونی ئەمانە ناکرێت شانۆیەکی دراماتیکی ئەنجام بدرێت، هەمو ئەمانە مەرجی شانۆیەکی ئەکادیمین باشن) (فرید& عبدالحمید:1980: 77) بەواتایەکی تر بەهای دراماتیکی گوزارشتە لە بنەمای سەرەکی دراما کەتێیدا بەها و چێژی هونەریمان پێدەبەخشی . خاڵێکی گرنگ بۆدەرهێنەر ناسینی بنەمای دراماتیکیە، چونکە بەبێ ناسینی بنەمای دراماتیکی ناتوانێت ئامانجەکەی بگەیەنێتە بینەران.

**بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر هونەرمەندمان هەیە:**

- هونەرمەندی داهێنەر یان دروستکەر.
- هونەرمەندی شیکار.

هونەرمەندەکان دوو جۆرن داهێنەر و شیکار( (میوزسیان ، پەیکەرتاش ، شێوەکار ، نوسەری ئەدەبی ، ئەکتەر، گۆرانی بێژ و دەرهێنەر) ئەمانە هونەرمەندانی داهێنەرن و بابەتی نوێ دروست دەکەن. بیر لەهەر بابەتێک دەکەنەوە دەیانەوێت بەو ڕێگایە بگەن کەخۆیان دەیانەوێت فۆڕم و شیوەی پێ ببەخشن، دەوترێت بەرهەمێکی هونەری تەنیاو تەنیا پەیوەستە بەخودی تاکایەتی هونەرمەندەکەوە، بەڵام هونەرەکانی وەک (میوزیک و سەما و شانۆ) (پرۆسەیەکی ئەبستراکتی تاکایەتی نیە بەڵکو پەیوەستەت بەکاری کۆمەڵێک هونەرمەندەوە، ئەم دەستانەی تر هەریەکەیان دەبێت بیر لەشێوازی کاری خۆی بکاتەوە و پاشان بیر لەبەرامبەریشی بکاتەوە) (روبین: 1386: 37–38). بۆیە لێرەدا بەشێوەیەکی جیاواز دەرهێنەر و ئەکتەر و دیزاینەرەکانی نمایش پێویستیان بەشیکاری کردنی بابەتەکانیان هەیە، کەواتە یەکسەر ناچنە ناو حاڵەتی دروستکردنەوە بەڵکو سەرەتا پێویستیان بەوەیە وەک هونەرمەندێکی شیکار دەربکەوەن، چونکە هونەرمەندە شیکارەکان بەتەنیا بۆخۆیان کار ناکەن و بیر لەخۆیان ناکەنەوە بەڵکو بیر لەوانی تر و شیکاریش بۆ

هەنگاوەکانی رابرد و ئاینده دەکەن ،پاشان کۆی پرۆسە نمایشیەکە دەبێتە بەرهەمێکی داهێنراو. رەنگە کەسانێک باس لەوە بکەن کە زۆر جار دەچنە شانۆییەکەوە کە شانۆکە پانتۆمایمە یان شانۆیەکی بێدەنگە، بەڵام دەبیت ئەوە بزانن ئەو شانۆیە لەسەر بیرۆکە و ململانێ و ئامانجیک دروست بووە کەهەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی دەقێکی زهنی و دواتر لەڕیی جەستەوە دەنوسرێتەوە.

دەرهێنەری شانۆی جیاواز لە نوسەر و ئەکتەر بوونی هەیە لەناو شانۆدا، ئەکتەرەکان هەمیشە لەپێش چاوی خەڵکیدان و بینەران هەست بەبوونیان دەکەن، هەروەها نوسەرانیش بەبەرچاوی خەڵکیەوەن و کتێب و نوسینەکانیان لەبەرامبەر خەڵکیدا هەستی پێدەکرێت، بەڵام دەرهێنەر ئەم مامەڵە راستەو خۆیەی نیە لەگەڵ بینەراندا، زۆرجار بینەران هەست بەبوونی دەرهێنەریش ناکەن چونکە بەشێوەی راستەوخۆ بەرکەوتن دروست ناکات. کەواتە بوونی دەرهێنەر لەناو شانۆدا وەک ڕۆح وایە لەناو لاشەی مرۆڤدا، (سەرهەڵدانی دەرهێنان دەرئەنجامی رێکخستنی هاوکێشەکانە، چونکە ئەرکی سەرەکی دەرهێنەر رێکخستنی پێکهاتەی نمایشە) (تیریشکوفیتش:1979: 56).

دەرهێنەر لەناو شانۆدا بەخشینی ژیانە بەشانۆکە، دەرهێنەر کۆکەرە و رێکخەری شانۆیە و ئەو کەسەیە کە پارچە بڵاوەکان دەنوسێنێ پێکەوە بۆ لەدایک بوونی نمایشێکی شانۆی.

دەرهێنەر لەناو شانۆدا بەخشینی ژیانە بەشانۆکە، دەرهێنەر کۆکەرە و رێکخەری شانۆیە و ئەو کەسەیە کە پارچە بڵاوەکان دەنوسێنێ پێکەوە بۆ لەدایک بوونی نمایشێکی شانۆی.

دەرهێنەر پێویستی بەچەند بنەمایەکی سەرەکی هەیە تاوەکو نمایشەکەی لەسەر بوونیاد بنێت کەئەوانیش پێکهاتون لەمانەی خوارەوە:

**آ- بنەمای یەکەم : پەیوەندی دەرهێنەر بە نوسەرەوە:-**

یەکەمین هەنگاو کەدەرهێنەر لەکارێکی شانۆیدا بەئەنجامی دەگەیەنێت هەڵبژاردنی دەقی شانۆییەکەیە چونکە دەقە نوسراوەکە ڕێگا خۆشکەرە بۆ دروست بوونی جیهانبینی دەرهێنەر.

گرنگترین بەش بۆکاری دەرهێنان هەڵبژاردنی دەقە، هەروەکو ئەوەی کە ڕەخنەگر (مارتن ئاسلن) دەڵێ (یەکەمین بنەمای سەرەکی لای دەرهێنەر هەڵبژاردنی دەقی شانۆییە بەشێوەیەکی ڕاست، یارمەتی دەدات بۆ بڕیاردانێکی باشی شانۆییەکە)( آونیل & بورتز:2019 :97 ). هەموو دەرهێنەرێک پێش ئەوەی بیر لە شێوازو کاری شانۆیی بکاتەوە دەقێکی شانۆی هەڵدەبژێریت و پاشان کاری لەسەر دەکات ، بۆ هەڵبژاردنی دەقێکی شانۆی دەرهێنەر پێویستی بە خوێندنەوەی زۆرە تاوەکو بڕیاربدات ، چونکە دەرهێنەرەکان لەپاش خوێندنەوەی بەردەوام پاشان بڕیار لەسەر دەقی پەسەندکراوی خۆیان دەدەن. دەقی نوسراو جۆریک لە بیرۆکە و خەیاڵ و ستایلی کارکردن بۆ دەرهێنەر دیاری دەکات، تەنانەت دەرهێنەر لەپاش هەڵبژاردنی دەقەکەوە ژمارەی ئەکتەر و ستافە شانۆییەکەی دیاری دەکات. (پەیوەندی دەرهێنانی شانۆی لەسەرەتای کاردا پەیوەندی بە نوسەری شانۆییەوە هەیە، چونکە دەق لەناو خۆیدا چەندین ڕێنمای تێدایە و دەرهێنەر بەرەو ئاراستەی کارکردن دەبات ، ئەوانیش لەڕێگەی کارکردن لەگەڵ ئەکتەر و دیکۆر و گوتاری شانۆییەکەدا) (مدخل إلي علوم المسرح:19٢٠).

لەپێشتردا نوسەران خۆیان نوسەر بوون وهەر خۆشیان دەرهێنەر بوون ، بۆیە شانۆییەکانیان بەوشێوازە نوسیوە کەخۆیان کاریان لەسەر کردوە، تەنانەت سینۆگرافیا و دیکۆریان بەشێوازێک داناوە کەلەگەڵ سەردەم و کاتەکانیاندا گونجاوە. بۆیە دەبێت دەرهێنەر بەشێوازێکی ورد و تایبەتەوە مامەڵە لەگەڵ دەقی نوسراوی شانۆییەکەدا بکات. بابەتی هەڵبژاردن و کارکردنی دەق پەیوەستە بە ناوەڕۆکی نمایشەوە کەدەبێتە وێنە و جوانیناسی و ئامانجی ئایدلۆژی کارەکە دەستنیشان دەکریت، تەنانەت ستایلی دەقە شانۆییەکە شێوازی بەرهەمەکە دەستنیشان دەکات کەئایا ئەو شانۆییە ؛ تراژیدیە یان

کۆمیدیە یان شێوازێکی تری هونەرییە. (دەبێت باسی ئەوەش بکەین کە ماوەیەکی زۆر لە وڵاتانی رۆژئاوا و بەتایبەت لە فەرەنسادا پیرۆزی دەق زۆر رەچاو دەکرا بەجۆرێک دەرهێنەر بۆی نەبووە لەهیچ شتێکی دەق لابدات و دەبووایە وەک خۆی دەقەکەی بگواستایەتەوە بۆ سەر شانۆکە) (روبین: 1386: ٦١-٦٢ ).

زۆر جار لەستایلله نوێیەکانی دەرهێناندا دەرهێنەر هەڵدەستێت بەتێکشکاندنی دەق و نوسینەوەی دەقێکی نوێ، بەڵام نابیت ئەوە لەیاد بکەین ئەو دەقە نوێیەی کەدەرهێنەر دروستی کردوە ئیلهامی لەدەقی یەکەمەوە وەرگرتوە و دەقە سەرەکیەکە بۆتە بیرۆکەی کارکردنی دەرهێنەر، کەواتە دەرهێنەر هەرچۆنێک کار لەدەقی شانۆیدا بکات هەڵگری گوتاری نوسەرە. دەرهێنەر لەرێی دیالۆگەوە کەشفی نهێنیەکانی دەق دەکات، چونکە زۆرجار نوسەر بەشێوەی نهێنی گوزارشت لەبیر و بۆچونەکانیدا دەکات لەناو دیالۆگەکانیدا و ئەوەش ئەرکی دەرهێنەرە کە مانای پشتەوەی دێرەکان بدۆزێتەوە(بەو ڕادەیەی کەهەموان وێنای دەکەن کێشەی شوێن و رەنگدانەوە و کاردانەوی دەق لەهەناوی شانۆدا بابەتێکی نوێ نییە و جگە لەتێبینیە ئیستاتیکیەکانی دەق دەربری ئامانجی ئایدلۆژییە) (روبین:1368: ٥٧ ). بۆیە دەبێت دەرهێنەر بەشێوەیەکی باش دەقەکە چەندین جار بخوێنێتەوە، چونکە دەتوانین بڵێین دەق یەکەمین ڕێپیشاندەرە بۆچۆنیەتی کارکردنی دەرهێنەر، لەگەڵ خوێندنەوەی چەند جارەی دەقدا دەرهێنەر بەردەوام خەیاڵ و زهنی زیاتر فراوان دەبیت و دەتوانی کەشفی نهێنیەکانی نوسەر بکات.

هەر دەقێکی شانۆی خاوەن گوتار و بۆچونێکی تایبەتە کە سەرچاوەکەی نوسەری دەقە شانۆییەکەیە، بۆیە دەبێت دەرهێنەر بەتەواوی لەماناو ستایلی کارکردنەکەی تێبگات پاشان هەڵسێت بەکارکردن لەسەر دەقەکە، چونکە دەرهێنەریش دەبێتە هەڵگری گوتاری نوسەر. هەستکردن بەدۆزینەوەی ڕێگا نادیارەکانی دەق لەسەر دەرهێنەر پێویستە بەر لە جێبەجێکردنی بۆ کارێکی نمایشی (آونیل & بورتز :2019: 98 ).

دوو جۆر دەرهێنەرمان هەیە کە بەستایلی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکەن، هەرچەندە (الکسندر دین) لە کتێبی (العناصر الاساسية لاخراج المسرحية) بە دەرهێنەری شیکار و دەرهێنەری ئەفرێنەر ناوی هیناوە، بەڵام توێژەر پاش وەرگرتنی هەندێک زانیاری نوێ لەناو شانۆ و رەخنەی ئەدەبیدا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بەم شێوەیە بەکاری بهێنێت (یەکەم-دەرهێنەرێک وابەستەی دەقە ، دووەم-دەرهێنەرێک وابەستەی دەق نییە).

**یەکەم – دەرهێنەرێک وابەستەی دەقە :-**

مەبەست لەو دەرهێنەرانەیە کە وابەستەی دەق دەبن و سەرجەم بیر و بۆچونەکانی نوسەر دەگوازنەوە بۆسەر شانۆ، ئەم جۆرە دەرهێنەرە پابەندەبێت بوونیادی درامی دەقەکە و لەسەر ئەو هێڵانە کاری دەرهێنان ئەنجام دەدات کەنوسەر راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئاماژەی پێداون ، دەرهێنەر ئەو گوتار و بیرو بۆچونانەی نوسەر لەڕێی ئەکتەرەوە بەبێ هیچ زیادکردنێک یان گۆڕینی بوونیادی دەق دەگوازێتەوە بۆ بینەران. ئەوبابەتانەی کەشانۆکە پێشکەشی دەکات دەبێت لەخزمەتی زمانی دەقەکەدا بێت، هەروەک رەخنەگری فەرەنسی (میشال لیۆر)دەڵێ :( دەبێت ئەم جۆرە شانۆییانە هەڵسن بەئەنجامدانی لایەنە کۆمەڵایەتیەکەیان لەپیناوی مەبەست و ئامانجەکەیان) (لیور:1965:35 ).

کەواتە دەرهێنەر لەڕێگەی بینەرەوە دەبێت ئەو بیر و بۆچونانە بگوازێتەوە کە نوسەر لەدەقەکەیدا باسی کردوە.

دەق + دەرهێنەر + ئەکتەر = بینەر

شێوەی (2–1)

بەپێی خشتەی ژمارە یەک دەق خاڵی دەستپێکی نمایشی شانۆییە و ئەکتەر لەسەر شانۆ گوێزەرەوەی پەیامی نوسەرە، ئەرکی دەرهێنەریش ڕێکخستن وسەرپەرشتی کردنی

شانۆییەکە و پێبەخشینی ئیستاتیکایە بە کارە هونەریەکە. کەواتە لێرەدا نوسەر کەسی یەکەمە لەناو نمایشەکەدا و سەرجەم  لایەنە هونەریەکانی تر لەخزمەتی گەیاندنی پەیامی نوسەر و دەقدان. (دەقی شانۆی باش هەلی باش دەرەخسێنێت بۆ دەرهینەر و ئەکتەر کەبتوانن داهێنان بەئەنجام بگەیەنن) (تیجام:ب ت :7). ئەم جۆرە دەرهێنەرانە پاش ئەوەی دەقێکی شانۆی پەسەند دەکەن بۆ کاری دەرهێنان تەنیا ئامانجیان گەیاندنی دەقە بەبینەران و بەتەواوەتی پەیوەستی دەق دەبن. بینەرانیش تەنیا ئەو مانا و پەیامەیان پێدەگات کە نمایشەکە دەیخوازێت.

**دووەم - دەرهێنەرێک وابەستەی دەق نییە:-**

ئەم جۆرە دەرهێنەرانە بەشێوازی جیاواز کاردەکەن و هەوڵدەدەن دید و بۆچونی خۆیان ئاوێتەی دەقە شانۆییەکە بکەن، هەرچەندە دەقە شانۆییەکە پەسەند کراوی دەرهێنەرە بەڵام دەیەوێت مانای جیاوازتر بۆدەقەکە بدۆزێتەوە و خوێندنەوەیەکی نوێ لەگۆشە نیگایەکی نوێوە بۆ دەقەکە بکات. ئەم جۆرە دەرهێنەرە جیاواز لەبینای درامی دەق کاردەکەن و هەندێک جار ئامانجێکی نوێ بۆ دەق دەدۆزنەوە و گوتاری دەق بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبەن. زۆرجار گۆڕنکاری لەدیمەن و کارەئەکتەر و دیکۆر و فەزای دەقدا دەکەن و شتێکی نوێ دەخوڵقێنن.ئەم جۆرە دەرهێنەرانە پێیان وایە کەدەق شتێکی پیرۆزنیەو دەرهێنەر دەتوانێت بە ئازادانە کاری لەسەربکات، هەروەک (برتۆڵد برێشت) دەڵێ:( شانۆ خزمەتکاری نوسەر نییە، بەڵکو لەخزمەتی کۆمەڵگەدایە) (الزيدي:2004: 114).

شانۆی هاوچەرخ بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر ئەوەدەکات کە پابەندی تەواوەتی نوسەر نەبێت، دەرهێنەرەکان بەردەوام لەهەوڵ و گەڕاندان بۆئەوەی جیهانبینی خۆیان تێکەڵاوی دەق بکەن و دیدێکی نوێ لەدەرەوەی دەقی نوسراو بەرهەم بهێنن. زۆرێک لەدەرهێنەرانی هاوچەرخ و مۆدێرن خۆیان بەنوسەری نمایش ناودەبرد و پێیان وابووە ئەوانی دەرهێنەر دەبنە نوسەری شانۆی نمایشکراو، دەرهێنەرێکی وەکو (فیسفولد میرهۆڵد) پێیوایە جوڵە بنەمای دروستکەری نمایشە نەوەک دەق بۆئەمەش دەڵێ: (دەرهێنەر نزیکترە

لەشانۆ وەک وەک  لەنوسەر ، دەکرێت بڵێین نوسەری شانۆ دەرهێنەرە) (ماییرهولد:1979: 124).

لەسەر ئەم بنەمایانە و بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی دەرهێنەرە هاوچەرخەکاندا، ئەو بڕوایە دروست بوو کەنابێت دەرهێنەر وابەستەی تەواوەتی دەقی نوسراوبێت و بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ دەقدا هەبێت. ئەو دەرهێنەرانەی کەوابەستەی دەق نین لەشێوازی کارکردنیاندا ئازادن، بێگومان ئازادیەک کەدەبێت لۆژیک و عەقڵ لەپشت دەرهێنەرەوەبێت بۆئەوەی بتوانێت کارێکی داهێنەرانە ئەنجام بدات.

دەرهێنە + ئەکتەر + دەق = بینەر

شێوەی (2–2)

لەخشتەی دووەمدا ئەوە ڕون دەکەینەوە کە دەرهێنەر کەسی یەکەم و چاوگی دەستپێکی نمایشە، واتا دەرهێنەر ستایل و پەیامی نمایش دیاری دەکات، ئەکتەریش بەشدارە لە گەیاندن و ئامانجی پەیامی نمایشەکە، ناکرێت بڵێین ئەکتەر تەنیا گوێزەرەوەی پەیامی دەرهێنەرە بەڵکو ئەکتەریش بەشدارە لە پەیامەکەدا و ئازادە لە داهێنانەکانی سەر شانۆدا، دەق لەم شێوازی کارکردنەدا دەقێکی ئازادە و دەچێتە دەرەوەی کۆنترۆڵ کردنی نوسەرەوە و بەڵکو زۆرجار کار لەسەر کۆدەکان و مانا شارەوەکانی دەق دەکرێت و دەقی نوێ لەدایک دەبێت. (دروست کردنی دەق زۆرجار لە وەرگرتن و هەڵمژینی دەقی تر لەدایک دەبێت، زۆر جار دەقە تیک دەشکێنرێت و دەقێکی تر لەناو پانتاییەکی نوێدا لەدایک دەبێت، دەکرێت ئەمە گوزارشتی لێبکەین بە دوادا یەکترهاتنی گوتاری) (کرستیفا:1991: 79).

کەواتە دەق لەخزمەتی دەرهێنەر و ئەکتەر و نمایشدایە، بینەریش لەمجۆرە نمایشانەدا ئازادە لە بیرکردنەوە و دروستکردنی مانا لەناو نمایشەکەدا.

- **رەگەزەکانی دەقی شانۆیی**

بۆ تێگەیشتن و ناسینی دەق پێویستە دەرهێنەربە رەگەزە سەرەکیەکانی دەقی شانۆ ئاشنابێت، بۆئەمەش شیکاری ئەرستۆ لەسەر دەقی شانۆی لەسەر بنەمای شەش رەگەزی بووە کەئەوانیش

(١- کەسایەتی ٢- چیرۆک ٣- زمان (دیالۆگ) ٤- ئەندێشە (ئایدیا) ٥- ڕیتم ٦- وێنەی شانۆکە) (دین&کاررا:1384: 54).

**کەسایەتی** :- مەبەست لەو کەسایەتیانەیە کە نوسەر لەناو دەقێکی شانۆیدا دەیان خوڵقێنێت و لەڕێی کەسایەتیەوە دەرهینەر ئاشنا دەبێت بە دیالۆگ و چیرۆک و بیر و بۆچونی نوسەرەکە .

**چیرۆک** :- مەبەست لەو چیرۆکەیە کەسەرجەم دەقە شانۆییەکەی پیوە پەیوەستە و نوسەر هەموو ڕوداو ململانێکان لەڕێگەی چیرۆکەوە دەخاتە ڕوو، دەرهێنەریش لەچوارچێوەی ئەو چیرۆکەوە چیرۆکی نمایش دەگێڕێتەوە.

**دیالۆگ**:- مەبەست لەو ڕستەو قسانەیە کەلەناو شانۆدا لەڕیگەی زمانی کارەئەکتەرەکانەوە دەگوازریتەوە و تییدا مەبەست و ئامانجی نوسەر بۆ دەرهێنەر دەردەخات، هەر لەڕێگەی دیالۆگەوە دەرهێنەر ئاشنا دەبیت بە کەسایەتیەکانی ناو شانۆییەوەکەو دەزانێت هەرکارەئەکتەرەیان خاوەنی چی جۆرە فۆرم و دەرون و کەسایەتیەکە.

**ئەندێشە یان ئایدیا**:- هەموو نوسەرێک بۆ نوسینی شانۆیەک پێویستی بە ئەندێشەیەکی تایبەت هەیە و سەرجەم بیرو بۆچونی لەناو ئایدیایەکی تایبەتدا کۆدەکاتەوە و دەرهێنەر دەکەوێتە ژێر رکیفی ئەو ئایدیایەوە، دەبێت دەرهێنەر بگونجێت لەگەڵ ئایدیا و ئەندێشەی دەقدا بۆئەوەی دژبوون لە دەربڕینیاندا دروست نەبێت. بۆنمونە شێوازی قۆتابخانە شانۆییەکان دەرخەری ئایدیای نوسەرەکەن هەروەک شانۆی ( ریالزمی سۆشیالستی ، شانۆی پوچگەرا ، شانۆی سروشتگەرا و شانۆی کلاسیکی و شانۆی مۆدێرن).

**ریتم** :- مەبەست لە و ریتم و شێوازەیە کە لەروی دەرونیەوە کۆنترۆڵی دەرهێنەر دەکات و فەزای دراماتیکی دەقێکی شانۆی دەردەخات. بۆنمونە هەست بەوە دەکەین کە شانۆییەکی *(ئانتۆنین چیخۆڤ) جیاوازە لە شانۆییەکی **(یۆژین یۆنسکۆ) و هەر دەقێکیان لەروی دەرونیەوە فەزایەکی جیاواز لای خوێنەر دەخولقێنن، تەنانەت دەرهێنەر لەناو کارە شانۆییەکەدا رەچاوی ئەو شێوازە ڕیتمە دەکات کە دەق خاوەنێتی.

**وێنەی شانۆیی**:- یەکێکی تر لەو رەگەزانەی لەناو دەقی شانۆیدا بوونی هەیە، بەشێوەیەکی زهنی ئەو وێنانە لای دەرهێنەر دروست دەبیت و دواتر دەیانکات بە وێنەی شانۆی و لەڕێگەی ئەکتەر و ئێکسسوارەوە وێنە زهنیەکە دەکات بە وێنەی بینراو.

**ب- بنەمای دووەم : پەیوەندی دەرهێنەر بە ئەکتەرەوە:-**

ئەکتەر یەکێکە لەگرنگترین بنەماکانی دەرهێنەر لەکاری شانۆیدا و لەڕێگەی ئەکتەرەوەیە کە دەرهێنەر دەتوانێت بیر و بۆچونی خۆی بگەیەنێت بەبینەران. بۆیە پێویستە دەرهێنەر بەشیوەیەکی باش شارەزای کارکردنی ئەکتەربێت و بزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەکتەر ناوەڕۆکی نمایشی شانۆییە، لەبەرئەوەی ئامڕازی زیندو و دێنامیکیە و پەیوەندی نێوان نوسەر و دەرهینەر و بینەریشە. لەڕێگەی ووزە داهێنراوەکانی ئیمائە و دەنگ و ئاماژەوە هەموشتێکمان پێدەگەیەنێت، (ئیمائە و ئاماژە و گۆڕانە جەستەییەکان و جوڵە داهێنراوەکان گوزارشتن لەگەیاندنی بابەتەکان).

ئەکتەر گەیەنەری بیری دەرهێنەرە، بۆیە دەبێت دەرهێنەر بزانیت کەچۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ

---

*ئانتوان باولۆڤیچ چیخۆف: ساڵی 1860 لە شاری تاگانوگی ڕوسیا لەدایک بووە و ساڵی 1904 لەتەمەنی 44 ساڵیدا لە ئەنجامی خوێن بەربوونی مێشک کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە نوسەرە گەورەکانی جیهان و خاوەنی 700 بەرهەمی ئەدەبییە.

**یۆژین یونسکو: ساڵی 1909 لە فەڕەنسا لەدایک بووە و ساڵی 1994 کۆچی دوایی کرووە، بەیەکێک لە نوسەرە گەورەکانی مێژوو ناودەبرێت و خاوەنی بیری وجودییە، کە فەلسفەیەکی نوێی جیهانییە.

ئەکتەردا دەکات. چونکە لەکۆتایدا تەنیا ئەکتەرە کەڕوبەڕو لەگەڵ بینەراندا مامەڵە دەکات. (شارەزای لەهونەری نواندندا، کاری یەکەمی دەرهینەرە، دەرهێنەر لەڕوی شارەزاییەوە دەتوانێت سود وەرگرێ لەپیشەی نواندن و چۆنیەتیی ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی) (آونیل & بورتز:2019 :287). دەرهێنەر دەبێت شارەزای لەبوواری ڕاهێناندا هەبێت، بۆئەوەی بزانێت چۆن کار لەسەر جەستە و دەنگی ئەکتەرەکانی دەکات. بۆئەوەی بتوانێت ژیان ببەخشی بەشانۆکە.

ئەکتەر لەسەر شانۆ ئامادەبوونێکی مادی و ئاماژەیی هەیە، ئەویش لەڕێگەی (جەستە و دەنگ)ەوە، سەرجەم سەرچاوەکانی تری شانۆکە لەڕێگەی ئەکتەرەوە مانایان پێدەبەخشرێت، ئەم پەیوەندیانەش بەهایەکی دەلالی هەیە لەڕێگەی کرداری نواندنەوە. (بکەری سەرەکی ئەم کارەش، ئەکتەرە کە شتە هەست پێکراوەکان  پێشکەشی بیەران دەکات) (ابرسفیلد:2012: 122).

ئەکتەر کەسایەتیەکی گرنی ناو شانۆیە و ڕۆڵی سەرەکی پرۆسەی شانۆ ئەکتەرە، ئامانجی کارکردنی ئەکتەر دروستکرنی کەسایەتیەکە کەتێیدا پەیام و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە، هەرچەندە لە کۆندا نواندن جۆرێک بووە لەلاسای کردنەوەی کەسایەتیەکان، بەڵام بەهاتنی قۆناغی مۆدێرنە گۆڕان بەسەر چەمکی ئەکتەریشدا هاتوە، لەقۆناغی مۆدێرنەدا ئەکتەر لاسای ناکاتەوە بەڵکو داهێنان لەکەسایەتیەکی نادیاری ئەدەبی دەکات و بەجەستە و دەنگ گوزارشتی لێدەکات. بێگومان ئەکتەر بوون تەنیا ئارەزوکردنی نواندن نیە بەڵکو خۆ ڕۆشنبیرکردن و ڕاهێنانی بەردەوامە (ستانسلافسکی جەخت دەکاتەوە کە پێویستی گرنگی ئەکتەر بۆ باشترکردنی جەستە و دەنگی ڕاهێنانە، ئەمەش بۆئەوەیە کەئەکتەر توانای هەبێت خۆی لەگەڵ هەمو ڕۆڵێک و هەموو گۆڕانکاریە نواندنیەکاندا بگونجێنێت.ئامڕازی جەستە بۆگوزارشت کردنە، بەڵام هاوکات ئەکتەر پێویستی بەخۆ ڕۆشنبیر کردنی عەقڵی هەیە، چونکە ئەوەی کە فەرمان دەردەکات بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی نواندن عەقڵە ) (مور:2016: 20-35).

زۆر جار باس لەوەکراوە کە دەکرێت شانۆیەک پێشکەش بکرێت بەبێ بوونی دەق یان گروپێک کۆببنەوە و بەبێ دەرهێنەر شانۆیەک پیشکەش بکەن ، بەلاَم هەرگیز ناکرێت شانۆیەک بەبێ ئەکتەر نمایش بکرێت، بۆیە دەرهێنەری شانۆی دەبێت شارەزا و بەئاگابێت بۆ ئەکتەر و بزانێت چۆن بەکاری دەهێنیت و کاری لەگەڵ دەکات ، جونکە ئەکتەر پەیوەندیەکی بەردەوامی هەیە لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی نمایشدا بۆنمونە:

آ- پەیوەندی ئەکتەر بە بەشە جیاوازەکانی سەرشانۆوە وەک (دیکۆر و روناکی و جلوبەرگ و میوزیک ).

ب- پەیوەندی بە ئەکتەرەکانی ترەوە.

پ- پەیوەندی ئەکتەر بە بینەرانەوە.

(ستانسلافسکی دەڵی ئەکتەر بەندە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی کەئەوانیش ئارەزومەندێتی و جەستە و دەنگ ) ( خلیل:2021).

ئەم بنەمایانەی کە دەرهینەری روسی و خاوەن ڕێبازی ڕیالیزمی *(ستانسلافسکی) بۆ ئەکتەر پەیرەوی کردوە، دەکرێت بڵێین بۆ هەموو شێوازێکی کارکردن و قوتابخانە جیاوازەکانیش راستە، تەنیا ئەوەی کەدەمێنێتەوە شێوازی جیاوازی بەرجەستەکردنی نواندنە لەلایەن ئەکتەرەوە، بەلاَم لەژێر ڕێنمای و کارکردنی جیاوازی دەرهینەردا. چونکە هەموو دەرهێنەرێک خاوەنی ستایلی خۆیەتی و بەو شێوازە کاردەکات کە دەرهینەرەکە دەیخوازێت، ئەکتەریش لەژێر ڕێنماییەکانی دەرهینەردا نواندنی خۆی ئەنجام دەدات. بەرلەوەی ئەکتەر بەنواندنەکانی ڕووبەوڕی بینەران بێتەوە، ڕووبەڕوی دەرهینەر دەبێتەوە و دەرهێنەر پێی دەڵێ کەچۆن جەستە و دەنگ و هەستەکانی لەکاتی دیمەنەکاندا بەکاربهێنێت، (دەرهێنەر هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی شێوازی کەسایەتیەکە لەبەردەم ئەکتەردا و ئەکتەر ئەوەدەکات کە دەرهێنەر دەیەوێت) (فريد&عبدالحميد:1980: 25).

---

*کنستانتین سرگئی ستانسلافسکی: ساڵی 1863 لەروسیا دایک بووە و ساڵی 1938 کۆچی دوایی کردووە، ئەکتەر و دەرهێنەر و بەڕێوبەری شانۆی مۆسکۆ بووە.

دەرهێنەر دەبێت لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەکتەردا مامەڵە بکات، شانۆی هاوچەرخ و مۆدێرن پەیوەندیەکانی دەرهینەر و ئەکتەر لەسەر بنەمای هەست و سۆز دەگۆڕێت بۆ بنەمای ڕۆشنبیری و لیکتیگەیشتن، چونکە ئەکتەر تەنیا هەست و سۆز ناگوازێتەوە بەڵکو گوزارشت و ئاماژە و مانا دەگوازێتەوە بۆبینەران،( سەرجەم ئاماژە و ئیمائە و بارودۆخە جەستەییەکان و پەیوەندیە جوڵەییەکان، دادەنرێت بووگوزارشتی قسەکردن و جێگەی دەربڕینی قسەکردنی دیالۆگ دەگرێتەوە) (جدري:2002: 97).

ئەکتەر گەیەنەری بیری دەرهینەرە، کار لەسەربەکارهێنانی توانا فکری و ئەندێشەییەکان دەکات، پاشان ئەو جیهانبینیە دەگوازێتەوە بۆ بینەران. توێژەر لەباسکردنی ئەزمەنی دەرهینەرە هاوچەرخەکاندا زیاتر تیشک دەخاتە سەر کارکردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا و بەقوڵی ئەو گۆڕانە کاریگەریانە باسدەکات کە ئەکتەر هەیبووە لەناو شانۆدا.

## 5.1.2 ڕەگەزە سەرەکیەکانی دەرهێنان

بنەما سەرەکیەکانی هونەری دەرهێنان خۆی لەم پێنج رەگەزەدا دەبینێتەوە، ناکرێت کەسێک کاری هونەری دەرهێنان بکات بەبێ ناسین و شارەزابوون لەم پینج رەگەزەدا، چونکە ناسینی ئەمانە دەروازەی کاری دەرهێنانە. ئاماژەدان بەهەر پێنج رەگەزەکە لەلایەن توێژەوە ،بۆئەوەیە کە ئەمانە زانستی فێربوونی پرۆسەی دەرهینان، وانە سەرەتاییەکانی خوێندنی دەرهێنانە لەناو ناوەندە ئەکادیمیەکاندا، تەنانەت لەزۆربەی زۆری ئەکادیمیاکان و پەیمانگەکانی دونیادا کاتێک خوێندکار وانەی دەرهێنان دەخوێنێت رەنگە نەکریت بەبێ شارەزای بوون لەم پێنج رەگەزەدا بتوانێت فێری دەرهێنانی شانۆی ببێت. هەر پێنج ڕەگەزە سەرەکیەکەی دەرهێنان لەناو هەموو نمایشێکدا بوونی هەیە و لەهەمو ستایلە جیاوازەکاندا بەشێوازی جیاواز بەکاردێت. سەرجەم ئەم رەگەزانەی دەرهێنان لەکتێبی (بنەماکانی دەرهێنان)دا لەنوسینی (ئەلکسەندەر دین و پرۆفیسۆر لارنس کاررا)ەوە وەرگیراوە، بەڵام لای هەندێک لەدەرهێنەرەکان گۆڕان بەسەر شێوازەکەیدا هاتوە. لەبواری پرۆسەی فێرکردندا خوێندنی ئەم رەگەزە سەرەکیانەی دەرهێنان بە بنەمای کاری دەرهێنان دەناسرێت، بەتایبەت

لەقۆناغی سێهەمی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا، کاتێک لقی دەرهینان لە لقی نواندن جیادەکریتەوە، خوێندکاران لەسەر ئەم بنەمایانە فێری کاری دەرهینان دەکرێن.

### 1.5.1.2 پێکهاتن – التكوين (Composition )

(جۆرە دروستکردنێکی شێوەیی یان ڕێکخستنێکی بەکۆمەڵی سەر شانۆیە، بەڵام ئامانج لێی مانای وێنەی سەر شانۆ نییە،دەکرێت بڵێن ڕێکخستنی هەست و چۆنیەتی شێوازی بابەتە لەڕێگای، رەنگ، هێڵ ، قەبارە وشێوەوە، داستان و چیرۆک باس ناکات، بەڵکو ئەوەی دەیکات هونەرە) (دین&کاررا:1384 :125). سەرجەم رەگەزەکانی تری بنەماکانی دەرهێنان کەباسی دەکەین وەک (جەختکردن،جێگیربوون، هاوسەنگی، جوڵە) دەبێتە کۆی پێکهاتنی نمایش.

### 2.5.1.2 جەختکردن

یەکەمین توخمی پێکهێنانە کە باسی لێوە دەکەین، دەبێت بزانین هەموو بەرهەمێکی هونەری جەختکردن تییدا ئامادەی هەیە، چونکە پێویستە هەموو دروستکراوەکانی سەرشانۆ سەرنج بخرێتەسەری، ئەرکی دەرهێنەر ئەوەیە کەدەبێت بزانێت کامیان سەرنجی زیاتری دەخرێتەسەر، ئەمیش بەهۆی دوو خاڵی سەرەکیەوە:

- گرنگی کەسایەتیەکە.
- کورتی و درێژی وتووێژەکان.

ئەگەر دەرهێنەر ئەم دوو لایەنەی بەوردی هەست پێکرد ئەوا کەسایەتیە گرنگەکان کە جەختیان لەسەر دەکرێ و بەجوانی دەبینرێن ، هەروەها دیالۆگەکانیشیان بەباشی دەبیسترێن و بینەران گوێیان لە دەنگ و چاویان لە جەستەیان دەبێ، دەرهێنەر هیچ پاکانەیەکی نیە بۆ جەخت نەکردن بۆسەر کەسایەتیەکانی بەڵکو پێویستە دەرهێنەر



**وێنەی (1.2)**

**شانۆیی (کالیگۆلا)**

بەشێوەیەکی زیرەکانە جاربەجار جەخت بکاتە سەر ئەو دیالۆگەکەی یان رووداوەی کەگرنگی و تایەتمەندی هەیە ،ئەمەش پەیوەندی بە فراوانی خەیاڵی و هۆشیاری دەرهێنەرەوە هەیە.

دەرهێنەر بەسێ ڕێگە دەگات بە جەختکردن ئەوانیش:

(آ- هەڵبژاردن

ب- گونجاندن

پ- رێکخستن ) (الشرقاوی،جلال:2012: 26).

- **چۆنیەتی بەدەستهێنانی جەختکردن:**

**لە ڕێگەی جەستەی ئەکتەرەوە:-** شێوازی بەهێزی بەکارهێنانی جەستەی ئەکتەر سادەترین شێوازی بەدەستهێنانی جەختکردنە.

**لەڕێگەی شوێنە جیاوازەکانی سەر شانۆوە:-** شێوازی دابەشکردنی ستەیج لەلایەن دەرهینەرەوە لایەنێکی تری بەهێزی جەختکردنە.

**لەڕێگەی روکەشی فۆرمەکانەوە**:- لێرەدا ئەوانە بەهێزترن کە لەبینەرەوە نزیکترن.

**لەڕێگەی بەرزییەوە**:- ئەم ڕێگەیە زۆرتر بەکاردەهێنرێت، چونکە بەرزترین ئاست لە هێڵی ئاسایی بینینەوە خەخت دروست دەکات، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو کۆمەڵێک دانیشتن و کەسێک بەپێوە بوو ئەوا ئەو کەسەی بەپێوەیە جەختی زیاتر دروست دەکات.

**لەڕێگەی دژیەکەکانەوە**:- ئەو جوڵانەی کە پێچەوانە و دژی جوڵەکانی ترن جەختی زیاتر دروست دەکات. کاتێک ئەکتەرێک بەپێچەوانەی وەستانی هەموو ئەکتەرەکانی دیکەوەیە جەخت دروست دەکات، تەنانەت ئەگەر لاوازترین جۆری وەستانیشی هەبێت.



**وێنەی (2.2) شانۆیی (کالیگۆلا)**

- **جۆرەکانی جەختکردن**

(آ- جەختی ڕاستەوخۆ:- بریتیە لە جەختکردنێکی راستەوخۆ لەسەر کەسێکی دیاری کراو لەناو کۆمەڵێکدا.



**وێنەی (3.2)شانۆیی (ساڵی ئاشووب)**

ب- جەختی جووت:- بریتیە لە جەختکردن لەسەر دوو کەسایەتی کە هەردووکیان وەک یەک کردارێکی تایبەت ئەنجام دەدەن.



**وێنەی (4.2) شانۆیی (کالیگۆلا)**


پ جەختی ناوەندی:- لێرەدا جەخت دەکرێتە سەر کەسایەتیەک کە گرنگی کەمی هەیە و بۆ ساتێکی کەم گرنگی پێدەدری)( آونیل و بورتز :2019 : 18-19).



**وێنەی (5.2) شانۆیی (کالیگۆلا)**

## 3.5.1.2 جێگیربوون


یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێکهاتن، (جێگربوون کرداری ڕێکخستنە، وێنە لەسەر شانۆ دیاری دەردەکەوێت کە پانتایی پەرشوبڵاوبێت و بەم هۆیەشەوە دیمەنەکان ناشیرین دەردەکەون) (دین&کاررا:1383: 183). هەروەک لەوێنەی (6.2) دەبینین کە وێنەکە جێگری تێدانییە.



وێنەی (6.2)

**وێنەی نا هاوسەنگ**

دوابەدوای جەختکردن لەسەر کەسێک هەنگاو دووەم جێگیرکردنی ئەو وێنەیەیە کە دروستکراوە، بەڵام لەو دیمەنانەی کە لە دوو تا سێ کەس پێکدێت، پێویست بە جێگیربوون ناکات چونکە خۆی لەخۆیدا جێگیرە. لەبەرئەوە بۆ جێگیرکردنی هەر وێنەیەک پێویستە کەسێک یاخود دوو کەس لەناوچەی خواروو یان چەپ یان هەردوولا دابنرێت بۆ جێگیرکردنی ئەو پێکهاتنە وەکو وێنەی ژمارە (7.2).



وێنەی (7.2)

**وێنەی هاوسەنگ**

## 4.5.1.2 هاوسەنگ بوون

مرۆڤ خۆی لەخۆیدا کاتێک کە شتێکی لاسەنگ دەبینێ حەزدەکات ئەو شتە ڕێک بخات وهاوسەنگی لەنێوان شتە ناهەوسەنگەکاندا دروست بکات، چونکە ناهەوسەنگی کاردەکاتە سەر خراپ بوونی دەرونی مرۆڤ. لەبەرئەوە کاتێک لایەکی پێکهاتنەکە هاوتای لاکەی تریان بوو ئەوسا دەڵێن ئەم پێکهاتنە هاوسەنگە و کاریگەری دەخاتە سەر بینەران. (هاوسەنگی کاریگەری گەورە لەسەر نمایشی شانۆی دادەنێت کەئەویش لەڕێگەی فۆرمی پێکهاتە و ریتمەوە، چونکە هاوسەنگ بوون سروشتی ریتمێکی شێوەکاریی جوڵەییە لەرەگەزی بینینی نمایش، دەتوانێت فۆرمێکی هونەری تەواو دروست بکات، هەروەها کاریگەری لەسەر وەرگری وێنەکانی نمایش دروست دەکات) (جیبلسکو:2009: 475).

**دوو جۆر هاوسەنگی هەیە:**

**آ- هاوسەنگی فیزیکی** :- هاوسەنگی واتا قورساییەک بەرامبەر قورساییەک، بەجۆرێک سەر شانۆ وەک ئەوەی بەتەرازویەک هاوسەنگی بپارێزرێت و سەرشانۆ بکات بە بەشی یەکسان. دوو جۆر هاوسەنگی فیزیکی هەیە:

**هاوسەنگی فیزیکی هاوتا:** سادەترین شێوازی هاسەنگییە بریتیە لە دانانی کۆمەڵێک بەرامبەر بە کۆمەڵێکی تر لەلای ڕاست و چەپی شانۆ بەشێوەیەکی یەکسان.

**هاوسەنگی فیزیکی ناهاوتا:** دانانی کەسێک لەنزیک دیواری شانۆکەوە بریتیە لەدانانی کەسێک لەنزیک دیواری شانۆکەوە بە دووریەکی تایبەت و هەوەها دانانی کەسێکی تر لەبەرامبەری بەهەمان دووری تایبەت.



**وێنەی (8.2)**

**شانۆیی (ساڵی ئاشووب)**

**ب- هاوسەنگی جوانناسیانە (ئیستاتیکی)**

ئەمجۆرەی هاوسەنگی لەگەڵ هاوسەنگی فیزیکیدا جیاوازە و یەکناگرنەوە، چونکە لە هاوسەنگی جوانیدا قەبارەکان ڕۆڵیان نییە بەڵکو هەوڵدەدرێت بۆ هاوسەنگ بوونی دوو پارچە(کتلە) جوڵەی جوان بدۆزرێتەوە تاوەکو قەبارەکان هاوسەنگ بکات، وەک نمونەی وێنەی (8.2) . بۆنمونە خوارەوەی شانۆ ئەوبەشەی لەبینەرانەوە نزیکترە بەهێزترە، بەڵام دەکرێت لەگەڵ جوڵەیەکی پشتەوەی شانۆکە هاوسەنگی بکەین ، ئەویش بەپشتکردنە بینەر لەلایەن کەسی نزیک لەبینەران و روکردنە بینەر لەلای کەسی پشتەوەی شانۆکە و پێدانی جوڵەی سەرنج راکێش ،لێرەدا دەردەکەوێت هاوسەنگی جوانکار لەڕاستیدا هاوسەنگییە لەنێوان جەختکردنە یەکسانەکانەوە.(شانۆکاری باش ئەو کەسەیە کەدەزانیت چی دیمەنێکی بەهێز و کاریگەر دروست دەکات تا کاربکاتە بەرامبەری) (روزا یفانز: 1979: 42).



**وێنەی (9.2)**

**شانۆیی (کالیگۆلا)**

## 5.5.1.2 وێناندن

یەکێک لەبنەما گرنگ و سەرەکیەکانی دەرهێنانی شانۆیی وێناندنە، واتا دروستکردنی وێنەی شانۆییە، (چونکە دەزانین دەرهێنانی شانۆیی گۆڕینی دەقی نوسراوە، بۆ نمایشی بینراو)( الغمراوي:2018 )

بۆیە گرنگترین بەشی کارکردنی دەرهێنانی شانۆی وێناندنە، تەنانەت کاتێک کە خوێندکارێک فێری دەرهینای شانۆیی دەکریت بەردەوام لەلایەن مامۆستاکەیەوە یان راهێنەرەکەیەوە داوای دروستکردنی دیمەنی لێدەکرێت، ئەم دیمەنانەش پێکهاتوون لە کۆمەڵێک وێنەی بینراوی جوڵاو. (وێناندن بریتیە لە شیکاری وێنەیی هەرساتێکی نمایش، هەروەها بڕیاردان لەسەر شوێنی کەسایەتیەکان و گەیاندنی هەڵوێستی و دراماتیکی بۆ بینەران بەبێ بەکارهێنانی حیوار و جوڵە) (دین&کاررا:1383: 221).

- **پێکهاتن و وێناندن**

کاری سەرەکی پێکهاتن، ڕێکخستن و ڕێکوپێک کردنی تەکنیک و میزاجی تایبەتیە لەسەر ئاستێکی عەقڵی بەڵام وێناندن بەشداری لەناوەڕۆک و بیر و بابەتەکان دەکات بۆ گەیاندن. پێویستە لەسەر دەرهێنەر بۆ خولقاندنی وێنەی شانۆیی تەواو کە لەگەڵ پێکهاتنەکە بگونجێ ئەم حەوت هەنگاوانەی لای خوارەوە بنێت:

- شیکردنەوەی دیمەنەکان و دانانی ناونیشانێک بۆ هەریەکەیان.
- دەستنیشانکردنی میزاجی دیمەنەکان بەپێی ناونیشانیان.
- دەربڕینی سروشتی میزاجەکان بەپێی ناوچەکان.
- ئەندێشەکردنی زانیاری دەربارەی کێشەکەو کەسایەتی و دیمەنەکان.
- دانانی کەسایەتیەکان بەپێی میزاجی ناوچەکان.

بنەما و هۆکارەکانی پێکهاتنی ڕاست بەکاربهێنە و جەخت دروستبکە لەسەر کەسایەتیە گرنگەکان.

کاری دەرهێنان بەوێنەکردنی دیالۆگەکانە بۆیە پێویستە دەرهێنەر خاوەن خەیاڵێکی فراوان بێت بۆئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی جوان و گونجاو دیالۆگەکان بۆ وێنە بگوازێتەوە، وەدەبێت ئەو وێنانەی کەدروست دەکرێت ماناداربێت هاوشێوەی دیالۆگەکان. ئەکتەرەکان کاتێک جوڵە دەکەن و لەرێگەی جەستەوە دەجوڵێن هەموو جوڵەیەک وێنەیەکە، بۆیە دەبێت بەجۆرێک جوڵەکان ئەنجام بدرێت کە جوان بێت و ببێتە مایەی پەسەندکردنی بینەران، کەواتە وێنەکان بەرهەمی جوڵەکانن.

## 6.5.1.2 جوڵە (movement)

وێنەی شانۆیە لە حاڵەتی کرداردا. جوڵە دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری بەسەر ڕووداو و دیمەنەکاندا.

**آ- بەهای چۆنیەتی جوڵە**

جوڵەکانی سەرشانۆ، هەروەها بارودۆخی جەستە ،بەرزی و نزمی جوڵەکان ناسینی سەرەتای دەرهینەرە تازەکانن، بەتایبەت هەستکردن بەجوڵەی نادروستی سەرشانۆ (دین&کاررا:1383: 256). لەبەرئەوە ئەتوانین دەستنیشانی جوڵەی بەهێز و جوڵەی لاواز بکەین وەک لەوێنەی (10.2) دەبینرێت. بەڵام نەک بەواتای باش و خراپ بەڵکو ئەمە تەنها هەڵسەنگاندنی جۆری جووڵەکەیە چونکە هەندێک جار جووڵەی لاواز بەپێی جۆری کەسایەتی و دیالۆگەکان سەبارەت بەکێشەکە دەستنیشان دەکرێن.



**وێنەی (10.2)**

**شانۆیی (لەسەدە تاریکەکاندا شەو درێژتر بوو)**

- **جوڵەی جەستە:**

جوڵەی بەهێزی جەستە بەرەو چوونە پێشەوەی کەسێکە بەشێوەیەکیراست وەستاندن و بەهۆی پێی لای سەرەوە یاخود هەڵسانی لەسەر کورسیەک و بەرزکردنەوەی دەستی و

بەرەوپێشەوە بڕوات. بەڵام جوڵەی لاوازی جەستە بەرەو چوونە دواوەی کەسێکە و بەبەکارهێنانی پێی خواروی یاخود دانیشتن یان سوڕانەوەو دورکەوتنەوە لە کەسێک.

**ب- جوڵە لەسەر شانۆ**

هەر بەتەنها جوولەی لەش بەهای بەهێز و لاوازی نییە بەڵکو هێڵی جوڵەی هەموو کەسێک لەسەر شانۆ بەهای تایبەتی خۆی هەیە، (ئامانجی هەموو جوڵەیەک لە فۆرم و پێکهاتن بۆ دروستکردنی کەشێکی دەرونی و فکری و ئیستاتیکیە لەلای وەرگر، وەرگر هەموو جوڵەی ئەکتەرەکان و پەیوەندی لەگەڵ ئێکسسوارەکان دەبینێت لەناو پانتایدا بەهۆی جەستەی ئەکتەرەورە) (عزیز:2013: 26-27). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەدروستکردنی جوڵەکان بەهۆی جەستەوەیە، دەبێت ئەکتەر خاوەنی جەستەیەکی گونجاوبێت بۆئەوەی بتوانێت بەباشی جوڵەکانی ئەنجام بدات.

هەموو جوڵەیەکی بەهێز، بەدوایدا جوولەیەکی لاوازی لەش بێت ئەوا دەبێتە جوولەیەکی لاواز. بەهەمان شێوە هەموو جوڵەیەکی لاواز، بەدوایدا جوڵەیەکی بەهێزی لەش بێت ئەوا دەبێتە جوڵەیەکی بەهێز.

هەروەها جوڵەکردن لە ناوچەیەکی لاواز بەرەو ناوچەیەکی بەهێز بە جوڵەیەکی بەهێز دادەنرێت،

لەهەندێ شانۆیدا کەسایەتی سەرەکی زۆربەی کاتەکان لەسەر شانۆیە ،بۆئەم مەبەستەش ئەکتەر بۆئەوەی جەختی لەسەر بەردەوام بێت، پێویستە دەرهێنەرچەند ڕێگایەکی جۆراو جۆر بەکاربهێنێت، ئەویش گواستنەوەیەتی لە ناوچەیەکی لاوازەوە بەرەو ناوچەیەکی بەهێز.

**پەیوەندی جوڵە بە بەرزییەوە:** جوڵەکردن لە ئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی بەرزتر بە جوڵەیەکی بەهێز دادەنرێ وەک لەوێنەی (11.2) دەبینرێت. هەرچەندە جوڵەکردنی کەسێک لە ئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی بەرز بۆ مەبەستی چوونەدەرەوە گەر هاتوو ئاوڕی نەدایەوە یان جوڵەیەکی تایبەتی نەکرد بەر لە چوونەدەرەوەی ئەوا بە جوولەیەکی بەهێز

داناندرێت، لەبەرئەوە دەبێت ئاوڕێک بداتەوە یان جوڵەیەک بکات پاشان بچێتە دەرەوە بۆئەوەی جوڵەکە بەهێزبێت.



**وێنەی (11.2) شانۆیی (کارەکەرەکان)**

**درێژی جوڵە:** بەردەوام بوون بۆماوەیەکی دوور لەسەر یەک جوڵە ، ئەواجوڵە لاواز دەکات، یان جوڵەیەکی درێژ بۆ چوونەدەرەوە.

**جوڵە پەیوەندی بە دیزانی شانۆوە:** پێویستە لەکاتی دانانی دیزاینی پلانی سەر کاغەز کە پیشانی دیزاینەری دیکۆرست دەدرێت ڕەچاوی هەموو ئەو بەهایەنەی جوڵە بکرێت کە باسمان کرد، لەبەرئەوە دەبێت شوێنی هاتن و چوونەدەرەوە دەستنیشان بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە هاتنەژوورەوەی پاڵەوانی سەرەکی لەسەروو ناوڕاستی

تەختەی شانۆوە بێت چونكە ئەوسا بەشێوەی ڕووبەڕوو دێتەژوورەوە كە ئەویش بەهێزترین جۆرەكانی جەستەیە. (دروست بوونی هەر هەڵەیەک لەجوڵەدا تێكدانی وێنە و ریتم و هەروەها دەبێتە كەمووكوڕی نمایشە شانۆییەكە) (جیبلسكو:2009: 477)

**ج- جوڵەو دیالۆگ**

هەمووجوڵەیەک پەیوەندیەكی بەهێزی بەلێكدانەوەی دیالۆگەكانەوە هەیە واتا ڕوونكردنەوەی مانای تەواوی دیالۆگەكان جۆر و چۆنیەتی جووڵەكردن دەستنیشان دەكات.

- **بەهای ڕستەكان**

دەتوانین سەرجەمی دیالۆگەكان دابەش بكەین بە چەند ڕستەیەكی بەهێز و لاواز بەپێی جۆرو مانای ڕستەی ئەو دیالۆگانە، هەرچەندە ڕستە و دێڕی لاواز بەهەمان شێوە پێویست دەكات و گرنگە جەختی تایبەتی خۆی لەسەر بكرێت. كەواتە دەبێت هەست بە بوون و جۆری ڕستەكان بكرێت بۆئەوەی جووڵەی پێویستی بۆ دابنرێت. دەتوانین جۆرەكانی ڕستە و گونجاندنی جۆری جووڵە وەكو ئەمانەی لای خوارەوە بۆ دەستنیشان بكەین:

هەمیشە ڕستەی ڕاست و بەهێز لە دیالۆگەكاندا پێویستە جوڵەی بەهێزی بۆ بەكاربهێنرێت ئەو ڕستانەش وەكو فەرمان، ئاڵنگاری، گەشبینی، هەڕەشەكردن.

ڕستەی نێگەتیڤ و لاواز لەدیالۆگەكاندا پێویستە جووڵەی لاوازی لەگەڵدا بەكاربهێنرێت وەكو ڕستەی گومان، دۆڕان، ترس، نەمانی هیوا و ئاوات.

- **سەرچاوە سەرەكییەكانی جوڵە:-**

  - جوڵەی پەرچەكردار بەشێوەی كاریگەر.
  - جوڵەی گوزارشت لە چیرۆكی گشتی شانۆییەكە.
  - جوڵەی وێنەی كەسایەتییەكان.
  - جوڵە كە پەیوەندی بە پێكهاتەكانی نمایشەوە هەبێت وەک دیكۆر و جلوبەرگ.
  - جوڵە كە گوزارشت بكات لە كات و شوێن و كەشی گشتی شانۆییەكە.
  - جوڵە بەمەبەستی جوانكاری.

- جوڵە و دیالۆگ.

## 7.5.1.2 ڕیتم

دروستکردنی ڕیتم لەناو شانۆدا پەیوەندی بە کۆی گشتی شانۆکەوە هەیە، بۆیە هەرشانۆییەک تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ دروستکردن و دۆزینەوەی ڕیتم، هەڵبەتە ریتم بەڕۆحی نمایش ناودەبرێت، هەرکاتێک کێشە لە ڕیتمدا هەبێت هەست بە کەمووکوڕی گەورەی نمایشەکە دەکرێت. جوڵەی ئەکتەر و پێکهاتەی وێنەکان دەگۆڕێت بۆ ڕیتمی بینین، چونکە هەموو جوڵەیەک و دیمەنێک لەژێر کاریگەری ڕیتمی بینینە لەناو نمایشدا هەروەک لە وێنەی (12.2) دەبینرێت. (بۆیە بینین ریتمێکی تایبەتی خۆی هەیە و فۆرمە گۆڕاوەکان ڕیتمی جیاواز دروست دەکەن، ئەمەش لەڕێگەی جێبەجێکردنی بینینی وێنەییەوە، ڕێگەیەکی ئیستاتیکی دروست دەکات و ریتمی نمایشە شانۆییەکە دروست دەبێت) (عبدالرحيم:2011: 299).



**وینەی (12.2) شانۆیی (ساڵی ئاشووب)**

بۆیە لەکاتی بینینی نمایشێکی ڕیتمیدا لەسەر شانۆ، هەموو دەزانین بە یەکبوونی ئەو مرۆڤە لەگەڵ ڕیتم و هەموو دەورو پشتیدا ئەو هەموو حاڵەتە دەربڕینیەی کە دەیکات هەر زۆر بە ئاسانی دەبینرێن لەکاتێکدا زۆر ئاڵۆزە بەڵام ئێمە بەردەوامین لە بینین دا، ئەمەیان دەبێتە نموونەیەکی ناسک و جوان و دڵگیر بۆ وەرگر، بەم شێوەیە ڕیتمەکانی ئێمەش گوزارشت دەکات و بەردەوام دەبێت چ وەک هەست یان جووڵەی عەقڵی کە دەبێتە جێی سەرسووڕمان و خورپە کە ئەمەش حەقیقەتی ڕاستەقینەی ڕیتم و ئەزموونەکەیەتی.

**دەست نیشانکردنی ڕیتمی شانۆ**

هەموو شانۆییەک ڕیتمێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە پەیوەستە بەجۆری نمایشەکەوە، کەئەمانەی لای خوارەوە شێوازی ڕیتم دیاری دەکەن:


**جۆری نمایش**:- یەکیک لەگرنگترین بەشی دەست نیشانکردنی ڕیتمەکە جۆری نمایشەکەیە، ئایا چ نمایشێکە (تراژیدیە ، کۆمیدییە ، میلودرامییە) ئایا چی جۆرێکی تراژیدیە یان کۆمیدیە، چونکە ئەمانە دەبنە دەستنیشانکردنی شێوازی ڕیتمەکە.

**ماهیەتیی شوێن**:- شوێن و جێگەی نمایش کردن دەست نیشانی ڕیتمی شانۆی دەکات.

**دیالۆگ**:- دیالۆگ و گفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکان لەناو دیمەنەکاندا دەبێتە دەست نیشانکردنی ڕیتمی شانۆییەکە.

**کەسایەتییەکان**:- هەر کەسایەتییەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندیانەش وادەکات کەهەر کارەئەکتەرێک ڕیتمێکی تایبەت بەخۆی هەبیت.

(ئەکتەر دەستنیشانی شێوازی ڕیتمی شانۆییەکە دەکات لەسەر دەرونی بینەران، ڕیتمی وێنەی گۆڕان بەسەر بارودۆخی بینەردا دێنێت، کاتێک ڕیتم خێرابێت بینەران لە ناوەوە خێرا دەبن، ریتمی هێواش و غەمناکیش بینەران ئارام و غەمناک دەکەن) (مجدي:2000 :85).




**وێنەی (13.2)**

**ڕیتم**

سەرجەم ئەو بابەتانەی توێژەر خستویّتە ڕوو وەک سەرچاوەی سەرەکی فێربوونی دەرهینانی شانۆیی سەیر دەکرێت، ناکرێت کەسێک کاری دەرهینان بکات و بەبێ ئاشنابوون و شارەزایی هەریەک لەو بابەتانەی باسکراوە. کاتێک خویندکارێک دەچێتە بەشی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا دەبێت بەشێوەیەکی تیوری و پراکتیکی سەرجەم ئەم بابەتانە بخوێنیت، پێویستی باسکردنی ئەمانەش لەم توێژینەوەیەدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا سەرچاوە سەرەکیەکانی دەرهێنانی شانۆی لەبەردەست خوێندکاران و مامۆستایاندا وەک سەرچاوە لەبەردەستدا نییە.

## 6.1.2 دەروازەیەکی مێژووی دەربارەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.

## 1.6.1.2 دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و سەرەتای دروست بوونی لقی دەرهێنان.

پاش گەڕان و بەدوادەچونێکی زۆری توێژەر بۆ دەستکەوتنی سەرچاوەو توێژینەوە لەسەر پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە کوردستاندا، بەداخەوە لەپێشووتردا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و بەشەکانی نەکراوە، بەتایبەت بەشی شانۆ و لقی دەرهێنان. بۆیە توێژەر بۆ ئەم بەشە زیاتر پشتی بە سەرچاوەی چاوپێکەوتن بەستووە.

پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دامەزراوەیەکی پەروەردەی هونەرییە، سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەتییدا خوێندکار لەدوای قۆناغی نۆی بنەرەتیەوە وەردەگرێت و فێری هونەرەکانی (شانۆ و شێوەکاری و میوزیک) دەکرێت، خوێندن لە لەناو پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا ماوەی پێنج ساڵە، ساڵی یەکەم و دووەمی خوێندن، بەشێوەیەکی گشتی هونەر لەبەشەکاندا دەخوێندرێت، پاشان لەدوای قۆناغی دووەمەوە کاتێک خوێندکار دەردەچێت بۆ قۆناغی سێهەم پسپۆڕیەکان لەزۆربەی بەشەکان جیادەکریتەوە.

هەر لەسەرەتاوە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری هونەر و پەروەردە بیریان لەوە کردەوە کەدەبێت، کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشێوازێک بێت کە ڕێک بخرێت لەگەڵ شێواز و پرۆگرامی وەزارەتی پەروەردەدا،(ئەمەش لەژێر رۆشنایی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سوریا و بەغداد دا بووە) (جۆلا: چاوپێکەوتن:14-2-2022 ).چونکە ئەوکات (ئامادەی بازرگانی و ئامادەی پیشەسازی و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان) و چەند پەیمانگەیەکی تر بوونیان هەبووە و دەبووایە بەشێوەیەک بێت لەگەڵ ئەو شیوازی ئامادەی و پەیمانگەیانەدا یەکبگرنەوە، ئامادەییە پیشەییەکان لەدوای پۆلی نۆوە سێ ساڵیان دەخوێند، پەیمانگەکانیش لەدوای پۆلی دوازدەهەمەوە دوو ساڵیان دەخوێند. بۆیە

مامۆستایان و شارەزایانی هونەر و پەروەردە بیریان لەوە کردوە بۆئەوەی خوێندکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکان هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بێت و کاتێکی زۆری هەبێت بۆ فێربوون، بۆیە بڕیاریاندا (لەدوای پۆلی نۆی بنەرەتیەوە خوێندکار لەپەیمانگە وەربگیرێت و ماوەی پێنج ساڵ وانەی هونەری و هاوکات وانەی زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بخوێنێت) (یەکەکانی میتۆد: 2000-2001).

هەرچەندە سەرەتاکانی دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد بۆ پەروەردەکردن وفێرکردنی مامۆستایانی هونەر بووە، بۆئەوەی کە کاتێک لەم پەیمانگەیە دەردەچن بتوانن لەناو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکاندا وانەی هونەر بە خوێندکاران بڵێنەوە. تەنانەت خوێندکارانیان جیاکردبۆوە بۆ دوو بەش:

**آ- بەشی ئامادەکردنی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی**

**ب- بەشی ئامادەکردنی مامۆستایانی ناوەندی و ئامادەیی**

هەروەها هەر لەسەرەتای کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد بەیانیان و ئێوارانی هەبووە، بەشی بەیانیانی تایبەت بووە بە پەروەردەکردنی هونەری و ئامادەکردنی مامۆستای هونەر و سێ ساڵ بووە، بەشی ئێواران تایبەت بووە بە ئارەزومەندانی هونەر و ئەوانەی دەیانویست ببن بەهونەرمەند و ماوەی خوێندنن تییدا پێنج ساڵ بووە. دواتر هەموو پرۆگرامیان یەک خستوە. (لە سستەمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی عێراقدا بە ژمارە(34)ی ساڵی (1957) دا هاتوە کە،ئامانج لە خوێندن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەیانیان و ئێواراندا بەرزکردنەوەی ئاستی هونەر لە وولاتدا و، ئامادەکردنی مامۆستای هونەر لە سەرەتایی و ناوەندیی وئامادەیی) (المحمدی:2022) .

بۆیەکەم جار کە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە عێراقدا دادەمەزرێت لە شاری بەغداد لەساڵانی سیەکاندا بووە، سەرەتای  کردنەوەی ئەم پەیمانگەیەش بەناوی پەیمانگەی میوزیکی عێراقی لەساڵی 1936 دا لەلایەن میوزسیانی گەورەی عێراقی مامۆستا (محي

الدين حيدر)ە وە دەکرێتەوە، پاشان لەساڵی 1940 پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دادەمەزرێت و هەرسێ بەشی (شانۆ و شێوەکاری و میوزیکی ) ی تێدادا دەخوێنرێت.

( رابەرانی کردنەوەی ئەم پەیمانگەیە کۆمەڵێک هونەرمەندی مامۆستای سەر بەوەزارەتی پەروەردەوە بووە کە لەدەرەوەی عێراق خوێندنی زانکۆییان تەواو کردوە، کەئەوانیش:

1- (محي الدين حيدر) راگری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان

2- (حقي الشبلي) سەرۆکی بەشی نواندن

3- (فائق حسن) سەرۆکی بەشی وێنەکێشان

4- (جواد سليم) سەرۆکی بەشی پەیکەرسازی

5- (محي الدين حيدر) سەرۆکی بەشی میوزیک ) (الامیر:2013).

سەرەتای دامەزراندنی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەبەغداد بەشی دەرهێنانی نەبوو، خوێندکار بەشێوەیەکی گشتی وانەی نواندنی دەخوێندن و پاشان لەساڵانی دواتردا لقی دەرهێنانی بۆ زیادکرا.

پەیمانگەی هونەرەجوانەکان هەڵدەستێت بەبڵاو کردنەوەی رۆشنبیری هونەری و پێگەیاندن و فێرکردنی کادری پسپۆڕی هونەری بۆ کارکردن لەچوارچێوەی هونەردا، کەئەوانیش لەبوواری هونەری شانۆ یان هونەری شێوەکاری یان میوزیک و یاخود هەربابەتێکی تری جیاوازی هونەری کە لەچوارچێوەی خوێندنی هونەردابێت(نظام معهد الفنون الجميلة :1969).

دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەکوردستاندا لە (3-10-1980) لەشاری سلێمانی لەگەرەکی هەوارەبەرزە کراوەتەوە، (سەرەتای دامەزراندنەکەی لیژنەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی بەسەرۆکایەتی مامۆستا (شێخ رەئوف محەمەد عومەر) بانگهێشتی دەرچووە کوردەکانی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغدادیان کردوە بۆ

کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و دەستەیەکی بەڕێوەبەریان دروست کرد کەئەوانیش پێکهاتبوون لە:

1- مامۆستا عەلی جۆلا بەڕێوەبەری پەیمانگە

2- مامۆستا حەمە جەزا محەمەد عەلی سەرۆکی بەشی شێوەکاری

3- بەدیعە عەبدولا حەسەن (بەدیعە دارتاش) سەرۆکی بەشی شانۆ)

(دارتاش:2020 : 94 ).

یەکەمین پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەکوردستاندا لەشاری سلیمانی دامەزراوە، نزیکەی دوای دوانزە ساڵ لەساڵی خوێندنی 1992-1993 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێر لەشاری هەولێر دادەمەزرێت.( ئازاد جەلال: پەیوەندی تەلەفونی: 2-2-2022) سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەشاری سلێمانی، لەبەشی (شانۆ و شێوەکاری) پێکهاتبوو، بۆ سودوەرگرتن لە پرۆگرامەکانی خوێندن هەمان پرۆگرامی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد و موسڵیان جیبەجێ کردوە.

مامۆستا عەلی جۆلا دەڵی :( پاش رازیبوونمان بەکردنەوەی پەیمانگە بڕیارماندا کەدەبیت وانەکان بەزمانی کوردی بێت بۆیە سەردانی وەزارەتی پەروەردەم کرد لەبەغداد لەوێ بەڕێوەبەرایەتییەک هەبوو سەرپەرشتی پەیمانگەکانی دەکرد، مامۆستا حەقی شبلی سەرپەرشتیاری پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان بوو لەوێ باسی پرۆگرام و شێوازی وانەوتنەوەمان کرد کەلەسەر پرۆگرامی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدادبێت بەپشت بەستن بەتوانا و لێهاتویی مامۆستاکان و گواستنەوەی ئەزمونی خوێندنی زانکۆییمان بۆناو پەیمانگە).

( جۆلا: چاوپێکەوتن:14-2-2022)

لەگەڵ کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد دا بەردەوام خوێندکارانی کورد چونەتە پەیمانگە و لەوێ وانەی هونەریان خوێندوە، تا دامەزراندنی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغداد ئیتر خوێندکارانی کورد چونەتە کۆلیژی هونەرەجوانەکان و

بوونەتە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبواری هونەردا، لەماوەی ئەو چەند ساڵەی پێش ساڵی 1980 دا چەندین دەرچوی کۆلیژی هونەرەجوانەکان لەبواری شێوەکاری و شانۆ لەکوردستاندا بوونی هەبووە، ئەمەش بۆتە کار ئاسانی بۆ ئەوەی لەکوردستاندا کیشەی میلاکی مامۆستایان کەمبێت.

مامۆستا عەلی جۆلا دەڵێ: ( کەچومە بەڕێوەبەرایەتی لەبەغداد پێمگوتن کەئێمە پەیمانگە دەکەینەوە و مەترسی مامۆستامان کەمە، ئێستا ئەوەنە دەرچوی کۆلیژی هونەرمان هەیە لەکوردستان کەبتوانین پەیمانگەکە بەرێوەبەرین، ئەوانیش زۆریان پیخۆش بوو، بۆیە پێمگوتن پرۆگرامی پەیمانگەکانیشم بەچاپ کراوی بدەنێ. بەهۆی برادەرێکمەوە پرۆگرامی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سوریاشم پەیداکرد و خستمە ناو سیستەمی وانەکانەوە، بەڵام ئێمە دەستکاری پرۆگرامەمان کرد و بەوشێوەیە بەکارمان هێنا کەبگونجێت لەگەڵ ئێمەدا). ).( جۆلا: چاوپێکەوتن: 14-2-2022)

لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا مامۆستایانی دامەزرێنەر بیریان لەوە کردۆتەوە دەستکاری پرۆگرام بکەن و بەجۆرێک بێت کەلەگەڵ  بارودۆخی کوردستاندا بگونجێت، کەواتە ئەوەی دەردەکەوێت هەنگاوی یەکەمی مامۆستایان کارکردن بووە لەسەر پرۆگرامی خوێندنی هونەری و هاوکات دەستکاری کردنی ئەو پەیڕەو پرۆگرامە دانراوانەی کەبوونی هەبووە.

مامۆستا بەدیعە دارتاش دەڵێ :( دووجار چوم بۆ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵ زۆر زانیاریم لێوەرگرتن، جارێکیش چوم بۆ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد و سودم لەوانیش زۆر وەرگرت، هەرکێشەیەک لەبەشەکاندا بەربەست بووایە رۆژانە دەمکردە پرسیار و سەفەرێکم بۆ دەکرد. ئیتر لەماوەیەکی کەمدا هەموو میتۆدی وانەکان و فەرمانی بەڕێوەبردن و شێوازی وانەوتنەوە بەتیوری و پراکتیکی و چۆنیەتی بەشداربوونی خوێندکار لەبەرهەمە گشتیەکاندا و لەبەرهەمی دوا قۆناغی پەیمانگە بەنوسراوی فەرمی هێنامەوە و لەزۆر کێشە خۆمان رزگار کرد) (دارتاش:2020 :94) .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مامۆستایان بۆ وتنەوەی وانەکان زیاتر پشتیان بەو زانیاریانە بەستوە کە لەکۆلیژی هونەرەجوانەکان فێری بوون، بەشێکیشیان توانای هونەریان هەبووە و خۆیان خاوەنی ڕێچکەی کارکردنی خۆیان بوون، لەژێر تیشکی ئەو ئەزمونانەیان خوێندکارانیان فێرکردوە.

مامۆستا ئەحمەد سالار دەڵێ ( سەرچاوەی سەرەکی من بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان کتێبی (اسس الاخراج) ی (الکسندر دین) بووە، چونکە لە کۆلیژ ئەوە دەخوێنرا و تازەترین کتێب بووە لەسەر دەرهێنانی شانۆی و هەموو ڕەگەزەکانی تێدابووە و دەتوانرا خوێندکاری لەسەر پەروەردە بکرێت) (ئەحمەد سالار: چاوپێکەوتن:1-3-2022)

هەر لە سەرەتای کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان یەکێک لەکێشەکانیان نەبوونی شوێن بووە- کە دواتر کاریگەرییەکانی لەسەرپراکتیزەکردنی میتۆدەکانی خوێندن شی دەکەینەوە،ساڵی یەکەم و دووەم، پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەناو ئەو بینایانەدا وانەیان خوێندوە کە بۆ قوتابخانە سەرەتای و دواناوەندیەکان دروستکراوە دواتر و پاش سێ ساڵ پەیمانگە بووە خاوەنی جێگەی خۆی لەگەرەکی رزگاری شاری سلێمانی ئەو جێگایەی کەئێستا پەیمانگەی تێدایە.

مامۆستا بەدیعە دارتاش یەکێک لەدامەزرێنەرانی پەیمانگە دەڵێت: ( زۆر بەداخەوە ئەو بینایە بۆ ئامادەی کرابوو هیچ مەرجێکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی تێدا نەبوو، هەرچەندە ناوشار پڕبوو لەزەوی زۆر باش و چەند جارێک پێیان ئەوتین خۆتان زەویەک دەست نیشان بکەن، ئێمە ئامادەین هاوکاریتان بکەین. بەڵام کەمتەرخەمی بەڕێوەبەری پەیمانگە زۆر زەرەری لێداین و ئامادەنەبوون خۆیان ماندوبکەن و شوێن ئەو داخوازییە بکەون) (دارتاش:2022 : 98 -99 ).

ماوەی چل و دوو ساڵە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لەهەمان شوێن و هەمان بینادایە، هەرچەندە ناوبەناو نۆژەن کراوەتەوە بەڵام تائێستاش نەتوانراوە وەک شوێنێکی

باشی هونەری ئامادە بکرێت، تائێستاش کێشە و کەموکوڕی هۆڵ و شوێنی راهێنانی هونەری لەناو پەیمانگەدا بوونی هەیە.

مامۆستا عەلی جۆلا دەڵێ:( ئێمە هەر لەسەرەتاوە کێشەی شوێن و مەوادی کارکردنی هونەریمان هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستاکان حەماسێکی زۆریان هەبوو بۆ پەیمانگەکەیان نەیان دەهێشت پێوەیان دیاربێت، چونکە ئەوکات لەبازاڕدا پێداویستیە هونەریەکان وەک پێویست نەبووە بۆیە داوام کرد کە دەبێت پێداویستیە هونەریەکانمان بۆ دابین بکەن. ئەوەبوو بڕی (50000) پەنجا هەزار دیناری سویسریان پێداوم و چوم لە بەریتانیا پێداویستیەکانی بەشەکانی پەیمانگەم کڕی) .(عەلی جۆلا: چاوپێکەوتن:14-2-2022).

## 2.6.1.2 کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان روداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی شاری سلێمانیدا

لەساڵی 1980 کە یەکەمین پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەکوردستاندا دەکرێتەوە وەک ئێستا دونیای تەکنەلۆژیا لە پێشکەتندا نەبووە تا لەڕێگەی ریکلامی تیڤی و سۆشیال میدیاوە بانگەشە بۆ کردنەوەی پەیمانگەیەکی هونەری بکرێت، بەڵام هەرزوو بەناو خوێندکاران و خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆوە کە لەشاری سلێمانی پەیمانگەیەکی هونەری بۆ خوێندکارانی دەرچوی سێی ناوەندی واتا نۆی بنەرەتی ئێستا دەکرێتەوە.

شەماڵ فەهمی یەکێک لەو خوێندکارانەی یەکەم ساڵی خوێندنی پەیمانگە لەبەشی شانۆ وەرگیراوە سەبارەت بەکردنەوەی پەیمانگە دەڵێ : ( لەرێگەی خوێندنگەکەمان و بەشێوەی دەماو دەم لەناو خەڵک و خوێندنگەکاندا بڵاو بۆوە کە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەسلیمانی کراوەتەوە کێ حەزدەکات بابچێت ناوی خۆی بنوسێت، هەرلەوێ ئاگاداریان کردینەوە کەدەبیت دیمەنێکی شانۆی ئامادە بکەین، دیمەنەکانیشمان ئەو دیمەنانەبووە کە

لاسایکردنەوەی دیمەنە نواندنە تەلەفزیۆنیەکان بوون). (شەماڵ فەهمی: چاوپێکەوتن:10-2-2022).

(یەکێک لەبنەماکانی وەرگرتنی خوێندکار (چاوپێکەوتنە) واتا دەبێت ئەو خوێندکارانەی دەیانەوێت لە پەیمانگە وەربگیرێن لەرێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕ لەمامۆستایانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت) (المحمدي:2022). هەڵبەتە تائێستاش لە وەرگرتنی خوێندکاراندا هەمان سستەم پەیڕەوی دەکریت.

**ئەو چالاکیانەی کەدەبێت خوێندکار ئامادەی بکات بۆ کاتی چاوپێکەوتنی ئەمانەن:**

آ- ئامادەکردنی دیمەنێکی شانۆی، بەشێوەی جوڵە و دیالۆژ خوێندکارەکە پێشکەشی بکات.

ب- ئامادەکردنی دیمەنێکی بێدەنگ، بۆ ئەوەی گوزارشتە جەستەی و ڕوخساریەکانی خوێندکار دەربکەوێت.

پ- بوونی زانیاری گشتی خوێندکار لەسەر شانۆ.

ت- گوتنی گۆرانیەک، بۆئەوەی توانای دەنگی و میوزیکی خوێندکار بزانرێت.

ج- وتنی شیعری یەکێک لەشاعیرە بەناوبانگەکان.

چ- خۆئامادەکردنی خوێندکار لەبەردەم مامۆستایاندا بۆئەوەی داوای نواندنێکیان لێکرد بتوانێت جێبەجێی بکات.

ح- سەلیقە و وردبینی خوێندکار لەکاتی  ئامادەبوونی چاوپێکەتنەکەیدا بۆ تەرکیز کردن (جەختکردن)، چونکە مامۆستایان هەندێک پرسیار لەخوێندکار دەکەن پەیوەندی بە تەرکیزەوە هەیە.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەوە جەخت کراوەتە سەر ئەم خاڵانەی کە باسکراون و خوێندکاران بەبێ جیاوازی رەگەزی دەبێت ئەم چالاکیە هونەریانە ئەنجام بدەن. هەربەزوی ناوبانگی کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بە کوردستاندا بڵاو بۆوە، بۆیە خوێندکارانی شارەکانی تری کوردستان وەک هەولێر و دهۆک و کەرکوک ڕویانکردە ئەم پەیمانگەیە بۆ خوێندنی وانەی هونەر.

### 3.6.1.2 بابەتی وانەی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا:

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا لەشاری سلێمانی و پاشان دامەزراندنی ئەم پەیمانگەیە لەشارەکانی تری کوردستاندا سیستەمی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدادیان پەیڕەو کردوە لە خوێندنی بابەتی دەرهێناندا.

ساڵی یەکەم و دووەمی بەشی شانۆ لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا ،خوێندکاران وانەکانیان هاوبەشە و پسپۆری جیاناکرێتەوە، سەرجەم ئەو وانانەی دەخوێنرێت دەبیتە رێگە خۆشکردن بۆ بەهێزی ئاست و توانای خوێندکار لەبوواری شانۆدا، (لەساڵی دووەمی خوێندنی پەیمانگەدا وانەیەک هەیە بەناوی ( بنەماکانی دەرهینان) ئەم وانەیە لەهەفتەیەکدا چوار بەشە وانەی بۆ دیاری کراوە) (دابەشکردنی بەشە وانەکانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان). خوێندکاری پەیمانگە لە قۆناغی دووەمدا ئاشنا دەکرێت بەسەرەتاکانی دەرهێنان و پێناسە و کاری دەرهێنەر و دەرهێنان.

**ئەو بابەتانەی لە بنەماکانی دەرهێناندا دەخوێنرێت:**

آ- پێناسەی دەرهێنەر و دەرهێنان.

ب- مێژوی دەرهێنانی شانۆی.

پ- کاری دەرهێنانی شانۆی.

ت- پەیوەندی دەرهێنەر بەدەقی شانۆوە.

ج- پەیوەندی دەرهێنەر بە ئەکتەرەوە.

چ- پەیوەندی دەرهێنەر بەشوێنی نمایشەوە.

ح- پەیوەندی دەرهێنەر بە پێداویستیەکانی نمایشەوە.

خ- دۆک سایکس میگن یەکەم دەرهێنەری شانۆی.

د- ئەندرێ ئەنتوان یەکەمین دەرهێنەر کەخاوەنی ستایلی تایبەتی شانۆ بووە.

لەگەڵ خوێندنی ئەم بابەتانەدا پێویستە مامۆستا چەند دەقێکی جیهانی بدات بە خوێندکاران بۆ خوێندنەوە، پاشان راپۆرتی لەسەر بکەن تاوەکو شیکردنەوە و کەشفکردنی مانا شاراوەکانی پشتی دەق دەست نیشان بکەن.

دوای ئەوەی خوێندکار لەبنەما سەرەکیەکانی دەرهێنان تێگەیشت هەم مامۆستا و هەم خوێندکار خۆشی دەزانێت ئاست و توانای چۆنە بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت کە لەساڵی سێهەمدا بچێتە لقی دەرهینان. چونکە لەساڵی سێهەمدا لەبەشی شانۆدا لقی دەرهێنان و لقی نواندن جیادەکرێتەوە و خوێندکار لقێکیان هەڵدەبژێریت، گرنگە بۆ مامۆستا بریار لەو خوێندکارانە بدات بۆ چونە لقی دەرهێنان کە ئارەزومەندن بۆ کاری دەرهێنان و ئاستی بیرکردنەوە و خەیاڵیان فراوانە. هەرلەسەرەتای دامەزراندنی لقی دەرهینانندا،(بەشێوەیەکی گشتی خوێندکاران فێری کاری دەرهێنانی شانۆی دەکران، زیاتریش شانۆی ئەوروپی و جیهانیان پێشکەش دەکرد بە شێوەی پراکتیکی وانەکانیان دەخوێند)( الجادری:2016).

## 4.6.1.2 چۆنیەتی دابەشکردنی بەشە وانەکانی دەرهێنان لەناو پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا

لەیەکەم ساڵی خوێندنی لقی دەرهێنان، خوێندکار بەشێوەی چاوپێکەوتن یان حەزی خوێندکارەکە مامۆستای وانەی دەرهێنان و نواندن بڕیار دەدەن کەچی خوێندکارێک گونجاوە بۆ لقی دەرهێنان. کۆرس بووکی وانەی دەرهێنانی قۆناغی سێهەم دابەش کراوە بەسەر دوو بەشدا:

آ- پێدا چونەوە بەگرنگ ترین بنەما دراماتیکیەکانی دەق.

ب- خوێندنی رەگەزە سەرەکیەکانی دەرهێنان بەوردی ئەوانیش : (پێکهاتن ، وێناندن ، جووڵە ، ئیقاع و تیمپۆ ، پانتۆمایم) (یەکەکانی میتۆد ، 2000-2001).

بەشی یەکەم بەشێوەیەکی خێرا دەخوێندرێت، زۆر جار مامۆستاکە لەماوەی (3-4) هەفتەی یەکەمی وانەکانیدا ئەم بەشە تەواو دەکات ، لەکاتێکدا پێویستە بەردەوام لەماوەی

خوێندنی ڕەگەزە سەرەکیەکانی دەرهێناندا وانەی (پەیوەندیەکانی دەق و دەرهێنان ) بخوێنرێت کە بەشێکە لەپێکهاتەی درامی ، چونکە بۆ کاری پراکتیکی لەسەر دیمەنەکان خوێندکار پیویستی بەشارەزای زیاتر هەیە لەسەر دەق و چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ دەقدا.

بۆ بەشی دووەم ، بەشێوەیەکی تیوری و پراکتیکی دەخوێنرێت و بنەمای سەرەکی کاری دەرهێنەرە، چونکە بەبێ شارەزابوونی ئەو پێنج ڕەگەزە سەرەکیە ناتوانریت کاری دەرهێنان ئەنجام بدرێت. توێژەر لەبەشی بنەما سەرەکیەکانی دەرهینایی شانۆیدا بەوردی باسی ئەم بەشانەی کردوە.

- **قۆناغی چوارەمی دەرهێنان**

لە یەکەکانی میتۆددا کە لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا دانراوە بەم شێوەیە وانەکان دابەشکراوە:

آ- پێداچونەوەی خێرا بە ڕەگەزەکانی دەرهێناندا.

ب- خوێندنی ئەم دەرهێنەرانەی لای خوارەوە.

(سایکس مانگن – ئەندرێ ئانتوان – ئەدۆلف ئاپیا – فاگنەر – گۆردن گریک – ستانسلافسکی – ئاروین بسکاتۆر – مایرهۆلد – برتۆلد برێخت) (یەکەکانی میتۆد ، 2000-2001).

خوێندنی دەرهینانی شانۆی لەقۆناغی چوارەمدا بەپێی یەکەکانی میتۆد هەم ئاڵۆزی تێدایە هەم خوێندکار ناتوانێت بەباشی فێری شێوازی دەرهێنان ببێت لای ئەو دەرهێنەرانەی سەرەوە، چونکە زۆربەیان قوتابخانەی شانۆین و شێوازی تایبەتی کارکردنی خۆیانیان هەیە. بۆیە دەبێت ئەم بەشانە کەمبکرێنەوە بۆچەند دەرهێنەرێک کە کاریگەری گەورەیان بەسەر ڕەوتی شانۆوە هەبووە وەک ( مایرهۆڵد – برتۆڵد برێخت). چونکە کێشە لەمامۆستای پسپۆڕی و کێشەی کاتیش هەیە بۆ خوێندن و فێربوونی ئەو هەموو ستایل و قوتابخانە جیاوازانەی شانۆ لای ئەو دەرهێنەرە جیهانیانە.

- **قۆناغی پێنجەمی دەرهێنان**

دواهەمین قۆناغی خوێندنە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، مامۆستا (فەرهاد عەبدوڵا) مامۆستای دەرهێنان لەبەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەڵێ:( خوێندکار لەقۆناغی پێنجەمدا دوو کاریان لەسەر شانە ئەوانیش خوێندنی دەرهێنەرە هاوچەرخەکانی وەک (ئەنتوانین ئارتۆ، گرۆتۆفسکی، پیتەربروک ) لەلایەک و خۆئامادەکردنی خوێندکار بۆ کارنامەی دەرچون لەلایەکی تر) (فەرهاد عەبدوڵا: چاوپێکەوتن: 5-3-2022 ).

خوێندنی هەریەک لەو شانۆکارە هاوچەرخ و نوێخوازانە لەسیستەمی خوێندندا هەنگاوێکی زۆر باشە کەتوانراوە جێگەی بکرێتەوە، چونکە هەرەیەک لەو دەرهێنەرانە خاوەن ستایل و قوتابخانەی تایبەت بەخۆیانن و خوێندکاران دەتوانن بۆکارنامەی دەرچونیان سوود لە شێوازی کارکردنیان ببینن، هەروەها دەتوانن بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکانیان لەسەر یەکێک لە شێوازانە پراکتییکی بکەن کەدەیخوێنن.

مامۆستا (ئەحمەد سالار) دەڵی ( بۆ دانانی میتۆدی خوێندن، ئێمە زیاتر سودمان لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغداد بینیوە، وەک لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد) (ئەحمەد سالار: چاوپێکەوتن:1-3-2022). بەپێی ئەم بۆچونەی مامۆستا ئەحمەد سالاربێت هەر لەسەرەتاوە بۆدانانی یەکەکانی میتۆد، پشت بەستراوە بە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغداد. هەڵبەتە دواتریش بەهەمان شێوە ئەو مامۆستایانەی لە کۆلیژی هونەرەجوانەکانی بەغداد دەرچون ئەزموونی خوێندنی ناو کۆلیژیان گواستۆتەوە بۆ پەیمانگە و کردویانە بە بنەمای وانەوتنەوەی هونەر.

توێژەر لەپاش گەڕان و لێکۆڵینەوەی لەسەر شێوازی دانانی یەکەکانی میتۆد و دابەشکردنی بەشە وانە، نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەکی نوسراوی دەست بکەوێت لەسەر سەرەتاکانی دانانی میتۆد لەپەیمانگەدا. تەنیا نامیلکەیەکی نوسراو و دانپێدانراو لەسەر یەکەکانی میتۆد لەبەردەستدا بێت ئەو نامیلکەیەیە کە لەساڵی خوێندنی (2000-2001) لەلایەن مامۆستایانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیەوە دانراوە و

ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و نەخشەکێشان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بەژمارە (5828) ی (11-11-1999). بەپێی ئەو نوسراوەبێت تەنیا گۆڕان لەهەندێک ژمارەی بەشە وانەدا کراوە نەوەک لە شێوازی گۆڕینی میتۆدی خوێندندا، کە لەگەڵ خوێندنی هونەری شانۆی وولاتە پێشکەوتوەکانی جیهاندا بگونجێت.

## 7.1.2 شانۆی هاوچەرخ

سەرهەڵدانی شانۆ پەیوەندی بەکۆمەڵێک کارلێکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و دەرونیەوە هەیە، کە ئەمەناش دەبنە حاڵەتێک کەوا لە مرۆڤ بکەن دەروازەیەک بدۆزێتەوە بۆ گوزارشت کردن لەخودی خۆی. لەگەڵ سەرهەڵدانی سەدەی بیستەمدا و بەدروست بوونی کێشە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤ بەتایبەتیش دروست بوونی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەم ،مرۆڤی ئەو سەردەمە جۆرێکی تر لە ڕوبەڕوبوونەوەی و مامەڵە کردنی لەگەڵ ژیاندا بۆ دروست بوو. بەجۆرێک تەنانەت مرۆڤ لەو سەردەمەدا هەستی بەنامۆبوون دەکرد لەناو ژیانی ڕۆژانەیدا، ئەم حاڵەتە نامۆبوونەی مرۆڤ لەژیاندا وای لە (هایدگەر ،1889- 1976) کرد پەرە بە بیرۆکەی پوچگەرایی بدات ،ئەویش لەئاکامی بەریەککەوتن و ئەو ململانێیە ئەبەدیەی کەمرۆڤ لەگەڵ بوون و نەبووندا لای دروست ببوو، کەئەمەش جۆرێک لە گۆشەگیری و نامۆبوونی لای مرۆڤ دروست کردبوو، لەژێر ڕۆشنای ئەم بۆچونەدا هایدگەر قسە لەسەر دوو جۆر جوانی لەژیاندا دەکاتئەوانیش (یەکەم شیوازی بوونی ڕاستەقینە،کەئەمە بوونێکە خود بڕیار و هەڵبژاردنی تێدا دەدات. دووەم شێوازی نقوم بوون لەئێستادا، کەئەمەیان شێوازێکی کۆمەڵایەتی باوە و بەبڕوای هایدگەر ئەمە ژیانێکی درۆزنانەیە)(برهیة:1987 :101-103).

ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان جیهانبینی شانۆکارە هاوچەرخ و مۆدێرنەکانیان گۆڕی، بەجۆریک بیر لەوە کرایەوە کەشانۆ شوێنێک نەمێنێتەوە تەنیا بۆ کات بەسەر بردنی بینەرن، بەڵکو شانۆ ببێتە شوێنیک بۆ بیرکردنەوە و تێڕامانی مرۆڤ لەژیانی، ئەمەش وایکرد

هونەرمەندان و شانۆکاران بەردەوام بەشوێن تازەگەریدا بگەڕێن بۆئەوە بتوانن گوتاری کارکردنیان بەجۆرێک بێت لەگەڵ سەردەمەکەیاندا بگونجێت.

(سەدەی بیستەم زیاتر لەهەموو سەدەکانی تر زۆرترین بزوتنەوەی هونەری تێیدا سەری هەڵداوە، ناشکرێت رەوتێک بەسەر رەوتێکی تریاندا سەر بخەین، چونکە هەموو جولانەوە هونەریەکان کاری داهێنەرانەیان کردوە) (صليحة: 2001: 5) .

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی قۆناغی هاوچەرخ بوون دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و دروست بۆ سەرهەڵدانی جەنگی دوەمی جیهانی، لەو سەردەمەدا ئاراستەی فکری هونەرمەندان گۆڕاو تێزی جیاواز جیاواز لەسەر هونەر و ئەدەب و بەدیاری کراویش شانۆ خوانە ڕوو.

لەوکاتەوە شانۆی هاوچەرخ گەشەی کرد کە شانۆکاران بیریان لەوە کردەوە کەشانۆ ببێتە چەمکێکی حەقیقی مرۆڤی سەردەمەکەی، شانۆ بەئاراستەیەکی هونەری قسە لەسەر برین و ئازارەکانی سەردەمەکەی بکات و ببێتە شوێنێک بۆ باسکردن لەژیانی مرۆڤی سەردەم. ئامانجی شانۆکارانی سەدەی بیستەم زیاتر لەناو نمایشەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، کەشانۆیان توانیویەتی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات و ڕەنگدانەوەی لەسەر بینەران هەبێت، بۆئەمەش (سوزان بینت)دەڵێ: (دەبێت لەسەروو چاوەڕوانیمانەوە نواندن کاریگەری لەسەر بینەر دروست بکات،،وەک ئەوەی بەجۆریک لێک تێگەیشتن لە جوڵەکان وا بکەوێتەوە، کە لێک تێگەیشتن لەئاستی دیمەنێکدابێت) (اوسلاندر:2002: 19-20) .

هاوچەرخێتی هەوڵی داوە دەمامکی روخساری چینایەتی کەشف بکات، هاوشانی بینەرانی خۆی لە کۆمەڵگەدا بووەستێت، بەتایبەت چینی چەوساوە و بەشخوراو، کارێکی گرنگە کەشانۆ بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ ئەم چینەدا دروست بکات، بۆیە دەرهێنەرێکی وەک بسکاتۆر (ئرفین بسکاتۆر 1893-1966 ، هەوڵیداوە بەو ئاراستەیە کاربکات لەژێر رۆشنای چەمکەکانی مارکسیەتی نوێ و تەنانەت شانۆکەی ناونرابوو شانۆی پرۆلیتاری) الكاشف:2008: 25).

هاوچەرخێتی هەستکردنە بە رۆحی ئەوسەردەمەی کەمرۆڤ تێیدا دەژی، ئەمەش کارێکی هێند ئاسان نیە هونەرمەندان راستەوخۆ کاری لەسەر بکەن، بەڵکو پیویستیان بە هۆشیاری و رۆشنبیری هەیە بۆئەوەی بتوانن لەگۆشەنیگا جیاوازەکانەوە بەشێوازێکی ناراستەوخۆ کاری لەسەر بکەن. شانۆی کوردی و شانۆکارانی کورد، لەژێر رۆشنایی شانۆی عێراقیدا لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا بەرەو ئاراستەی شانۆی هاوچەرخ رۆیشتن، بەتایبەت بەدروست بوونی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ئامادەبوونی خوێندکارانی کچ و کوڕی گەنج لەبووارەکەدا. (ئەزموونی شانۆی هاوچەرخی عێراقی، بازدانێک بووە لە فکر و ئێستاتیکادا لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانە ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسیەکاندا لە "بلاد الرافدين") (عبدالصاحب:2019: 9).

بەشێوەیەکی گشتی سەدەی بیستەم زۆرترین ئاراستە هاوچەرخەکانی شانۆی تێدا لەدایک بووە، هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بزانین دروست بوونی قۆناغی شانۆی هاوچەرخ لەهەناوی مۆدێرنەوە لەدایک بووە. کەواتە بەبێ ناسین و باسکردنی مۆدێرنە ناکریت باس لە کاریگەری و گەشەسەندنی شانۆی هاوچەرخ بکەین.

## 1.7.1.2 مۆدێرنیزم

(مۆدێرنیزم، بەمانای بەردەوام بەرەو پێش چون و لەهەمان کاتدا سەرلەنوێ خوێندنەوەی نوێ و بەجێهێشتنی کۆن دێت) (جهانبەگلو:2003: 9).

مۆدێرنیتە چەمکێکی ئاڵۆزە کەناتوانین پیناسەیەکی تەواوی بۆ بکەین، لەڕاستیدا دژواری پیناسەکردنی (مۆدێرن) یش لەوەوەدێت کەئەم وشەیە بەرامبەر دوچەمکی تر دەوەستێتەوە کەئەونیش چەمکی (کۆن) و چەمکی (نەریت) یان (تەقلید) ە. لەم روانگەیەشەوە بەردەوام بەپێی تێپەربوونی زەمەن، هەمیشە مانای راستەقینەی (مۆدێرن) دەگۆڕێت. (رۆمەکان بۆیەکەمجار لەسەدەی شەشەمی زاینیدا وشەی (مۆدێرێن) یان لەوشەی (مۆد) جیاکردەوە کەبەمانای (تازەیی) دێت. بەبۆچونی رۆمەکان (مۆدێرن بوون) بەواتەی هۆشیاری مرۆڤ بەو سەردەمەی کەتێیدا دەژی) (جهانبەگلو:2003: 9).

هەڵبەتە هەمیشە ململانێ هەبووە لەنێوان کۆنەکان و نوێ کاندا ، شەپۆلی ئەم روبەڕوبوونەوەیەی (کۆنەکان) و (مۆدێرنەکان) لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پەرە دەسێنێت و نوسەرانێک لەئاست سەردەمی کۆندا پێ لەسەر مۆدێرن بوونی خۆیاندا دادەگرن، بۆنمونە (تۆماس ئاکویناسی قەدیس) بەرامبەر کەسانێک کە دوو یان سێ نەوە لەخۆی پیرتربوون و لەزانکۆی پاریس وانەیان وتۆتەوە خۆی بە مۆدێرن دەزانی. لەسەدەکانی چواردە و پانزەدا کەهەندێک بزاوتی فکری و هونەری نوێ سەرهەڵدەدەن، بەئاشکرا خۆیان بەمۆدێرن دەناسن و بەڕاشکاوی بەرامبەر بیر و بۆچونە کۆنەکان دەوەستنەوە. ترۆپکی ناکۆکی نێوان کۆنەکان و مۆدێرنەکان لەکۆتای سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی هەژدەوە دەست پێدەکات و ئەم ناکۆکیە بەشێوەیەکی کردەی لەهەموو چاخی ڕۆشنگەری و بەردەوام دەبێت و بەکتێبی (راسین و شکسپیر) ستاندال و پێشەکی (کرۆموێل) ی (ڤیگتۆر هوگۆ) بەسەرکەوتنی مۆدێرنەکان بەسەر کۆنەکاندا کۆتای دێت. (ئەم ڕوداوە بنەمایەکی مێژووی بوو لە فکری مۆدێرنی ئەوروپیدا و سەرەتایەک بوو بۆ گەشەسەندنی ناونانی چاخی زانستی) (سبیلا:2005: 11).

لەنیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا شۆڕشی پیشەسازی لەبناغەوە روبەڕوبوونەوەی هەردوو چەمکی (کۆن) و (مۆدێرن) دەگۆڕێت و مۆدێرنیتە وەک و چەمکێکی تازە دێتە ناو دونیای هونەر و ئەدەبەوە. بەمجۆرە مۆدێرنیتە دەیەوێت ئەفەرۆز بکات کە (فرانسیس بیکۆن) پیی دەگوت بتەکانی هۆشیاری، واتا ئەو بیروباوەڕانەی کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا یادی کلتوری رۆژئاوایان پێکدەهێنا. بەشێوەیەکی گشتیی چاخی مۆدێرن شێوەیەکی نوێی لەبایەخدان بەدیاردە مرۆییەکان بەخۆیەوە دیوە، بەواتایەکی تر جیهای مۆدێرن لەڕیی ئامڕازەکانی دونیا سازی و ئەفسانەشکێنیەوە تاکە کەسیی، وەک بکەر بەرەو ئەقڵانییەتێکی گشتگیر و کاریگەرتر بردووە، ئەم بەعەقڵانیکردنەی جیهان توانی وابکات مرۆڤ پێگەی خۆی مەحکەمتر بکات.

(یەکەمجار بۆدلێر لەساڵی ١٨٦٣ دا لەوتارێکیدا بەناونیشانی (نیگارکێشی ژیانی مۆدێرن) سەبارەت بە (کۆنستانتین گییز) چەمکی مۆدێرن بەکاردێنێت، بەبڕوای (بۆدلێر) مۆدێرنیتە بەمانای تێکدانی ئەو شێوانەدێت کەبوون بەکلێشە و بوونەتە ڕێگر لەبەردەم گۆڕانی هزر و ئەدەبدا) (جهانبەگلو:2003: 13).

بەپێی روانینی ئیستاتیکیانەی بۆدلێر و ڕوانینی شاعیرانەی نوێی (ئارسۆر رامبۆ) وە کەلەم رستەیەدا پوخت دەکرێتەوە (پێویستە بەشێوەیەکی رەها مۆدێرن بین) دەگەینە ئەسڵی تەوەرەی مۆدێرنیتە کەلەم رستەیەدا دەبینرێتەوە ،مۆدێرنیتە بزاوتێکی بەردەوام بەرەو پێشەوە چووە.

مۆدێرنیتە بزاوتێکە کە ئایدیای گومان و رەخنە و قەیرانی لەناو خۆیدا هەڵگرتوە، هەر لەم لایەنەشەوەیە کە ئەم ڕوانینە تازەیەی مرۆڤی مۆدێرن  بۆ جیهان و بۆخۆی لەدایک دەبێت، روانینێک کە ئایدیای رێکخەری مۆدێرنیتەیە. (سەردەمانی مۆدێرن وێنای مێژوی گشتی دەدات بەهەموو رابردوو، دەست نیشانکردنی سەردەمانی مۆدێرن و شیکردنەوەی سەدە رابردوەکان لەگەڵ یەک دێنەوە و دەگونجێن و سەردەمانی مۆدێرن ئەزمونی نوێی پێشکەوتن و خێرای روداوەکانە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی ئەو پێوەیستیە زەمانیەی لەنێوان چەند ڕوداوێکی دور لەیەکدا هەیە لەڕوی مێژوییەوە) (هابرماس:2010: 169).

بەو ئەندازەیەی کەئەم جیهانە نوێیە جیاوزە لەجیهانی کۆن، بەکرانەوەی بەسەر داهاتودا سەرلەنوێ سەرەتای سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات کەلەهەموو چرکەساتێکی ئێستای نوێدا بەردەوام دەبێت . بۆیە هۆشیاری مێژوی بەمۆدێرنە دەستنیشانکردنیکی لەخۆ گرتوە لەنێوان سەردەمە نوێکان و سەردەمی هاوچەرخدا. هاوکات بابەتی مۆدێرنە بنەمای گفتوگۆی بیرمەندانی ئەوروپی و بەتایبەتیش ئەڵمان بووە، (هەروەک ئەوەی هۆسرل بە قەیرانی مرۆڤی ئەوروپی ناوی دەبات، بەبڕوای هۆسرل جیهان لەبیری کردووە کەدەژی،

ئەوەش هەیە هۆسرل دڵبەندی و خۆی نەشاردۆتەوە بە داهێنانە نوێیەکان، بەڵام هاوکات ڕەخنەشی لێگرتوە)(المصدق:1988: 26).

هۆشیار بوون و تێگەیشتن لەم پرسە کە مۆدێرنە ڕووبەرووی بۆتەوە بۆتە پرسی خۆامەزراندنی مۆدێرنە بە ئامڕازە تایبەتیەکانی خۆی لە ڕەخنەگرتن لەپرسی ئیستاتیکیدا. بۆیە زۆر باش لەو مانایە تێدەگەین کەلەگەڵ بوونیادنانی مۆدێرنەدا دابڕان لەگەڵ کۆندا دروست دەبیت، نوێخوازەکان دەبێت یاخی بن بەرامبەر ئەو نەریتانەی کۆنن و پێشتر کاری لەسەرکراوە.

لەراستیدا دەرککردن و ڕەخنەی ناکۆکیەکانی مۆدێرنیزم و تەنانەت تێپەراندنی ئەو ناکۆکیانە گرێدراوی خۆنەدانە دەستی وەسوەسەی مۆدێرنیزمە، هونەرمەندانی مۆدیرنیزم کە ناکۆکیەکانی مۆدێرنیزمیان تادوارادەی لۆژیکی خۆی ئەزمون کردوە، چەقی دەرکەوتنی ئاگایی و هۆشیاربوونەوەی مرۆڤی مۆدێرن و چەقی گۆڕانی بنچینەییە.( چییەتی حەقیقەتی مۆدێرنیزم لەبەرهەمی ئەم ئەزمونە نوێیانەدا واتا لەبەرهەمی هونەری مۆدێرندا لەوجێگەیەدا دەردەکەوێت کەفۆرم هیچ نییە جگە لە دایکبوونی تەواوەتی ناوەڕۆک، بۆنمونە ئەزمونی مانا نادیارەکانی (کافکا و ئیلیوت و بیکێت) وەک کۆدی ژیانی مۆدێرن سەیردەکریت)(فەرهادپوور:2006: 297-298).

داهێنان و لادانی جارداوای جار لە نەریت و شتە باوەکان دەبیت وەک تایبەتمەندی مۆدێرنیتە سەیربکریت چونکە لەسەردەمی مۆدێرندا هەمووشتیک لەناخی دژ بەخۆ لەدایک دەبیت.

ئیریش هێلێریش وەک زۆربەی ڕەخنەگرانی سەرسەختی مۆدێرنیزم، دژی پێداگری سەردەمی مۆدێرنەیە لەرامان و پێداچونەوە، بۆنمونە ئەوەی (هاملیت) ی شکسپیری کردۆتە کەسایەتی دیاری مۆدێرنیتە، بوونی پارچە پارچەی کەسایەتیەکەیەتی، واتا کەسایەتیەکی چەند لایەنە و چەند ڕەهەندی، ئەوەی زیاتر قوڵمان دەکاتەوە لەو کەسایەتیە دوژمنە ڕاستەقینەکەی ناخی خۆیەتی.( ئاماژە دانی هەردوو فەیلەسوف (هۆلدرلین) و (نیچە) بە

(ونبوونی خوداکان) گوزارشت بوو لەوەی کەمرۆڤ جگە لەجیهانی دەستکردی خۆی هیچ شوێنێکی تری نییە و بەناچاری دەبێت ئاڵۆزی و شاراوەییەکانی مێژوی مرۆڤایەتی لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا ئەزمون بکات) (فەرهادپوور:2006: 318).

وەک ئەوەی باسدەکرێت مۆدێرنە تەنیا فۆرم و مانایەکی دیاری کراوی نییە تاوەک و ئەم چەمکەی پێبناسرێتەوە، چونکە مۆدێرنە شوناسێکی یەکگرتوی نییە، مانایەک و نەخشەیەک و ناوەندێکی نەگۆڕیشی نییە بۆئەوەی بیکەینە نیشانەیەک بۆ ناسینەوەی مۆدێرنە (عەلی:2011: 23). دەتوانین بڵێین تازەگەری وەک قۆناغێک مانای خۆی لەناو خۆیەوە لەدایک دەبێت، سەردەمێکە مانا و رەفتاری تایبەتی خۆی هەیە واتا تازەگەری دەبێت لەگەڵ خۆیدا خاوەنی بەها و مانا و شێوە و رەفتاری خۆی بێت. هیگڵ یەکەم کەسە ئەم بابەتەی خستۆتە ڕوو وە گەرەنتی و بەدەست هێنانی سەردەمی خۆی لە چوار خاڵدا کۆکردۆتەوە کە ئەوانیش ( ١- تاکێتی- فەردانیەت ، ٢- مافی رەخنەگرتن ، ٣- سەبەخۆی لە کارکردندا ، ٤- فەلسەفەی ئایدیالستی)(هابرماس:1990: 106).

بۆدلێر پێیوایە تازەگەری وەک دیوی کاتی و راگوزەر و بەسەرچوی دیاردەکان یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی مۆدێرنیتە، (بەبڕوای (بۆدلێر) هونەر دوو چەمکی هەیە، چەمکێکیان کاتیە و لەناو دەچێت، کەرێگا خۆش دەکات بۆ چەمکێکی تری کاتی و تێپەڕ کەجێگای بگرێتەوە. چەمکی دووەمیش نەمرە و ناگۆڕێت. بەڵام بۆدلێر لەگەڵ چەمکی یەکەمیانە چونکە پێیوایە مۆدێرنیتە پەیوەستە بەلەناوچون و گۆڕانەوە، بەو مانایەی مۆدێرنە دەرکەوتەیەکی کاتی و جیاواز و بەسەرچوی جەوهەرێکی نەگۆڕ و نەمرە) (لوفیفر:1988: 18).

مۆدێرن بوون لەشانۆدا بەپێی هەریەکێ لە تیورست و دەرهێنەرەکان مانای جیاواز لەخۆی دەگریت، ئەویش بەهۆی ئەو ئەزمونە جیاوازانەی کە پێی گەیشتون وایکردوە دیدگایەکی جیاواز بەخۆیان پەیدابکەن و ستایلێکی جیاواز و نوێ دروست بکەن. بوونیاد نانی ئەم ستایللە مۆدێرن و جیاوازەش خۆی دەبینێتەوە لە تایبەت مەندێتی کارکردنی

دەرهێنەر لەگەڵ مامەڵە کردنی دەق و ئەکتەر و ڕوناکی و دیکۆر و دروستکردنی فەزایەکی نوێ.

### 2.7.1.2 کاریگەریەکانی مۆدێرنیزم لەسەر شانۆی هاوچەرخ

بەپێی ئەو ڕابروەی کەلە شانۆدا هەیە هەریەک لە (ستانسلافسکی ،گۆردن گریک ، ئەندرێ ئەنتوان ، مایرغۆلد ، ماکس راینهارت ، ئەدۆلف ئاپیا ، پیسکاتۆر ، ئەنتۆنین ئارتۆ ، گرۆتۆفسکی ، پرتۆلد برێشت ، پیتەر بروک ، ئۆگۆستۆبووال ) و چەندین دەرهێنەری تر شێواز و ستایللی کارکردنیان جیاوازە. ئەم دەرهێنەرانە شێوازی کارکردنیان مۆدێرن بووە و هەریەکەیان نوێگەری قۆناغی خۆی بووە، هاوکاتیش هەندێکیان دەرهێنەری هاوچەرخن و تائێستاش رەنگدانەوەی ستایل و فۆڕمی کارکردنیان بەسەر شانۆوە ماوەتەوە و دەرهێنەران پەیڕەوی ڕیبازەکانیان دەکەن.

دواین ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەم و دەستپێکی سەدەی بیستەم وەرچەرخانی گەورەبووە لە هونەری شانۆدا،بۆیە دەکریت ئەم قۆناغە بە لەدایک بوونی شانۆی هاوچەرخ ناو بەرین، چونکە زۆربەی گۆڕانکاری و قوتابخانە شانۆییەکان لەو ماوەیەدا سەریان هەڵداوە و کاریگەری قۆناغی مۆدێرنە لەسەر شانۆکارە هاوچەرخەکان بوونی هەیە

هەڵبەتە دەکریت بڵێین دوو دەرکەوتەی گرنگی تر هەبووە کەتوانیویەتی شانۆی نوێ بخوڵقێنێ ئەوانیشیری

(آ- دۆزینەوەی تواناکانی ڕوناکی لەسەر شانۆ

ب- نەمانی سنورەکان لەنێوان شانۆکاراندا و تێکشکانی بەربەستەکانی بەردەمیان. کە زۆرجار شانۆکاران سەفەری وڵاتانی تریان دەکرد و لەوێ بەهاوکاری دەرهێنەر و گروپێکی تایبەت شانۆیان پێشکەش دەکرد) (روبین:1386: 23-24)

کەواتە دەکرێت بڵێین گۆڕانکارییەکانی مۆدێرنە ڕێگە خۆشکەربوون بۆ لەدایک بوونی هونەری هاوچەرخ، بەتایبەت ململانێ ئایدیولۆژیە نوێیەکان کەدەرئەنجامی گۆڕانکاریە ڕۆشنبیریەکان بوون. (ئەلبێر کامۆ پێی وایە بوونی مرۆڤ بنەمای سەرەکی بیکردنەوە و

هەست کردن و مەعریفەیە، کەئەمەش وا لەمرۆڤی هاوچەرخ دەکات یاخی بێت لە چوارچێوە باوەکان، ئەم یاخی بوونەش جۆرێک لەپەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ داهێنانی هونەریدا لەسەر دوو بنەما:

آ-پەیوەست بوون بە تاکایەتیەوە . ب- هەڵوێست بۆ وازهێنان لەجیهان) (ثروة:1985: 37).

بۆچونە نوێیەکان لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانی مۆدێرنەوە لە ململانێیەکی بەهێزدابوون لەگەڵ تێزەکانی پێشخۆیان، بەجۆرێک هەموو فەیلەسوف و بیرمەندەکان لەسەر ئەوە کۆکبوون کەپێویستە لێکدانەوە و خوێندنەوە بۆ جیهانی نوێ بکرێت و چیتر ناکریت ئەم سەردەمە نوێیەی کە مرۆڤی تێکەوەتوە بەهەمان تێزەکانی رابردوو بخوێندرێتەوە، لەژێر ئەم ئاراستە مۆدێرنانەدا بیری هونەریش گەشەی کرد بۆ چەندین داهێنانی نوێخوازانە و هاوچەرخانە کەجیاوازبووە لە داهێنانەکانی پێش خۆیان. شانۆ لەژێر داهێنانە نوێکانی وەک روناکی و سیستەمی دەنگی و شانۆی دیجیتاڵیدا، ئاراستەیەکی هاوچەرخانەی سەردەمیانەی بۆخۆی پیادەکرد.

(تێزە نوێیەکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم هۆکاری سەرەکی بوون بۆئەوەی شانۆکاران و بەتایبەت دەرهێنەرانی شانۆ ستایلی نوێ لەناو شانۆکانیاندا بدۆزنەوە. چونکە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کەشێوازە هونەریە تەقلیدیەکان شتێکی گونجاو نییە بەکاربێتەوە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا) (صليحة:1998: 6).

## 3.7.1.2 تایبەتمەندیەکانی شانۆی هاوچەرخ

شانۆی هاوچەرخ تایبەتمەندی خۆی هەیە و توانیویەتی خۆی لەشانۆی تەقلید و باو جیابکاتەوە، ئەویش بەبوونی چەند خەسڵەتێکی تایبەتمەندی کارکردنی شانۆکاران.

- **ڕوانینی نوێی دەرهێنەر:-**

سەرەتاکانی سەدەی بیست هەنگاوی گەورەبووە لە گۆڕانی چەمکەکانی شانۆدا، بەتایبەت کارکردنی دەرهێنەرەکان بۆنمایشی شانۆی، ئەمەش ئەو دەرهێنەرانە دەگرێتەوە کە

به شانۆکاره پۆست مۆدێرنەکان ناوزەد دەکرێن. (شانۆی سەدەی بیست جەخت لە شیکاری ڕەخنەیی دەکاتەوە لە جیهانبینی دەرهێنەردا) (وایتمور:2021: 9).

کەواتە دەبێت ئەوە بزانین لەشانۆی هاوچەرخدا دەرهێنەر تەنیا ئەرکی گواستنەوەی دید و بۆچونەکانی نوسەر نییە بۆسەر شانۆ بەڵکو ئەرکی ئامادەبوونی پرۆسەیەکی عەقلانییە لەناو نمایشدا.هەروەها ئەرکی بینەر چیتر ئەوە نییە کەبێت دابنیشێت بەدیار گێرانەوەی چیرۆکێک و خۆی بخاتە ژێر سحری چیرۆکی شانۆکەوە و هەموو پێداویستیەکانی نمایش لەخزمەتی نوسەردابیت.بەڵکو چیت کاری شانۆ بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوەبەوەی، (هونەری نمایش چالاکیەکی جێبەجێکراو نییە، وەنابێت هەمان داهێنانی پێشوتر پێشکەش بکاتەوە، بەڵکو ئەو دەقەی کەهەیە دەبێت بە شێوازێکی نوێ نمایش بکرێت) (هلتون:2001: 20).

دەرهێنەری شانۆی لەشانۆی پۆست مۆدێرنیزمدا هەموو وێنە باوەکانی ناو دەقی شانۆی تیک دەشکێنیت و هەوڵدەدات شێوازێکی نوێی وێنە لە ناو نمایشەکەیدا دروست بکات، ئەمەش بەهاوکاری کۆی ستافەکەی ئەم کارانە ئەنجام دەدات. هەوڵی زۆر دەدات بۆئەوەی نمایشێکی شانۆی ئامادەبکات ، بەهەڵبژاردنی ئەکتەری بەتوانا بۆئەوەی بەباشی لە بیر و بۆچونەکانی دەرهێنەرەکە تێبگەن، دەرهێنەر سەرجەم ستافی نمایشەکەی بەئامانجی جێبەجیکردنی نمایش ئامادەدەکات و ڕێنماییان دەکات. هەڵبژاردنی دەق لە شانۆی هاوچەرخدا هەمان سیفات و تایبەتمەندیەی نیە کە لەشانۆی باودا هەیبوو بەڵکو دەرهێنەر لەهەڵبژاردنی دەقدا ئازادە و هەوڵەدا ئەو دەقانە هەڵبژێرێت کەکراوەن و توانای خوێندنەوەی نوێی تێدایە و دەتوانێت کاریگەری رۆشنبیری دروست بکات،( دەبێت شانۆ بیرۆکەی زمان تێپەڕێنێ لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی ڕەسەن).(بردبي&وليامز:1997: 34).

دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا ڕێک دەکەون بەمەبەستی بەرهەمهێنانیی پرۆژەیەکی شانۆی، کەواتە دەرهێنەر و ئەکتەر و تەواوی نمایشەکە وەک یەک تیم کاردەکەن لەبەرهەمهێنانی

شانۆکە بەدروست کردنی جیهانبینیەکی نوێ لەناو نمایشەکەدا، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە دەرهێنەر بزوێنەری پرۆسەی شانۆییەکەیە.

(دەرهینەر لەشانۆی هاوچەرخدا پلاندانەری پرۆژەی بەرهەمهێنانی شانۆیە، لەهەمان کاتدا عەقڵی بیرکەرەوە و داهێنەرانەی سەرجەم نمایشە شانۆییەکەیە)(اردش:1979: 14).

دەرهێنەر لەشانۆی هاوچەرخدا بە ڕێکخەر و هۆشیاری گشتی نمایش ناودەبرێت، لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی دەرهێنەر هەمیشە وەک سەرکردەی هونەری و بیری سەرەکی نمایش سەیر دەکرێت.

ئەم سەرکردایەتیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە :

آ- دەرهێنەر بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی دەق دەدات.

ب- دەرهێنەر بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان دەدات.

ت- دەرهێنەر دەست نیشانی شوێنی نمایش دەکات.

ج- دەرهێنەر بڕیار لەسەر شێوازی کارکردنی شانۆییەکە دەدات.

د- دەبێت لەژێر ڕێنمای دەرهێنەردا دیزاینەرانی دیکۆر و روناکی و جلوبەرگ و میوزیک و..... هتد. کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

کەواتە دەرهینەر هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ ئامادەکردنی نمایشی شانۆیەک، بەشێوەیەکی گشتی هەر لەهەڵبژاردنی دەقەوە دەرهێنەر پشت دەبەستێ بەتواناکانی خۆی، ئەویش هەر لەسەرەتاوە (دەست دەکات بە شیکاریکردنی ئاماژە و هێماکانی دەق و کارکردن لەسەر دیوە شاراوەکانی دال و مەدلول و خوێندنەوەی نوێ بۆ دەق) (مهدي:ب،ت:32).

دەرهێنەرە هاوچەرخەکان ستایلی کارکردنیان جیاواز بووە، بەڵام لەسەر هەندێک خاڵی بوونیادی کۆکبوون لەکارکردندا، بەتایبەت مەڵەکردن لەگەڵ ستافی ئەکتەر و هونەریەکاندا. دەرهینەر بەشێوەیەکی خۆسەپێن مامەڵەی لەگەڵ ئەکتەردا نەکردوە، بەڵکو ئازادی بەخشیوە بەئەکتەرەکان تاوەکو ئەوانیش بەشێوازێکی ئازادانە بیر و بۆچونی خۆیان تێکەڵاوی نمایشە شانۆییەکان بکەن.

(دەرهێنەر لەسەر بنەمای دیالۆگ کردن لەگەڵ ئەکتەردا کاری کردوە بۆ گەیاندنی بیرۆکەی شانۆییەکەی و ئازادی کردون لەوەی کەئەونیش پرسیارەکانی خۆیان بکەن، تاوەکو پێکەوە لەسەر بنەمای لێک تێگەیشتن بگەنە نمایشی شانۆیەکەیان) (اردش:1979 :15)..

دەرهێنەر دەبێت خاوەنی هۆشیاریەکی باش بێت بۆئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی لۆژیکی و عەقلانی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا بکات، چونکە کۆنترۆڵ کردنی پرۆسەیەکی نمایشی پێویستی بەتوانا و لێهاتوی دەرهێنەر هەیە. دەرهینەر دۆزەرەوە و ئاشکراکەری توانا و وزە لێهاتوەکانی ناو شانۆکەیە، ئەو دەتوانێت ببێتە هۆکاری بەهێزبوون و دەرخەری توانا شاراوەکانی ناو شانۆکە.

هەڵسان بەکاری هونەری بەشێوەی تاک یان کۆ بۆ بەشداری کردنی نمایشی شانۆییەکە، پێویستی بە شێواز و ڕ ێبازی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەویش بەئەنجام گەیاندنی بۆ کۆکردنەوەی لەیەکەیەکی هونەری درامی کەلەکۆتایدا ئامانج لێی نمایشی شانۆییەکەیە.

لەشانۆدا سەرجەم لایەنەکانی لەخزمەتی پرۆسەی نمایشدایە و ناکرێت بەشێوەی جیاواز سەیری پێکهاتەکانی نمایش بکرێت، چونکە سەردەمانێک دەق وەک یەکەیەکی باڵا باڵی کێشابوو بەسەر نمایشدا و بینەران هەموو لایەنەکانی تری شانۆکەیان دەبەستەوە بە دەقەوە.(بەڵام لەشانۆی هاوچەرخدا هەموو بەشەکانی شانۆ بەیەک ئاڕاستە کاردەکەن. دەقی شانۆی لەجەوهەردا هەر بەتەنیا وەک ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەب سەیر ناکرێت بەڵکو دەبێتە بەشێک لە نمایش) (بکر:1997: 82).

لەشانۆی هاوچەرخدا دەرهێنەرەکان بەڕێگای جیاواز کار لەگەڵ دەق و ئەکتەردا دەکەن، بەو شێوازەی کە جیهان بینی دەرهێنەرەکە دەیخوازێت. بەپێی ئەم گۆڕانە نوێیانە شانۆ تەنیا بریتی نیە لەدەق، بەڵکو پێکهاتەی بوونیادی دەلالیە لەناو پرۆسەی نمایشدا، شێوازی کارکردنێکی سیمۆلۆژییە کەپەیوەندی هەیە بەچۆنیەتی پەیوەندی دەق و دەرهێنەر و ئەکتەر

و پانتایی، دەبێت دەرهێنەر لەگەڕاندا بیت بۆ دۆزینەوەی دونیایەکی نوێ لەناو ئەو هاوکێشە هونەریەدا.

کەواتە ناکرێت دەرهێنەرەکانی سەدەی نوێ بەهەمان کەرەستەکانی ڕابردووەوە کار لەشانۆدا بکەن ، ئەم هەوڵدانانەش وای کرد شانۆ بتوانێت لەهەموو شوێن و جێگە جیاوازەکان خۆی ببینێتەوە، چونکە شانۆ لەسەدەی بیستەمدا بووە بەشێک لەکۆمەڵگە و شانۆکاران توانیان پەیوەندی شانۆ لەگەڵ کۆمەڵگەدا بدۆزنەوە، بەڵام ئەم پەیوەندیە لەسەر بنەمایەکی نوێ و هاوچەرخانە بوونیاد نرا، ئەویش بەوەی شانۆ بووە شوێنگەیەک بۆ وروژاندنی پرسیارەکانی ناخی مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ بەجیهانی نوێوە.

(سەرەتای شانۆی سەدەی بیستەم هەستکردن بوو بەو پەیوەندیە خراپە کۆمەڵایەتیەی کەجیهانی هاوچەرخ پێکگەیشتنی پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتیەکانی پچڕاندبوو، ئەم پچڕانەش پەیوەندی دوانەییە لەنیوان کۆمەڵدا) (احمد:1995: 12).

دەرهێنەرە هاوچەرخەکان لەژێر کاریگەری جیهانی نوێدا لەگەڕان و دۆزینەوەی پانتای نوێدابوون بۆئەوەی بەزمانێکی تازە گوزارشت لە شانۆکەیان بکەن.

ئەو جیهانە نوێیە لای دەرهینەر دەگەڕێتەوە بۆ:

ا- خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقە شانۆییەکان

ب- گەیاندنی مانا لەوشەوە بۆ جەستە

ج- دروستکردنی پانتایی نوێ

- **دۆزینەوەی پانتای نوێ لەدەرهێناندا**

دروستکردنی بینای داخراوی هۆڵە شانۆییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە و هەژدە، وێنەکێشەکانیش هەڵدەستان بە دیزاینکردنی دیکۆری شانۆییەکە. پاشان بەپێی تێپەڕبوونی سەردەمەکان دیکۆر گەشەی کرد لەدیکۆری جێگرەوە بۆ دیکۆری جوڵاو.

دیکۆر و سینۆگرافیا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە شانۆدا و دەبنە بەشێکی بنەڕەتی نمایشە شانۆییەکان، دەرهێنەر گرنگی بینین لە دیکۆردا جێبەجێ دەکات، ئەویش بە ئامادەبوونی

دیزاینەری دیکۆر، ئەوانیش ڕێک دەکەون لەسەرئەوەی هێڵی گشتی شانۆییەکە دەیەوێت کە ئەویش پێکدێت لە:

(معالەجەی گشتی پانتای، هێڵ، فۆڕم، قەبارە، بۆشایی، ڕەنگ، بەرکەوتن.

چۆنێتی روناکی شانۆی لەسەر گۆڕاوەکان، کەرەنگی ڕوناکی دەبێتە روداوی دیکۆر و فۆڕمەکان.ئەو گۆڕانکاریەکانی لەکاتی نمایشدا لەجێبەجێکردنی دیکۆردا بەکاردێت) (هوی:2000: 27).

پێویستە لەناو شانۆدا پانتایی نوێ بدۆزرێتەوە، لەپێناو بوونیادنانی فۆڕم و روکەشی شانۆییەکە. ئێستا لەجیهاندا تەکنەلۆژیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دروست کردنی پانتای لەناو شانۆدا و دەتوانێت هەموو گریمانەکانمان بۆ بێنێتە دی،زۆرێک لەهۆڵەکانی دونیا لەئێستادا پشت بەو وێنانە دەبەستن کەلەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە دروستی دەکەن نەوەک بەشێوە کۆن و باوەکەی وێنە لەسەر شانۆکە لەلایەن شێوەکارانەوە دروست بکرێت. بۆیە دونیای تەکنەلۆژیا لەشانۆی هاوچەرخدا ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لەبەرجەستەکردنی پانتای نوێدا و دەرهینەران مامەڵە لەگەڵ دیزاینەرانی شارەزای دروستکردنی وێنە ئەلکترۆنیەکاندا دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەدەرهێنەرەکان بەدور لە دروستکردنی کەشی پانتاییەکی تەکنەلۆژی تائێستا کار لەسەر پانتای بەتاڵ دەکەن لەناو شانۆدا و لەڕێی خوڵقاندنی ئاماژەکانی جەستەی ئەکتەرەوە پانتای پڕ دەکەنەوە.

(لەهەندێک لە لەزانکۆ و کۆلیژەکاندا سەرکەوتنی خوێندکاران دەگەڕێتەوە بۆ ئاستیی تواناکانیان لە وێناندن و پرۆڤەکردن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری جۆربەجۆری ڕەهەندی پانتای)(عزیز:2013: 55).

سەرهەڵدانی ئاڕاستەو میتۆدە نوێیەکان پەیوەندی بەو گۆڕانانەوە بووە کە دەرهێنەرەکان لە شێوە و فۆڕمدا ئەنجامیان داوە و فۆڕمێکی بینراوی تریان پێشکەش کردوە، ئەم فۆڕمە نوێیە پشتی بەستوە بە جوانکاری لەناو پانتایەکی داهێنراودا.

کرداری شانۆی ئەوەیە کە مادەیەکی نوسراو دەگۆڕێ بۆ فۆڕمێکی بینراو لەناو پانتای شانۆدا. ئیتر ئەو پانتایە لە شوێنیکی کراوەدابیت یان لە ناو هۆڵی داخراودا هیچ جیاوازیان نییە چونکە دەرهێنەر بەهاوکاری بەشەکانی تری شانۆ نمایشی بینراو پێشکەش دەکات، ئەم بینراوە وێنەییانە دەبنە زمانی نمایشەکە.

پانتای شانۆ یەکەمین ڕەگەزە کەبینەران بەری دەکەون و دەتوانن لەناو ئەو پانتاییەدا سەرسامی خۆیان بۆ نمایش دەربېڕن، چونکە هێز و سحری نمایش لەناو پانتایدا دەردەکەوێت.

مەبەستمان لەپانتایی سەرجەم ئەو شتانە دەگرێتەوە کەلەسەر شانۆ بوونیان هەیە، هەروەکو سینۆگرافیا و ڕوناکی و رەنگ و بەرکەوتەکان و جوڵە و ئاماژە سیمۆلۆژیەکان و وێنە بینراوەکان کە تەنراوە بە هەزاران ئاماژە لەناو پانتایدا.

(پانتایی بەوە ناسراوە کەشوێنێکە بەتاڵە لەهەموو شت، شانۆیەکی بەتاڵ لەهەموو فۆڕمێک. بەڵام ئەو فۆڕمانە لەناو پانتایدا دەتوانن ئامادەییان هەبێت و ببنە شتە زیندوەکان) (ایجر:2000: 245).

سەرشانۆ شوێنێکە وەکو هەموو شوێنەکانی تر، بەڵام کاتێک دەتوانین ئەم شوێنە بکەینە پانتاییەک لەوکاتەدایە کەفۆڕمەکان مانای جیاواز لەخۆ دەگرن، لەشانۆدا هیچ فۆڕمێک جێگر و چەقبەستوو نییە بەڵکو پرۆسەیەکە هەمیشە لەگۆڕاندایە، فۆڕمەکان وەک جەستە و سینۆگرافیا لەحاڵەتێکەوە دەگۆڕێن بۆ حاڵەتیکی تر، بۆیە شانۆی هاوچەرخ مەودای ئازادی کارکردن زیاد دەکات و دەرهێنەر بەجیهانبینی نوێوە لەناو پانتایدا کار دەکات.

(شوێن ئیلهام بەخشی هەموو شتێکە لەناو پانتایدا و بزوێنەری دەرهێنەر و دیزانەرە بۆ جیهانی داهێنانی فۆڕمە راستەقینەکانی شانۆ) (دین:1972: 291).

قۆناغی مۆدیرنە و پۆست مۆدێرنە لەشانۆدا دۆزینەوەی شوێن بوو لە نمایشەکاندا، چونکە پەیوەندی بیناسازی ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و خۆی لەچوارچێوە باوەکەی شانۆی دورخستەوە و بەهاتنی شێوازی نوێی بیناسازی داخراوی ئیتاڵی و دروستکردنی شوێنی

نمایش لەدەرەوی هۆڵەکان توانرا شانۆیەکی نویَ بێتە ئاراوە و پرسیاری نویَ دروست بکات. یەکیک لە گرنگ ترین پرسیارەکانی مۆدێرنە سەبارەت بە پانتایی نواندن بووە؟، پەیوەندی دەرهینەر بە پانتایی نمایشەوە؟، ئەمانە ئەو پرسیارانەبوون کەشانۆی نوێی لەسەر بوونیاد نرا،دەرهینەرەکان بەسود وەرگرتن لە پانتایی نویَ ستایلی جیاوازی کارکردنیان بۆخۆیان خوڵقاند.

شانۆی ناچرالیزم کە (ئەندریَ ئانتوان) کاری لەسەر دەکرد دەکرێت بڵێین یەکەمین دەرهێنەری مۆدێرن بوو کەپرسیاری لەدروستکردنی پانتایی نویَ کرد. کەشێکی نوێی لەشانۆکەیدا خوڵقاند، بەتایبەت ئەو پەیوەندیەی کە پانتایی لەگەڵ ئەکتەرەکان و سینۆگرافیادا دروستی کردبوو.

هەروەها (پیتەر بروک)ی دەرهینەر لەگرنگترین تیورستەکانی پانتایی بەتاڵە و زۆرترین لێکۆڵینەوەی لەسەر پانتای شانۆ نوسیوە. هەروەها (ئانتۆنین ئارتۆ) و (گۆردن گریک) لەو دەرهێنەرانەن کاریان لەسەر پانتای بەتاڵ لە ئێکسسوار کردوە، تەنانەت (دیکۆر و جلوبەرگ و ڕوناکی و ماکیاژ) وەک کەرەستەیەکی جوانکاری لە شانۆکانیاندا بەکار هاتوە، (هەڵبەتە ئەم لایەنە جوانکاریەش وەک ئاماژە و کۆدی جوانناسی بەکار هێنراوە) (الكسي:1976 :6-7).

ئانتۆنین ئارتۆ بەدەوام هەوڵی دەدا خۆی لە کۆت و بەندی شانۆی ئیتاڵی ڕزگار بکات و شێوازێکی نوێی بینینی لەنێوان بینەران و نمایشدا دروست بکات، ئارتۆ یەکەم کەس بووە کەهەستی بەوە کردوە پێویستە جۆرێکی تر لە پەیوەندی لەنێوان بینەر و نمایشدا دروست ببێت و دەبیت ئەو جۆرە شانۆیە داخراوەی ئیتاڵی هەڵبووەشێتەوە، چونکە ئارتۆ ئەو شێوە جێگریەی نێوان بینەران و شانۆی لاپەسەند نەبووە و داوای کردوە کەدەبیت پێکهاتەی هۆڵ بگۆڕێت و شوێنی نمایش بەپێی داخوازی نواندن دروست بکرێت.

هەرچەندە زۆرێک لەدەرهێنەرانی هاوچەرخ دەیان ویست دەسکاری شوێنی نمایش بکەن و هۆڵەکان بە خواستی ئەوان بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری هۆڵەکان پێشتر

دروست کراون و توانای دەستکاری کردنیان نەبووە دەرهینەرەکان لەناو ئەو شانۆیانەدا پانتایی نوێیان دروست کردوە و دور کەوتونەتەوە لەدیکۆری جێگر و قەبارە گەورە و پشتیان بە موفرەدات و سینۆگرافیای جوڵاو بەستوە.

(برتۆلد برێشت) دەرهێنەری ئەڵمانی و یەکێک لە شانۆکارە هاوچەرخەکانی جیهان کەتائێستاش کەریگەری ستایلی کارکردنی بەسەر شانۆی جیهانیەوە دیارە، ئەو پێی وابوو شانۆی ئیتاڵی نایەکسانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و بینەران دەخاتە ژێر کاریگەریە سایکۆلۆژیەکانی ئەکتەرەوە، بۆیە هەوڵی دەدا شوێنی نمایش بگۆڕێت، بەڵام لەواقعدا هەمان روبووڕوبوونەوەی دانیشتنی جێگری شانۆی ئیتاڵی پەیڕەو دەکرد، تەنیا ئەوەی گۆڕانی بەسەرداهات دروستکردنی پانتاییەکی نویێ بووە لەناو ئەو شوێنەدا

(برێشت لەبری تەختایی تەختەی شانۆ ،قوماش و لەزگەی پان و جولاوی بەکار دەهێنا، یان لەباتی باکگراوندی تەختە پەردەی سینەما و لەباتی ئەو دیمەنانەی بەملاولای شانۆدا هەڵواسراون سود لە تەختەی ڕووت و بازنەی وەردەگرێت، هەندیک جاریش بەهۆی پێداویستی نواندنەوە بەشێکی شوێنی بینەران دەبنە شوێنی نمایش) (بریشت:1391: 254) .

بەم گۆڕانکاریانە بریشت توانی مانایەکی تر بە پانتایی شانۆ ببەخشێت و بەپراکتیک ئەوەی سەلماند کە دەرهێنەرەکان دەتوانن هەرشێوە پانتایەکتان پێ باش بوو دروستی بکەن.

بۆیە دەبینین پانتایی کاریگەریەکی گەورەی هەبووە لەسەر شانۆی هاوچەرخ و دەرهێنەرەکان گرنگیان داوە بە شوێنی نمایش.

(ئەندرێ ئانتوان، پێی وابوو شانۆی بازنەی کەپێشتر نمایشی لەسەردەکرا گرفت بۆ بینینی بینەران دروست دەکات و یەک لەسەر سێی بینەران دەنگی ئەکتەرەکان نابیستن، هەرەها پێی وابوو کە شوێنی دانیشتنی بینەران ئاسودەنیە. بۆیە ئانتوان پێی وانەبووە دانیشتنی هەموو بینەران لەبەرامبەر شانۆکە بەپێی بەرز و نزمی کورسیەکان گونجا و شتێکی باش بێت) (روبین:1386: 110).

بەهۆی شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی شانۆی هاوچەرخەوە ستایلی نوێ لەبواری دەرهێناندا دروست بووە، چونکە لەزۆربەی وڵاتە جیاوازەکاندا دەرهێنەری جیاواز سەری هەڵداوە و هەریەکەشیان ئاراستەی کارکردنیان جیاوازبووە و تێڕوانین و ستایلی کارکردنیان لەسەر بنەمایەک بووە کە پێچەوانەی نەریتخوازەکان و ستایلە باوەکان بووە.

هەڵبەتە باسکردن لە مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ دەق و پانتایدا دوو بنەمای سەرەکین بۆ دەرهێنەران بەتایبەت دەرهێنەرانی خوێندکار، چونکە خوێندکارانی پەیمانگە و زانکۆکان لەبواری دەرهیناندا زۆرجار توشی گرفتی هەڵبژاردنی دەق یان نەبوونی هۆڵ وەک شوێنی نمایش دەبنەوە. هەربۆیە توێژەر بەگرنگی زانی کە باس لەم بەشە بکات چونکە پەیوەندی هەیە بە خوێندکاران و بگرە بەشێکی زۆری ئەو شانۆکارانەشی کە وەک شانۆکاری هاوچەرخ کاری دەرهینان دەکەن. لەهەڵبژاردنی دەقدا زۆربەی کاتەکان پەنا دەبرێتە بەر ئەودەقانەی کە کوردی نین و ئەو نوسەرانە نوسیونی کە کورد نین، بۆیە دەرهێنەران مەرج نییە وابەستەی تەواوەتی دەقە شانۆییەکەبن بەڵکو پێویستە جارێکی تر خوێندنەوەی بۆبکرێت و بەوشێوەیە کاری تێدابکات کەلەگەڵ کۆمەڵگا و سەردەمی ئێستایدا دەگونجێت.

ئەو بەشەشی کەپەیوەندی هەیە بە شوێنی نمایشەوە، دەبێت زۆربەی شانۆکارانی کورد بەتایبەت خوێندکاران لەناوەندە ئەکادیمیەکاندا زانیاری وردیان هەبێت لەسەر کارکردن لەسەر پانتایی، چونکە لەناو پەیمانگەکانی کوردستان و ناوەندە ئەکادیمیەکاندا کێشەی گەورەی هۆڵ هەیە و نەتوانراوە لەسەر شێوازی ستانداردی جیهانی پەیمانگەکانمان دروست بکریت، بۆیە دەبێت دەرهێنەران بۆ پرۆژە و پێشکەش کردنی شانۆکانیان بیر لەدروستکردنی پانتای نوێ بکەنەوە لەسەر بنەمای  ستایل و قوتابخانە شانۆییە جیهانیەکان.

### 8.1.2 ئەزمونی چەند شانۆکارێکی هاوچەرخی جیهانی وەک نمونە

توێژەر لەم بەشەدا ئەزمونی بەشێک لەو شانۆکارە هاوچەرخە جیهانیانە باس دەکات کەکاریگەریان هەیە بەسەر ڕەوتی شانۆی جیهانیەوە و وەک میتۆد لەبەشی شانۆ لەلقی

دەرهێنانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان دەخوێنرێت. بەڵام تائێستاش خوێندنی ئەو دەرهێنەرانەی لەپرۆگرامی شانۆدا بوونی هەیە نەتوانراوە وەک سەرچاوەی نوسراو لەبەردەستابن، بەڵکو هەر مامۆستایەک بە ستایلی خۆی وانەکەی وتۆتەوە. بۆیە لیرەدا بەسود وەرگرتن لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی وولاتە پیشکەوتوەکان ئاماژە بە چەند دەرهێنەرێک دەدەین، کەتوانیویانە کاریگەریان بەسەر رەوتی شانۆوە هەبێت و هەر کەسێکیان ببنە قوتابخانەیەکی تایبەتی شانۆی هاوچەرخ.

### 1.8.1.2 ئانتۆنین ئارتۆ (1896 – 1948)

شانۆکار و شاعیر و وێنەکێشی فەڕەنسی ئانتۆنین ئارتۆ ساڵی 1925 پەیوەندی کرد بە سوریالیستەکانەوە و تاکۆتای تەمەنی لەژێر کاریگەری فکری سوریالیستەکاندا شیعر و شانۆی نوسیوە، تەنانەت بەشێک لە رەخنەگران پێیان وایە ئەم خەیاڵە سوریالیەی بۆدنیای شانۆ وایکردوە نەتوانێت لە کارە پراکتیکیە شانۆکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام لەڕوی تیورییەوە توانی شۆڕشێکی گەورە بەرپابکات و بە کەسی یەکەمی شانۆی هاوچەرخ ناوزەد بکرێت و تێڕوانینی بۆ شانۆ بەئاراستەیەکی نوێ بوو.

(ئانتۆنین ئارتۆ ساڵی 1927 لەگەڵ (رۆژە ڤیتراک) شانۆی (ئەلفرێد گاری) دامەزراند و دەبێتە شوێنێک کەبۆ ماوەی دوو ساڵ ئەزمونی شانۆی خۆیان ئەنجام دەدەن. لەساڵی 1931 کاتێک ئارتۆ شانۆی سەمای بالییەی (کۆلۆنیالی) بینی و کاریگەریەکی گەورەی لەسەر کارە شانۆییەکانی دانا. بەڵام بەهۆی نەخۆش کەوتنی و تێکچونی باری دەرونی لەساڵی 1937 کەڕەوانەی نەخۆشخانەی دەرونی دەکریت تاساڵی 1946 ئازاد ناکرێت. ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی نەتوانێ تیۆرەکەی جێبەجێ بکات) (اونز:1392: 97).

ئارتۆ گەڕاوەتەوە بۆ شتە سەرەتاییەکان بۆ تەوتەم و سروت و نەریتی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، گەڕانەوەی ئارتۆ بۆڕابردو گەرانەوەیە بۆ سەرەتاکانی بێگەردی مرۆڤ ،گەڕانەوەیە بۆ شانۆی کۆنی یۆنانی. هەڵبەتە ئەم گەڕانەوەیەی ئارتۆ لەخۆوە نییە بەڵکو ئاستی هۆشیاری مرۆڤی لەگەڵدایە. چونکە ئارتۆ کاتێک شانۆکەی بەدڵرەق یان توندوتیژ ناو

دەبات هەڵبەتە مەبەستی لە توندوتیژی جەستەی  نییە بەڵکو باسکردنە لەو توندوتیژییەی کەژیان دەیبەخشێتە مرۆڤەکان، واتا شانۆی توندوتیژی باس لەئازار و کارەساتی مرۆڤ دەکات، بۆیە کاتیک شانۆ بەهەمان شێوە گوزارشت لە توندوتیژی ژیان دەکات لەگەڵ یادەوەری بینەراندا یەک دەگرێتەوە و جۆرێک لەبەرکەوتە دروست دەکەن لەسەر بنەمایەکی ڕۆشنبیری.

ئارتۆ شانۆ بەدیاردەیەکی ڕۆشنبیری ناودەبات کەپەیوەستە بە نەریتە نەتەوییە فەرەنسیەکانەوە، بۆیە ئانتۆنین ئارتۆ پیی وایە ناکرێت شانۆ لەناو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەبێت بەبێ تێگەیشتنی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە، هەروەها دەبێت ئەو شانۆییە وەک تاعون سەرجەم کۆمەڵگەبگرێتەوە، ئەمەش بەبوونی (رەسەنی ژیان) کەئارتۆ دەڵی: (بۆگەیشت بەم رەسەنیەتەی ژیان دەبێت کۆتایی بە بیرۆکەی وشە و زمانی گوتن بهێنین و زمانی گوزارشت و شعریەت بدۆزینەوە) (بردبي&وليامز:1997: 34).

ئارتۆ بەشێوەیەکی گشتی باسی لەشتەتە جەوهەریەکانی ژیان کردوە ئەو حاڵەتانەی کەپەیوەندی بەبوونی مرۆڤەوە هەیە ، زۆرجاریش هیچ چارەسەرێکی پێنەبووە بۆ ململانێکانی ژیان تەنیا (پاکژبوونەوە) نەبێت  کەوەک حاڵەتێک بەکاری هێناوە بۆ چارەسەر. بەڵام ئەوە پاکژبوونەوەیەی ئارتۆ باسی دەکات تەواو جیاوازە لەو پاکژبوونەوەیەیی لە شانۆی گریکی دا هەبووە. لەشانۆی گریکیدا (پاکژبوونەوە) لەڕێگەی ترس و بەزەییەوە لەلای بینەران دروست دەبێت، بەڵام لەلای ئارتۆ (پاکژبوونەو) پرۆسەیەکی گۆڕانکاری رۆشنبیرییە.

ئانتۆنین ئارتۆ لەبەر ئەوەی خۆی شاعیر بووە بۆیە گرنگی زۆری داوە بەزمانی شیعر لەشانۆدا، پێیوابووە دەبێت شانۆ خۆی لەدیالۆگی سادە و باو دوربخاتەوە و زمانێکی باڵای شیعریەت لەناو شانۆدا بەرهەم بهێنێت، ئەو زمانەی کە نوسەرانی گریکی وەک (اسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیدس) شانۆیان پێ نوسیوە.

(ئارتۆ پێی وایە دەق مانای شانۆی قۆرخ کردوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو شێواندویەتی، بۆیە پێویستە زمانێکی تایبەتی بۆ دروست بکرێت، زمانێکی شانۆیی کەنیوەی لەچوارچێوەی بیرکردنەوەدابێت و نیوەکەی تریشی بریتی بێت لەجوڵەی ئەندامەکانی جەستە و سیستەمی ئاماژەیی) (رەئووف:2015: 154).

بەبڕوای ئارتۆ ناکرێت شانۆ بەزمانێکی سادە دیالۆگی بۆبنوسرێت بەڵکو دەبێت زمانێکی باڵای شیعر لەناو نمایشدا ئامادەبێت، پێیوایە هونەرمەند بەر لەهەمووشتێک یاخی بوونە، یاخی بوون لەژیان و شتە باوەکان تەنانەت  لەداب و نەریتی کۆمەڵگەکەت و لەشێوازەکانی شانۆ. ئارتۆ دەڵێ:( پێویستە ئاڵنگاری ژیان بکرێت لەرێگەی شانۆوە) (اوسلاند:2002: 27).

لەلای ئارتۆ کاتێک کەشتەکان بوونیان هەیە مەرج نییە مرۆڤ خۆی بگونجێنێت لەگەڵیاندا بەڵکو دەکرێت یاخی بیت لێیان، یان ئەگەر نەریتێکی ئاینی بەسەر کۆمەڵگەکەتدا زاڵبوو بێگومان تۆ دەتوانیت دژی بیت یاخود پەیڕەوی نەکەیت، لەسەر ئام بنەمایانە ئارتۆ داوای زمانێکی میتافیزیکی دەکات زمانێک کەپڕبێت لە یاخی بوون لەژیان و مردن.ئانتۆنین ئارتۆ باوەڕی بەشتە جێگر و نەگۆڕاوەکان نییە. چونکە بەبڕوای ئەو، شتەکان وەک خۆیان بە جێگری بێزارکەرن و مانای نوێیان تێدانییە، بەڵام گۆڕانکاریە کتوپڕیەکان ئەبنەهۆی جەلاندنی ڕۆح و بەئاگاهێنانەوەی مرۆڤ لەنێوان کۆمەڵگە و سروشتدا.

ئەمانەی ئارتۆ باسی دەکات رەنگە وەک خەون و خەیاڵ وابێت، بەڵام هەرخۆی دەڵێت (وەک چون خەونەکانمان کاریگەریان بەسەرمانەوە هەیە، وەک چون واقع کاریگەری بەسەر خەونەکانمانەوە هەیە، ئێمەش لەو بڕوایەداین دەتوانین وێنە شیعریەکان بەخەون بەراورد بکەین، بەڵام کاتێک کاریگەری دەبیت کەبتوانین بەتوندوتیژیەوە پەیوەستیان بکەین. بینەر بڕوا بەخەونە شانۆییەکان دەهێنیت بەومەرجەی وەک خەون سەیریان بکەین، نەک وەک کۆپی کردنی واقع (ئارتۆ:2017: 134-135).

ئارتۆ هەنگاوی ناوە بۆ داماڵینی ڕق و کینە و فرت و فێڵە غەریزەییەکانی ناوەوەی مرۆڤ، تاوەکو مرۆڤ هەرچییەکی هەبێت لەبەرامبەر ( مردن ، ژیان ، ئاین) دایبماڵێت و هەرچیەکی تر کەخۆی دەیخوازێت پەیڕەوی بکات، بەواتایەکی تر دەیەوێت هەرچی پیسی ناخی مرۆڤە دایبماڵێت و سەرلەنوێ مرۆڤێکی تر لەگیان و دەرونێکی پاک و بێگەرددا دروست بکاتەوە. ئارتۆ لێرەدا مەبەستی لە پاکژبوونەوەیە ، پاکژبوونەرەیەک مرۆڤێکی نوێ بخوڵقێنێت، پێشی وایە ڕەنگە خراپتر ڕوبدات.

ئارتۆ پێی وایە تەنیا شانۆ دەتوانێت شۆڕش لەخودی مرۆڤدا دروست بکات، هەر لەڕێی شانۆوە دەتوانین مانایەکی تر بەژیان و بوونمان بدەین، (ئارتۆ نایەوێت لەڕێگەی قسەکردنەوە مرۆڤەکان سەرقاڵ بکەین بەڵکو دەبێت لەپاڵنانێکی توندوتیژی گۆڕانی هەمیشەی لە مرۆڤدا ڕوبدات) (میتر&شفتسووا:1390: 100).

ئارتۆ لەناو شانۆکەیدا پەیوەستی دەقی نوسراو نەبووە، بەڵکو پێی وایە دەبێت نمایش خۆی دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنێت، ئەویش لەرێگەی هاوار و دەنگی نامۆ و تارمایی و دروستکردنی کەشێکی سحریی نمایشی لەرێگەی جلوبەرگ و روناکی تایبەت و ئاوازی میوزیکی کەهەندێک جار ئەکتەر لەڕێگەی دەنگەوە دروستی دەکات. (یان بەکارهێنانی جوڵە جەستەییە نامۆکان کەبەجۆریک دژبەیەک دروست بکات و جیاوازبیت لەجوڵە باو و ناسراوەکانی ژیانی رۆژانەمان) (کارسلون:1990: 161).

هەنگاوێکی تری گرنگی ئارتۆ ئەوەیە کە ڕویکردۆتە شانۆی ڕۆژهەڵاتی و پشتیی لەشانۆی رۆژئاوای کردوە، چونکە پێی وابووە شانۆی رۆژئاوای شانۆیەکە بۆکات بەسەر بردن و چێژ وەرگرتن، بەڵام شانۆی ڕۆژهەڵاتی شانۆیەکە لە ڕۆحی مرۆڤ و ژیانەوە نزیکە بەتاییەت وەک سروتێک(طقس) وایە.

ئارتۆ سەبارەت بەشانۆی رۆژئاوای پرسیارمان لێدەکات و دەڵێ (ئایا دەکرێت هەموو ئەوشانۆیانەی کەناچنە ژێر باری گوزارشتی وشەوە یان ئەوانەی لەدوو توێی دیالۆگدانین، دەبێت پشتگوێ بخرێن و بخرێنە ڕیزی دواوە؟) (ئارتۆ:2017: 60). هەر سەبارەت بەهەمان

پرسیار کەئارتۆ لیمان دەکات، هەر خۆی وەڵامان دەداتەوە، سەبارەت بەوەی کە چۆن دەکریت شانۆی رۆژئاوای لەگۆشە نیگای ترەوە نەڕوانیتە شانۆ و بەتەنیا دەبێت شانۆی دیالۆگ پێشکەش بکرێت، بۆیە لەبەرامبەر شانۆی ڕۆژئاوایدا، شانۆی رۆژهەڵاتی هەڵدەبژێرێت و دەڵێت (دەڵێم رۆژئاوایی، لەبەرئەوەی خۆشبەختانە شانۆی دیکە هەیە وەک شانۆی رۆژهەڵاتی کەتوانیویێتی بیرۆکەی شانۆ بەبێ شێواندن بپارێزێ) (ئارتۆ:2017: 61).

ئارتۆ پێی وایە شانۆ وەک پەرستگایەکی ئەفسوناوی وایە کەدەتوانێ مرۆڤی نوێ بخولقێنێت، دروستکردنی ئەو مرۆڤە نوێیەش لەرێگەی شانۆیەکی نوێی شیعر ئامێزەوەیە کە ئەکتەر تییدا بوونەوەرێکی خاوەن هێزی ئەفسوناوییە. بۆیە شانۆکەی ئارتۆ پەیوەست بووە بەگەردونەوە و لای ئەو شانۆ هاوکێشەیەکە پەیوەندی بەسەرجەم بوون و گەردونەوە هەیە و ئەم بوونیادنانەش لەسەر لاشعوری کۆ دروست بووە، کەئەویش بەرجەستەکردنی خەون و زیندەخەونە، چونکە ئارتۆ باس لەکێشە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ ناکات بەڵکو باس لەکێشە گەردونی و میتافیزیکیەکان دەکات کە بۆتە پرسیاری سەرجەم مرۆڤایەتی .

زمان لەشانۆی ئارتۆدا ئەندێشە و هەست و سۆزە جیاوازەکانی مرۆڤ دەرنابڕێت بەڵکو ووشە پانتاییەک لەبۆشای داگیر دەکات، چونکە لەشانۆکەی ئارتۆدا جەستە زیاتر گوزارشت دەکات و ووشە پاشکۆی شانۆکەیە و کەموکورتیەکانی نمایش پڕدەکاتەوە، لەو کاتانەشدا ووشە دەبێتە هۆکار نەوەک مەبەست.

تێزی ئارتۆ بۆ شانۆ ئەوەبوو کە شانۆ دەتوانێ سەربەخۆی خۆی لەزماندا بەدەست بهێنێت، هەرئەمەش وایکرد لەشانۆی هاوچەرخدا شانۆی بێ ووشە بتوانی جێگەیەکی باش داگیر بکات و بینەرێکی زۆریش بۆخۆی پەیدابکات. (ئارتۆ دیکتاتۆریەتی ووشەی تێک شکاند کەبۆخۆی شۆڕشیک بوو لەناو شانۆدا ئەنجامی دا و لەدەرەوەی دەقی نوسرا و دەقی نمایشی بەرهەم هێنا) (میتر&شفتسووا:1390: 101).

ئەو چەمکانەی کە ئارتۆ وەک بنەمایەکی سەرەکی لەشانۆکەیدا کاری لەسەر کردوە:

- **توندوتیژی:**

شانۆکەی ئارتۆ بە توندوتیژ ناودەبرێت، چونکە ئەو پێیوایە کەشانۆ توندوتیژی دەدۆزێتەوە و دەبێت وەک پەتایەک بەشێوازی توندوتیژ ڕووبەڕوی دیاردەکان ببینەوە. ئارتۆ توندوتیژی کردۆتە بنەمای هەموو نمایشێکی و وای دەبینێت کەپێویستە چەمکی توندوتیژی لەناو هەموو چیرۆکێکی نمایشدا بوونی هەبێت و ئەم چەمکی توندوتیژیەش لەسەر جەستەو نواندنی ئەکتەر رەنگ بداتەوە، چونکە بەبڕوای ئارتۆ ژیان بەشێکە لە توندوتژی، بۆیە دەبێت شانۆش رەنگدانەوەی ئەو توندوتیژیەبێت کەلەناو ژیاندا بوونی هەیە، چونکە ژیان لەدیدی ئارتۆوە پەرێشان و پوچە، خودی ئەم پوچگەرایییەی ژیانیش وادەکات مرۆڤەکان بێهیوابن لەژیاندا، بۆیە دەکرێت لەڕێگەی ئەم توندوتیژیەی کەشانۆ بەرهەمی دەهێنێت مرۆڤ بەئاگابێت و هۆشیاربیتەوە لەناو ژیانێکی بێماناداا، خودی ئەو بێ مانابییە دەرخەری ئێش و ئازاری مرۆڤە بۆیە شانۆکەی ئارتۆ بەبێ ترس و بەبێ دودڵی داوای ژیانێکی نوێ دەکات، ئەویش بەدەربازبوونە لەو چەقبەستووی و بێ مانابییە کە پێویستی بەدڵرەقی و توندوتیژی هەیە.(بۆیە لێرەدا شانۆکەی ئارتۆ وەک چارەسەرێکی دەرونی سەیر دەکرێت، بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارەش لەڕێگەی پاکژبوونەوەوەیە) (کاشف:2008 :27).

کەواتە ئارتۆ پێی وایە دەبێت چارەسەرەکان بۆ گەیشتن بە پاکژبوونەوە بەشێوەی توندوتیژ ئەنجام بدرێت لەسەر بنەمای فەلسەفەی توندوتیژی، ئەمەش پێویستی بەهێز و توانای مرۆڤی بەهێز هەیە و دەبێت کەسی بەهێزیش خاوەنی هۆشیاری بێت، چونکە بەبێ بوونی رۆشنبیری و هۆشیاری ناتوانرێت توندوتیژی بەرهەم بهێنرێت.

ئارتۆ شانۆ لەناو جیهانی دەرونی خۆیدا بەرپادەکات، چونکە پێیوایە هونەری شانۆ هۆکارێکە بۆ ڕوخاندنی دیوارەکانی تەنیای و نەخۆشی، شانۆ ئومێدێکە بۆئەوەی خەڵکی هەستت پێبکەن.

دەتوانین بڵێین شانۆ هۆکارێکە بۆ کاریگەری خستنە سەرجیهان و و دروستکردنی مرۆڤی نوێ، (شانۆ دەتوانیت رۆڵی چارەسەر و دوبارە خولقاندنەوەی هەبێت، هەڵوێستێکی شیکاری دەرونییە کەبەرامبەر چەپێنراوەکانی بینەر دەوەستێتەوە تاوەکو پالیان پێوەبنێت بۆ

دەرهاویشتنی ئەوشتە چەپێنراوانەی ناخیان کەئەمەش وەک تاعونێک بەسەر نمایشدا بڵاو دەبێتەوە و هەموو کەسێک دەگرێتەوە (اوسلاند:2002: 29).

- **تاعوون**

چەمکی تاعوون یەکێکە لەو چەمکانەی کە ئارتۆ لەکتێبەکەیدا (شانۆ و هاوتاکەی) بەشێکی گرنگی بۆتەرخان کردوە بۆ قسەکردن لەسەر تاعوون و کاریگەریەکانی تاعوون وەک دەردێک لەسەر کۆمەڵگە.

(تاعوون وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکی گشتگیرە کە لەناو کۆمەڵگەکاندا بڵاو دەبێتەوە و بەبێ ئەوەی سنور بناسێت و جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا بکات سەرتاپای کۆمەڵگە دەگریتەوە) (کونسل:1998: 82).

تاعون شێوازێکە لەداگیرکردنی ناوەوەی مرۆڤ و بەبێ ویستی خۆی مرۆڤ دەکوژێت، بەڵام شانۆ بیری مرۆڤ داگیر دەکات و گۆڕان لەناوەوەی مرۆڤدا دروست دەکات. تاعون پرۆسەیەکە بەسەر کۆدا دێت بەهەمان شێوە پرۆسەی شانۆش گۆڕانێکە بەسەر کۆی بیرکردنەوەی بینەراندا ئەنجام دەدرێت.

تاعون وێنە گەلێکی نوستوە، شێواویەکی شاراوە وەردەگریت و لەناکاو بۆ کۆمەڵێک جوڵەی پەرتەوازە پاڵیان پێوەدەنێت. (شانۆش جوڵەکان وەردەگری و دەیانوروژێنێت و وەک تاعون ئەڵقەزنجیرەی نێوان ئەوەی بوونی هەیە و ئەوەی بوونی نییە دروست دەکاتەوە. هەموو ئەو ململانێیانەی لەناخماندا نوستون، شانۆبەتەواوی هێزیەوە بۆمان دەگەڕێنێتەوە. شانۆ تەنیا لەو ساتەوەختەوە دەتوانێ بوونی هەبێت کەمەحاڵەکان تییدا بەڕاستی دەست پێدەکەن) (ئارتۆ:2017: 46-47)

کاتێک مرۆڤێک توشی تاعوون دەبێت جۆرێک لەوڕێنە دروست دەبێت، شانۆش کاتێک پێشکەش دەکرێت بەهەمان شێوە کرداری وڕینە لەلای بینەران دروست دەکات ، چونکە شانۆ لای ئارتۆ بەشێکە لە خەون و وڕێنەکردن بۆیە دەبێت ئەو وڕێنەیەش سەجەم بینەران بگرێتەوە هەروەک ئەوەی تاعون سەرجەم کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

(شانۆ وەک تاعوون وایە قەیرانێک دروست دەکات بەچاکبوونەوە یان بەمردن کۆتایی کۆتایی دێت، تاعون تەنگەژەیەکی وادروست دەکات، نەخۆسیەکی وا بڵاو دەکاتەوە،کە لەدوای خۆیەوە لەمردن لەمردن زیاتر هیچ شتێکی تر نامێنێتەوە، یان پاکژبوونەوەیەکی تەواو یاخود مردن) (رەئووف:2015: 176).

شانۆ کەلێکچون دەکرێت بەتاعوون تەنیا لەوەدانییە کە هەڵگری توش بوونە، بەڵکو ئەویش وەک تاعوون توندوتیژیەکانی ناخی مرۆڤ ئاشکرا دەکات و بەئاسانی دەمامک لەسەر ڕوخساری راستەقینەی مرۆڤەکان هەڵدەماڵێت.کاتێک ئارتۆ پرۆسەی شانۆ کەوەک پرۆسەی تاعوون باسدەکات بۆئەوەیە کەهێزە ون بووەکانی ناخمان جۆش بدات و سەرلەنوی زیندوببینەوە.

شانۆ وەک تاعوون لەوێنەی ئەو کوشتارگەیە و ئەو جیابوونەوە جەوهەریەدا گرێی ململانیکان دەکاتەوە کەئەگەرەکان دروستی دەکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەگەرەکان یان هێزەکان تاریک بن ئەوا خەتای تاعون یان شانۆ نییە، بەڵکو ئەوە خەتای ژیانە.

- **میتافیزیک:**

بەکاریگەری لەسەر شانۆی رۆژهەڵاتی ئارتۆ گرنگی داوە بە میتافیزیک، چونکە شانۆی رۆژهەڵاتی خاوەنی کەشێکی متیافیزیکیە ، هەر لەجوڵە و دەنگ و پانتایی نمایش. جیاواز لە شانۆی رۆژئاوای کە ڕوی کردۆتە شانۆی سایکۆلۆژی .

هەڵبەتە مەبەستی لەبوونی میتافیزیک گەڕانە بەشوێن شتە ناباو نادیارەکاندا، ئەویش خۆی دەبینیەوە لە جوڵەی میتافیزیک و جەستەی میتافیزیک، چونکە میتافیزیک کەشێکی تایبەت دەدات بەشانۆکەی و بەمەش سروتیکی رەها دروست دەکات. ئەو جوڵانە و ئاماژانەی ئەنجام دەدرێت یان ئەو دەنگ و گۆڕە دەنگیانەی بەشێوەیەکی ناسایکۆلۆژی لەئەکتەرەوە دەردەبڕێت، بەشێکی نوێیە لە داهێنای دەرهینەر و زمانی جیاوازی نمایش. دەتوانی ئەم شێوازە نوێیانە عەقڵ بۆلای خۆیان ڕابکێشن و کاریگەری بیرکردنەوە لەسەر بینەر دروست بکەن.

(خاڵی جەوهەری میتافیزیک کارکردنە لەسەر زمان و جەستە، کەدەبێت هەدوکیان خاوەن میتافیک بن واتا دروستکردنی میتافیزکی زمان و جەستە، دەبێت زمان لەئاخاوتنی باوەوە بگۆڕێت بۆ شیعریەتی زمان و جەستەش لەفۆرمی باوی خۆیەوە بگۆڕێت بۆ جەستەیەکی تازە لەدایک بووی ئاماژەی) (بینتلي:1986: 71).

جەستە دەبێت بەشێوەیەکی هەژێنەر لەناو پانتاییدا ئامادەی هەبێت ، ئەکتەر جەستەی پارچە پارچە بکات بۆئەوەی لەهەموو شوێنیکی پانتایی شانۆدا بوونی هەبێت. پێویستە ئاستی جەستە و زمان لەشێوەی ئەفسوندا هەستی پێبکرێت. شانۆ لەم کاتەدا پشت دەکاتە فۆڕمە سایکۆلۆژیەکە و تێڕوانینێکی نوێ بۆ شانۆ پەیدا دەبێت.

- **شیعر:**

ئەو زمانەی کەکۆمەڵێ وێنە بە خەسڵەتێکی شیعرگەرای یان ڕۆح گەرای لە هزردا دەوروژێنێت، ئەو بیرۆکەیە دەدات بەدەستەوە کە شیعری پانتایی ، سەربەخۆ لەبەرامبەر ووشەدا دەتوانێت شێوازێکی تر بخوڵقێنێت. بەکاریگەری شاعیر بوونی خۆی بەتایبەت کاریگەری شیعری سوریالی لەسەری، ئارتۆ کاری لەسەر شیعر کردوە لە شانۆدا و وەک رەگەزێکی گرنگ بەکاری هێناوە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ناباوی دور لەواقع، بۆئەمەش گرنگیداوە بەدروستکردنی شیعریەتی پانتایی و دورکەتنەوە لە بینای درامی ڕوداو.

ئارتۆ کاری کردوە کەخۆی لەژێر باری دیکتاتۆریەتی ووشەدا دوربخاتەوە و هەوڵیداوە زمانی ئاماژەکان و هێماسازی جوڵە و تۆنی دەنگی جیاواز و بەکارهینانی شێوازی دەنگە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ ئەنجام بدات. چونکە ئەو دەیەوێت لەدەرەوەی دەق و لەناو نمایشدا ئاستێکی تری زمان بەرهەم بهێنیت.

لەدیدی ئارتۆوە شانۆ شوێنێکی فیزیکی و کۆنکرێتیە بۆیە دەبێت زمان بەشێوەیکی هەست پێکراو بدوێت نەوەک بەوزمانی ئاخاوتنەی کە بەکاردێت بۆ باسکردن لەشتەکان، بەڵکو دەبێت (زمان ئەوبابەتەبێت کەشانۆ گوزارشتی لێدەکات و لەورێگەیەوە هێزی جیاوازی زمانی شانۆ لەزمانی ئاسایی جیابکرێتەوە. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین زمان

لەشانۆدا بەشێوەیەکی مادی دەتوانێ خۆی لەسەر هەموو شتەکانی شانۆ ببینێتەوە و گوزارشت لەخۆی بکات، لێرەدا راستەقینەی زمان دەردەکەوێت لەکاتێکدا خۆی روبەڕوی عەقڵ و بیرکردنەوە دەکات پێشئەوەی خۆی ئاراستەی هەستەکان بکات) (ارتو:1973: 106). کەواتە زمان و ووشە لەشانۆی ئارتۆدا بەرکەوتەی هەیە لەگەڵ عەقلدا نەوەک لەگەڵ هەستدا.

ئارتۆ پێی وایە دەبێت زمانی شانۆ هاوکات لەگەڵ زمانی نمایشدا لەدایک ببێت، چونکە وای دەبینێت پرۆسەی بوونیادی شانۆ لەسەر شانۆوە دەست پێدەکات و کاریگەری داهێنەرانەی دەبێت، نەوک پێشتر دەقێکی بۆنوسرابێت و لەژێرکاریگەری ئەو دەقەدا نمایش ئەنجام بدرێت. شانۆ راستەوخۆ لەسەر شانۆ ئەنجام دەدرێت و نەوەک بەنێو وشەدا تێپەڕێت، ئەمەش کاری دەرهێنانە کەدەبێت لەدایک بوونی نمایش ببەستێتەوە بە کارکردنی لەناو شانۆدا نەوەک لەژێرکاریگەریەکانی دەقدا شانۆ بەرهەم بهێنێت.

لێرەوە ئەوەشمان بۆڕون دەبێتەوە کەپێویست ناکات بیرۆکەی ئامادەکراوی کەسانی تر بخەینە سەرشانۆ بەڵکو بیرۆکە راستەقینەکان ئەوانەن کەڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ بەرهەم دێن دەرهینەر دەتوانێت بەربەستەکانی بەردەمی تێک بشکێنێت بۆ دروستکردنی زمانێکی کاراو نوێ.

## 2.8.1.2 جێرزی گروتۆفسکی 1933–1999

(جێرزی گرتۆفسکی دەرهێنەر و راهێنەر و داهێنەری مەزنی شانۆی هاوچەرخ ( 1933 – 1999 ) بەرەگەز پۆلۆنی، لەپێناوی بەدیهێنانی شانۆییەکی مۆدێرن و تایبەتدا لەگەڵ رەخنەگر (لۆدفێل فلازن) تاقیگەیەکی شانۆییان کردەوە بۆ گەیشتن بە ئەزمونێکی تازە، ئەم ستۆدێۆیەیان بەشێکی پەیوەندی بە دروستکردنی ستایلیکی نوێی کاری نواندنەوە بووە و بەشێکی تری کارکردن بووە لەسەر بینەر) (میتر&شفتسووا:1390 :195) .

چونکە بینەر بەشێکی گرنگ و تایبەتی کارە شانۆییەکانیانە لەم ستۆدێۆیەدا ئەویش بۆ گەیشتن بە جەوهەری شانۆ. ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی ئەم ستۆدێویەش هەوڵدانێکی

جدی و یاخی بووانەبووە کە بەرهەمە شانۆییەکانیان وەک پرۆسەیەکی ئەفرێنەرانە دوربخەنەوە لە هەموو شێوازێکی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا و سینەما و شێوەکاری و بەکارهێنەرە نوێیەکانی تر، واتا پرۆسەی شانۆیی تەجرید (روت) بکرێتە وە و دابماڵرێت لەهەندێک لەو شێوازی بەکار هێنەرانەی کەبەشێک لەدەرهێنەرەکان لەناو شانۆکانیاندا بەکاری دەهێنن.

(گرۆتۆفسکی فۆرمی شانۆکەی پشتی بەستوە بە جوڵە و رەنگ و دەنگ و ئیمائە و پانتۆمایم و ئاماژە، کەلە سیستەمێکی ئەبستمۆلۆژی زانستی و لەروانگەی ئەکتەرەوە بەرجەستە دەکرێت، لەپێناوی سەرسام کردن و روبەروبوونەوەی خورپە و بەشداری کردنی راستەوخۆ کەلە رێگەی دروستکردنی سروتەوە (طقس) بەئەنجام دەگات) (رەئووف:2015: 180). کە نزیک لەسروتە سەرەتاییە کۆنەکان و بزاوتنی ئەکتەرەکانیش لێکۆڵینەوە و رەنگدانەوەی هۆشمەندانەی ئەفسون و داستانی ژیانی مرۆڤە سەرەتاییە کۆنەکانە. بەمەش بەشداریکردنێکی ئاوێتە بوونانە لەنێوان و هۆڵ و شانۆکەدا دروست دەبێت، هەر لەبەر ئەم ئەبستراک کردنەی شانۆکەشی بووە کەوا شانۆکەی گرۆتۆفسکی بەشانۆی (هەژار) ناوبراوە.

گرۆتۆفسکی بۆ بەرجەستەکردن و تاقیکردنەوەی ئەزمونەکانی ژورێکی بچوکی لە نهۆمی دوەمی باڵەخانەیەک لە پۆڵندا ئامادەکردو جێی بینەرەکانیشی لەنێوان (35 بۆ 40) کەس بووە و بەسەر سیانزدە ریزدا دابەشی کردون .

(گرۆتۆفسکی چەند خولێکی هونەری شانۆی لە (روسیا) و (یابان) خوێندوە، بەشێوەیەکی زانستی تیورەکانی (ستانسلافسکی) بۆ ئەکتەر شیکردۆتەوە و سودی لێبینیون، هەروەها سودی لە تیورەکانی (برێخت) و (مایرهۆڵد) و (ئانتۆنین ئارتۆ) یش بینیوە. لەهەمان کاتدا دابوو نەریتی (یۆگا) ی هندی و سروتە (بوودی)ەکانی کردۆتە بەشێکی گەورەی مەشق و راهێنانی ئەکتەرەکانی لە ستۆدێکەیدا) (اونز:1392: 195).

گرۆتۆفسکی بەشێوەیەکی فەلسەفی باڵاو پیرۆزەوە دەروانێتە شانۆ، چونکە ئەو پێی وایە شانۆ گۆرەپانی وروژاندنی پرسیارەکانی مرۆڤە. شانۆ هەوڵدانێکی پیرۆزە بۆ داماڵینی هەموو جۆرە دەمامکەکانی ژیان و تا سەرئێسقان، گرۆتۆفسکی دژ بە فرە بەرهەمی بێبایەخ و کارکردنی ناهۆشیارانەیە، ئەو بڕوای وایە شانۆ توانای ئەوەی هەیە بەرهەڵستی خۆی و بینەر ببێتەوە، ئەوەش بەدورگرتنی رێگا ناتەباکانی خەیاڵ و هەست و تێروانینەکان. ئەم بەرهەڵستی کردنەشی زیاتر بەئازارە چونکە لەهەناسە و جەستە و جیهانی ناوەوەی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە.

**آ- ئەکتەر لەشانۆی هەژاردا**

فەلسەفەی ئەم شانۆییە پەروەردەکردنی (ئیدراک)ە، گرۆتۆفسکی لەم بارەیەوە گوتویەتی :(هیچ جوڵەو ئاماژەیەک بەبێ (ئیدراک) نابێت، گوتم ئیدراک نەک تێگەیشتن. چونکە تێگەیشتن دەچێتە چوارچێوەی بیرو هۆشەوە) (کروتووسكي:1986: 81). لەکاتی نمایشکردنی شانۆییەکاندا زۆرشت دەبینین تێیان ناگەین بەڵام هەستیی پێدەکەین و بەرامبەری بەئاگاین، بەواتایەکی تر ئەوەی هەستی پێدەکەم دەیزانم بەڵام ناتوانم دەستنیشانی بکەم ئەمەش پەیوەندی بەفکرەوە نییە.

گرۆتۆفسکی بە دەستەبەرکردنی ئەم جیهانی شانۆی (هەژارە) هەوڵیداوە داستان و ئەفسانە گەردونیەکان بەرجەستەبکات، بەڵام بەرجەستەکردنیان وەک پرۆسەیەکی سەربەخۆ و ئیستاتیکی لەچوار چێوەی نمایشەکاندا چارەسەر نەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم جیهانەدا گرفت و روداوی وەها هەن مۆرکی هاوچەرخیان پێوەیەو بەتوانای دەرهێنەر و لەروانگەی ئەکتەرەوە دەبێتە سروتێکی ئەفسونی و ڕوداوەکان بەشێوەی ململانێ لەگەڵ ژیاندا دەخرێنە ڕوو، بۆئەم مەبەستەش لەڕێگەی سروت و بۆنە سەرەتاییەکانەوە سروتی شانۆیی نوێ و باڵا دەخوڵقێت.

بێگومان نواندنی ئەمجۆرە شانۆییانە ڕەنگدانەوەی ڕوە ئاینیەکەی نییە، بەڵکو بەرجەستەکردنێکی بەرزی هۆشیارانەی شێوە و جیهانە سروتیەکەیە. گرۆتۆفسکی لە

میانەی ئەم سروتە ئاینیانەوە ئاوێتەی هەست و سۆز و یارمەتیدەری سمبوولێکی گشتی بینەران دەکات و لەکۆ نەستدا جێگیر دەبێت، ئەوسروتەی کەدروست دەبێت دەربڕینێکی راستگۆیانەی ئەو کۆ نەستیە هەرەوەزییە. چونکە جوڵەی ئەکتەر لەڕوانگەی ئەو نمایشەوە دەبێتە دیمەنی هەرەوەزی و ئاوێتەی سروتەکان دەبێت، بەمەش بینەران لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و هەستیدا کۆدەکاتەوە.

پایەی سەرەکی ئەم شانۆ هەژارە لە پرۆسەی نمایش و پێکهاتە سەرەکیەکانی تری نمایشدا تەنیا و تەنیا (ئەکتەرە). ئەکتەریش لای گرۆتۆسکی پۆلێن دەکرێت بۆ سێ جۆر :

(آ – ئەکتەری سەرەتایی: هەروەک ئەوەی کەلەشانۆیی تەقلیدی و ئەکادیمیدا بەرچاو دەکەون.

ب- ئەکتەری دروستکەر : ئەمجۆرەیان بەو ئەکتەرانە دەوترێت کەزیاتر لەژێر کاریگەری کارتێکەرە دەنگی و فیزیکیەکاندان.

پ- ئەکتەری سروت ئامێز: ئەم جۆرەیان بەو ئەکتەرانە دەوترێن کەتوانای دروستکردن و ئاشکراکردنی هەموو شێوە و خەیاڵ و هێماو جیهانبینی و ئاماژەکانیان هەیە کە لە عەقڵی ناوەکی کۆمەڵگاوە وەردەگیرێ) (جودمان&جای:2001: 63-66).

بێگومان ئەکتەری جۆر سێهەم (ئەکتەری سروت ئامێز) خاڵی جەوهەری و گرنگی پێدانی گرۆتۆفسکییە بەئەکتەر، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو بڕوایەی گرۆتۆفسکی خۆی، کەپێی وایە شانۆ دەتوانی بەبێ ئارایش و جلوبەرگ و ورگی پڕ لەلۆکە و لوتی دروستکرا و شوێنی نواندنی تایبەتمەند و ڕوناکی و کارتێکەرە دەنگ و ڕەنگیەکان کاری خۆی بکات و پێشکەش بکرێت. بەڵام مەحاڵە و هەرگیز ناکرێت بەبێ بەیەکگەیشتنی زیندوی ئەکتەر و بینەران بژی.

بۆیە لێرەوە شانۆیەکی باڵا پێشکەش دەکرێت، شانۆی باڵا بەمانای شانۆیەکی بەرز و پیرۆز کە لەتوانای ئەکتەردایە، ئەو ئەکتەرەی کە با ئاسانی دەتوانێ لە حاڵەتێکەوە بگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی تر، لە لەوێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر، ئەم کارە مەزنەش تەنیا لەجەستە و

ماسولکەکانی ئەکتەرەوە دەخولْقێن کەدەبنە کەرەستەی سەرەکی ئەو جەستە سحر ئامیزە. گرۆتۆفسکی رێنمای ئەکتەرەکانی دەکات و دەڵێ: ( ئەگەر هاتوو پارچەیەک سەهۆڵمان لەسەر دەستەکانمان هەلگرت ئەوا پێویستە هەموو جەستەمان کاردانەوەی هەبێت بۆئەم کردارە، کەلە لایەک قورسی پارچە سەهۆڵەکەیە و لەلایەکی ترەوە هەستکردن بەساردی سەهۆڵەکە بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت نەک بەتەنیا پەنجەکانمان و دەستمان هەست بەمە بکەن بەڵکو دەبێت سەرجەم جەستەمان کاردانەوەی هەبێت) (کروتووسكي:1986: 39)

گرۆتۆفسکی لەڕێگای ئەو مەشقانەیەوە کە لە تاقیگەکەیدا ئەنجامی دەدا رۆحیەتی بەخشیبوو بە هونەری نواندن، لەلایەکی تریشەوە لەڕێگای ئەو جیهانە رۆحیە رەهایەی ئەکتەرەوە کاردانەوەیەکی مەزنی لای بینەران خولْقاندوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە گرنگیەکی زۆر داوە بەلێکۆڵینەوە شانۆییە رۆژهەڵاتیەکان بەمەبەستی رۆچونە ناو لایەنە رۆحیەکان. کاری ئەکتەر لەشانۆی هەژاردا لەگەڕانی ناوەوەی خودی ئەکتەرەوە بۆ دەرەوە دەست پێدەکات، ئەم گەشتە مەزنەش تەنیا لەپێناوی دەرەوەدا نییە بەڵکو ئەم پرۆسەیە وا لەئەکتەر دەکات کەبەسەر تەنیایی خۆیدا زاڵبێت و سەرلەنوێ خۆی بدۆزێتەوە. ئامانجی مەشقکردن لای گرۆتۆفسکی رەها کردنی رۆح و بەرجەستەکردنی جیهانێکی پیرۆزی نمونەیی رەهایە. بەبڕوای گرۆتۆفسکی هونەری نواندن گەرانەوەیە بۆ خود و تاکایەتی مرۆڤەکان، ئەوەتا دەڵێت: (دەبێت نەریتە کۆن و دابوونەریتە تەقلیدیەکان لەخۆمان دابماڵین، دەبێت لە ریشەوە ئەو هۆکارانە دەربهێنین کەدەبنە هۆی وشک کردنی کاردانەوە و وێنە سازیە دەرونیەکانی ئەکتەر و هۆکاری بێئیرادەی و ئاڵۆزی دەربڕین) (Grotowski:1968:98).

دەبێت ئەکتەر لەسەرجەم کۆت و بەندەکانی تێز و تیۆرە پێشوەخت و ئامادەکراوەکان ڕزگار بکەین و ئازادی بکەین لە کۆیلایەتی دەربڕین، دەبێت هەوڵبدەین ئەو بەربەستانە بدۆزینەوە کەڕێگە لەئەکتەر دەگرێت. هەموو ئەمانە بۆئەوەیە کەچۆن بگەینە ساتی داهێنان. بەبڕوای گرۆتۆفسکی نابیت ئەکتەر ڕۆڵی کارەئەکتەر ببینێت واتا ڕۆڵی هاملێت وەک خۆی

بەرجەستە بکات یان چۆن پۆزی تراژیدی وەربگرێت چونکە ئەمانە ڤایرۆسی نواندن و سوکایەتین بۆ داهێنان.

گرۆفسکی لە ستۆدیۆکەیدا چەندین مەشق و راهێنانی نوێی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا داهێناوە کەجیاوازە لە پرۆڤە و مەشقی شانۆی تەقلیدی ، ئەکتەر بەبێ راهێنان ناتوانی لەجیهانی شانۆکەی گرۆتۆفسکی کاربکات چونکە لێرەدا جەستەو دەنگ بەشێوازی نوێ و جیاواز بەرهەم دەهێنرێت نەوەک بۆ دۆزینەوەی هەست و سۆزی کارەئەکتەرێک ، بۆیە لەسەر ئەکتەر پێویستە خۆی پەروەردە بکات نەوەک کارەئەکتەر و کەسایەتی تر بەڵک و پەروەردەکردنی خود رۆڵی هەیە.

## چەند راهێنانێکی تایبەتی گرۆتۆفسکی بۆ ئەکتەر:

- ڕاکردن لەسەر نوکی پێ ، بەشێوەیەک کە کەسەکە هەست بەوەبکات وەک ئەوەی بفڕێت یان وردە وردە هەست بە نەبوونی کێشی خۆی بکات.
- راکردن بەشێوەیەک کە ئەژنۆکانی چەماندبێتەوە و فۆڕمی ئاسای خۆی نەبێت.
- راکردن بە شیوەی ئەژنۆی چەماوە و دەستەکانی لەپشتەوە بگەن بەیەک و پاشان رابکات.
- پێچدان و لولکردنی جەستەی، پێویستە جەستەی تێکەڵاوی یەکتر بکات و بەهەموو لایەکدا پێچی. پێبدات.
- خاوکردنەوەی ماسولکەکان، وەستان بەشێوەیەکی رێک و ئەکتەر هەست بەتەواوی جەستەی خۆی بکات و بتوانی بڕبڕەی پشتی و سەرجەم ماسولکە و ئێسکەکانی خاو بکاتەوە ئەم حاڵەتە زیاتر وەک یۆگا وایە.
- راوەستان لەسەر سەر کە ئەکتەر بەشێوەیەک سەری ببێتە سەنتەر و بتوانێ بەبێ یارمەتی دەست و هێزی شانەکانی بووەستێت.
- بازدان وەک بۆق و کەنگەر و یان لاسای کردنەوەی رۆیشتنی هەندێک لە ئەژەڵەکان.

- تەقلە لێدان بەشێوەکی بەردەوام.
- رۆیشتنی جۆراو جۆر لەسەر پێکان.
- مەشقی جۆرا و جۆری پانتۆمیم.

هەندێک راهێنانی تر کە بەجوڵەی پێچەوانە ناودەبرێت، بۆنمونە دەستەکانت دەیاونەوێت شتێک بکەن بەڵام قاچەکانت نایانەوێت، یان پەنجەکانت شتێک دەکەن و شانت نایەوێت ،ئیتر بەم شێوەیە جەستەت بەشێوەی جودا جودا و لە دژدا بەکار دەهێنیت.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەکتەر پێویستی بە راهێنان و مەشقی بەردەوام هەیە تابتوانیَ لەناو شانۆی نویَ و داهێنەرانەدا بەردەوام بێت.

**ب- دەنگ وەک هێزێکی ئەفسوناوی**

لەبەر ئەوەی گرۆتۆفسکی گرنگی بەبنەماکانی دەق و گوستنەوەی راستەوخۆی دەق بۆسەر شانۆ نادات لەرامبەر ئەمەدا گرنگی بەدەنگ و نەبەرەی دەنگی دەدات. گرۆتۆفسکی دەڵێت: (پەیوەست بوون بەبنەماکانی دەق و کارکردنی راستەوخۆی دەق کاری شانۆی تەقلیدیە و ئێمە دژایەتی ئەم بیروبۆچونە تەقلیدیە دەکەین، دەبێت لەلای ئێمە دەق پیرۆزی خۆی بشکێنێت و تەنیا وەک کۆدێک بۆ چونە ناو نمایش بەکاری دەهێنین و بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین کە دەمانەوێت، دەق وەک ئاماژەیەک لامان دەمێنێتەوە، ئەم ئازاد کارکردنەمان لەگەڵ دەقدا وامان لێدەکات زیاتر لەداهێنان نزیک ببینەوە) (كروتووسكي:1986: 155).

مادام وشە پیرۆزی خۆی لەدەست دەدات کەواتە دەنگ دەبێت هاوشانی جەستە زیندوێتی خۆی هەبێت و کار بکات، بۆیە گرۆتۆفسکی هاوکاتی جەستە گرنگی و بایەخی تایبەتی داوە بەدەنگ و بەردەوام لە راهێنانەکانیدا کاری لەسەر کردوە، هەڵبەتە ئەکتەر دەبێت هەمیشە ئەوەی لەبەر چاوبێت کەدوربێت لە سایکۆلۆژیا ،واتا لەروی دەنگیشەوە ئەکتەر نابێت پەنا بەرێتە بەردەم و سۆز و هەڵچونە سایکۆلۆژیەکان، بەڵکو دەبێت دەنگ و ووشە هەڵقوڵاوی ناوەوەی ئەکتەربێت نەک شێوازی یاریکردن بە قورگ.

بۆیە گرۆتۆفسکی بەردەوام  لە ستۆدیۆکەیدا هانی ئەکتەرەکانی داوە بەردەوامبن لە مەشقە دەنگیەکانیان، هەمیشە بە ئەکتەری گوتوە (دەنگی بەهێز وەلامدانەوەی کرداری لەشە ، باشترین شێوازی تێکگەیشتنی ئەکتەر و ئەویترە، من دەگەمە تۆ.... کەواتە خاوەنی دەنگم) (جوجاکیە:200 :80).

گرۆتۆفسکی لە مەشقە دەنگیەکانیدا ئەکتەریک لە ناوەراستدا دادەنێت و پێی دەڵێت کە ناوەڕۆکە نوسراوەکە بەدەنگی بەرز بخوێنەرەوە و هەوڵبدە هەموجۆرە دەنگێکی جیاوازی مرۆڤ بەکار بهێنە و پشت بەیەک تۆنی دەنگی مەبەستە، یان هەندێک جار داوا لە ئەکتەرەکان دەکات کە پێکەوە راهێنانی جەستەو دەنگی ئەنجام بدەن و لە دەنگیاندا دەنگی ئاژەڵ و تۆنی نەبیستراو بەکار بهێنن، نابێت ئەکتەر پاڵەپەستۆ بخاتە سەر دەنگی و زۆر لەخۆی بکات لە بەکارهێنانی دەنگیدا.

گرۆتۆفسکی هەمیشە داوای لە ئەکتەرەکانی کردوە کەدەبێت بەشێوەیەک خۆیان پەروەردە بکەن بەزوی گۆڕان بەسەر خۆیاندا بهێنن و لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بگۆڕێن و لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر. ئەکتەر دەبێت کاردانەوەی رۆحی هەبێت چونکە گرۆتۆفسکی ئامانجی بەرجەستەکردنی رۆحە لای ئەکتەر نەوەک سایکۆلۆژیا.

گرۆتۆفسکی داوا لەئەکتەرەکان دەکات کەدەبیت هۆشیاربن بەرامبەر هەڵچونە دەرەکی و ناوەکیەکانیان کەلەو ساتانەی ڕودەدەن، وە ئەکتەر دەبێت پێداویستیە دەنگ و جەستەییەکانی بەباشی ئامادەبکات.

گرۆتۆفسکی داوا لەئەکتەرەکانی دەکات لەبری ئەوەی نمایشی کارەئەکتەر و کەسایەتی جیاواز بکەن باشترە هەڵسن بەنمایشکردنی جەستە و دەنگیان بەشێوەیەکی باش.

(ستایلی کارکردنی گرۆتۆفسکی کارکردن نییە لەسەر سایکۆلۆژیای ئەکتەر بەڵکو کارکردنە لەسەر گەیشتن بەخود و دۆزینەوەی خودی ئەکتەر، بناغەی تەکنیکی کارکردنی پەیوەستە بە جەستەوە نەک بە (سۆز و هەڵچون و هەستەکان) کارکردنی مامەڵە کردنە لەگەڵ هۆشیاری وعەقڵدا(عبدالحميد:2004 :106).

**پ- دەرهێنان لەشانۆی گرۆتۆفسکی دا**

لەم شانۆی سروت ئامێزەدا دەق و پەیوەست بوون بەبیر و بۆچونەکانی نوسەرەوە دەکەوێتە بەر نەشتەرگەری و کاریگەری قوڵیان نامێنیت بەڵکو جیهانبینی دەرهێنەر دەبێتە بنەمای سەرەکی نمایشی شانۆی. کاری دەرهێنان لەستایلی شانۆی گرۆتۆفسکیدا ئاشکراکردن و دۆزینەوەی ئاماژە شارەوەکانە، کەلەرۆژانی مەشق و کارکردنی پرۆڤە دەتگەیەنێتە ئەنجام. لەم شانۆیەدا ناتوانرێت پێشوەختە نەخشەی جوڵە و دیکۆر و لایەنەکانی تر لەسەر شانۆکە جێبەجێ بکرێت بەڵکو داهێنان لەم شانۆیەدا دەرئەنجامی ساتی پرۆڤە و مەشق کردنن. گرۆتۆڤسکی دەڵی: ( بۆم دەرکەوتوە کە بەرهەمهێنانی کارێکی شانۆی بەرەو هۆشیاریم دەبات، نەوەک ئەنجامی هۆشیاری بێت) .

(Grotowski:1986: 98)

بەبڕوای گرۆتۆفسکی ئەکتەر بۆخۆی کائنێکی سەرنج راکێشە و دەتوانێت هێز و قورسایی خۆی هەبێت، تەنانەت بەرکەوتەی لەگەڵ دەرهێنەردا لەسەر ئاستی لاسایی و گوێرایەڵی نییە بەڵکو لەسەر ئاستی داهێنانە، بەرکەوتنی دەرهێنەر مامەڵە کردنە لەگەڵ خودێکی (ذات) تردا واتا ئەکتەر خۆی بۆ کەسێکی تر دەکاتەوە و هەوڵدەدات لەسەر ئاستی تێگەیشتن بەرکەوتەیان هەبێت و کاریگەری زیندوی خۆی بەرجەستەبکات. دەکرێت ئەمە ناوبنرێت بە سەرکەوتن بەسەر تەنیایدا.

خاڵێکی تر بۆ بەرکەوتەی ئەکتەر لەگەڵ دەرهێەردا گرۆتۆفسکی ناوی دەبات بە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە خود، لەڕێگەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤێکی تردا، یان دۆزینەوەی خود لەکەسی بەرامبەردا. ئەوەی پێویستە ئەکتەر بیزانێت ئەوەیە کەنابێت هیچ کات لاسایی جوڵە و کردار و رەفتاری دەرهێنەر بکاتەوە چونکە ئەمە داهێنانی پێ ناڵێن و دەبێتە لاسایی کردنەوە و ئەکتەری لاسایی کەر و مرد و دروست دەکات. مامەڵە کردنی دەرهێنەر و ئەکتەر کارکردنە لەسەر بەرهەمهێنانی شتی نوێ و تێکشکاندنی بەربەستە

تەقلیدی و باوەکان، تاقیکردنەوەی کارە مرۆییەکانە بە دیدگایەکی نوێ، دەرهێنەر بەتەنیا ڕێنیشاندەر و ڕابەر نییە بەڵکو پێکەوە لەگەڵ ئەکتەردا دەبنە خوڵقێنەر.

بەبڕوای گرۆتۆفسکی هونەری نواندن گەڕانەوەیە بۆ خود و تاکایەتی مرۆڤەکان، ئەوەتا دەڵێت: (دەبێت نەریتە کۆن و دابوونەریتە تەقلیدیەکان لەخۆمان دابماڵین، دەبێت لە ڕیشەوە ئەو هۆکارانە دەربهێنین کەدەبنە هۆی وشک کردنی کاردانەوە و وێنە سازیە دەرونیەکانی ئەکتەر وهۆکاری بێئیرادەی و ئاڵۆزی دەربڕین) (کروتووسکي:1986: 75). دەبێت ئەکتەر لەسەرجەم کۆت و بەندەکانی تێز و تێورە پێشوەخت و ئامادەکراوەکان ڕزگار بکەین و ئازادی بکەین لە کۆیلایەتی دەربڕین، دەبێت هەوڵبدەین ئەو بەربەستانە بدۆزینەوە کەڕێگە لەئەکتەر دەگرێت. هەموو ئەمانە بۆئەوەیە کەچۆن بگەینە ساتی داهێنان. بەبڕوای گرۆتۆفسکی نابیت ئەکتەر ڕۆڵی کارەئەکتەر ببینێت واتا ڕۆڵی هاملێت وەک خۆی بەرجەستە بکات یان چۆن پۆزی تراژیدی وەربگرێت چونکە ئەمانە ڤایرۆسی نواندن و سوکایەتین بۆ داهێنان.

**ت- ئامادەبوونی بینەر لە شانۆی هەژاردا**

گرۆتۆفسکی هەروەکو چۆن گرنگی دەدات بە ئەکتەر لەشانۆکەیدا بەهەمان شێوە بینەریش بەیەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی شانۆ دادەنێت و بە هاوبەشێکی سەرەکی ناوی دەبات. گرۆتۆفسکی نمونە لەسەر شێوازی بینەران دەهێنێتەوە و دەڵێ: (کەجۆرێکیان خۆیان لێدەبێت بە پاڵەوانی ناو شانۆییەکەو جۆرێکی تریان دەبنە بەشداری ناو شانۆییەکە، دەڵێت لەشانۆی (قابیل)دا بینەر ئەوەندە چوبوونە ناو سایکۆلۆژی ئەکتەرەکانەوە خۆیان لێببوو بە (قابیل)، بەڵام لە شانۆیی (ئۆردیانی) بینەران بەشێوەیەک بەشداریان پێکرا کە ببوونە نەخۆشی نەخۆشخانەی شێتەکان) (کروتووسکي:1986: 169). کەواتە بینەر دەبێت بەشداربێت لە نمایشدا نەوەک لەدورەوە پێکەنین و گریانی بێت لەشانۆکاندا.

لایەنێکی تری ئەم شانۆییە ئەوەیە کە ئەکتەرەکان لەبەر چاوی بینەرەوە دەردەکەون و هەر لەبەر چاوی ئەواندا کەسایەتی خۆیان دەگۆڕن و شێوە و وێنەی تر بۆخۆیان دروست

دەکەن، بەبێ بەکارهێنانی مکیاژ و جلوبەرگ و ئێکسسواری زیادە، بەڵکو تانیا لەڕێی ماسولکە و تەکنیکی نواندنیانەوە خۆیان بەرجەستە دەکەن. کەواتە ئەکتەر هیچ فێڵێک لەچاوی بینەرەکەی ناکات بەڵکو تەنیا دەیخاتە ناو سحری نمایش و نواندنەوە.

(بەبڕوای گرۆتۆفسکی بینەر لە شانۆی تەقلیدیدا بەکارهێنرا و بەکارخراو بووە و شانۆ نەیتوانیوە سەربەستی بدات بە بیرکردنەوە و بەشداری پێکردنی بینەران. لەشانۆی تەقلیدیدا هیچ کات بینەران بۆئەوە بانگهێشت نەکراون کە ئیرادە و توانای بیرکردنەوەیان دیاری بکەن بەڵکو هەمیشە دوای رودا و دیمەنەکان کەوتوە و بۆتە پاشکۆی نمایش) (جودمان&جای:2001: 69).

لای گرۆتۆفسکی بینەر هاوکاتی نمایش بەشێکە لە گەڕان بەشوێن حەقیقەتەوە، بۆیە ئەو کەشەی کە لەشانۆدا دەخولقێت بینەر ڕۆڵی تێدا هەیە و بەشدارە تێیدا، بینەر هاوبەشی دۆزینەوەی ڕۆحیەتی ئەکتەر دەکات، لەکۆتادا ئەو بوونە پەرێشان و گوماناویەی خۆی دەدۆزێتەوە بەهۆی نەریتە کۆنەکانەوە دەمامک پۆشکراوە و پەردە لەسەر روخساری تەپوتۆزاوی ئەو بوونە هەڵدەداتەوە.

گرۆتۆفسکی هەروەک لێکۆڵەرێک لەناو شانۆدا گەڕاوە و دواتر گەیشتۆتە چەندین ئەنجامی گەورە کە بۆ شانۆ بە سەرەتای کاری پۆست مۆدێرن سەیر دەکرێت. ئەوەتا دەگاتە ئەو باوەڕەی کەنابێت شانۆ خۆی تەرخان و ئامادە بکات بۆ کۆکردنەوەی بینەرێکی زۆری حەماسی و هەڵچو بەبێ ئەوەی ئامادەی زیندویان هەبێت لە شانۆدا، بەڵکو لەبری ئەم بینەرە چەق بەستوە دەبێت شانۆ کار لەسەر جۆرێک لەبینەر بکات کە توانای روانگەی جیاواز و بیری نوێیان هەبێت.

گرۆتۆفسکی هێندەی بەهاو بایەخی بیرۆکە و دەق سەیری گرنگی بینەرانیش دەکات لەبەرهەمهێنانی نمایشێکی شانۆیدا، ئەوەتا دەڵێت: ( من دەمەوێت زۆر لەبینەرەوە نزیک بم بەجۆرێک کە ئاوێتەیان ببم و سنورەکانی ئەو پەیوەندیە بشکێنم. دەزانم کە بینەران جیاوازن، هەندێکیان پێویستیان بەوەستان هەیە، هەندێکی تریان تا توانایان تێدایە رێدەکەن.

ناشمەویت لەڕێگەی نمایشەکانمەوە وا خۆم دەربخەم کە ئەوە منم شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ ژیان دەکەم، بەڵکو هەموکات ئەوەم لەبەر چاوە کە کاری نمایش وەک ئەو سروتانە وایە کەسەرجەم بەشداربووان لە کەشێکی جەستەی و رۆحیدا دەگەن بەیەک و تێدا رۆحیان پاکژ دەکەنەوە) (کروتووسکي:1986: 191)

گرۆتۆفسکی لەمیانی کارکردن و ئەزمون کردنیدا لەناو شانۆی هەژاردا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە بینەر کەسێکی هۆشیار بێت. دواتر گرۆتۆفسکی لەجۆرێک لەبینەری تایبەت دەگەڕا کەلەشانۆ تێبگەن نەوەک تەنیا بۆکات بەسەربردن بێنە هۆڵەکان، کە ئەمەش جۆرێکە لەگەران بەشوێن بینەری دەستەبژێردا (نوغبە).

گرۆتۆفسکی لەشانۆکەیدا وەک دەرهێنەر و لێکۆڵەر پشتی بە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەستوە تاوەکو لە ڕوی مەعریفیەوە گروپەکەی زیاتر دەوڵەمەند بکات. بۆیە کاتێک دەستیان داوەتە کارێک هەرچەندە ژمارەشیان کەم بووبێت بەڵام کارەکەی گەیاندۆتە ئەنجام سەرەڕای ئەوەی ڕەچاوی کات و ماوەی زەمەنی نەکردوە.

گرۆتۆفسکی لە کۆتایدا ستۆدیۆکەی هێند بەناوبانگ بووە کە لەسەر تاسەری جیهانەوە شانۆکاران هەوڵیانداوە بەشداربن لەگەڵیدا، هەرچەندە ژمارەی بەشداربوون لای ئەو دەستنیشان کراو بووە.

## 3.8.1.2  برتۆڵد برێخت 1898 – 1956

ئاشکرایە شانۆی (برتۆڵد برێخت) بە شانۆی داستانی ناسراوە، بۆ قسەکردن لەسەر برێخت دەبێ سەرەتا لە شانۆی داستانیەوە دەست پێبکەین، داستان زاراوەیەک نییە کە برێخت دایهێنابێت بەڵکو زاراوەیەکە کە سەرەتا (ئەرستۆ) باسی دەکات، داستان بەبڕوای ئەرستۆ چیرۆکێکە کە وابەستەی یەکەی کات نییە، داستان دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن لەناو نمایش و سرووتە دینییەکانیاندا بەکاریان هێناوە، شانۆی یۆنانی کۆن شانۆیەکی داستانیی بووە پشتی بەستووە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە چیرۆک و داستانە مێژووییەکان. بەڵام برێخت بە شێوازێکی جیاوازتر کاریکردووە ،برێخت بۆ داستان زاراوەی (بە مێژووکردن)ی

بەکارهێناوە، واتە چۆن ڕووداوێک دەکرێتە مێژووچونکە بە مێژووکردن بەو مانایە نییە کە ڕووداوێکی مێژووی دووبارە بکرێتەوە، بەڵکو ئەو حاڵەتە مێژووییانەی بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی ڕەخنەیی بەکاردەهێنا.

برێخت دەیەوێ بینەر خۆی بڕیار لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان بدات،بەڵام لای ئەرستۆ ڕووداوە مێژووییەکان ڕوویان داوەو بینەر تەنها دەبێ بەشوێن ڕووداوەکانەوە بێت، دەبینین برێخت ڕووداوە مێژووییەکان لەسەر بنەمای دیالیکتیک دروستدەکات دەیەوێ کەشفی نهێنیەکانی مێژوو لەسەر بنەمای دیالێکتیکی بکات، لە ڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە بیرو بۆچوونی دژ لەناو ئەو مێژووەدا دروست بکات. گۆڕینی شانۆی داستان لەسەر بنەمای دیالێکتیک یەکێکە لە ئامانجەکانی شانۆی داستانی لای برێخت، چونکە برێخت هەوڵئەدات لەسەر دژەکان کاربکات تەنانەت دژ لەناو تەکنیکی کارکردنی برێختدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ،(لەناو کارە شانۆییە نوێیەکاندا بانگەوازی ئەوە کراوە کەشانۆی داستانی شێوازی شانۆی سەردەممانە) (بریخت:1973 :56).

برێخت بەرلەوەی بگات بەو شێوازە تایبەتییەی لەشانۆدا کاریگەریی چەندین کەسی بەسەرەوەبوو، وەک شانۆکار یاخود نووسەر یاخود بیرمەند، بەڵام لەسەروو هەموویانەوە کاریگەری شانۆکانی بسکاتۆری بەسەرەوە بووە، (بسکاتۆر) یەکێک بووە لە شانۆکارانەی کە لە ساڵی ١٨٩٣ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٦٦ کۆچی دوایی کردووە، بیسکاتۆر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو کتوپڕ گەیشتە شانۆی داستانی، چونکە پێشتر هیچ پیلانێکی بۆ ئەو شانۆیە دانەڕشتبوو، بەڵکو بەهۆی هەژاری گروپەکەیەوە ئەو شێوازەی لە شانۆکەیدا دۆزییەوە، (ساڵی ١٩٢٧ بسکاتۆر شانۆی گەردەلوول لە جوتلاندی بۆ شانۆ دەرهێنا کە لە نووسینی ئیم فلک بووە، ئەم نمایشەی دەرچوون بووە لە بنەمای شانۆی تەقلیدی سیمای شانۆی داستانی تێدابووە) (بسکاتور:1984 :28).

برێخت ساڵی ١٩٢٤ دەچێتە میونخ ئەوکاتە بسکاتۆر بەرپرسی شانۆی گەل دەبێت کە چەندین نمایشی پێشکەش کردوە کە سیمای شانۆی داستانی پێوە بووە، بۆ نموونە بسکاتۆر

دیمەنی سینەمایی و فانۆسی سیحریی و ناونیشانی بەشەکان و ڕووناکی کارەبای بەکارهێناوە، بەڵام برێخت تەنها وەک کاریگەرییەک شتەکانی وەرگرتووە و دواتر گۆڕانی بەسەردا کردووە، زۆربەی سەرچاوەکان بسکاتۆر بە دروستکەری شانۆی داستانیی ناودەبەن. (برێخت  نەک تەنها بسکاتۆر بەڵکو کاریگەریی دەرهێنەر ماکس ڕاینهارتیشی بەسەرەوە بووە) (بینیت:1984 :16).

بەتایبەت لە تێکشکاندنی دیواری چوارەم کاریگەری گەورەی بسکاتۆری لەسەربووە.هەروەها هەریەک لە (فرانک فیدیکند و جۆرج بووشنەر کە دوو نووسەری گەورەی ئەڵمانین کاریگەرییان بەسەر شێوازی نووسینی برێختەوە هەبووە بەتایبەت فرانک فیدیکند کاریگەری بەسەر ئەدەبی ئەڵمانییەوە بەشێوەیەکی گشتی هەبووە)
(سکران:1999 :18).

بۆ نموونە شێوازی نوسینیان وەک هزری دەرهێنانی سینەمایی وایە، گۆڕانکاریی خێرا لە بەش و دیمەنەکاندا بەئەنجام دەگەیەنن. هەروەها بەکارهێنانی شێوەکاریی ڕووناکی لای بووشنەر کاریگەری لەسەر برێخت دروستکردووە، ئەگەر سەیری بەرهەمەکانی برێخت بکەین ئەوا گەڕانەوەی تێدایە بۆ ڕابردوو کەئەویش دەرخستنی وەک داستان بووە، بەڵام ئەم حاڵەتە مێژووییانە لای برێخت تەنها بۆ هەڵوێست وەرگرتنی بینەر بەکاری دەهێنا، چونکە ڕاستە برێخت گرنگی داوە بەڕووداوی ڕابردوو، بەڵام بەو مانایە نا کە هەموو بابەتەکانی یاخود سەرجەم ڕووداوی ناو نمایشێکی گەڕانەوە بێ بۆ مێژوو بەڵکو چەندین ڕووداو و ململانێی تێدایە کە لە زەمەنی نمایشدا ڕوو دەدەن.

کاریگەری شانۆی نو ی یابانی بە ئاشکرا بەسەر بەرهەمەکانی برێخت و گۆڕانکاری شێوازی کاری برێختدا دەبینرێت ،هەندێک تەکنیک و کارکردنی شانۆی نو هەیە کە برێخت بە ئاشکرا لەناو کێشە کۆمەڵایەتییەکان دا پەنای دەبردە بەر بۆ چارەسەری ئاسان، تا بینەریش بتوانێ لە کێشە و چارەسەرەکان تێبگات. برێخت دڵبەند بووە بەوەی شانۆی نو شانۆییەکی بەتاڵ بووە لە گوزارشت. ئەگەر دیکۆرێکیان هەبووبێ ئەوا زۆر کەم بووە و

بەردەوام دەلالەتی ڕاستەوخۆ بەکار براوە، موزیکییەکان کەمبوون و لەگەڵ کۆرسدا لەسەر شانۆ کە دەبینران، دەنگی ئەکتەر شێوازێکی شیعری هەبووە و دەنگیان وەک ئامێرێکی موزیکی کاری کردووە، لە فۆڕمیشدا زۆر بە سادەیی بینراون، تەختەی شانۆی نو شانۆیەکی ڕووت و ئاشکرا و کراوە بووە، تەنانەت پەردەی شانۆشیان بەکارنەهێناوە و گرووپی موزیکەکە لە تەنیشتی جۆقەوە بوون، کاریگەریی کەمی ڕووناکیان هەبووە، واتا ڕووناکی جیاواز جیاوازیان بەکار نەهێناوە بەڵکو ڕووناکیەکان جێگیر بووە، سەرچاوەکانیان ئاشکرا و دیاربووە لەبەردەمی بینەردا، تەنانەت بینەر ئەکتەرەکانی بینوە کاتێک لە یەکێک لە ژوورەکانی تەنیشتەوە هاتوونەتە سەر شانۆ.

برێخت هەندێ تێڕوانینی هەیە لە نواندنی *(چارلی چاپلن)دا کە دڵبەندی خۆی بۆ ئەو نواندنە دەربڕیوەو هەوڵی داوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوودی لێوەربگرێ، پێی وایە (چاپلن) لەڕێی ئەو نواندنە سادەیەوە توانیویەتی نواندنی تەقلیدی شانۆیی تێبپەڕێنێ و قسە لەسەر نواندنی سینەمایی دەکات بە جیاوازی لەگەڵ نواندنی شانۆیی دا پێی وایە نواندنی ئەکتەر بەدەموچاوی باشییەکی کاری شانۆییە کە لە نواندنی بێدەنگدا لای (چاپلن) هەیە کە ئەمەی وەرگرتووە بۆ شانۆکەی و بە خاڵێکی سەرەکی شانۆی داستانی ناودەبات، وابەستەبوونی بە (چاپلن)ەوە زیاتر لەوەوە دێت کە (چاپلن) بە دوور بووە لە نواندنی واقیعی و گوزارشتی هەڵسوکەوتی ئاسایی مرۆڤ.هەروەها برێخت سوودی لە فەلسەفەی دیالیکتیکی (هیگڵ) وەرگرتووە و توانیویەتی لەناو شانۆکەیدا کاری پێبکات برێخت وای دەبینین لە پێناو جێبەجێکردنی بیروباوەڕی دیالیکتیکی لە شانۆدا پێویستە وێنەکان و گۆڕانکارییە نمایشییەکان لە خودی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانەوە سەرچاوەبگرێ.( هەر ئەو روداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە بوون ، ڕۆشنبیرانیان ناچارکرد، هەڵوێستی یەک لایی بۆخۆیان دەست نیشان بکەن) (قەرەچۆڵی:1980 :28).

ئەم حاڵەتەش لە ڕێگای دژەکانەوە کە لەناو بیروباوەڕە جیاوازەکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا ڕووئەدات لە ڕیگەی دوو بۆچوونی جیاوازەوە بۆچوونی سێهەم دروستدەبێت، برێخت ئەو یاسایەی پەیوەندکرد بە شانۆوە.

ململانێی درامی ململانێی گفتوگۆیە یان ململانێی دوو دژ لە دایکبوونی دژی سێهەمە، دەبینین کە چۆن دیالیکتیکی ماددی لەنێو تیۆری درامای برێختدا سەر هەڵدەدات، دژەکان لەناو شانۆی داستانیدا بە ئاشکرا دیارە، ئەویش ئەو هەڵویست وەرگرتنەی بینەرە لە نمایش کە بەدژی سێهەم دێت، زۆرجار ئەم دژەش دژێکی تر بۆخۆی دروستدەکات، بەو جۆرە گفتوگۆ لەنێوان بەرهەمەکەو ئەوانی تردا دروستدەبێت. دژ شتێکی ناوەڕۆکییە لای برێخت، گۆڕانکاری دادەنرێت، تەنها نمایشی کێشەکان دەکات هەڵناسێ بە چارەسەرکردنیان، چونکە پێی وایە مرۆڤ دەبێ هۆشیار بێت، بەجۆرێکی نوێ بتوانێ ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن ببێتەوە.

---

*چارلز ئسپنسر چاپلین: ساڵی 1889 لە بەریتانیا لەدایک بووە و ساڵی 1977 کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە بەناوبانگتری ئەکتەرە کۆمیدیەکانی جیهان. فیلمساز و ئاهەنگساز بووە، لەقۆناغی فیلمی بێدەنگدا ناوبانگی جیهانی بۆخۆی پەیدا کردووە و بەیەکێک لە گرنگترین سیماکانی مێژووی پیشەسازی فیلم ناوزەد دەکرێت.

چونکە مرۆڤ لەپرۆسەیەکی بەرکەتەدایە لەگەڵ یەکتری (بریخت لەگەڵ بۆچونەکەی کارل مارکس یەک دەگرێتەوە کەدەڵێ ناوەڕۆکی مرۆڤ شتێکی ئەبستراکت نییە ، بەڵکو هەموو تاکێک بەستراوەتەوە بەتاکێکی ترەوە، لەڕاستیدا ئەمە کۆمەڵەیەکە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی) (العماري:2004 :44).

برێخت لەو حاڵەتەدا لەگەڵ (ئەرستۆ)دا یەکدەگرێتەوە کە دەبێ ڕووداوی درامی تاکەکان تێپەڕێنێ، واتە بەشێوەیەکی گشتی کارێکی درامی کاریگەربێت بەسەر سەرجەم

بینەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازە لە فەرمانی شانۆییدا، بە بڕوای برێخت ئامانجی شانۆ دانانی بیروباوەڕێکی ئەخلاقیی یان هەڵسوکەوتی مرۆڤ نییە لە بەشداریکردندا لەگەڵ چارەنووسدا، بەڵکو شانۆ لەبەردەم بینەردا دەکرێتەوە لە بەشداریکردنی لە کرداری درامیدا ئەویش بەهۆی بیرکردنەوە، بە وتەی ڕۆلان پارت (بینەر ڕەخنەگرە لە شانۆدا ئەکتەر و پێشبینیکەر نییە) (بارت:1385 :327).

گفتوگۆ، هەستکردنە بە گریمانەیەکی واقیعی، ئازا هەموو کات ئازا نییە، لە هەندێ جاردا خیانەت لە ئازایەتییەکەی دەکات، لە ناخیدا ترس و ئازایەتی دەژی، مرج نییە هەمووکات ئازایەتی سەربکەوێ ئەم گفتوگۆیە هێزێکی چالاکە لە هەستکردن بە دژایەتی. بە بڕوای برێخت هیچ کردارێک نییە جێگیربێت بەڵکو شتەکان لە گۆڕاندان دەکرێ بۆ هەر حاڵەتێک چەندنین گریمانە دروستببێت، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکان بۆ ئەوەیە بینەر بەردەوام لە گەڕان و دۆزینەوەی شتی نوێدابێت چونکە حەقیقەت تەنها یەک ڕووی نییە، دەکرێ ئەوەی لای من حەقیقەت بێ لای کەسێکی تر وانەبێ، بۆیە دەرگای بینینی جیاواز جیاواز کاری شانۆی داستانییە، بینەر دەتوانێ دژ بێت بۆ دروستبوونی گفتوگۆ تاوەکو بەسەرجەم چین و توێژەکانەوە بتوانن بەشداربن لە گۆڕانی واقیعدا، بۆ چەسپاندنی تیۆری شانۆی داستانی برێخت پشت بە دوو سەرچاوەی سەرەکی دەبەستێ کە ئەوانیش (نامۆبوون) و (جێست)ە.

**آ– چەمکی نامۆبوون لەلای برێخت**

( لە قامووسی فەلسەفەدا هاتووە ئەم زاراوەیە لە ڕیزی کردارو بەرهەمدایە، گۆڕینی ئەم بەرهەمە چالاکییە مرۆییانە (بەرهەمەکانی کار، پارە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان...هتد) بۆ لایەنی تیۆری و پراکتیکی، لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندێتی مرۆڤ و تواناکی دەکاتە شتێکی سەربەخۆ تێیدا یان دەتوانین بڵێین دەستی بەسەردا دەگرێ، فۆڕم و پەیوەندی دەگۆڕێت بۆ شتی تەواو جیاواز لە ناوەڕۆکدا) (سکران:1999 :71). نامۆبوون لای برێخت بەو مانایە

دێت كە هەمووشتە دیار و ناسراوەكان لە ڕووداو دابماڵێ و بوونی كۆمەڵێک شتی نادیار دەربخات. چونكە ساتە دیارەكان لەناو ژیاندا هەموو ئەوانەن كە سەرجەم خەڵكی دەیبینن، بەڵام كاتێک لەناو كارێكی شانۆیدا شتێكی نادیار یاخود شتێكی دژ لەگەڵ بوونی ڕووداوێكی دیاردا دەربكەوێت ئەوا بینەر تووشی هەڵوەستە دەبێت لەبەردەم ئەو دیمەنە سەرنجڕاكێشەدا و پرۆسەی نامۆبوون لەوساتەدا سەرهەڵدەدات.

ڕەخنەگری ڕووسی (ڤیكتۆر شكلۆڤسكی) باس لەو چەمكە دەكات كە بە بڕوای ئەو ئەم تەكنیكە هەست پێكراوە لەلایەنی ئەدەبەوە بە پیاهەڵدانی ئەدەبەكەی، دەڵێت (پرۆسەی نامۆبوون لە ڕێگەی نووسینەوە دەردەكەوێ، چونكە ئەو شتە دیارانەی كە ناوی شتەكانی لێدەنێ یاخود دەیبینین وەكو ئەوە وایە كە یەكەمین جاربێ بیبیستین و بیبینین) (آوین:1981 :408).

بەڵام دەكرێ ئەوە بڵێین كە برێخت ئەم زاراوەیەی (شكلۆڤسكی) نەگواستۆتەوە ناو بەرهەمەكانی، (شكلۆڤسكی) نامۆبوون وەک وەسیلەیەک لەپێناو شتێكی ناوەڕۆدا بەكاردەهێنی، بەڵام برێخت دەیەوێ لە ڕێگەی نامۆبوونەوە عەقڵی بینەرەكەی بجوڵێنێ، دەیەوێ نامۆبوون ببێتە پاڵنەرێک بۆئەوەی بینەر بەشدارییەكی ڕەخنەیی و عەقڵانی لەگەڵ بەرهەمەكەدا بكات.

(زاراوەی نامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی تەنویری لە سەدەی هەژدەدا كە لە فەڕەنسا (جان جاک ڕۆسۆ) و لە ئەڵمانیا (گۆتە و شیللەر) و پاشان لای (هیگڵ) پێشكەوتنی بەخۆوە دی كە لێكدانەوەیەكی (میسالی) بۆ نامۆبوون كرد، وەک ئەوەی سەرهەڵدانی ئەم جیهانە بابەتییە ڕۆحی نامۆبوونە) (بارت:1385 :325).

برێخت وای دەبینێ كە وێنە كاریگەرە لەسەر نامۆبوون ،ئەوە وێنەیە ڕێگە دەدات پێناسەی شتێک بكرێت، بەڵام هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا شتێكی نامۆ دەردەكەوێت. دەكرێ بڵێین لە سەدەی یۆنانی كۆن و سەدەی ناوڕاستدا زیاتر خەسڵەتی نامۆبوون دەردەكەوت لە شانۆییەكانیان دا بەهۆی ئەو ماسكەی كەسایەتیەكان دەیان پۆشی، شانۆی ڕۆژهەڵاتی هەتا

ئەم ساتەی ئێستاش نامۆبوون بەکاردەهێنن لە ڕێگەی موزیک و جووڵەی دەموچاویانەوە، ئەم کاریگەرییە قەدەغەی بەشداریی بوونی سۆز دەکات. برێخت لەلایەنێک لە لایەنەکانی کارکردنی نامۆبوون حاڵەتێکی (بە مێژووکردن) بەکاردەهێنێ، بە مێژووکردن بەو مانایە نا کە دووبارەکردنەوەی حاڵەتێک یاخود ڕووداوێکی مێژوویی بێت بەڵکو قسەکردن یاخود دەستکاریکردنی ڕووداوێکی مێژوویە. ئەو بە مێژووکردنەش بۆ ئەوە بەکاردێنێ تاوەکو بوونیادی هەڵوێستێکی ڕەخنەیی لای بینەر دروستبکات، دەیەوێ بینەر جارێکی تر بڕیاردەری مێژووی خۆی بێت و دووریشی بخاتەوە لەلایەنە سۆزدارییەکەی، چونکە برێخت هەوڵی ئەدا نمایشی سەردەمەی خۆی بکات لەناو جەرگەی مێژوودا کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شانۆی داستانی. دەیویست بینەرێکی هۆشیاری هەبێت بینەرێک بتوانێ خاوەنی بۆچوون و ڕەخنەگرتن و هەڵوێست بێت.

بینەری شانۆی داستانی بینەرێکی هۆشیارە، هۆشیار بەرامبەر بە سەردەم و مێژوو ئایندەی خۆی، تەنانەت برێخت لە بینەرەکەی دەویست کە هەست بەوە بکەن کەئەوان لەناو هۆڵی شانۆدان، ئەوانەی لەبەردەمیان ئەکتەرن و لەسەر شانۆ ڕاوەستاون، بینەر دەبێ لە شانۆی داستانیدا وەک چاودێرێک وابێت نەوەکو تێکەڵی ڕووداوەکان ببێت و خۆی لە بیربچێتەوە.(هونەر پێویستە توانای ئەوەی هەبێت وێنەیەکی پراکتیکی ژیانمان بداتێ، چونکە واباوبووە کە هونەر بە لایەنی سۆزداری مەبەستەکانی بەدی دێنێت، بەڵام بەکارهێنانی نامۆبوون بۆلادانی ئەو کاریگەریە سۆزاویەیە) (برێخت:1980 :10).

برێخت پێیوایە گرنگی شانۆ لەوەدایە بەرهەمهێنەری وێنە زیندووەکان و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ناو خەڵکە، بۆئەوەی بتوانن چێژ وەربگرن، بەڵام ئەو ڕووداوە ڕاستەقینە و وێنانە بەومانایە نییە کە ئەوەی لەناو ژیاندا دەبینرێت وەکو خۆی بگوازرێتەوە سەر شانۆ، بەڵکو دەبێ هەڵوێست لەبەردەم ئەو حاڵەتانەدا وەربگیرێ و بە شێوازێکی عەقڵی ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتانە بووەستێتەوە، دەبێ بیر بکرێتەوە تا بە جۆرێکی تر کە لە ئاست شێوازێکی نامۆدابێت بۆ بینەر.

لەڕێی دیالیکتیکەوە بریخت کەشفی نهێنییەکانی مێژوودەکات، بەڵام وەک ئاماژەی پیدراوە مێژوو وەک خۆی نا ،بەڵکو بە مێژووکردنی مێژوو، واتا خوێندنەوەی ڕووداوێکی ڕابردوو لە ئێستادا. نامۆبوون وەک پەرچەکردارێک بۆ دووبارەبووەنەوە و هاتنی بارودۆخێکی سیاسی و مێژووی وەک خۆی بەکاردەهێنێت و بە مێژووکردنی ڕووداوی لێ دەنێ، بۆ نموونە گولەبارانکردنی چەند کەسێک لەسەر شانۆ نابێت حاڵەتێکی هەست و سۆزی لێوەربگیرێت، بەڵکو دەبێ بە شێوەیەکی مرۆڤانە رووبەڕووی ئەو ڕووداوە مێژووییە ببنەوە.(برێشت شانۆی وەک شێوازی "زانست" بەکارهێناوە، نەک لەپێناوی شانۆیەکی زانستیدا، بەڵکو کەی شانۆیەکی چێژبەخشی نوێ پێشکەشی مرۆڤ کرا، ئەوا بەکارهێنانی زانستە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە) (میتنسافی:2004 :96).

نامۆبوون بە مانای ڕاچەنینی هۆشیارییە بە ئێستا لەڕێگەی ڕابردووەوە، هۆشیاری مرۆڤە بە سەرجەم بارودۆخەکانی دەوروبەریەوە بە بوونی و سیستەمەکانی چواردەوری.

زاراوەی نامۆبوون لە بەهاری ١٩٣٥ دا پاش بینی نمایشی گرووپی ئەکتەر (می لان- ڤانج) هاتە ناو موفرەدەی کارکردنی (بریخت)ەوە ئەویش لەوتاری (کاریگەری نامۆبوون لە نواندنی چینی)دا بڵاوکردۆتەوە. (سکران:1999 :34). بریخت پێیوایە کە چینییەکان لە ڕابردوویەکی دووردا تەکنیکی نامۆبوونیان بەکارهێناوە ئەوانیش لە ڕەمز و دەمامک و زیادەڕەوی لە جووڵەدا و گۆڕینی دیکۆر لە کاتی نمایشدا و هەڵسوکەوتی ئەکتەر وەک ئەوەی کە دەزانێ بینەر چاودێری دەکات. بۆ نموونە بەکارهێنانی هەندێک وێنە کە لەناو خەڵکیدا بوونی هەیە، بەڵام ئەو وەک حاڵەتێکی (نامۆبوون) بەکاری دێنێتەوە کە وەرگرتنی وێنەیەک لە واقعەوە بە بۆچوونێکی ناسروشتی، بۆ نموونە بەکارهێنانی ئەو وێنانە پێویستی بە وێنەکێشی زیرەک هەیە کە بە جۆرێکی ناچاوەڕوانکراو بەکاری بهێنێ. بریخت لە شێوازی کارکردنیدا، کاتێک دیمەنێک پێشکەشدەکات لە دیمەنێکی تری شانۆییەکەدا دیالۆگێک یاخود جووڵەی ئەکتەرێک یاخود هەمان ڕووداوی دیمەنی پێشتر دووبارە دەکاتەوە، ئەم حاڵەتەش بۆئەوەی کە لای بریخت بینای درامی ئەرستۆیی نییە بەو مانایەی ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک دروستبن و

بینەریش حاڵەتێکی سۆزیی و دەروونی لەگەڵیدا دروستبکات. بەڵکو برێخت دەیەوێ بە بینەرەکەی بڵێ ئەمانەی هەموو ڕووداون و ئێوەش دەبێ هەڵوێستتان هەبێ لە ڕووداوەکاندا، (بەکارهێنانەوەی ئەو دووبارە بوونەوانە بۆئەوەیە کە بینەر هەمووکات سەرەتای شانۆکەی لەبیربێ تا کۆتایی، نایەوێت بینەر لەژێر کاریگەریی یەک ڕووداودا یاخود دیمەنێکدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەیەوێت بینەر لەسەر هەموو دیمەنەکان بڕیاربدات) (بریخت:1973 :170).هەندێ جاریش لەپێناو نامۆبوون دا ئەو حاڵەتانە پێشکەشدەکات ،بۆ نموونە کاتێک بینەر تێکەڵاوی دیمەنێک دەبێت دایدەبڕێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ دیمەنەکانی پێشتر، لەم کاتەدا بینەر هۆشیاری ئەوەی پێ دەبخشرێ کە نابێ پەیوەندییەکی سۆزداریی لەناو شانۆی برێختدا دروستبکات.

حاڵەتێکی تر لە شانۆی داستانییدا (گێڕانەوە)یە، کە زۆرجار ڕووداوەکان یاخود باسکردنی کێشەیەک یان ڕووداوێک لەسەر زمانی گێڕەرەوەیەک دەوترێ، هەندێجار خودی ئەو کەسەی کە تێکەڵی نواندنی دیمەنەکە بووە هەڵدەستێ بە گێڕانەوە، دیسانەوە برێخت بۆ بەئاگاهێنانەوەی بینەرەکەیەتی کە ئەو حاڵەتە دەکات، چونکە بە بڕوای ئەو شانۆ واقع نییە بەڵکو نواندنی واقیعە. ئەوەش کە دەبینرێت و دەبیسترێت کۆمەڵێ ئەکتەرن و لەڕێگەی ئەوانەوە ئەو ڕووداوانە دەگاتە بینەر. بۆیە زۆرجار ئەکتەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی بە بینەر دەناسێنێت، هەندێجار لە ڕێگەی (کۆرس)ەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ،کە زۆرجار وەک پێشبینییەک یاخود پێشهاتی ڕووداوەکە کۆرس ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، تا بینەر بتوانێ باشتر لە دیمەنەکە تێبگات و توانای بیرکردنەوەی زیاتری هەبێت. (دیمەنەکان بەشێوەیەکی نمونەی پێشکەش ناکرێن، بۆئەوەی بینەر لەباتی سۆزیان ڕەخنەیان بەکاربهێنن) (بینتلی:1986 :81).

هەروەها موزیک و گۆرانی سەرچاوەیەکی سەربەستن بەخۆیانەوە و لەگەڵ وشەکاندا هاوشێوە ناڕۆن، بەڵکو بە ئاڕاستەیەک دژدا دەڕۆن تاوەکو ببێتە هۆی دروستبوونی گفتوگۆکردن، لە هەندێک جاردا گێرەرەوەی ڕووداو گۆرانییەکە دەبڕێت و ڕووداوەکان

دەگێڕێتەوە، زۆرجار لە ڕێگەی کۆرسەوە گێڕەرەوە دەپچڕێنێت و زۆرجاری تریش گێڕەرەوە گۆرانییەکان دەپچڕێنێ، بریخت زۆر ئامڕازی بەکارهێناوە بۆ چەمکی (نامۆبوون) کە ئەوانیش زۆربەیان لە ڕێگەی هێڵی دەرهێنانەوە دەردەکەوێت.

**ب- کاریگەری جێست لەسەر نواندن**

جێست بەشێکی گرنگی نواندنە لای بریخت کە پڕە لە گوزارشت، ئەم گوزارشتە لە هەمانکاتدا پڕە لە دژایەتی و ئالۆزی، بەو واتایەی ڕێگە نایات تەنها بە وشەیەک باسبکرێت یاخود گوزارشتی لێبکرێ، (جێست بە بەلایەنی ئیمائی دەناسرێت، ئەوانیش وەک حاڵەتی جەستەی ئەکتەر و ڕێگای دەربڕینی دەنگیی و گوزارشتی دەموچاو) (هلتون:2000 :211). زۆرجار لەڕێگەی تەنها ئاماژەیەکەوە دەکرێت بچینە ناو چیرۆکێکەوە، ئەو چیرۆکانەش لێکدراوی کۆمەڵێ ڕووداوی (ئیمائین) و بۆ هەموو ڕووداوێک (ئیمائە) گرنگە، لە حاڵەتی کەسایەتییەکاندا لەکاتی کۆرس لەسەر شانۆدا ئامادەی دەبێت، پێویستە جوانی دەربخرێت بە جوڵەکان لە ڕێگەی بارودۆخی گونجاوی لەشی وەرزشی ئەکتەرەوە بۆ نمایشکردنی (ئیماء)، (کیر ئیلام) لە کتێبی (سیمیاء المسرح و الدراما)دا دەڵێ (شانۆی داستانی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە نواندنی ئەکتەردا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەکتەر هەڵگری ئاماژەی شانۆییە جەستەی ئەکتەر هەستی بینەر بۆناو نمایشەکە ڕادەکێشێ لە ڕێگەی ئاماژەکانەوە بە تایبەت لەلایەنی پەیوەندیی سمبوولی و لایەنی دووەمیش گرنگی ئامادەبوونی ماددی و کۆمەڵایەتییە) (ایلام:1992 :145).

جێست تەنها جوڵەی ئەکتەر ناگرێتەوە بەڵکو هەڵسوکەوت و پەرچەکردار و یارییە جەستەییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک حاڵەتی ئاڵۆز لەجوڵە و ووشە و هەڵوێست و موزیک، کە هەموو ئەمانە لەڕێگەی هەلسوکەوت و جوڵەوە کەشفدەکرێن. جێست جۆرێکە لە (وتەی کاریگەراوی) لە ناوچەیەکی کۆمەڵایەتیدا بڵاودەبێتەوە و هەموو کەسێک دەگرێتەوە، بەو مانایەی جێست دەتوانێ کاریگەری لەسەر سەرجەم ڕووداوەکاندا هەبێت کە لە ڕێگەی جووڵەکانی ئەکتەرەو بۆ ناوچەکانی تری ڕووداو بڵاودەبێتەوە. ئەم تەکنیکە جۆرێکە لە

تایبەتمەندییەکانی شانۆی داستانی، برێخت دەیەوێ شانۆکەی دووربخاتەوە لە شانۆی تەقلیدی و (نا ئەرستۆ)ییانە کاربکات.

جێست ئاماژەی جووڵەی دالە، وێنەیەکی بچووکی ڕووداوە لە شانۆییدا. جێست بەکاردێت بۆ کردارێکی جووڵەی ئیمائی و ئاماژەیی، بۆ کەم بەکارهێنانی زمان. (بیرۆکەی جێست وەکو بیرۆکەی یەکگرتوویی یان تەواوکردنی سەرچاوەی تەعبیر وایە کە دەستنیشانی جووڵە و مانی گوزارشت دەکات تاکو زیادەڕەوی تێدا بەکار نەهێنرێت) (هلتون:2000 :109).

**ج- شێوازی دەرهێنان لای برتۆلد برێخت**

برێخت سەرجەم تیۆرەکەی بۆ ئەوە بوو کە چۆن واز لە شانۆی تەقلیدی بهێنێت و شانۆیەکی جیاوازتر بۆخۆی دروستبکات، سەرجەم دەرخستنی ئەو جیاوازییەش لە کتێبی (تیۆری شانۆی داستانی)دا دابینرێت هەوڵیشی داوە ئەو گۆڕانە لەناو نمایش و لای بینەریش دروستبکات چونکە بە بڕوای ئەو بینەر تەواوکەرێکی گەورەی نمایشەکانییەتی، چونکە بینەر تەنها بیسەر و بینەر نییە بەڵکو بەشداربوویەکی هۆشیاری نمایشە، (بینەر لە شانۆی داستانیدا زیاتر ڕەخنەگر و هاو هەڵوێستە وەک ئەوەی لەژێر کاریگەری سیحری نمایشدا بەبێ دەنگی دابنیشێ، بینەر لە شانۆی داستانیدا بینەرێکی هۆشیارە و دەبێت هەست بە هۆڵەکە بکات و هەست بەوە بکات ئەوانەی لەسەر شانۆکەن ئەکتەرن) (میتر&شفتسووا:1391 :108). بینەر دەبێت هەمیشە چاوەکانیان کراوەبێت، تاوەکو چاودێری شانۆییەکە بکەن نەوەک تێکەڵاوی ڕووداوەکان بن.

ئاشکرایە کە برێخت لەسەرەتادا کاریگەریی (ماکس ڕاینهارت) و (ئەروین بسکاتۆر)ی بەسەرەوە بووە لە بەشداریکردنی بینەر لە شانۆداو شکاندنی دیواری چوارەم لەبەردەم بینەر و تەختەی شانۆدا، هەروەها بەکارهێنانی سینەما کە (بسکاتۆر)بەکاری هێناوە، شکاندنی دیواری چوارەم بەو مانایەیە کە پەیوەندییەکی گفتوگۆی لەگەڵ بینەردا دروستبێت، ئەو وەهمەی لەبەردەم بینەردا تێکشکاند بۆئەوەی شانۆ و ڕووداوەکان جیهانێکی

سەرسوڕهێنەریان هەبێت بۆ بینەر. شانۆی داستانی دەیویست لەسەر حەقیقەتێک قسەبکات کە ئەو حەقیقەتە شتێکی ڕەها نییە بەڵکو سەرجەم ڕووداو و چیرۆکەکان پێویستی بە گفتوگۆ هەیە لەگەڵ یەکتردا، بینەر کاتێک دەچووە ناو هۆڵی شانۆییەکانی برێختەوە دەیبینی پەردەکە تا نیوە هەڵدراوەتەوە، چونکە نەیدەویست سەرتەختەی شانۆ لەبینەر بشارێتەوە، دەیویست ئەوە بە بینەر بڵێ کە نمایشی شانۆیی سیحر نییە بەڵکو نواندە، بۆیە دەکرێ بینەریش بەشداربن لە بڕیارەکاندا.

(لە یەکێک لە نمایشەکانیدا برێخت بەهۆی خراپی باری ئابووری گرووپەکەیەوە، لە یەکێک لە ئەزموونەکانیدا، ئەکتەرەکانی بە جلوبەرگی ئاسایی خۆیانەوە نمایشیانکرد و لەناو شانۆیەکی بێ تەکنیک و بێ هیچ دیکۆرێک نمایشی کرد) (حمادة:1992 :57). دەبینین کە هەر لەسەرەتای کارکردنەوە بینەر لە وەهمی شانۆی واقعی دورخستۆتەوە و شانۆیەکی نوێی دامەزراندووە، هێڵی ئەم شانۆییەی برێخت تا ئەم سەردەمەی ئێستامان کاریگەریی هەیە.

لای برێخت سەرچاوە نا ئەدەبییەکان، وەکو میوزیک و دیکۆر پەیوەندییەکی سەربەخۆیان هەیە بە نمایشەوە، لای دانەرانی موزیک و دیکۆر ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا هەبووە لەگەڵ دەرهێنەر، چونکە دیکۆرست نەدەبوو هەمان حاڵەتی واقع دروستبکات لە دیکۆرەکەیدا. بینەر کاتێک دیکۆریان دەبینین لە شانۆکەی برێختدا نەیاندەتوانی بڕیاری ئەوە بدەن کە ئایە ئەو دیکۆرە ڕووبەڕووی چی حاڵەتێکی واقعیان دەکاتەوە، چونکە دەبوو هەوڵی سەرجەم بەشداربووان بۆ ئەوەبێ کە چۆن واقیع تێک دەشکێنن و بەجۆرێکی نوێتر نمایشی دەکەنەوە. هەروەها (موزیک لەنێو نمایشدا بە ئاڕاستەی وشەدا کارناکات بەڵکو دژایەتی لەنێوان یەکەکاندا دەدۆزێتەوە، پاشان گۆرانیبێژی ناسراو گۆرانی ناڵێن بەڵکو ئەکتەرەکان خۆیان گۆرانی دەڵێن، لەکاتی گۆرانییەکاندا ئەکتەرەکان زۆرجاو ڕۆڵەکانیان دەگۆڕن) (برێخت:1973: 210).

یەکێک لە سەرچاوە کۆنەکان بەلای برێختەوە بەکارهێنانی گۆرانییە لە نمایشدا زۆرجار لەپێناو جەخت کردنە سەر گۆرانی و سروودەکان جووڵە لەسەر شانۆکە دەوەستێ، گۆرانی و سروود یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی برێخت بە تایبەت گۆرانی وتن، لەنێو نمایشەکانیدا دەبێت میوزیکژەنەکان ئامادەییان هەبێ لەسەر شانۆ، چونکە بە بڕوای برێخت (نابێت هیچ شتێک لە بینەر بشاردرێتەوە، بەڵکو هەموو شتەکان ئاشکرا و دیاربن. شیعار نووسین لەسەر پەردەو پیشاندانی هەندێ ناونیشان لەسەر پەردەکە بۆ ڕوونکردنەوەی شانۆییەکە) ((آوین:1981 : 211). لە شێوازی کاری دەرهێنانیدا برێختدا هەندێک تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، یەکێکک لەو شێوازانە نووسین بووە لەسەر پەردە، یان خۆپیشاندان لەڕێگەی سلایدەوە، یان لەسەر پارچەیەک تەختە یان موقەبا هەندێجار شیعارێکی تایبەتی دەنووسی، یاخود ناوی یەکێک لە دیمەنەکانی دەنا، ئەم حاڵەتەش بۆ ئەوەبوو کە بینەر دیمەنەکانی زیاتر بۆ ئاشکرابێت و خۆی بۆ ئامادەبکات بۆ هاتنی ئەو دیمەنەی کەڕوو دەدەن، تاوەکو بزانێ هەڵوێست یاخود ڕەخنە لەچی دەگرێت.

یەکێک لە گۆڕانکاریەکانی هێلی دەرهێنانی ڕووناکیە، لەناو شانۆکەی برێختدا کاری ڕووناکی فەرمانێکی تەواو جیاوازی لەخۆگرتووە چونکە ڕووناکی کارناکاتە سەر هەست و دەروونی بینەران، بۆ نمونە، ڕووناکی لە دیمەنێکی شەودا هەر ڕووناکییەکی بەتین و گشتی بووە، ئەویش بۆئەوەی بینەر تێکەڵاوییەکی دەرونی لەگەڵ دیمەنەکاندا دروستنەکەن و هەرەوەها بۆ ئاشکراکردنی سەرتەختەی شانۆ بووە.

لێکدانەوە و نمایشکردنی چیرۆک لە ڕێگەی شێوازی نامۆبوونەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کاری سەرەکی شانۆی داستانی، (نمایشکردنی چیرۆک یەکێکە لە ڕێگرەکانی بەردەم ئەکتەر و دیکۆریست کە هەندێ جار دەبێ پەیوەست بن بە گەیاندنی چیرۆکەوە، بەڵام زۆرجار ئەکتەر بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر پێچ و پەنا ئینجا دەگاتە گەیاندنی چیرۆکەکە) (بریخت:1973 :140).

برێخت پێی وایە کە شانۆ کارێکی هاوبەشە لەنێوان سەرجەم بەشداربووواندا، چونکە زۆرجار ئەو دەقەی کە نمایش دەکرێت ئەوە نەبوو کە برێخت پێشتر نووسیویەتی، بەڵکو تا گەیشتن بە نمایش گۆڕانی زۆر بەسەر دەقەکەیدا دەهات، پێیوابوو کە ئەوەی لەسەر شانۆ نمایشدەکرێ ئەوە حەقیقەتە، حەقیقەتیش لەبەردەم ئاشکرابووندایە، لای برێخت هونەر پێچەوانەی ژیانە، کردارێکە لە ئاوێنەیەکەوە بەجۆرێکی جیاوازتر دەبینرێت، هونەر دوور نیە لە واقعەوەئەگەر هەڵسا بە گۆڕان بەسەر ئەو واقعەدا. بۆیە پێویستە شانۆ شتی نوێ بدۆزێتەوە لە واقعدا کەشفی واقع بکات بەجۆرێکی تر، کارێکی فێرکاری بێت بۆ کۆمەڵگە. جەختکردنی برێخت لەسەر جوانی کە بەبڕوای ئەو دەبێت سەرجەم شتەکان جوانیان تێدابێت ئەگەر هاتوو لەناو ژوورێکی هەژاریشدابێت، ئەبێت سەرجەم جووڵە و دیمەنەکان بە جوانترین شێوە نمایشبکرێت بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدرێت زیادەڕوی تێدابکرێت.

**ج- شێوازی نواندن لەشانۆی داستانیدا**

وێنە لەلای برێخت ڕوونکردنەوەیەکی درێژی مرۆڤە، بەشێکی ئەم وێنانە لەکاتی دژایەتیەکاندا دروستدەبێت. ئەم وێنانە وەرگرتنێکی ئاماژە سەرەتاییەکانە بۆ جووڵەکان و ڕێگەی نواندن بۆ بەرهەمهێنانی، ئەم وێنانە پشت دەبەستێ بە (نامۆبوون)ەوە، (پەیوەندی ئەکتەر بەبینەرەوە دەبێت پەیوەندیەکی  سەربەست و راستەوخۆبێت، هونەری نواندن، کە پاش بەنسی ئەو ئامانجەیە بەستراوەتەوە بەکۆمەڵێک رووداوی ئاڵۆزەوە، نەک تەنیا کۆمەڵێ شێوەی دیاری کراو) (برێخت:1980 :40-43).

بۆ ئەم حاڵەتەش ئەکتەری شانۆی برێخت دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکات:

- ئەکتەردەبێت سۆزی کەسایەتی لەناوخۆیدا نەهێڵێت.
- دەبێت ڕەتی کردارەکانی کەسایەتی بکاتەوە و هەڵوێستەکانی لەسەر ئاستێکی هۆشیاری بێت.

- ئەکتەر دەبێت بینەر بخاتە دەرەوەی کاریگەریی سحری (ڤاگنەر)و وەهمەکانی (ئەرستۆتالیس).
- ئەکتەر دەبێت لە ڕێگەی نواندنییەوە وا لە بینەر بکات بەتاڵ بێتەوە لە سۆز.

ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا ڕووداوێک پێویستی بە سۆزی بینەر کرد ئەوا دەبێ ئەکتەر بگاتە بەدەستهێنانی ئەو سۆزەی بینەر و بەمەرجێک بینەرەکەی ماسولککای لە حاڵەتێکی پشووداندا بێت و دووری بخاتەوە لە هەڵچوونی دەروونی.

برێخت هەمووکات داوا لە ئەکتەرەکانی دەکات کە بە شێوەیەکی ناوخۆیی نواندن بکەن. ئەکتەرهەست و سۆزیان بەرەو گوزارشتکردن و دەربڕین بەرن چونکە ئەوکاتە بینەر دەتوانێت مانا زیاتر بۆخۆی بەدەستبهێنێ لەڕووی جەستە و دەنگیشەوە کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نواندن دەکەن.

لە شانۆی داستانی دا پێویستە ئەکتەر پارێزگاری لەسەربەخۆیی کەسایەتییەکەی بکات و ڕێگر بێ لەبەردەم تێکەڵاوبوونی سۆز و دەروونی بینەر بە ڕووداوەکانەوە.

ئەکتەر دەبێت ڕێگربێ لەبەردەم خۆیدا بۆ تێکەڵاو نەبوونی بە کەسایەتییەکەی کە ڕۆڵی تێدا دەبینێت.

لە شانۆی داستانیدا لە ئەکتەر داواناکرێ بچێتە ناو کەسایەتییەکەوە و تێکەڵاوی هەست و سۆزی کەسایەتییەکە ببێت بەڵکو دەبێت هەڵسێ بە بینینی ڕۆڵی کەسایەتییەکە .

ئەکتەر نابێت هەوڵی ئەوە بدات کە لەنێو کەسایەتییەکەدا بتوێتەوە بەڵکو دەبێ نمایشی کەسایەتیەکە بکات.

ئەکتەر دەبێت ڕۆڵەکەی ئاشکرابکات لە پشتی کەسایەتییەکەیەوە، بۆ نموونە وەک ئەوەی کەسێک لەناو ژیانی واقعیعدا هەڵسێ بە گێڕانەوەی شەڕێک و نواندنی حاڵەتەکەی تێدا دەکات.

ئەکتەر دەبێت دووربکەوێتەوە لە بەرجەستەکردنی کەسایەتی، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەکتەر تەواو سادەبێت لەگەڵ خۆیدا لە نواندندا، بەڵکو لەبری ئەوەی هەستی کەسایەتییەکە

بکات دەبێت بەرجەستەی کەسایەتیەکە بکات. چونکە ئەکتەر هەستی خۆی پێشکەش دەکات. کاتێک ئەکتەر خۆی دادەبڕێ لە کەسایەتییەکە بەو مانایە نییە کە لە نواندن وازبهێنێ بەڵکو پشوویەک دەدا بە بینەر بۆئەوەی بڕیاری خۆیان ی تێدا بدەن. برێخت پێیوایە کە (زۆرجار لەکاتی پڕۆڤەکردندا ئەکتەرەکان دەگەنە حاڵەتی (تقمص)ی کەسایەتییەکە، بەڵام بەهۆی پڕۆڤەکردنەوە پێیوایە ئەو حاڵەتە ئەکتەرەکان دووردەخاتەوە ،بە تایبەت کاتێک بە ئەکتەر دەڵێ دەبێ هەمیشە وەک چاودێرێک وابیت بەسەر ڕووداوەکان و بینەرەوە) (بریخت:1973: 264).

وەرگرتنی هەڵوێستی خەڵکی بەجۆری جیاواز لە واقع و لە کاتی بەرجەستەکردنیدا دژایەتی دروست دەکات، مامەڵەکردنی ئەکتەر بەو مانایە نییە کە دەبێ وابەستەی هەست و سۆزی کەسایەتی ناو دەق و کاریگەری دیالۆگ و دیمەنەکان بێت، بەڵکو دەبێت سەرجەم ئەکتەرەکان بە یەکەوە لێکۆڵینەوە لە کەسایەتییەکانیان و ئەکتەرەکانی بەرامبەریان بکەن. چونکە سەرجەم ئەکتەرەکان قورسایی و بوونیان لەناو نمایشدا وەکو یەکە. بۆ نموونە، چۆن لە واقعدا مرۆڤێک لەڕێگەی مرۆڤێکی ترەوە ڕووداوێک دروستدەکات بەوجۆرەش لەسەر شانۆ ئەکتەری پاڵەوان و سەرەکی وەکو ئەستێرە سەیر ناکرێن، بەڵکو هیچ جیاوازییەک نییە لەگەڵ ئەو ئەکتەرەی بچووکترین ڕۆڵی هەیە.(ئەگەر ئەکتەرێک ویستی دیمەنێکی ترسناک پیشانی خەڵکەکە بدات، چاکتر وایە ئەو پیشاندانە بەجۆرێک بیت کەخۆی زاڵبێت بەسەر ئەو ترسەدا) (برێخت:1980 :43). ئەکتەر لەشانۆ برێختدا زۆرجار لەکاتی پڕۆڤەدا ڕۆڵەکانیان دەگۆڕنەوە، هەوڵ ئەدەن حاڵەتی دژ لەنواندندا بدۆزنەوە بۆ نموونە دیمەنێکی کۆمیدی بە شێوازێکی تراژیدی بە حاڵەتێک کۆمیدی باش دەکەن. بۆیە دەبینین ئەکتەر فۆڕمێکی نوێ بۆخۆی دەدۆزێتەوە، چونکە ئەکتەر هەمیشە هەوڵی (نامۆبوون) دەدات، لە شانۆی داستانیدا بۆ گەیشتن بە نامۆبوون ئەکتەر پێویستی بە سێ ڕێگای سەرەکی هەیە:

**یەکەم :-** گواستنەوەی ڕۆڵەکەی بۆ کەسی سێهەم

**دووەم :-** گواستنەوە بۆ ڕابردوو، یاخود بەخشینی هەستی ڕابردوو بۆ نمایشکردنی ڕووداوەکان.

**سێهەم :-** پەیوەندی ئاڕاستەکراوی نواندن و قسەکردنی لەسەر دیالۆگ.

## 2.2 لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

پاش ئەوەی توێژەر گەڕان و پشکنینی کردوە لە توێژینەوەکانی پێشووتردا دەربارەی دۆخی دەرهینانی شانۆی، بۆ بابەتی وتنەوەی دەرهێنانی شانۆیی و دەرهێنانی هاوچەرخی شانۆیی، کاریگەریەکانی لەسەر ڕەوتی دەرهێنانی شانۆی هاوچەرخ، چەندین توێژینەوە لەبەردەستان بوون کەتوانراوە توێژەر سودیان لێببینێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ناوەندی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەدونیادا بەم شێوازەی کوردستان بونی نییە، نەتوانراوە هیچ

توێژینەوەیەکی پێشووتر سەبارەت بەم بابەتە دەست بخرێت، بەڵکو ئەوەی ئێستا لەدونیادا هەیە سەبارەت بەبەشی شانۆ یان سەر بە کۆلیژی هونەرەجوانەکانە یان سەر بە پەیمانگەی هونەری باڵایە، کەهەردوو ناوەندەکەش سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵان نەوەک وەزارەتی پەروەردە.

ئەمانەی لای خوارەوە کە ئاماژەی پێدراوە بەشێکن لەو توێژینەوانەی پێشوو کە توێژەر سودی لێبینیون، وەک شێوازەکانی دەرهێنان و دەرهێنانی نوێ و هاوچەرخ.

### 1.2.2 لێکۆڵینەوەی (علي:2005)

(تێکەڵ بوونی ئاراستەکانی دەرهێنان لە خستنەرووی شانۆی عێراقیدا)

لە ئەنجامی کاریگەری دەرهێنەرەکان بە یەکتری و سوود وەرگرتن لە ئەزمونی ئەوانی دیکە ئاراستەکانی دەرهێنان لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بوون، پاشان پەرەیان پێداوەو بۆیان زیاد کردوە بەتاییەتی دوای دوو ئاراستە سەرەکیەکە لە شانۆدا، میتۆدی نستانسلافسکی و بریخت.

ئاکامی ئەم دوو ئاراستەیە شێوەو ئاراستەی زۆری لێکەوتەوە، پاشان بیردۆزەی بۆ پەیدا بوو، کارەکانی بە شێوەیەک شرۆڤە دەکرد کە ئاراستەیەکی دیکەی بۆ ئاراستە بنەڕەتیەکان زیاد کرد لە نمونەی شانۆی هەژار، شانۆی پیرۆز، شانۆی توندوتیژی، شانۆی سروت ئامێز. ئەمەش شتێکی سروشتی بوو خوێندنەوەی دەرهێنەری عێراقی روونتر بکاتەوە کە بریتیە لە تێکەڵکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ خاڵە هونەری و فیکریەکانی ئەم ئاراستانە، لێرەوە توێژنەوەکە دەچێتە سەر خوێندنەوەی خستنە رووی شانۆی عێراقی لە نێو چەمکی فرەیی و تێکەڵ بوونی ئاراستەکانی دەرهێناندا لە چوارچێوەی بنەمای یەکجۆری و جۆراوجۆری. لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژنەوەکەدا لە ناساندنی میکانیزمەکانی تاکو کۆی ئاراستەکانی دەرهێنان لە خستنەرووی یەک شانۆیدا، دوای خستنە رووی گرفتەکانی توێژنەوەکەو پێداویستیەکانی و گرنگێتی و سنورەکەی لەبەشی یەکەمدا.

بەشی دووەم لە چوار تەوەر پێک دێت، تەوەری یەکەم بنەما زانین و فەلسەفیەکانی چەمکی تێکەڵ بوون روون کراوتەوە، تەوەری دووەم باس لە هۆکارە کاریگەرەکان دەکات لەسەر تێکەڵ بوونی ئاراستەکان، تەوەری سێیەم ئاماژە بۆ میکانیزمەکانی ئاراستەکانی دەرهێنان دەکات، هەرچی تەوەری چوارەمە دەچێتە نێو رووبەری کاری جوانی و ئاسۆ فەلسەفیەکان بۆ تێکەڵ بوونی ئاراستەکانی دەرهێنان، توێژینەوەکە هەوڵدانێکی میتۆدیە لە دیاریکردنی جومگە رێکاریەکان کە بەشی سێیەم لەخۆی دەگرێت، بە شێوەیەک توێژەر توێژنەوەکەی کۆکردۆتەوەو نمونەکەی هەلبژاردوە کە خۆی لەچەند دەرهێنانێکدا دەبینێتەوە ئەوانیش (عطيل في المطبخ) و (مكبث) و (انسوا هيروسترارت) و (اشباح)، ئەمەش بەگوێرەی چوارچێوە بیردۆزیەکەی شرۆڤە کراوە.

بەشی چوارەم ئەنجام و گفتوگۆ لەخۆ دەگرێت ،دەربارەی پۆلێن کردنی تێکەڵ بوونی دیدگاکانی دەرهینانە لەخستنەڕووی شانۆی عێراقی سەرچاوەکانیدا و تێکەڵ بوونی ئاراستە جیهانیەکانی شانۆ (علي:2005:جامعة بغداد)

## 2.2.2 لێکۆڵینەوەی (حاجی قاسمی:2012)

(شانۆی زانکۆیی لە ئێران، سەرهەڵدان، گۆڕانکارییەکان، خاڵی وەرچەرخان؛دەرهێنانی شانۆیی من خەونەکانم لەسەر مانگ دەکەم بەژێر خاکەوە).

سەرهەڵدانی شانۆ لە ئێران پەیوەندییەکی قووڵی بە دامەزراوە فێرکارییە نوێکانەوە هەیە، ئەم پەیوەندییە لەنێوان شانۆ و دامەزراوە فێرکارییەکان بەهۆی گۆڕانکارییە بەرفراوانەکانەوە دواجار کۆلێژە شانۆییەکانی لێکەوتەوە. لەو روانگەیەوە کە خوێندنی شانۆ بەشیوەی ئاکادیمی و زانستی لە ئێران تا پێش دەرکەوتنی دامەزراوە فێرکارییەکان کەمتر ئەنجام دراوە، لەگەڵ دامەزراندنی ئەم کۆلێژانە دەتوانین کاریگەریی شانۆی ئاکادیمی لەسەر شانۆی پیشەگەرانەی ئێران ببینین. کۆلێژەکانی شانۆ ساڵانە ژمارەیکی زۆر لە دەرچووەکانی رەوانەی بازاڕەکانی کار و چالاکییە نمایشییەکان دەکات، لەسەر بنەمای ئامار دیاریکراوە کە ئەم دەرچووانەی شانۆ لەهەر قۆناغێکدا بەشێکی سەرەکی شانۆی

پیشەگەرانەی ئێرانیان پێکهێناوە و بەردەوام گەشە و پەرەسەندنی شانۆی ئێران دەرهاویشتەی چالاکی و هەوڵەکانیان بووە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی؛ بە سەرنجدان لە کاریگەریی زۆری شانۆی ئاکادیمی لەسەر شانۆی پیشەگەرانەی ئێران، سەرەتا ریشەکانی سەرهەڵدانی شانۆی زانکۆیی لە ئێران لە چوارجیوەی دامەزراوە فێرکارییە نوێکان بخاتە بەر باس و لێکدانەوە و پاشان گۆڕانکارییەکانی بە سەرنجدان لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و فەرهەنی ئێران دەرببڕێت و بڕی کاریگەریی شانۆی ئاکادیمی لەسەر جەستەی شانۆی پیشەگەرانەی ئێران کونجکۆڵ بکات (حاجی قاسمی:2012:دانشکده هنر).

## 3.2.2 لێکۆڵینەوەی (حسنی پور:2012)

(لێکدانەوەی شیوازەکانی دەرهێنان لە شانۆی پۆست مۆدێرن و کاریگەریی سینۆگرافیا جیاوازەکان لەسەر شانۆی هاوچەرخ)

هەوڵدراوە لەم توێژینەوەیەدا بە پێناسەکردنی گشتگیری مێژووی پۆست مۆدێرن، خوێنەر لەتەک چۆنیەتی پەیدابوون و پێکهاتنی ئەم ریبازە ئاشان بکرێت. لە درێژەی بابەتەکەشدا پۆست مۆدێرن پێناسە کراوەو بە لێکدانەوەی بۆچوونی تیۆرناسەکانی ئەم ریبازە پێناسەی وردەکاریەکان بکات. بەڵام لەو سۆنگەیەوە کە بابەتی ئەم توێژینەوەیە، شانۆ و دەرهێنانی پۆست مۆدێرنە لە بەشە پەیوەستەکانیدا دەکەوێتە لێکۆڵینەوە لە شانۆی پۆست مۆدێرن، بەتایبەت دەرهێنان و کاریگەریی سینۆگرافیا لەسەر دەرهێنان لەم ریبازەدا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە کاریگەریی ئەم جۆرە شانۆیە لەسەر وەرگری هاوچەرخە.

ئایا شانۆی پۆست مۆدێرن دەتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی وەرگری ئەمڕۆژیی بێت؟ یان ئەوەتا جۆری تێڕوانینی بۆ بینەر لەم ریبازە شانۆییەدا چۆنە؟ هەروەها بەرامبەر بە جۆرەکانیتری ریبازە شانۆییەکان چ کاریگەرییەکی جیاوازی لەسەر بینەر دەبێت؟ کە ئەم ئامانجە بەپێی شێوازی نمایشی هاوکات و هاوسەردەمی روداوە شانۆییەکان و هاوسان بوونی رێکەوتەکان ئەنجامدراوە. ئەم توێژینەوەیە لەسەر شیوازە قوتابخانەییەکە ئەنجامدراوە و هەوڵدراوە سوود لەو ئەزموونانە وەربگیرێت کە چ بەشێوەی نووسراو و چ

له قاڵبی فیلم لەم زەمینە پێشکەش کراون.. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین نمایشی شانۆی پۆست مۆدێرن لە کۆمەڵە سونەتییەکان رووبەڕووی هەندێ گیروگرفت دەبێتەوە کە لە ئەنجامدا نمایشکردنی شانۆیی بۆ هونەرمەندان ئاستەم و زۆرجار مەحاڵ دەکات (حسنی پور:2012:دانشکده هنر).

## 4.2.2 لێکۆڵینەوەی (محمدی:2018)

(لێکۆڵینەوەی پراکتیکی تیۆرییە نمایشییەکانی گرۆتۆڤسکی و یۆجینیۆ باربا، بە جەختکردنەوە لەسەر چۆنیەتی کاریگەری وەرگرتن لە شانۆی رۆژهەڵات).

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم رووبەڕووی کۆمەڵێک دەرهێنەر و تیۆرناسی نوێ دەبینەوە، کە تیۆرە بنەڕەتییەکانی شانۆ لە چەشنی دەرهێنان، نواندن، دەق، بینەر، کەش، شوێنی نمایش و دیزاینی دیمەنیان جارێکیتر پێناسە کردۆتەوە و بەپێی تیۆرە بونیادشکێنەرانەی خۆیان، رێڕەوی شانۆی جیهانیان بەرەو شانۆی ئەزموونی و پێشرەو گۆڕیوە. یەرژی گرۆتۆڤسکی (1933–1999) تیۆرزان و دەرهێنەری پۆڵەندی و یۆجینۆ باربای (1936) دەرهێنەری ئیتاڵی لەو هونەرمەندانەن. ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییانە دەداتەوە کە ئایا تیۆرە نمایشی و شێوازەکانی دەرهێنانی گرۆتۆڤسکی و باربا تا چەند لەیەک دەچن و جیاوازییەکانیان کامانەن؟ ئەم دوو هونەرمەندە چۆن لەژێر کاریگەریی شانۆی رۆژهەڵات ئەزمونە نمایشییەکانیان پێشکەش کردووە؟. لەم میانەیەدا توێژەر بە گروپ بەند کردن و راڤەی ئاراستە نمایشییەکانی گرۆتۆڤسکی بۆ دەرهێنانی نمایش، بۆچوونەکانی سەبارەت بە شانۆی تاقیگەیی، شانۆی هەژار، شانۆی بینراو و میتا شانۆ دەخاتە بەر لێکدانەوە. هەروەها شێوەی بەکەوتنی ئەم دەرهێنەر لەتەک شانۆی رۆژهەڵات دەخرێتە بەر سەرنج. لەلایەکیتریشەوە دیدگاکانی یۆجینۆ باربا لە زەمینەی مرۆڤ ناسی شانۆ و چالاکییەکانی ئەم دەرهێنەرە لە شانۆی ئۆدین، ریزبەند و شرۆڤە دەکرێت. باربا لەو دەرهێنەرانەیە کە هاوکاری شانۆی تاقیگەیی گرۆتۆڤسکی کردووە و

لەگەڵیدا سەفەری بۆ هیندستانیش کردووە. گرۆتۆڤسکی و باربا سوودیان لە کلتوور و نەریت، تەکینک و جۆرە نمایشییەکانی شانۆی رۆژهەڵات وەرگرتووە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی دەتوانین بە کونجکۆڵکردنی شێوەی سودوەرگرتنی هەر یەک لەم دەرهێنەرانە لە شانۆی رۆژهەڵات، گۆشە نیگای نوێتر بۆ دیدگا و تەکنیکەکانیان بناسێنێت. لایەنی نادیاری توێژینەوەکە بریتییە لەوەی هەریەک لە گرۆتۆڤسکی و باربا گرنگییان بە کام لەو لایەنانەی شانۆکانی رۆژهەڵات داوە، و کام لێکچوون و جیاوازییانە لەناو دیدگاکانیاندا سەبارەت بە شانۆی رۆژهەڵات دەبینینەوە (محمدی:2018:دانشگاه هنر).

### 5.2.2 لێکۆڵینەوەی (محمد:2020)

(سۆسیۆلۆژیای نمایشیی لە شانۆگەری پێشرەوان و ئەزمونی گەنجانی هاوچەرخ)

پێشرەوانی شانۆیی عێراقی گرنگیەکی بەرچاو لە بەرهەم هێنانی خستنەڕووی شانۆ پێک دەهێنن، کە پەیوەندی بە گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، ئەمەش جۆرێک لە دەرهێنان دەسەپێنێ کە دەبێتە هۆکارێک بۆ بەشداری و پشتیوانی کردن لە جێگیرکردنی بنەماکانی سۆسیۆلۆژیای شانۆیی عێراقی، بەوەی ئەم خستنەرووانە لە خستنە رووی کلاسیکی واقیعی نزیک دەبنەوە و هەندێکیان بە سیمبولی سادە داپۆشراون.

پێدەچێ ئەمە ئەو سیفات و خەسڵەتانەی پێ ببەخشێ کە دەتوانێ بە ئاماژەکان جۆری خستنەرووی شانۆگەری و داڕشتنەکانی پێشکەوتنی دەرهێنان دیاری و سنودار بکات، بەگوێرەی شێوازی پەیڕەو کراو بۆ هەر دەرهێنەرێکی شانۆیی کە رواڵەتێکی روون لە رەفتارکردن لەگەڵ زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی عێراقی و رەنگدانەوەی لەسەر دەق و خستنەروو پێک دەهێنێ.

دیارە شانۆی عێراقی ژمارەیەکی زۆر لەم کارانەی پێشکەش کردوە لە نمونەی (الطوفان و الجومة- وانا امک یا شاکر- والنخلة والجبران- والمتنبي) و زۆر کاری دیکەش، ئەمەش لە میانی رووداني درامی و بنیادنانی کەسایەتیەکان روون دەبێتەوە تاوەکو بوەتە ناوێکی

روون له خستنەرووی شانۆی عێراقیدا. بەگوێرەی ئەوەی خرایە روو، جوڵەی گەنجەکان له بواری شانۆدا ئەم ئاراستەی دەرهێنانە و دەقە لۆکاڵیانەی بەناوی واقیعیەت جێهێشت بۆ خستنەرووی سەپاندنی شێوازی هاوچەرخ یاخود تازەگەری له چارەسەرکردنی سۆسیۆلۆژیای کۆمەلگەی عێراقی، کاتێک له داڕشتنی شانۆی نوێدا قسە لەگەڵ واقیعی نوێ دەکرێ و هەندێکیشیان نمونەی میللی وەردەگرن لەهەندێ له رستەکاندا ئەویش له میانی هەندێ ووشەی میللی که دووپاتی ئامادەیی لایەنی سۆسییۆلۆژی له خستنەرووی شانۆیدا دەکات، هەربۆیە دەبینین دوو جیاوازی روون هەیە له نێوان جولانەوەی شانۆی پێشرەوان و نەوەی گەنجانی نوێدا، لەبەرئەوەی توێژەر ناونیشانەکەی بەم شێوەیە داڕشتوە (سوسیولوجية العرض لمسرح الرواد وتجارب الشباب المعاصر).

توێژەر رێرەوە زانستیەکانی له چوارچێوەی میتۆدی لێکۆڵینەوە دیاری کردوە، و کێشەی و پێداویستیەکانی توێژینەوەکەی خستۆتە روو، و بەم پرسیارە دەستی پێکردوە: (سۆسیۆلۆژیای نمایشیی له شانۆگەری پێشرەوان و ئەزمونی گەنجانی هاوچەرخدا چییە؟) . گرنگی و ئامانجی توێژینەوە بریتیە له ( زانینی سوسیۆلوژیای خستنەرووی شانۆی پێشرەوان و ئەزمونی گەنجانی هاوچەرخ ). سنوری کات و شوێن و بابەتی و پێناسەی زاراوەکانی سوسیولۆژیا، چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دوو تەوەر له خۆ دەگرێت.

تەوەری یەکەم: خەسڵەتەکانی سۆسیۆلۆژیای خستنەروو له شانۆیی پێشرەوان .

تەوەری دووەم: رەنگدانەوەی شێوەی سۆسیۆلۆژیا له ئەزمونی شانۆی گەنجان. هەروەها چوارچێوەی ریکاریی کۆی توێژینەوەکەو میتۆدو کەرەستەکانی لەخۆ دەگرێت، سەرەرای وەگرتنی نمونەو شرۆڤەکردنی، وەرگرتنی نمونەکانی توێژینەوەکە،کە ئەم خستنەروانە دەگرێتەوە-:

1- مسرحية في اعالي الحب، تأليف :فلاح شاكر، اخراج : فاضل خليل

2- مسرحية بوابة رقم 7، تأليف : عواطف نعيم، اخراج : سنان العزاو

3- بەئەنجام و گفتوگۆگان و لیستی سەرچاوەکان؛ توێژینەوەکە کۆتایی هاتووە (محمد:2020:مجلة الاكاديمي)

## 3.2 بەراوردکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

لەکاتی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکانی پێشوودا، بە بەراوردکاری لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێستاماندا، کۆمەڵێک شتمان بۆڕون دەبێتەوە. وەک ئەمانەی خوارەوە:

- لەڕووی شوێنی جوگرافی و کات و زەمانەوە، ئەوتوێژینەوانەی کە لەڕابردوودا ئەنجامدراون لە وڵات و کاتی جیاوازدا ئەنجام دراون.

هەروەکو لێکوڵینەوەی (حاجی قاسمی:2012) و (حسنی پور:2012) و (محمدی:2018) لە زانکۆکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەنجام دراون، کە هەریەکەیان لەزانکۆی جیاوازی ئەو وڵاتە بەئەنجام گەیشتووە، هەروەک (حاجی قاسمی) لە ( دانشگاه تربیت مدرس، دانشکده هنر و معماری)، و هەروەها (حسنی پور) لە ( دانشگاه ازاد اسلامی واحد تهران مرکزی، دانشکده هنر)، پاشان (محمدی) لە ( دانشگاه هنر تهران، پردیس بین المللی فارابی).هەروەها هەریەک لە لێکۆڵینەوەکانی (محمد:2020) و (علي:2005) لە زانکۆی بەغداد ئەنجامدراوە. بەڵام ئەم توێژینەوەی ئێستامان لەزانکۆی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە لە ماوەی ساڵی (2001-2022). ئەمەش بەمانای گرنگی دەرهێنانی شانۆی دێت لە وڵاتە جیاوازەکاندا لەماوەی چەند ساڵی رابردودا، چونکە بابەتی دەرهێنانی شانۆی چی لەناو کۆلیژ و پەیمانگەکاندا یان لەدەرەوەی ئەو ناوەندانە جێگەی بایەخ و گرنگیدانی پسپۆڕانی بواری هونەری شانۆیە. سەرەڕای جیاوازی ژینگەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ، سەرباری گۆڕاوە شوێنکەوتوەکانی لێکۆڵینەوەیان تێدا ئەنجامدەدرێت، بۆیە لەبەر زیندو بون و بایەخی دەرهینان پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر هەیە.

- ئامانجی زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو باسکردنە لە شێواز و کارکردنی دەرهێنانی شانۆی بەشێوەیەکی گشتی.

لەبەر ئەوەی لە وڵاتانی تردا شوێنێکی هاوشێوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەدونیادا نەماوە، بەڵکو ئەوەی هەیە کۆلیژی هونەر یان پەیمانگەی باڵای شانۆیە، بۆیە توێژەر هیچ نمونەی لێکۆڵینەوەی پێشووتری بەردەست نەکەوتوە کەتایبەت بێت بە دۆخی بابەتی دەرهێنانی شانۆی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا. بەڵام لەڕوی ئامانجەوە باسی کاری دەرهینانی شانۆی کراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئێستامان دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، ئەوانیش باسکردنی میتۆدی دەرهینان و چۆنیەتی خوێندنیی بابەتی دەرهینان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا.

- زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جەختیان کردۆتە سەر پێوانەی کاریگەری (گۆڕاوی سەبەخۆ).

هەروەک لە لێکۆڵینەوەی (علي:2005) دا، دەردەکەوێت کە توێژەر باس لە تێکەڵاوبونی ئاراستە جیاوازەکانی دەرهێنانی شانۆی دەکات بەتایبەت لەلای هەردوو دەرهینەر (ستانسلافسکی) و (برتۆڵد برێخت) کە بەدوو قوتابخانەی جیاوازی شانۆ ناودەبرێن.

هەروەها لێکۆڵینەوەکەی (حاجی قاسمی:2012) کەتایبەتە بەسەرهەڵدانی شانۆ لە ئێران و پەیوەندیی بە دامەزراوە فێرکارییە نوێکانەوە ، کە ئەم پەیوەندییە لەنێوان شانۆ و دامەزراوە فێرکارییەکان بەهۆی گۆڕانکارییە بەرفراوانەکانەوە دواجار خوێندنی کۆلێژە شانۆییەکانی لێکەوتەوە. دواتر(محمدی:2018) لە لێکۆڵینەوەکەیدا باس لەدوو دەرهینەری هاوچەرخ دەکات، ئەوانیش (گرۆتۆفسکی و باربا)ن کە توێژەر هەڵیداوە ئەوبەشەی پەیوەندی بە گرۆتۆفسکیەوە هەیە وەک کاریگەر سودی لێببینێت. پاشان هەرچی تایبەتە بە لێکۆڵینەوەکانی(محمد:2020) و (حسنی پور:2012) . ئامانجیان لە توێژینەوەکانیان کاریگەریی ئەو جۆرە شانۆیەیە لەسەر وەرگری هاوچەرخ.

- ڕێبازی توێژینەوەکانی پێشوو ترمان بۆ ڕون بۆتەوە، کەهەندێکیان لەسەر ڕێبازی وەسفی شیکاری کاریان کردووە،

کەئەوانیش هەریەک لە لێکۆڵینەوەکانی (علي:2005) و (محمدی:2018)، بەڵام لێکولێنەوەکەی (حاجی قاسمی:2012) ڕێبازی ئەزموونی هەڵبژاردووە، هەروەها (محمد:2020) و (حسنی پور:2012) پشتیان بەستووە بە ڕێبازی شیکاری، ئەم توێژینەوەیەی ئێستاشمان نزیک دەبێتەوە لەهەریەکێک لە توێژینەوەکانی (علي:2005) و (محمدی:2018) کەپشتیان بەستووە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری. دەکرێت ئەوەش بلێین لەهەندێک ڕووشەوە نزیکن لە توێژینەوەکانی (محمد:2020) و (حسنی پور:2012).

- لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو تردا بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکان بریتین لە:

هونەرمەندانی شانۆکار لای هەریەک لە (علي:2005) و (محمدی:2018) و (محمد:2020) و (حاجی قاسمی:2012)، بەڵام لای (حسنی پور:2012) کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی پێک هاتووە لە خوێندکاران و دەرچوانی بەشی شانۆ. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێستامان پێکهاتوە لە مامۆستایانی دەرهێنانی شانۆی و شارەزایانی دەرهێنانی شانۆ.

- لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە قەبارەی نمونەکانیان بەرز و نزمی ڕێژەی بەرتوێژانی تێدایە لەنێوان (30 – 110) لەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێ.

ئەم جیاوازیەی نێوان بەرتوێژان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و سروشتی ئەو قۆناغەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە. قەبارەی نمونەی بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاشمان دەگاتە (53) بەرتوێژ لەهەردوو رەگەزی نێر مێ، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی ژمارەی مامۆستایانی وتنەوەی وانەی دەرهێنان و کەسانی ئەکادیمی شارەزا لەبوار دەرهینانندا لە کوردستاندا ژمارەیان کەمە.

- لێکۆڵینەوەکانی پێشوو پشتیان بەستووە بە ئامرازە ئامارییە هەمەجۆرەکان لە چارەسەرکردنی زانیاریەکانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەیان بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکانی

توێژینەوەکانیان بەپێی تایبەتمەندی توێژینەوەکانیان. لەم توێژینەوەیەی ئێستاماندا ئەو ئامرازە ئاماریانەی کەبەکار هاتووە وەکو (هاوکێشەی کوپەر) و هەوەها بۆ باسکردنی هەر برگەیەک لە برگەکانی ئامرزای توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی، هەروەها بۆ مەبەستی راڤەکردنی ئەنجامەکان (هاوکێشەی فیشەر بۆ ناوەندی شیاو) بەکارهاتووە. پاشان هاوکێشەی پێرسون بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامرازەکە بەکار هاتووە.

# بەشی سێهەم

# (ڕێباز و ڕیکارەکانی توێژینەوەکە)

## 1.3 ڕێبازی توێژینەوەکە

## 2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

## 3.3 ئامڕازی توێژینەوەکە

## 4.3 جێبەجێکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە

# بەشی سێهەم

# (ڕێباز و ڕیکارەکانی توێژینەوەکە)

## 1.3 ڕێبازی توێژینەوەکە

لەجێبەجێ کردنی ئەم توێژینەوەیەدا، بەپێی سروشت و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستووە.

## 2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆی لەسەرجەم لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی پارێزگاکانی کوردستان بە هەموو شار و قەزاکانەوە. توێژەر پشتی بەستوە بەسەرجەم ئەو مامۆستایانەی وانەی دەرهێنانی شانۆییان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی حکومی لە کورستاندا وتۆتەوە، وەک نمونەی توێژینەوەکە بۆ (کۆمەڵگەی توێژینەوەکە). (حصر الشامل) کراوە.

لەبەر ئەوەی لەکۆی یانزە پەیمانگە تەنیا پێنج پەیمانگە وانەی شانۆی تێدا دەوترێتەوە و لەو پێنج پەیمانگەیەش لە ئێستادا وانەی دەرهێنان تەنیا لە هەر سێ پەیمانگەی سلێمانی و هەولێر و دهۆک دەوترێتەوە، بۆیە توێژەر پشتی بەو مامۆستایانەش بەستووە کە لەسالآنی رابردودا وانەی دەرهێنانیان وتۆتەوە و ئێستا لەناو پەیمانگەدا نەماون.

بۆئەم مەبەستەش کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (53) کەس، کەسەرجەمیان وەرگیراون ،کە هەموویان مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.

### 1.2.3 ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

**خشتەی (3-1)**

**ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز | ژ | % |
|---|---|---|
| نێر | ٤٢ | ٧٩.٢ |
| مێ | ١١ | ٢٠.٨ |

| | | |
|---|---|---|
| کۆ | ٥٣ | ١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (1) دەردەکەوێت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دابەش بوون بەسەر هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. ڕەگەزی نێر کە ژمارەیان (٤٢) کەسە بە ڕێژەی (%٧٩.٢)، هەروەها ڕەگەزی مێ ژمارەیان (١١) کەسە و بە ڕێژەی (%٢٠.٨).

توێژەر لەپێشتریشدا ئاماژەی بەوەداوە کە بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی پسپۆڕی بواری دەرهێنان لەکوردستاندا کەمە، بەتایبەت لەنێو رەگەزی مێدا هەر زۆر کەمە، تەنانەت ئەوانەی وەک پسپۆڕی بواری دەرهێنان کار دەکەن چەند کەسێکی کەمی دیاری کراون.

### 2.2.3 بڕوانامەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

**خشتەی (3-2)**

**بڕوانامەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| بڕوانامە | ژ | % |
| --- | --- | --- |
| دبلۆم | ٢١ | ٣٩.٦ |
| بەکالۆریۆس | ٢٦ | ٤٩.١ |
| ماستەر | ٤ | ٧.٥ |
| دکتۆرا | ٢ | ٣.٨ |
| کۆ | ٥٣ | ١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (2) دەردەکەوێت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی بڕوانامەیان دابەش بوون بەسەر، دبلۆم کە ژمارەیان (٢١) کەسە بە ڕێژەی (٣٩.٦%)، هەروەها ئەوانەی کە بڕوانامەیان بەکالۆریۆسە ژمارەیان (٢٦) کەسە و بە ڕێژەی (٤٩.١%)، بە هەمان شێوە ئەوانەی کە بڕوانامەیان ماستەرە ژمارەیان (٤)کەسە وە بەڕێژەی (٧.٥%)، لە کۆتاییدا هەرچی ئەو مامۆستایانەی کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران ژمارەیان (٢)کەسە بە ڕێژەی (٣.٨%).

لەکوردستاندا و بەدیاری کراوی دوای ساڵی 2003 کۆلیژی هونەرەجوانەکان لەزانکۆی سەلاحەدین کراوەتە، بۆیە دەرفەتی خوێندن بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریس کرایە، هەرچەندە پسپۆڕی دەرهێنان بۆماوەی چەند ساڵێکی دیاری کراو بووە، پاشان لقی دەرهێنان و نواندن کراوە بەیەک و دەرچوانی ئەم بەشە پسپۆریان جیا ناکرێتەوە، هەرچی هەڵگرانی دبلۆمن بەکەمی دەرفەتی وانە وتنەوەیان پێدراوە و بەشێکیان وەک وانەبێژ وانەیان وتۆتەوە و بەشێکی تریان لەناوەندەکەدا وەک شارەزا خەریکی پرۆسەی دەرهێنانی شانۆین. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لەبواری شانۆدا زۆر کەمن، چونکە تازە توانراوە دەرگای خوێندنی باڵا بۆ پسپۆڕانی شانۆ بکرێتەوە.

### 3.2.3 پسپۆڕی ووردی کۆمەڵگە توێژینەوەکە:

خشتە (3-3)

پسپۆڕی ووردی کۆمەڵگە توێژینەوەکە

| پسپۆڕی | ژ | % |
|---|---|---|
| مامۆستای دەرهێنان | 53 | 100 |
| کۆ | ٥٣ | ١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (3)دا دەردەکەوێت، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەرجەمیان مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی حکومین لە هەرێمی کوردستان ژمارەیان (53) کەسە بە ڕێژەی (100%).

### 4.2.3 شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

خشتەی (4-3)

شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگە توێژینەوەکە

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژ | % |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٣ | ٤٣.٤ |
| هەولێر | ١٨ | ٣٤ |
| دهۆک | ٨ | ١٥.١ |
| هەڵەبجە | ٤ | ٧.٥ |
| کۆ | ٥٣ | ١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (4) دەردەکەوێت، کۆمەڵگە توێژینەوەکە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونیان دابەش بوون بەسەر شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هەڵەبجە. مامۆستایان لە شاری سلێمانی کە ژمارەیان (٢٣) کەسە بە ڕێژەی (٤٣.٤%)، هەروەها ئەوانەی کە شوێنی نیشتەجێبوونیان لە هەولێرە، ژمارەیان (١٨) کەسە و بە ڕێژەی (١٨%)، بە هەمان شێوە ئەوانەی کە لە شاری دهۆکن ژمارەیان (٨)کەسە وە بەڕێژەی (١٥.١%)، لە کۆتاییدا هەرچی ئەو مامۆستایانەی کە لە شاری هەڵەبجەن ژمارەیان (٤)کەسە بە ڕێژەی (٧.٥%). بۆیە لەسلیمانی ڕێژەکە زۆرترە، چونکە یەکەمین پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەسلیمانی دامەزراوە و چەندین مامۆستای جیاواز وانەی دەرهینانیان لەبەشی شانۆ وتۆتەوە، لەشاری هەولێریش نزیکەی 30 ساڵ دەبێت پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کراوەتەوە و مامۆستای تایبەتی بواری دەرهینانی شانۆی هەبوە، شاری دهۆکیش بەهۆی کەمی پسپۆڕی بواری دەرهێنانەوە توانرا بەشارەزاینیشەوە تەنیا ئەو ڕێژەیەیان لێوەربگیرێت. هەرچی شاری هەڵەبجەشە لەبەر ئەوەی پەیمانگە لەم شارەدا ماوەی چەند ساڵێکە کراوەتەوە و چەند ساڵێکی کەمیش وانەی دەرهێنانی تێدا وتراوەتەوە بۆیە توێژەر توانی تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە پسپۆڕانی بواری دەرهێنان لەو شارەدا پەیدا بکات. هەرچەندە

سالانه بەنزیکەی 20 کەس لەلقی دەرهێنان لەسەرجەم پەیمانگەکانی کوردستاندا دەردەچن و پەیمانگە تەواو دەکەن، بەڵام لەماوەی چەند ساڵێکدا رەنگە کەسێک یان دوان لەبوارەکەدا بمێنێتەوە، بۆیە توێژەر پشتی بە کەسە شارەزا و پسپۆڕەکان بەستوە نەک بەرێژەی گشتی.

### 5.2.3 بە پێی بڕوانامە و ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

**خشتە (3-5)**

**بە پێی بڕوانامە و ڕەگەزی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| بڕوانامە | ژ | % | بە پێی ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | % | مێ | % |
| دبلۆم | ٢١ | ٣٩.٦ | ١٦ | ٣٨.١ | ٥ | ٤٥.٥ |
| بەکالۆریۆس | ٢٦ | ٤٩.١ | ٢١ | ٥٠ | ٥ | ٤٥.٥ |
| ماستەر | ٤ | ٧.٥ | ٣ | ٧.١ | ١ | ٩.١ |
| دکتۆرا | ٢ | ٣.٨ | ٢ | ٤.٨ | – | – |
| کۆ | ٥٣ | ١٠٠ | ٤٢ | ١٠٠ | ١١ | ١٠٠ |

وەک لە خشتەی ژمارە (5) دەردەکەوێت، توێژەر بڕوانامەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بە پێی ڕەگەزیان خستۆتە ڕوو، بەمشێوەیە دەرکەوت کە، لە کۆی گشتی ئەو مامۆستایانەی کە هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم)ن و ژمارەیان (٢١) کەسە، لەو ژمارەیە (١٦) کەسیان بەرێژەی (٣٨.١%) لە ڕەگەزی (نێر)ە، و (٥) کەسیان بەرێژەی (٤٥.٥%) لە ڕەگەزی (مێ)یە. هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کە کۆی گشتییان (٢٦) مامۆستایە، لەو ژمارەیە (٢١) کەسیان بەرێژەی (٥٠%) لە ڕەگەزی (نێر)ن، و (٥) کەسیان بەرێژەی (٤٥.٥%) لە

ڕەگەزی (مێ)یە. هەڵگرانی بڕوانامەی (ماستەر) ژمارەیان (٤) کەسە، لەو ژمارەیە (٣) کەسیان بەڕێژەی (٧.١%) لە ڕەگەزی (نێر)ە، و (١) کەسیان بەڕێژەی (٩.١%) لە ڕەگەزی (مێ)یە. لە کۆتاییدا هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا) کە ژمارەیان (٢) کەسە، لەو ژمارەیە (٢) کەسیان بەڕێژەی (٤.٨%) لە ڕەگەزی (نێر)ن، بەڵام دەرکەوت کە ڕەگەزی مێ هیچ کەسیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا نین لە بوارەکەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی مێینە لەچاو نێرینە لەبواری پسپۆڕی دەرهێناندا زۆر کەمن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار.

آ- نەچونی مێینە بۆ بواری دەرهێنان.

ب- بەشێکی زۆری مینە لەپاش تەواو کردنی خوێندنی بواری هونەریی، لەبوارەکە دوردەکەونەوە.

## 3.3 ئامڕازەکانی توێژینەوەکە

پێکهاتووە لە ڕاپرسی کە بەمەبەستی خستنە ڕووی دۆخی دەرهێنان و پێشنیارەکانی بەرتوێژان ئەنجام دراوە ، ئەویش بەپێی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە ئەنجام دراوە:

1.3.3 ڕاپرسی تایبەت بە دۆخی وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا.

2.3.3 ڕاپرسی تایبەت بە پێشنیارەکانی ڕێگاکانی گەشە پێدانی دەرهینانی شانۆیی لەژێر ڕۆشنایی ئاراستە هاوچەرخەکاندا و پێشنیارەکاندا.

بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئامادەکرا:

بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بەدوو جۆر راپرسی بەستوە، ئەوانیش یەکەمیان راپرسی کراوە و دووەمیان راپرسی داخراو، کەئەوانیش بریتین لەم هەنگاوانەی خوارەوە. (پاشکۆی:1)

**ا- ڕاپرسی کراوە**

بەمەبەستی خستنەڕووی دۆخی وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان، سەرەتا توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکی کراوە، کەپێکهاتبوو لە (7) تەوەر و بەشێوەی پرسیار ئەم تەوەرانەی بەسەر مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیدا دابەش کردوە (پاشکۆ:2). مامۆستایان لەبواری دەرهێنانی شانۆییدا وەڵامی پرسیارەکانیان بەو شێوازە داوەتەوە کەخۆیان ویستویانە، هەندێکیان وەڵامەکانیان لەیەکتریەوە نزیک بووە و هەندێکی تریشیان زۆر جیاواز بووە، بۆیە توێژەر لەپاش وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان، بۆخۆی جارێکی تر وەڵامەکانی داڕشتۆتەوە و پرسیاری بەشێوەی خاڵبەندی بۆتەوەرەکان داناوە، کە هەر تەوەرەی پێکهاتوە لەچەندین بڕگەی جیاواز.

هەروەها توێژەر بەمەبەستی خستنەڕووی ڕێگاکانی گەشەپێدانی دەرهینانی شانۆیی لەژێر ڕۆشنایی ئاراستە هاوچەرخەکاندا و پێشنیارەکاندا، سەرەتا توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکی کراوە، کەپێکهاتبوو لە (1) تەوەر و بەشێوەی پرسیار ئەم تەوەرەی بەسەر مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیدا دابەش کردوە (پاشکۆ:3). مامۆستایان لەبواری دەرهێنانی شانۆییدا وەڵامی پرسیارەکانیان بەو شێوازە داوەتەوە کەخۆیان ویستویانە، هەندێکیان وەڵامەکانیان لەیەکتریەوە نزیک بووە و هەندێکی تریشیان زۆر جیاواز بووە، بەشێک لە بەرتوێژان پشت بەستوو بە شێوازە هاوچەرخەکانی دونیا وەڵامیان داوەتەوە. بۆیە توێژەر لەپاش وەرگرتنەوەی وەڵامەکانیان، بۆخۆی جارێکی تر وەڵامەکانی داڕشتۆتەوە و وەڵامەکانی بەشێوەی خاڵبەندی بۆپێشنیارەکان داناوە، چەندین بڕگەی لەخۆ گرتووە.

**ب- ڕاپرسی داخراو**

توێژەر بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەراپرسیە کراوەکەدا بوون، هەڵسا بە ئامادەکردنی فۆرمی راپرسی داخراو، ئەویش پشتبەستن بەوەڵامی راپرسی کراوە و ئەو ئەزمونەی کە توێژەر لەبواری شانۆدا هەیەتی، پاشان پشتبەستن بەکۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی

بەتایبەتی شێوازی پرۆگرامی خوێندنی ناوەندە ئەکادیمیاکانی دونیا. فۆرمەکە بەشێوەیەک بوو کە کێشەو راپسییەکانی لەخۆ گرتبوو. (پاشکۆی:4)

هەروەها بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی داخراو بۆ پێشنیارەکانی ڕێگاکانی گەشەپێدانی دەرهێنانی شانۆیی لەژێر ڕۆشنایی ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا بەم جۆرە بووە (پاشکۆ:5). بێگومان دارشتنەوەی وەڵامەکان لای توێژەر پشت بەستوو بووە بە تایبەتمەندیەکانی شانۆی هاوچەرخ هەروەک ئەوەی لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، پاشان پشت بەستوو بە لێکوڵینەوەکانی پێشوو، ئەوانەی کە دەرئەنجامی شانۆی هاوچەرخیان خستۆتە ڕوو، لەلایەکی ترەوە هەڵسەنگاندن کراوە بۆ پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستان و ناوەندە ئەکادیمیەکانی ووڵاتە پێشکەوتووەکان، دواتر بە بەراودکاری لەگەڵ میتۆدی ئەو ناوەندە شانۆییانەدا توێژەر بەراوردی کردووە و هەوڵیداوە لەسەر ئەو ئاستە پرسیارەکانی ناو ڕاپرسییەکە دابرێژێت. لەکۆتایشدا توێژەر پشتی بە ئەزموونی خۆی بەستووە وەک مامۆستای وانە وتنەوەی دەرهێنان، چونکە توێژەر ئەزموونی کارکردنی لە شانۆدا سەروو (30) ساڵ دەبێت و ماوەی (16) ساڵە لە ناو پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیدا وانەی دەرهێنانی شانۆی دەڵێتەوە. بۆیە لەسەر بنەمای دەرهینانی شانۆی هاوچەرخ پرسیارەکان داڕێژراونەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەستراوە بە تایبەتمەندیەکانی شانۆی هاوچەرخ و ئەو شێوازەی کە بووە بنەمای دەرهینەر لەشانۆی هاوچەرخدا ئەوانیش هەروەک:

**آ- ڕوانینی نوێی دەرهێنەر بۆشانۆ و مامەڵەکردنی نوێ لەگەڵ پێداویستیەکانی شانۆدا**

**ب- دۆزینەوەی پانتای نوێ لەدەرهێنانی شانۆیدا**

**پ-خوێندنەوە و شیکاری نوێ بۆ دەق لەلایەن دەرهێنەرەوە**

بۆ ئەم تایبەتمەندییانەش توێژەر پشتی بە میتۆد و ڕێبازەکانی ئەم شانۆکارە هاوچەرخانە بەستووە

- **شانۆی توندوتیژی (ئانتوان ئارتۆ)**
- **شانۆی هەژاری (گرۆتۆفسکی)**

- **شانۆی داستانی (پرتولد برێخت)**

بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی فۆڕمی ڕاپرسییەکە، توێژەر هەڵسا بەدەرهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی ڕاپرسییەکە.

- **ڕاستگۆیی ڕواڵەتی**

پاش ئامادەکردنی ڕاپرسیەکە و ڕێکخستنی وەڵامەکان و دانانی تەوەر و بڕگەکان، توێژەر دەستی کرد بەدابەشکردنی فۆڕمی راپرسییەکە بەسەر شارەزایاندا کە پێکهاتبوون لە (7) کەس و سەرجەمیان مامۆستای زانکۆ بوون و پلەی زانستیان لەنێوان مامۆستا و پرۆفیسۆردا بووە (پاشکۆی:6) . بەپێی تێبینی و پێشنیارەکانی شارەزایان لەکۆی (84) بڕگە، (82) بڕگەی لەکۆی تەوەرەکان ماوەتەوە، لەبەشێکی بڕگەکانیشدا شارەزایان تێبینیان خستۆتە ڕوو بۆ ڕێکخستنی پرسیارەکان و چاککردنی زمانەوانی پرسیارەکان.

لە تەوەری یەکەمدا لە بڕگەی (4)دا پسیارەکە لەدوو بەش پێکهاتبوو، بەشی دووەمی بڕگەکە لابراوە. هەر لە تەوەری یەکەمدا لەبڕگەی (12)دا پرسیارەکە لابراو پرسیارێکی تر خرایە شوێنی بڕگەکە. لە تەوەری دووەمدا لەبڕگەی (4) دا داڕشتنەوە کراوەتەوە بۆ پرسیارەکە و بەشێوازێکی تر داڕێژراوەتەوە. بڕگەکانی (8 و 9) لەتەوەری سێهەم دیسانەوە داڕشتنەوە بۆ پرسیارەکە کراوەتەوە، هەروەها لە تەوەری چوارەمدا دیسانەوە داڕشتنەوە بۆ بڕگەکانی پرسیارەکانی (2 و 4) کراوە، پاشان بڕگەی (11) لابراوە. لەتەوەری پێنجەمدا هەریەک لە بڕگەکانی (9 و 10) دیسانەوە داڕشتنەوەی بۆ کراوە و پرسیارەکان ڕێکخراونەتەوە. لەتەوەری حەوتەمدا پرسیاری بڕگەی (1) لابراوە و پرسیارێکی تر لەشوێنی دانراوە، پاشان پرسیاری بڕگەی (9) هەمیش لابراوە. لەکۆی (10) بڕگە لە تەوەری حەوتەم تەنیا (9) بڕگەی ماوەتەوە. بۆیە لە داڕشتنەوەی شێوازی کۆتایی فۆڕمی ڕاپرسیەکەدا سەرجەم تێبینی و پێشنیارەکانی شارەزایان جێبەجێکرا و لە کۆتاییدا لە کۆی (84) بڕگە (82) بڕگەی ماوەتەوە.

به هەمان شێوە بۆ پێشنیارەکانیش بەپێی تێبینی و پێشنیارەکانی شارەزایان لەکۆی (24) بڕگە، (22) بڕگەی لەکۆی تەوەرەکان ماوەتەوە، لەبەشێکی بڕگەکانیشدا شارەزایان تێبینیان خستۆتە ڕوو بۆ ڕێکخستنی پرسیارەکان و چاککردنی زمانەوانی پرسیارەکان.

بڕگەکانی پرسیاری (1 و 4) لەتەوەرەکادا دارشتنەوە بۆ پرسیارەکە کراوە و بەشێوەیەکی باشتر ڕێکخراوەتەوە، لەپرسیاری بڕگەی (12) دا پرسیارەکە لابراوە و پرسیارێکی نوێ لەجێگەی دانراوە، کە زیاتر ئامانجی پرسیارەکە دەگەیەنێت. لەو تەوەرەی کەخراوەتە ڕوو لە کۆی (24) بڕگە تەنیا (22) بڕگەی ماوەتەوە و شارەزایان (2) بڕگەیان بە زیادە زانی، بۆیە لە دارشتنەوەی شێوازی کۆتایی فۆرمی راپرسیەکەدا سەرجەم تێبینی و پێشنیارەکانی شارەزایان جێبەجێکرا و لە کۆتاییدا لە کۆی (24) بڕگە (22) بڕگەی ماوەتەوە. (پاشکۆ:7). جێی ئاماژەیە بەڕێژەی (71%) پەیڕەوکراوە بۆ پەسەندکردنی هەر بڕگەیەک.

- **جێگیری**

بەمەبەستی دەرهینانی هاوکۆلکەی نەگۆڕی ڕاپرسییەکە ، توێژەر پاش ئامادەکردن و ڕێکخستنی راپرسییەکە بەشێوەی فۆرمی کۆتایی، هەڵسا بە دابەشکردن و جێبەجێکردنی بەسەر نمونەی لاوەکی کە کۆی گشتیان پێکهاتبوو لە (15) کەس لە مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی نا حکومییەکاندا ،لەدەرەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. چونکە کەمی مامۆستا لە پەیمانگە حکومییەکاندا بونە هۆکاری ئەوەی کەدەبوایە پرۆسەکە لەگەڵ کەسانێکدا جێبەجێ بکرایە کە مامۆستای وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆین، بۆیە توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگری ڕاپرسییەکە پشتی بەو مامۆستایانە بەستووە کە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی ناحکومی وانە دەڵێنەوە. ( شایانی باسە توێژەر بۆخۆی چۆتە پارێزگاکان و بەشێوەی دەستی فۆرمەکانی پێداون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لەوانە ئامادەنەبوون بەشداری لە راپرسیەکەدا بکەن بەبیانوی جیاواز جیاواز). پاش تێپەڕبوونی (16) رۆژ بەسەر دابەشکردنی فۆرمەکەدا جارێکی تر فۆرمەکەیان بەسەردا دابەشکرایەوە، پاشان دەستیکرد بە داتای راپرسییەکە بۆ هەردوو جارەکە لەڕێگەی

بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسون، لەئەنجامدا بەهای هاوکۆلکەی نەگۆڕی ڕاپسییەکە ئەوەی دەرخست کە ڕاستی ڕێژەییەکەی (90.34%)، ئەم ڕێژەیە بەڕێژەیەکی باش دادەنرێت بۆ بواری توێژینەوەکە، وەک لەخشتەی (3–6) دەردەکەوێت.

**خشتەی (3–6)**

تاقیکردنەوەی (پێرسۆن) بۆ جێگری فۆڕمی ڕاپرسییەکە

| | تاقیکردنەوەی بێرسۆن |
|---|---|
| جاری یەکەم | %90.34 |
| جاری دووەم | |

# 4.3 جێبەجێکردنی ئامڕازی توێژینەوەکە

توێژەر پاش ئامادەکردنی راپرسییە داخراوەکە بەشێوەی کۆتایی، هەڵسا بە ئەنجامدانی دابەشکردنی بەسەر ئەندامانی نمونە سەرەکیەکەی توێژینەوەکە پێکهاتبوون لە (مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگە حکومییەکاندا)، لەماوەی (10) رۆژدا لە (7-2-2022) تا (16-2-2022). پاش کۆکردنەوەی وەڵامی ڕاپرسییەکان بەتەواوەتی و ئامادەکردنی سەرجەمیان، هەڵسا بەئەنجامدانی شیکردنەوەی داتاکان لەڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی، بەمەبەستی دەرهێنانی ئەنجامی کۆتایی راپرسی توێژینەوەکە.

## 1.4.3 هاوکێشە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

لەپێناو شیکردنەوەی زانیاری و داتاکانی توێژینەوەکە، ئەم هاوکێشە ئامارییانەی لای خوارەوە بەکار هێنراون:

**آ- هاوکێشەی چ کوپەر:**

بەکار هاتووە بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕێکەوتنی شارەزاکان لەسەر بڕگەکانی هەردوو ڕاپرسی یەکەم و دووەمی توێژینەوەکە.

ڕێژەی ڕێکەوتن = ژمارەیڕێکەوتن / (ژمارەی ڕێککەوتن + ژمارەی ڕێکنەکەوتن)

(Cooper:1974: 27)

**ب- هاوکێشەی ناوەندی شیاو :**

بۆ باسکردنی هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئامرزای توێژینەوەکە و ڕێکخستنی لەسەرەوە بۆ خوارەوە و زانینی بەهاکەی، هەروەها بۆ مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان ، هاوکێشەی فیشەر بەکارهێنراوە.

ناوەندی شیاو = ((ت1 × 3) (ت2 × 2) (ت 3× 1)) / مج ت

(صبري:2006: 106)

ت – کێشی سەدی بڕگە = ناوەندی شیاوی بڕگە ÷ بەرزتری بەها لەبژاردەکانی سکێڵەکە. کەیەکسانە بە (3 × 100).

(صبري:2006: 106)

**پ- هاوکێشەی پێرسون :**

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی نەگۆڕی ئامڕازەکە بەم شێوەیەی خوارەوە

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{\left[\!\left[\text{ن مج س}2 - (\text{مج س})2\right]\!\right] + \left[\!\left[\text{ن مج ص}2 - (\text{مج ص})2\right]\!\right]}}$$

(الجادري:2007: 288)

# بەشی چوارەم

# (ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنیان)

## 1.4 ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

1.1.4 ئەنجامی ئامانجی یەکەم

1.2.4 ئەنجامی ئامانجی دووەم

2.4 دەرئەنجامەکان

3.4 ڕاسپاردەکان

4.4 پێشنیارەکان

# بەشی چوارەم

## 1.4 ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤەکردنیان

### 1.1.4 ئەنجامی ئامانجی یەکەم

دەقی ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە (خستنە ڕووی دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان). ئەم ئامانجانەش پێکدێت لە (7) تەوەر، ئەنجامەکان و تەوەرەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خراونەتە ڕوو.

پاش مامەڵەکردنی داتاکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە لەڕێگای بەکارهێنانی هاوکێشەی ناوەندی شیاو ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو کە لەخشتەکانی (1.4) تآ (7.4) خراوەتە ڕوو:

### 1.1.1.4 ئەنجامی تەوەری یەکەم (**دۆخی دەهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)**

بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(1.4)** دا ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (1.4)**

ئەنجامی (**دۆخی دەهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)**

| ژ | برگەکانی تەوەری یەکەم | هاورام | | تارادەیەک | | هاورا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١ | هۆڵی شیاو و گونجاو بۆ پراکتیزە کردنی وانەی دەرهێنان وەک پێویست بونی نییە. | ٤٠ | ٧٥.٥ | ١١ | ٢٠.٨ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٢ | ١ | باڵا |
| ٢ | چەقبەستوی لەپەیرەپرۆگرامی خوێندندا هەیە و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە یەکەکاندا نەکراوە. | 53 | 73.6 | 12 | 22.6 | 2 | 3.8 | 2.70 | 2 | باڵا |
| ٣ | هۆکاری فێرکردنی هاوچەرخ لەبەردەست | 37 | 69.8 | 14 | 26.4 | 2 | 3.8 | 2.66 | 3 | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مامۆستایاندا نییە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆی. | | | | | | | | | |
| ٤ | گەڕان و قوڵبونەوە و بەرکەوتن لەگەڵ مادە زانستیەکاندا لای ما مۆستایان و خوێندکاران کەمن. | ٣٣ | ٦٢.٣ | ٢٠ | ٣٧.٧ | – | – | ٢.٦٢ | ٤ | باڵا |
| ٥ | بونی ژمارەی زۆری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەکوردستاندا بۆتە گرفت بۆئەوەی ژمارەی تەواوی مامۆستای پسپۆڕ لە پەیمانگەکان بونی نەبێت. | 38 | 71.7 | 7 | 13.2 | 8 | 15.1 | 2.57 | 5 | باڵا |
| ٦ | نەبوونی فێرخوازی ئارەزوومەند، کە پێویستیی داواکاری هونەری بۆ بابەتەکە و وانەکە هەبێت. | 31 | 58.5 | 19 | 35.8 | 3 | 5.7 | 2.53 | 6 | باڵا |
| ٧ | مامۆستایان ناتوانن خوێندکارەکان بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی لەسەر بنەمایەکی و زانستی و هونەری فێربکەن، لەبەرئەوەی زەمینەی پرۆسەی فێرکردن بۆ مامۆستایان نەگونجاوە. | 30 | 56.6 | 18 | 34.0 | 5 | 9.4 | 2047 | 7 | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کە وانەی دەرهێنانی شانۆیی دەڵێنەوە خودی خۆیان دەرهێنەرێکی دیار و ناسراو نین و ئەزموونیان کەمە. | 31 | 58.5 | 15 | 28.3 | 7 | 13.2 | 2.45 | 8 | باڵا |
| 8 | بڕی ئەو وانانەی بۆ ئەم بەشە تەرخانکراوە تا ڕادەیەک کەمەو وەک پێویست ناتوانرێت خوێندکاری پێ پەروەردە بکرێت. | 29 | 54.7 | 19 | 35.8 | 5 | 9.4 | 2.45 | 8 | باڵا |
| 9 | لاوازیی لە ئاستی زانستی و شیکردنەوە و دۆزینەوەی بابەتی نوێ لای مامۆستایان لەئاستێکی پێویستدا نییە. | ٣٠ | ٥٦.٦ | ١٦ | ٣٠.٢ | ٧ | ١٣.٢ | ٢.٤٣ | ٩ | باڵا |
| 10 | پابەند نەبوونی مامۆستایان بە یەکەکانی میتۆدی دیاری کراوی ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگاکان بۆتە گرفت لەشێوازی وتنەوەی وانەکانیان. | ٢٦ | ٤٩.١ | ٢١ | ٣٩.٦ | ٦ | ١١.٣ | ٢.٣٨ | ١٠ | باڵا |
| 11 | یەکەکانی پرۆگرام لەناو پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی | 16 | 30.2 | 21 | 39.6 | 16 | 30.2 | 2.00 | 11 | مامناوەند |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی و هونەری باش دانراوە. | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | ٢.٥٠ | باڵا | |

وەک لە خشتەی ژمارە (1.4) دا دەرکەودەکەوێت، دۆخی دەهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٥٠)، هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە، لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری یەکەمدا کەدەڵێ (هۆڵی شیاو گونجاو بۆ پراکتیزەکردنی وانەی دەرهێنان وەک پێویست بونی نییە) لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە پەیمانگەکانی کوردستاندا هۆڵی شیاو گونجاو نییە تاوەکو بتوانرێت مامۆستایان و خوێندکارانی لقی دەرهێنان پراکتیزی کاری دەرهێنانی لەسەر بکەن.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (چەقبەستوی لە پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندندا هەیە و گۆڕانکاری بنەڕەتی لەیەکەکاندا نەکراوە)، بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە لەپلەی دووەمدا دێت، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەتوانراوە پرۆگرامەکانی خوێندنی وانەی دەرهێنان نویٚ بکرێتەوە و گۆڕانکاری لە یەکەکانی میتۆدەکەدا بکرێت. هەر لە ڕاڤە کردنی ئەنجامەکاندا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) هاوڕان بەوەی کە ( هۆکاری فێرکردنی هاوچەرخ لەبەردەست مامۆستایاندا نییە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆی)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە پێویستە هۆکار و شیوازی هاوچەرخ بۆ بابەتی دەرهێنان پەیڕەو بکرێت لەلایەن مامۆستایانەوە.

هەڵبەتە بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەنەخشەکەدا دیارە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر وەڵامەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرتوێژان بۆ وەڵامی بڕگەی (11) وەڵامەکانیان بە ئاستی مامناوەند داوەتەوە کە دەڵێ (یەکەکانی پڕۆگرام لەناو پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستان بەشێوەکی زانستی و هونەری باش دانراوە). کەواتە بەپێی وەڵامەکانی بەرتوێژان ئەوە دەردەکەوێت کە یەکەکانی پرۆگرام گومانی لەسەرە کە ئایا باش یان خراپ دانرابێت.

وەک دەبینرێت بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک ئەوەی لە لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان لەسەر ئاستی باڵا وەڵامی بڕگەکانی تەوەری یەکەمیان داوەتەوە .

2.1.1.4 ئەنجامی تەوەری دووەم (**میتۆدی پەیڕەوکراو بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)**

ئەنجامی یەکەم لە تەوەری دووەم بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(2.4)** دا ڕونکراوەتەوە

خشتەی **(2.4)**

ئەنجامی(**میتۆدی پەیڕەوکراو بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا)**

| ژ | برگەکانی تەوەری دووەم | هاوڕام | | تاڕادەیەک | | هاوڕا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١ | تاوەکو ئێستا لە وانەی دەرهێناندا پلانێکی گشتی نیە بۆ سەرجەم بەشی شانۆی پەیمانگەکان، لە هەر پەیمانگەیەک بەشێوازێک وانەی دەرهێنان دەگوترێتەوە کە جیاوەزە لە پەیمانگەیەکی تر. | ٤٥ | ٨٤.٩ | ٥ | ٩.٤ | ٣ | ٥.٧ | ٢.٧٩ | ١ | باڵا |
| ٢ | نەبونی پسپۆڕیی لە ستایل و قوتابخانە شانۆییەکاندا لەلایەن مامۆستای وانەی دەرهێنانەوە و وتنەوەی هەموو ستایلەکان لەلایەن یەک مامۆستاوە،هەروەک ستایل و قوتابخانەکانی( ئەندرێ ئەنتوان و برێخت و مایرهۆلد و ئانتۆنین ئارتۆ و جیزی گرۆتۆفسکی و پیتەر بروک ...... هتد.) وای لەخوێندکارانیش کردوە کەنەتوانن بەشێوەیەکی باش لەبابەتەکان تێبگەن. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٢ | باڵا |
| ٣ | زۆرکەم شێوازی گەڕان و دۆزینەوە لەلای مامۆستایان بەکارهاتووە، بەڵکو خوێندکار کراوەتە وەرگرێکی پاسیڤ نەک | ٤٠ | ٧٥.٥ | ١٢ | ٢٢.٦ | ١ | ١.٩ | ٢.٧٤ | ٣ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | توێژەریکی بەشدار. | | | | | | | | | |
| ٤ | بەشێکی مامۆستاکان بوونەتە زمانحاڵی کتێبێک یان مەلزەمەیەک، نەک دەرئەنجامی گەڕان و توێژینەوەی خۆی بکاتە دەروازەیەک بۆ فراوانکردنی دیدگای خوێندکاران. | ٣٩ | ٧٣.٦ | ١٢ | ٢٢.٦ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٠ | ٤ | باڵا |
| ٥ | پێویستە مامۆستا گرنگی زیاتر بدات بە هەر پێنج ڕەگەزە سەرەکیەکەی دەرهێنان، کەپایەی داهاتوی کاری دەرهێنانی شانۆییە ، بۆئەوەی خوێندکار بە تیوری و بە پراکتیکی بتوانێت سەرجەم پرۆسەی دەرهێنان بەستایل و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لەئایندەدا جێبەجی بکات. | ٤٠ | ٧٥.٥ | ٩ | ١٧.٠ | ٤ | ٧.٥ | ٢.٦٨ | ٥ | باڵا |
| 5 | زۆرکەم شێوازی گەڕان و دۆزینەوە لەلای مامۆستایان بەکارهاتووە، بەڵکو خوێندکار کراوەتە وەرگرێکی پاسیڤ نەک توێژەریکی بەشدار. | ٣٩ | ٧٣.٦ | ١١ | ٢٠.٨ | ٣ | ٥.٧ | ٢.٦٨ | ٥ | باڵا |
| ٦ | لەقۆناغی چوارەم و پێنجەمی خوێندنی وانەی دەرهێناندا ستایل و ڕێبازە ناسراوەکانی دەرهێنان دەخوێنرێت، بەڵام لەبەر نەبونی نمونەی زیندو لەبەر دەستدا، کاریی پراکتیکی ئەم قوتابخانە و ستایلانە تەنیا بەتیوری و بەکورتی دەخوێنرێن و خوێندکار | ٣٦ | ٦٧.٩ | ١٣ | ٢٤.٥ | ٤ | ٧.٥ | ٢.٦٠ | ٦ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تەنیا بە (راگوزەر) ئاشنایەتی سادەی ئەم میتۆدانە دەبێت. | | | | | | | | | |
| 7 | کەمکردنەوەی ئەو هەموو دەرهێنەر و ستایل و شێواز و میتۆدانە بۆچەند دەرهێنەرێکی سەرەکی و گرنگ کەڕۆڵی کاریگەریان لەسەر شانۆ و رەوتی دەرهێنای شانۆیی هەیە. | ٣٤ | ٦٤.٢ | ١٥ | ٢٨.٣ | ٤ | ٧.٥ | ٢.٥٧ | ٧ | باڵا |
| 8 | بەپێی ئەو یەکە سەرەکیانەی کەلە پرۆگرامی شانۆی پەیمانگەدا جێبەجێ کراوە سەرنج خراوەتە سەر ئەوەی کەلەقۆناغی دووەمەوە بنەماکانی دەرهێنان بخوێنرێ، کەئەمەش بۆ بەرچاو ڕونی خوێنکاران و بەخشینی هەندێک زانیاری بنەڕەتی و سەرەتای بواری دەرهێنانە، کەچۆن بتوانێت دەق بخوێنێتەوە و راڤەو شیکاری بۆبکات و لەمەغزا و مانا شاراوەییەکانی دەق و نوسەر تێبگات و کورتەیەک لە مێژوی دەرهێنان ئاشنابێت. ئەمە بەشێوەیەکی زانستی لەمیتۆددا جێگەی کراوەتەوە. | ٣٢ | ٦٠.٤ | ١٨ | ٣٤.٠ | ٣ | ٥.٧ | ٢.٥٥ | ٨ | باڵا |
| 9 | خوێندکار لەقۆناغی سێهەم بەدواوە پسپۆڕی بواری دەرهێنان دەخوێنێت، کەبەپشت | ٣٥ | ٦٦.٠ | ١١ | ٢٠.٨ | ٧ | ١٣.٢ | ٢.٥٣ | ٩ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەستن بە میتۆدە بەناوبانگەکەی (ئەلکساندەر دین) رەگەزە سەرەتاییەکانی دەرهینان بەقوڵی و فراوانی دەخوێنێت، جیاکردنەوەی خوێندنی پسپۆڕی بەسەر ئەوسێ ساڵەدا کارێکی پەروەردەی و هونەرییە. | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | ٢.٦٦ | باڵا | |

وەک لە خشتەی ژمارە (2.4) دا دەرکەودەکەوێت، میتۆدی پەیڕەوکراو بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٦٦)، هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە، لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری دووەمدا کەدەڵێ (تاوەکو ئێستا لەوانەی دەرهێناندا پلانێکی گشتی نییە بۆ سەرجەم بەشی شانۆی پەیمانگەکان، لەهەر پەیمانگەیەک بەشێوازێک وانەی دەرهێنان دەگوترێتەوە کەجیاوازە لە پەیمانگەیەکی تر) لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە پەیمانگەکانی کوردستاندا نەیان توانییوە پلانێکی گشتی بۆ وانەی دەرهێنان دابڕێژن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وابێت نزیکایەتی و ڕێکخستن لە نێوانیاندا هەبێت.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (نەبونی پسپۆڕیی لە ستایل و قوتابخانە شانۆییەکاندا لەلایەن مامۆستای وانەی دەرهێنانەوە و وتنەوەی هەموو ستایلەکان لەلایەن یەک مامۆستاوە، هەروەک ستایل و قوتابخانەکانی ئەندرێ ئەنتوان و برێخت و ئانتۆنین ئارتۆ و جیزی گرۆتۆفسکی و پیتەر بروک و ....... ئەوانی تر، وای لە خوێندکارەکانیش کردوە کەنەتوانن بەشێوەیەکی باش لە بابەتەکان تێبگەن)، بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە

لەپلەی دووەمدا دێت، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەهۆی ئەوەی مامۆستای پسپۆڕیی تەنیا بۆیەک قوتابخانە و ستایل نییە بۆیە بۆتە هۆکاری جۆرێک لە تێکلاوبونی بابەتەکان لای مامۆستای وتنەوەی بابەتی دەرهێنان. هەر لە ئەنجامی دەرئەنجامەکەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) هاوڕان بەوەی کە (میتۆدی پێگوتنەوە زیاتر لەهەموو میتۆدەکان پەیڕەوکراوە، مامۆستا زانیاری لە کتێبێکەوە وەرگرتووە و هەمان زانیاری دەگوازێتەوە و بە خوێندکاری دەڵێتەوە، دواتر داوای لێدەکات ئەویش هەمان زانیاری بداتەوە)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە گواستنەوەی زانیاری لە تەنیا کتێبێکەوە سەرچاوە دەگرێت و شێوازی گواستنەوەی زانیاری زاڵە بەسەر وانەکاندا، نەوەک ئاڵوگۆڕی زانیاری.

هەڵبەتە بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک ئەوەی لە لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان لەسەر ئاستی باڵا وەڵامی بڕگەکانی تەوەری دووەمی داوەتەوە.

### 3.1.1.4 ئەنجامی تەوەری سێهەم (**شێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنان لەکوردستاندا لە دیدی بەرتوێژانەوە بە بەراورد بە ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان)**

ئەنجامی یەکەم لە تەوەری سێهەم بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(3.4)** دا ڕونکراوەتەوە

**خشتەی (3.4)**

ئەنجامی (**شێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنان لەکوردستاندا لە دیدی بەرتوێژانەوە بە بەراورد بە ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان)**

| ژ | برگەکانی تەوەری سێهەم | هاوڕام | | تارادەیەک | | هاوڕا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1 | پێویستە مامۆستا بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی ستایلە شانۆییەکانی جیهانی فێری قوتابیان بکات وەکو شێوازی دەرهێنان لای (ستانسلاڤسکی ، مایرهۆلد ، برێخت، ئارتۆ، کرۆتۆفسکی، پیتەر برۆک ... هتد. | ٥٠ | ٧١.٧ | ٣ | ٥.٧ | – | – | ٢.٩٤ | ١ | باڵا |
| ٢ | کوردستان نەیتوانییەوە هاوشێوەی ناوەندە هونەرییەکانی دونیا بێت، چونکە کەشێکی گونجاو و لەبار بۆ هونەری شانۆ دروست نەکراوە. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٨ | ١٥.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٨١ | ٢ | باڵا |
| 2 | لەبەرئەوەی هیچ پەیمانگایەک لەکوردستاندا باڵەخانەیەکی پرۆفیشناڵ و تایبەتی بەهونەرە جوانەکان نیە . چ لەهۆلی تیۆری و چ لە هۆلی پراکتیکی، بۆیە ناتوانین بڵێین ئێمە وەک ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیاین. | ٤٣ | ٨١.١ | ١٠ | ١٨.٩ | – | – | ٢.٨١ | ٢ | باڵا |
| 3 | میتۆد و بابەتەکانی هونەری شانۆی کوردستان کۆنن و نوێ نەکراونەتەوە، وەک جهیانی پێشکەوتوو، تاوەکو لەگەڵ بابەتەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٠ | ١٨.٩ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٤ | ٣ | باڵا |
| ٤ | پەیمانگەکانی کوردستان تەنیا لەرێگەی کتێبە نوسراوەکانەوە شێواز و ستایلە جیهانیانەیان پێگەیشتوە، مامۆستایانەی دەرهێنان کەمترین بەرکەوتنیان لەگەڵ شێوازە جیهانیەکان هەبوە. | ٤٢ | ٧٩.٢ | ٧ | ١٣.٢ | ٤ | ٧.٥ | ٢.٧٢ | ٤ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | لەکوردستان وەک جیهانی پێشکەوتونیە، ناوەندە ئەکادیمیەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان لەڕوی تەکنەلۆژیا و سینۆگرافیاوە هەموو ساڵێک گۆڕانی بەسەردادێت، تەنانەت بابەتە تیوری و پراکتیکیەکانیش دەگۆڕێن. | ٣٩ | ٧٣.٦ | ١٢ | ٢٢.٦ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٠ | ٥ | باڵا |
| 6 | شێوازی ووتنەوەی وانەی دەرهێنان لە کوردستان هاوشێوەی ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیا نیە، چونکە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانەی دەرهێنان دەڵێنەوە شارەزاییەکی تەواویان نیە لەسەر ئاراستەکانی شانۆی هاوچەرخ یان قۆناغەکانی گەشەسەندنی شانۆ هەر لە گریکەوە تاوەکو ئەمڕۆ. | ٣٨ | ٧١.٧ | ١٣ | ٢٤.٥ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٦٨ | ٦ | باڵا |
| 6 | پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستان بۆ پێگەیاندنی مامۆستایە نەوەک هونەرمەند و دەرهێنەر و ئەکتەر. بەڵام لە جیهاندا ناوەندە ئەکادیمیە هونەریەکان تەنیا هونەرمەند پێدەگەیەنن. | ٣٧ | ٦٩.٨ | ١٥ | ٢٨.٣ | ١ | ١.٩ | ٢.٦٨ | ٦ | باڵا |
| 7 | هەوڵ دوارە کەبەشێوازە جیهانیەکان ئاشنا بین و جۆرە لاسایکردنەوەیەکی میتۆدە جیهانیەکانیش پەیرەوبکەین. | 38 | 71.7 | 10 | 18.9 | 5 | 9.4 | 2.62 | 7 | باڵا |
| 8 | لەبەر نەبونی (بینینی کاری هونەری) کەرەگەزێکی زۆر زۆر گرنگە، ناتوانین بڵێین کوردستان وەکو ناوەندە هونەریەکانی دونیایە. | ٢٣ | ٤٣.٤ | ٢٣ | ٤٣.٤ | ٧ | ١٣.٢ | ٢.٣٠ | ٨ | مامناوەند |
| 9 | کوردستان داخراو نە بوە،پەیمانگەکان لە ساڵانی ڕابردودا لەڕیگای ڤیستیڤاڵەکانەوە بەشدار بون لەکارە شانۆکانی | ٢٢ | ٤١.٥ | ١٩ | ٣٥.٨ | ١٢ | ٢٢.٦ | ٢.١٩ | ٩ | مامناوەند |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەرەوەی کوردستان و کارەکانیان هاوشانی کارەکانی وڵاتە جیهانیەکان بووە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئێمەش هاوشانی ئەکادیمیاکانی دونیا شانۆی خۆمانمان هەیە. | | | | | | | | | |
| | | | | | | | ٢.٦٥ | باڵا | |

وەک لە خشتەی ژمارە (3.4) دا دەرکەودەکەوێت، شێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنان لەکوردستاندا لە دیدی بەرتوێژانەوە بە بەراورد بە ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیا بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٦٥)،هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە، لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری سێهەمدا کەدەڵێ (پێویستە مامۆستا بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی ستایلە شانۆییەکانی جیهانی فێری قوتابیان بکات، وەکو شێوازی دەرهێنان لای ستانسلافسکی ، مایرهۆلد، برێخت، ئارتۆ، گرۆتۆفسکی، پیتەر بروک .... و سەرجەم دەرهینەرەکانی تر) لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی خوێندکاران باشتر لە شێوازی کارکردنی دەرهینەرە جیهانەکان تێبگەن.

یان هەردوو پرسیاری بڕگەکانی (2) و (2) کە هەردووکیان پلەی دویان وەرگرتووە، پرسیاری بڕگەی (2) دەڵێ (لەبەر ئەوەی هیچ پەیمانگەیەک لە کوردستاندا باڵەخانەیەکی پرۆفیشناڵ و تایبەتی بە هونەرەجوانەکان نییە،چ لەهۆڵی تیۆری و چ لەهۆڵی پراکتیکی، بۆیە ناتوانین بڵێین ئێمە وەک ناوەندە ئەکادیمیاکانی دونیاین)، کەواتە لەسەر ئەو بۆچونە بەرتوێژان ڕێکن کە لە کوردستاندا نەبونی هۆڵی شیواو بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆی بۆتە هۆی گرفت بۆ مامۆستا و خوێندکاران. پرسیاری بڕگەی (2) لە تەوەری سێهەمدا، کەئەمیش پلەی دووی وەرگرتوە دەڵێ (کوردستان نەیتوانیوە هاوشێوەی ناوەندە هونەرییەکانی دونیا بێت، چونکە کەشێکی گونجاو لەبار بۆ هونەری شانۆ دروست نەکراوە)

بەپێی وەڵامی بەرتوێژان  زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەتوانراوە بەشێوەیەکی گشتی زەمینەیەکی باش بۆ هونەری شانۆ بڕەخسێت. هەر لە ڕاڤەی ئەنجامەکاندا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) هاوڕان بەوەی کە ( میتۆد و بابەتەکانی کوردستان کۆنن و نویێ نەکراونەتەوە، وەک شانۆی جیهانی پێشکەوتوو تاوەکو لەگەڵ بابەتەکانی ئەم سەردەمەدا بگونجێت)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە کوردستان نەیتوانیوە خۆی بەرەو پێش بەرێت و هاوکات پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیادا هەبێت بۆئەوەی خوی نویێ بکاتەوە.

هەڵبەتە بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەنەخشەکەدا دیارە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر وەڵامەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرتوێژان بۆ وەڵامی بڕگەکانی (8)و (9) وەڵامەکانیان بە پلەی مامناوەند داوەتەوە. لەبڕگەی (8) دەڵێ (هەوڵ دوارە کەبەشێوازە جیهانیەکان ئاشنا بین و جۆرە لاسایکردنەوەیەکی میتۆدە جیهانیەکانیش پەیرەوبکەین). بەپێی وەڵامەکان ئەوە دەردەکەوێت کە گومان دەکرێت لەکوردستاندا پەیڕەوی میتۆدە جیهانیەکان کرابێت. لە بڕگەی (9) پرسیارەکە دەڵێ (کوردستان داخراو نەبوە،پەیمانگەکان لە ساڵانی ڕابردودا لەڕیگای ڤیستیڤاڵەکانەوە بەشدار بون لەکارە شانۆکانی دەرەوەی کوردستان و کارەکانیان هاوشانی کارەکانی وڵاتە جیهانیەکان بووە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئێمەش هاوشانی ئەکادیمیاکانی دونیا شانۆی خۆمانمان هەیە). بەپێی ئەو وەڵامانەش گومان دەکرێت کە پەیمانگگەکانی کوردستان توانیبێتیان پەیوەندی لەگەڵ ناوەندە ئەکادیمیاکانی دونیادا دروست کردبێت.

بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک ئەوەی لە لەخشتەکەدا  دیارە بەرتوێژان لەسەر ئاستی باڵا وەڵامی بڕگەکانی تەوەری سێهەمیان داوەتەوە.

4.1.1.4 ئەنجامی تەوەری چوارەم (**شێوازی تەکنیکی پراکتیکی بەکارهێنراو لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان)**

ئەنجامی یەکەم لە تەوەری چوارەم، بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(4.4)** دا ڕونکراوەتەوە

**خشتەی (4.4)**

ئەنجامی (**شێوازی تەکنیکی پراکتیکی بەکارهێنراو لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان)**

| ژ | بڕگەکانی تەوەری چوارەم | هاوڕام | | تاڕادەیەک | | هاوڕا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1 | بەشداری پێکردنی خوێندکارانی لقی نواندن لە دروستکردنی دیمەنە شانۆییەکان لەلایەن خوێندکارانی لقی دەرهێنانەوە. | ٥١ | ٩٦.٢ | ١ | ١.٩ | ١ | ١.٩ | ٢.٩٤ | ١ | باڵا |
| 2 | جەختی زیاتر بخرێتە سەر بابەتی پراکتیکی و بینین. | ٤٨ | ٩٠.٦ | ٤ | ٧.٥ | ١ | ١.٩ | ٢.٨٩ | ٢ | باڵا |
| ٣ | پێویستە مامۆستا و قوتابیانی لقی دەرهێنان زۆرینەی وانەکانیان لەهۆڵێکدا بخوێنن کە پڕبێ لەکەرستەی یارمەتیدەر بۆ بەکارهێنانیان لەکاتی پێویستدا. | ٤٧ | ٨٨.٧ | ٥ | ٩.٤ | ١ | ١.٩ | ٢.٨٧ | ٣ | باڵا |
| ٤ | هەموو ئەو وانانەی بەتیۆری دەخوێندرێن پێویستە لەهەمان کاتدا بکرێت بە پراکتیک ،ئەوە باشترین ڕێگای وانە وتنەوەدەبێت بۆ فێرکردنی تەکنیکی دەرهێنانی شانۆی. | ٤٦ | ٨٦.٨ | ٦ | ١١.٣ | ١ | ١.٩ | ٢.٨٥ | ٤ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | پێویستە لەهۆڵەکاندا داتاشۆ هەبێ بۆ نمایشکردنی شاکارە جیهانییەکان،بۆئەوی خوێندکاران ئاشنابن بەستایل و ئەزمونەکانی شانۆی جیهانی. | ٤٦ | ٨٦.٨ | ٥ | ٩.٤ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٨٣ | ٥ | باڵا |
| ٦ | پێویستە کۆمەڵێک کەرەستەی تەکنیکی هەبێت. بۆ نمونە لەقۆناغی سێهەمدا بنەماسەرەکیکان دەخوێندرێت بۆیە خوێندکار و مامۆستا پێویستی بە سەکۆ (مەستەبە ) و روناکی و کەرەستەی تر دەبێت بۆ جێبەجێ کردنی وانەکانی جەختکردن و پێکهاتە و میزان سێن. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٨ | ١٥.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٨١ | ٦ | باڵا |
| 6 | زیاد کردنی بەشە وانەی دەرهێنان. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٨ | ١٥.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٨١ | ٦ | باڵا |
| 6 | پێویستە مامۆستایانی وانەی دەرهێنان ریگە بە خوێندکاری دەرهێنان بدات بۆ کاری پراکتیک بچێتە پرۆڤەی کاری دەرهێنەرە بەئەزمونەکانەوە. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٨ | ١٥.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٨١ | ٦ | باڵا |
| 7 | گرنگە خوێندکار کاری پراکتیکی لەسەر دیمەن بکات بە ستایڵ و رێبازە جیاجیاکانی دەرهێنان ، وەک چۆن خوێندکاری شێوەکاری کۆپی کاری کلاسیک و | ٤٢ | ٧٩.٢ | ١١ | ٢٠.٨ | – | – | ٢.٧٩ | ٧ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕۆمانتیک و .....هتد. دەکات. | | | | | | | | | |
| 8 | بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان پێویستە خوێندکار تەنیا فێری تەکنیکی دەرهێنان بکرێت، نەک فێری ستایل و قوتابخانە جیاوازەکانی دەرهێنان. | ١٩ | ٣٥.٨ | ١٨ | ٣٤.٠ | ١٦ | ٣٠.٢ | ٢.٠٦ | ٨ | مامناوەند |
| | | | | | | | | ٢.٨٢ | باڵا | |

وەک لە خشتەی ژمارە (4.4) دا دەرکەودەکەوێت، شێوازی تەکنیکی پراکتیکی بەکارهێنراو لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٨٢)، هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری یەکەمدا کەدەڵێ (بەشداری پێکردنی خوێندکارانی لقی نواندن لە دروستکردنی دیمەنە شانۆییەکان، لەلایەن خوێندکارانی لقی دەرهینانەوە) لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێویستە خوێندکارانی لقی دەرهینان بەشداربن لەکارە پراکتیکیەکانی خوێندکارانی دەرهیناندا، بەتایبەت لەکاتی دروستکردنی دیمەنە شانۆییەکاندا.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (جەختی زیاتر بخرێتە سەر بابەتی پراکتیکی و بینین)، بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە لەپلەی دووەمدا دێت، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە وانەی دەرهینان زیاتر بەشێوەی پراکتیکی بخوێنرێت، پێویستیشە کە بەردەوام شانۆ پیشانی خوێندکاران بدرێت، چ بەشێوەی بینینی راستەوخۆ بێت یاخود بینین لەڕێگەی نمایشی ڤیدۆییەوە. هەر لە ئەنجامی دەرئەنجامەکەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی

سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) هاوڕان بەوەی کە (پێویستە مامۆستا و قوتابیانی لقی دەرهێنان زۆرینەی وانەکانیان لەهۆلێکدا بخوێنن کە پڕبێ لەکەرستەی یارمەتیدەر بۆ بەکارهێنانیان لەکاتی پێویستدا)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە پێویستە کەرەستەی گونجاو لەبەردەستابێت تاوەکو خوێندکار بتوانێت بەشێوەیەکی باش بۆ جێبەجێکردنی دیمەنە پراکتیکیەکان بەکاریان بهێنن.

هەڵبەتە بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەنەخشەکەدا دیارە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر وەڵامەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرتوێژان بۆ وەڵامی بڕگەی (8) وەڵامەکانیان بە پلەی مامناوەند داوەتەوە کە دەڵێ (بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان پێویستە خوێندکار تەنیا فێری تەکنیکی دەرهێنان بکرێت، نەک فێری ستایل و قوتابخانە جیاوازەکانی دەرهێنان).

بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک ئەوەی لە لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان لەسەر ئاستی باڵا وەڵامی بڕگەکانی تەوەری چوارەمیان داوەتەوە.

5.1.1.4 ئەنجامی تەوەری پێنجەم (**چالاکیە فێرکاریەکان کەپێویستە بەکاربهێنرێت لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهینان)**

ئەنجامی یەکەم لە تەوەری پێنجەم، بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(5.4)** دا ڕونکراوەتەوە

**خشتەی (5.4)**

## ئەنجامی (چالاکیە فێرکاریەکان کەپێویستە بەکاربهێنرێت لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنان)

| ژ | برگەکانی تەوەری پێنجەم | هاوڕام | | تاڕادەیەک | | هاوڕا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١ | بینینی کاری شانۆی جیاواز لە هەموو شێوازەکان بە کۆن و نوێکانەوە، پاشان شیکردنەوەی ستایلی دەرهێنەرەکە و چۆنیەتی کارکردنی. | ٤٨ | ٩٠.٦ | ٤ | ٧.٥ | ١ | ١.٩ | ٢.٨٩ | ١ | باڵا |
| 2 | لە ڕێگەی لێکدانەوەی تێکستی شانۆی و کورتە چیرۆک و ڕۆمان و بینینی فیلم و وێنەی شێوەکاری و فۆتۆ گرافی، خوێندکار دیمەنی شانۆی بەئەنجام بگەیەنێت. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٩ | ١٧.٠ | – | – | ٢.٨٣ | ٢ | باڵا |
| 3 | پێویستە بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن چەندین جۆری جیاوازی چالاکی دیمەنی شانۆیی لە میتۆدە جیاوازەکان هەر لەکلاسیکەوە تا مۆدێرن ئەنجام بدرێت. | ٤٥ | ٨٤.٩ | ٧ | ١٣.٢ | ١ | ١.٩ | ٢.٨٣ | ٣ | باڵا |
| ٤ | پێویستە لەلایەن مامۆستاکانەوە ساڵانە کاری دەرهێنان بۆچەند دەقێکی شانۆیی بکرێت بەستایلی جیاجیا، خوێندکارانی بەشی دەرهینانیش وەک هاوکار لەگەڵیاندا بەشداری بکەن بۆئەوەی باشتر لە کاری دەرهێنان بگەن. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٤ | باڵا |
| 4 | بەستنەوەی کارە پراکتیکیەکان بە باکگراوەندی تیۆرییەوە، بە مەبەستی | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٦ | ١١.٣ | ٣ | ٥.٧ | ٢.٧٧ | ٤ | باڵا |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زیاتر تێگەیشتن لێیان. | | | | | | | | |
| 4 | گوێگرتن لەموزیک ڕێگەیەکی باشە بۆ پەروەردە کردنی خەیاڵ و جیهانبینی خوێندکار بۆ دروست کردنی وێنەی شانۆی. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٤ | باڵا |
| 4 | بەئەنجام گەیاندنی میتۆدی شانۆی هاوچەرخی دیجیتاڵی و بەرکەوتەی تەکنیکی نوێی شانۆیی. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٤ | باڵا |
| 4 | پێویستە لەقۆناغی یەکەمی خوێندنی وانەی دەرهێناندا هەوڵ بدرێت وا لەخوێندکار بکرێت لێکدانەوە و تێگەیشتنی بەرامبەر جیهان و ژیانی سەردەم هەبێت، بۆئەوەی بتوانێت شیکاری و جیهانبینی خۆی تێکەڵی دیمەنە شانۆییەکان بکات. | ٤٣ | ٨١.١ | ٩ | ١٧.٠ | ١ | ١.٩ | ٢.٧٩ | ٤ | باڵا |
| 5 | بەئەنجام گەیاندنی چەندین مەشق و ڕاهێنانی تەکنیکی و زهنی بەخوێندکاری بەشی دەرهێنان لەلایەن مامۆستایانەوە. | ٤١ | ٧٥.٥ | ١٣ | ٢٤.٥ | – | – | ٢.٧٥ | ٥ | باڵا |
| 6 | پراکتیزەکردنی شێوازە نوێیەکانی شانۆ و بەکارهێنانی قادرمە و شەقام و گۆڕەپان و هەرشوێنێکی تر کە گونجاوبێت بۆ ئەو دیمەنانە (بۆئەوەی خوێندکار لەشانۆی تەقلیدی دور بکەوێتەوە) هەروەک ئەوەی لای دەرهێنەرە هاوچەرخەکان پەیرەوکراوە. | ٤٢ | ٧٩.٢ | ٨ | ١٥.١ | ٣ | ٥.٧ | ٢.٧٤ | ٦ | باڵا |
| 7 | ڕاهێنانی خەیاڵی خوێندکار لەسەر ڕەگەزە سەرەکیەکانی | ٣٨ | ٧١.٧ | ١٥ | ٢٨.٣ | – | – | ٢.٧٢ | ٧ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەرهێنان و بەجێبەجێ کردنی هەریەکە لەو رەگەزانەو پێکهێنەرەکانی لە رێی دیمەنی راگوزەر (ارتجال). | | | | | | | | | |
| 8 | بینینی دیمەنی شانۆی جیهانی و سەرلەنوێ دەرهێنانی ئەو دیمەنانە بە ستایلە جیاجیاکان، ئەگەر بە شێوازی کۆپی کردنیش بێت. | ٣٤ | ٦٤.٢ | ١٧ | ٣٢.١ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٦٠ | ٨ | بالا |
| | | | | | | | | ٢.٧٧ | بالا | |

وەک لە خشتەی ژمارە (5.4) دا دەرکەودەکەوێت، چالاکیە فێرکاریەکان کەپێویستە بەکاربهێنرێت لە دیدی بەرتوێژانەوە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهینان بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٧٧)،هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری پێنجەمدا کەدەڵێ (بینینی کاری شانۆی جیاواز لە هەموو شێوازەکان بە کۆن و نوێکانەوە، پاشان شیکردنەوەی ستایلی دەرهێنەرەکە و چۆنیەتی کارکردنی) لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەکاتی وانە وتنەوەدا چالاکی بینین پیشانی خوێندکاران بدرێت، بەتایبەت نمایشە شانۆییەکان، دەبێت بەشێوەیەکی گشتی شانۆییەکان تێکڵەبن لەسەرجەم ستایلە شانۆییەکان و پاشان بە گروپ شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ نمایشەکان بکرێت.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (لە ڕێگەی لێکدانەوەی تێکستی شانۆی و کورتە چیرۆک و ڕۆمان و بینینی فیلم و وێنەی شێوەکاری و فۆتۆ گرافی، خوێندکار دیمەنی شانۆی بەئەنجام بگەیەنێت)، بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە لەپلەی دووەمدا دێت، زۆربەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێویستە دوابەدوای بینین و لێکدانەوەی دەقی شانۆ یان

چیرۆک، خوێندکار دیمەنەکانی ئەنجام بدات، هەندێ جاریش لەڕێگەی بینینی پێشانگای شێوەکاری یان فیلمەوە دەتوانێت سود لە وان وەربگرێت بۆ دروستکردنی دیمەنی شانۆی. هەر لە ئەنجامی دەرئەنجامەکەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) هاوڕان بەوەی کە (پێویستە بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن چەندین جۆری جیاوازی چالاکی دیمەنی شانۆیی لە میتۆدە جیاوازەکان هەر لەکلاسیکەوە تا مۆدێرن ئەنجام بدرێت)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە پێویستە بەشێوەی پراکتیکی چەندین دیمەن بەرهەم بهێنن و وەک چالاکی پێشکەشی بکەن، پێویستیشە کە دیمەنەکان بەپێی قۆناغی خوێندنیان کار لەسەر ستایلە جیاوازەکان بکەن. لەم تەوەرەدا دەبینین کە پێنج بڕگە پلەی (4) وەرگرتووە و بەرتوێژان وەڵامەکانیان وەک یەک بووە.

بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر کۆی گشتی وەڵامەکانی تری تەوەری پێنجەم.

6.1.1.4 ئەنجامی تەوەری شەشەم (**ئەو گرفتانەی کەتوشی بابەتی دەرهێنانی شانۆی دەبێتەوە لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)**

ئەنجامی یەکەم لە تەوەری شەشەم، بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(6.4)** دا ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (6.4)**

ئەنجامی **(ئەو گرفتانەی کەتوشی بابەتی دەرهێنانی شانۆی دەبێتەوە  لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)**

| ژ | برگەکانی تەوەری شەشەم | هاوڕام | | تاڕادەیەک | | هاوڕا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1 | یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەکان کۆنن و کۆمەڵێک یاسای پەروەردە و فێرکردنی سەپاندوە کەدورن لەوانەی هونەری دەرهێنان. | ٥١ | ٩٦.٢ | ٢ | ٣.٨ | – | – | ٢.٩٦ | ١ | باڵا |
| 2 | بونی میتۆدێکی کۆن و لەکارکەوتوو ، بۆیە پێویستە سود لەمیتۆدی وڵاتە پێشکەوتوەکان وەربگیرێت. | ٤٧ | ٨٨.٧ | ٦ | ١١.٣ | – | – | ٢.٨٩ | ٢ | باڵا |
| 3 | نەبونی هاوکاری مادی و ئابوری و پاڵپشتی نەکردنی بابەتە هونەریەکان لەڕێگەی لایەنە کارگێریەکانەوە ، چونکە بەشێکی زۆریان شارەزای هونەریان نییە. | ٤٦ | ٨٦.٨ | ٧ | ١٣.٢ | – | – | ٢.٨٧ | ٣ | باڵا |
| 4 | نەبونی میتۆدێکی  باش و گونجاو کە بەسەر هەرسێ سالی خوێندنی بەشی دەرهێناندا دابەش کرابێت. ئەوەش پێویستی بە دانانی لێژنەیەکی پرۆفیشناڵە لە کادری هونەری. | ٤٥ | ٨٤.٩ | ٨ | ١٥.١ | – | – | ٢.٨٥ | ٤ | باڵا |
| ٥ | نەبوونی سەرچاوەی نوێی شانۆیی و نەزانینی زمانە جیهانیەکان لەلایەن مامۆستایانەوە گرفتی بۆ پێشخستنی پەیمانگەکان دروست کردوە. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٩ | ١٧.٠ | – | – | ٢.٨٣ | ٥ | باڵا |
| 5 | زۆر و بۆری وانەکانی تر کەهەندێکیان هیچ سودێکیان نییە | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٩ | ١٧.٠ | – | – | ٢.٨٣ | ٥ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بۆ خوێندکار و تەنیا سەرقاڵیان دەکەن. | | | | | | | | | |
| 6 | نەبونی تەکنیک و سینۆگرافیا و ستۆدیۆی تایبەت بەلایەنی پراکتیکی بۆ وانەی دەرهینان. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٨ | ١٥.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٨١ | ٦ | باڵا |
| 6 | تێکەڵاوی و بێ سەر و بەری میتۆدەکان ، کەپێویستیان بە بەهاوچەرخ کردن و بەئێستا کردن هەیە. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٨ | ١٥.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٨١ | ٦ | باڵا |
| 7 | کەمی مامۆستای شارەزا و ناسراو لە بواری دەرهێنانی شانۆیی لە بەشی شانۆی پەیمانگەکاندا. | ٤٣ | ٨١.١ | ٨ | ١٥.١ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٧ | ٧ | باڵا |
| 7 | هەڵبژاردنی بەشی دەرهێنان لەلایەن خوێندکارەوە، زۆرجار خوێندکار بەبێ ئەوەی ئارەزوی بۆ بەشەکە هەبێت بڕیار دەدات بچێتە بەشی دەرهێنان، یان لەڕێگەی مامۆستایانەوە خوێندکارەکە بێ ویستی خۆی دەنێرنە بەشی دەرهێنان. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٧ | باڵا |
| 7 | گرنگینەدان بە پرۆسەی خوێندن لە لایەن پەیمانگە و مامۆستا و خوێندکارانەوە. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٧ | باڵا |
| 7 | نەبوونی ستۆدیۆی دەرهێنان و نەبونی تەکنەلۆژیای سەردەم. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٢ | ٢٢.٦ | – | – | ٢.٧٧ | ٧ | باڵا |
| 8 | نەبونی پێداویستی وانە وتنەوەی نوێ لە هۆڵی بینین و هۆڵی پرۆڤە و راهێنان و سەرچاوەی نوێی پراکتیزە کراو. | ٤١ | ٧٧.٤ | ١١ | ٢٠.٨ | ١ | ١.٩ | ٢.٧٥ | ٨ | باڵا |
| 8 | چەق بەستوی میتۆدە باو و سواوەکان و نەبونی یەکەیەکی میتۆدی وانەی دەرهێنانی مۆدێرن و هاوچەرخ. | ٤٢ | ٧٩.٢ | ٩ | ١٧.٠ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٥ | ٨ | بالا |
| 9 | کاتی وانە خوێندن کەمترە لەکاتی پێویست ، بۆنمونە ئەگەر پۆلێکی دەرهێنان نۆ خوێندکاری | ٣٩ | ٧٣.٦ | ١٤ | ٢٦.٤ | – | – | ٢.٧٤ | ٩ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تێدابێت، بۆ ئەوەی هەر یەکەیان پراکتیک لەسەر دیمەنێک بکەن، بەلایەنی زۆر زۆر کەمەوە نۆ سەعات زیاترمان پێویستە. تەنیا بۆ یەک دیمەنی زۆر کورت. | | | | | | | | | |
| 9 | کەمی سەرچاوەی باوەڕپێکراوی وانەی دەرهێنان لەیەکەکانی میتۆد و پرۆگرامی خوێندنی نوێی شانۆی. | ٤١ | ٧٥.٥ | ١٢ | ٢٢.٦ | ١ | ١.٩ | ٢.٧٤ | ٩ | باڵا |
| 10 | له قۆناغی چوارەم و پێنجەم که ساڵی دووەم و سێیەمی دەرهێنان دەکات بەتەنیا ساڵی یەکەم پراکتیکی دەخوێندرێت، له قۆناغی چوارەم ئەزمونی کارێکی شانۆی دەکات و له قۆناغی پێنجەم کارنامەی دەرچوونی پێشکەش دەکات. کەوەک پێویست ناتوانێ لەو دوساڵەی دوایدا وانەی پراکتیکی بخوێنێت. | ٣٦ | ٦٧.٩ | ١٦ | ٣٠.٢ | ١ | ١.٩ | ٢.٦٦ | ١٠ | باڵا |
| 11 | نەگۆڕینی مامۆستای دەرهێنان لەهەرسێ ساڵی خوێندنی دەرهێنانی شانۆیدا، واتا پێویستە ئەو مامۆستایەی کەوانەکە دەڵێتەوە کاتێک ئەو گروپەی لەقۆناغی سێهەمدا وەری دەگرێت تا دوا قۆناغ هەمان مامۆستا وانەکەیان پێ بڵێتەوە. | ٣٣ | ٦٢.٣ | ١٦ | ٣٠.٢ | ٤ | ٧.٥ | ٢.٥٥ | ١١ | باڵا |
| | | | | | | | | ٢.٧٨ | | باڵا |

وەک له خشتەی ژمارە (6.4) دا دەرکەودەکەوێت، ئەو گرفتانەی کەتوشی بابەتی دەرهێنانی شانۆی دەبێتەوە له دیدی بەرتوێژانەوە له پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بۆ

سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٧٨)، هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری شەشەمدا کەدەڵێ (یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەکان کۆنن و کۆمەڵێک یاسای پەروەردە و فێرکردنی سەپاندووە کەدورن لەوانەی دەرهێنان)  لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لەناو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان یاسای قوتابخانە و خوێندنگا بۆ پەیمانگەی هونەرەجوانەکانیش پەیڕەوکراوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێک کە یاساکان ڕێگربن لەبەردەم خوێندنی هونەری شانۆ لە کوردستاندا.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (بونی میتۆدی کۆن و لەکارکەوتوو، بۆیە پێویستە سود لە میتۆدی وڵاتە پێشکەوتووەکان وەربگیرێت)، بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە لەپلەی دووەمدا دێت، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەهۆی کۆنی شێوازی میتۆدەکانەوە خوێندنی هونەریش لە ئاستێکی دواکەوتودایە، بۆیە پێویستە میتۆد و پرۆگرامەکان هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتوەکانی دونیا ڕێک بخرێت. هەر لەراڤەی ئەنجامەکاندا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) هاوڕان بەوەی کە (نەبونی هاوکاری مادی و ئابوری و پاڵپشتی نەکردنی بابەتە هونەرییەکان لەلایەن لایەنە کارگێڕیەکانەوە، چونکە بەشێکی زۆریان شارەزایی هونەرییان نییە) ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە هاوکاری نەکردنی مادی لەلایەن لایەنی پەیوەندی دارەوە کە وەزارەتی پەروەردەیە نەتوانرێت پێداویستیە هونەرییەکان بەرجەستە ببێت، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لێپرسراوانی یەکە کارگێڕیەکان شارەزای هونەرییان نییە و لەشێوازی پاڵپشتیە داراییەکانی هونەر تێناگەن.

وەک ئەوەی کە وەڵام دراوەتەوە، بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەخشتەکەدا دیارە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر سەرجەم وەڵامەکانی تری بڕگەی شەشەم.

### 7.1.1.4 ئەنجامی تەوەری حەوتەم (**سودەکانی وانەی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پێگەیاندنی خوێندکاراندا**)

ئەنجامی یەکەم لە تەوەری حەوتەم، بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی **(7.4)** دا ڕونکراوەتەوە.

**خشتەی (7.4)**

ئەنجامی (**سودەکانی وانەی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پێگەیاندنی خوێندکاراندا**)

| ژ | برگەکانی تەوەری حەوتەم | هاوڕام | | تاڕادەیەک | | هاوڕا نیم | | ناوەندی شیاو | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١ | ئەگەر خوێندکارەکە خۆی ئامادەگی هەبێت و لەگەڵ خوێندن و پراکتیک کردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا توانا و سەلیقە و خەیاڵی خۆی پەرەپیبدات و خۆی تەرخان بکات بۆ پیشەکەی و بەردەوامی هەبێت لەکارەکەیدا دەتوانێت ببێت. کادرێکی هونەری. | ٤٩ | ٩٢.٥ | ٤ | ٧.٥ | – | – | ٢.٩٢ | ١ | باڵا |
| ٢ | بەتەنیا خوێندنی بابەتی دەرهێنان ئەگەر زانستی و ئەکادیمی بێت ناتوانێت پەرە بەتواناکانی خوێندکار بدات، ئەگەر هاتوو خوێندکار خۆی خولیاو دیدگا و ڕوانینی هونەری بۆ پرۆسەی دەرهێنان نەبێت. | ٤٦ | ٨٦.٨ | ٧ | ١٣.٢ | – | – | ٢.٨٧ | ٢ | باڵا |
| ٣ | خوێندنی هونەری دەتوانێت کاریگەری لەسەر خوێندکارهەبێت | ٤٧ | ٨٨.٧ | ٤ | ٧.٥ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٨٥ | ٣ | باڵا |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ،چونکە پروسەی دەرهێنان پرۆسەیەکە پێویستی بە فێر بوون هەیە، هەر لە شێوازی خوێندنەوەی دەقی شانۆیی بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ئەکتەر و بۆ شێوازی پرۆڤە و هەتا کۆتاسات کە نمایشە ،ئەمەش دەبێت فێرخواز لە ڕێگەی کتێبە گرنەکانی فێربوونی دەرهێنانی شانۆییەوە فێر بکرێت و لەژێر چاودێری مامۆستادا ڕاهێنانی پێ بکرێت. | | | | | | | | |
| 3 | هیچ پەیمانگە و ئاکادیمیا و ناوەندێکی خوێندنی دونیا ناتوانێ دەرهێنەر یان ئەکتەرێک دروست بکات، تەنانەت باشترین میتۆدیش پەیرەوبکەن، ئەگەر کەسەکە خۆی ئامادەی نەبێت و بەهرە و تاوانای و سەلیقەی خۆی بەبەردەوامی گەشە پێنەدات. | ٤٥ | ٨٤.٩ | ٨ | ١٥.١ | – | – | ٢.٨٥ | ٣ | باڵا |
| 4 | کەسی دەرهێنەر هەست بە بەرپرسیارێتی زیاتر دەکات، ئەمەش وای لێدەکات زیاتر بخوێنێتەوە و بگەڕێت بەشوێن زانیاری نوێدا. | ٤٤ | ٨٣.٠ | ٧ | ١٣.٢ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٩ | ٤ | باڵا |
| 5 | خوێندکار دەتوانێت پەرە بەتوانا هونەریەکانی بدات بەمەرجیک بەدابینکردنی بینای پەیمانگەکان و | ٤١ | ٧٧.٤ | ١٠ | ١٨.٩ | ٢ | ٣.٨ | ٢.٧٤ | ٥ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ماموستای پسپۆری باش و میتۆدیکی سەردەمیانەی خوێندن . لەبەر ئەوەی پەیمانگە هەمیشە شوێنی ڕێ نیشاندانی قوتابیە لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی باش لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی. | | | | | | | | | |
| 5 | ئەو ئەزمونانەی کەخوێندکار لەماوەی خوێندنیدا بەئەنجامی دەگەنێت دەبێتە پاڵپشتیەکی بەهێز بۆی، تاوەکو تواناهونەریەکانی خۆی تاقی بکاتەوە. | ٣٩ | ٧٣.٦ | ١٤ | ٢٦.٤ | – | – | ٢.٧٤ | ٥ | باڵا |
| 6 | ئەگەر هەوڵ و کۆششی بەردەوامی لەسەر دەستی ماموستای دەرهێنەری سەرکەوتوو هەبێت، ئەوا ماموستاکە دەتوانێت بەشێوەیەکی زانستی و هونەری خوێندکار پەروەردە بکات بۆ ئەوەی لەدوای دەرچوون لەسەر شانۆ بەردەوام بن و ببنە کادیرێکی سەرکەوتوو لە بواری دەرهێنانی شانۆیی. | ٤٥ | ٨٤.٩ | ٧ | ١٣.٢ | ١ | ١.٩ | ٢.٨٣ | ٦ | باڵا |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 7 | خوێندنی هونەری لەپەیمانگەکاندا دەتوانێ وا لەخوێندکار بکات کەبەرپێرەوی ڕاستدا بڕوات، دەبینین ئەوانەی ئیستا لە بواری دەرهێنای شانۆیدان زۆربەیان لە پەیمانگەکانەوە دەستیان پێ کردووە. | ٣٥ | ٦٦.٠ | ١٧ | ٣٢.١ | ١ | ١.٩ | ٢.٦٤ | ٧ | مامنا وەند |
| | | | | | | | | ٢.٨٠ | بالاّ | |

وەک لە خشتەی ژمارە (7.4) دا دەرکەودەکەوێت، سودەکانی وانەی دەرهێنان لە دیدی بەرتوێژانەوە لە پێگەیاندنی خوێندکاراندا بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان بە بەهای ناوەندە ژمێرەی (٢.٨٠)، هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری حەوتەمدا کەدەڵێ (ئەگەر خوێندکارەکە خۆی ئامادەگی هەبێت، لەگەڵ خوێندن و پراکتیک کردنی پرۆگرامەکانی خوێندندا توانا و سەلیقە و خەیاڵی خۆی پەرەپێبدا و خۆی تەرخان بکات بۆ پیشەکەی و بەردەوامی هەبێت لە کارەکەیدا، دەتوانێت ببێت بە کادرێکی هونەری) لە پلەی یەکەمدا دێت چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هەر خوێندکارێک خۆی هاوشانی خوێندنەکەی پەرە بەتوانا و لێهاتویەکانی بدات و بەشداری کار و چالاکی هونەری بکات، هیچ گومانی تێدانییە کە ئەو خوێندکارە دەتوانێت هونەرمەندێکی باشی لێدەربچێت، بەتایبەت ببێتە دەرهێنەرێک لە ئایندەدا.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (ئەو ئەزمونانەی کە خوێندکار لەماوەی خوێندنیدا بە ئەنجامی دەگەیەنێت، دەبێتە پاڵپشتیەکی بەهێز بۆێ تاوەکو توانا هونەرییەکانی خۆی تاقی بکاتەوە) بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە لەپلەی دووەمدا دێت، چونکە خوێندکار

لەماوەی خوێندنی پێنج ساڵی شانۆ و سێ ساڵی دەرهێنانی هەموو ساڵێک چەندین ئەزمونی شانۆی ئەنجام دەدات، بێگومان ئەو ئەزمونانەش دەبنە پاڵپشتیەک بۆ فێربون و ڕاهێنان، بۆئەوەی کەچونە دەرەوەی پەیمانگە بتوانن ئەو ئەزمونانە ببێتە باشتر کردنی تواناکانیان.

هەر لە ئەنجامی ڕاڤەکردنی وەڵامەکاندا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا، زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەکانی (3) و (3) هاوڕان، لە بڕگەی (3) یەکەمیاندا کە لە پلەی سێهەمدا دێت دەڵێ (خوێندنی هونەری دەتوانێت کاریگەری لەسەر خوێندکارهەبێت ،چونکە پروسەی دەرهێنان پرۆسەیەکە پێویستی بە فێر بوون هەیە، هەر لە شێوازی خوێندنەوەی دەقی شانۆیی بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ئەکتەر و بۆ شێوازی پرۆڤە و هەتا کۆتا سات کە نمایشە ،ئەمەش دەبێت فێرخواز لە ڕێگەی کتێبە گرنەکانی فێربوونی دەرهێنانی شانۆییەوە فێر بکرێت و لەژێر چاودێری مامۆستادا ڕاهێنانی پێ بکرێت) بەپێی وەڵامی بەرتوێژان جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە خوێندن و ئەکادیمی بوون لەبواری دەرهێنانی شانۆیدا وادەکات کەسەکە فێری بنەما سەرەکیەکانی بواری دەرهێنانی شانۆی ببێت و کاریگەری ئەکادیمی بوونی بەسەرەوە هەبێت. هەروەها لە بڕگەی (3) کەی تردا دەڵێ (هیچ پەیمانگە و ئاکادیمیا و ناوەندێکی خوێندنی دونیا ناتوانێ دەرهێنەر یان ئەکتەرێک دروست بکات، تەنانەت باشترین میتۆدیش پەیرەوبکەن، ئەگەر کەسەکە خۆی ئامادەی نەبێت و  بەهرە و تاوانای و سەلیقەی خۆی بەبەردەوامی گەشە پێنەدات) ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە پێویستە ئەو کەسانەی لەبواری هونەردا دەخوێنن خۆیان حەز و توانای هونەریان هەبێت، تاوەکو بتوانن بەباشی خۆیان پێ بگەیەنن، چونکە خوێندن ناتوانێت بەهرەو هۆشیاری بۆ خوێندکار دەستەبەر بکات ئەگەر کەسەکە خۆی ئارەزووی نەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرتوێژان بۆ وەڵامی بڕگەی (7) وەڵامەکانیان بە پلەی مامناوەند داوەتەوە کە دەڵێ ( کەسی دەرهێنەر هەست بە بەرپرسیاری زیاتر دەکات، ئەمەش وای لێدەکات زیاتر بخوێنێتەوە و بگەڕێت بەشوێن زانیاری نوێدا).

بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەنەخشەکەدا دیارە بەرتوێژان هاوڕان لەسەر وەڵامەکان و هەموو وەڵامەکانی تر پلەی باڵا وەردەگرن.

## 2.1.4 ئەنجامی ئامانجی دووەم

دەقی ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە (**پێشنیارەکانی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە ژێر ڕۆشنای ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا)**

**خشتەی (8.4)**

ئەنجامی (**پێشنیارەکانی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە ژێر ڕۆشنای ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا)**

| ژ | پێشنیار | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|
| ١ | وەرگرتنی فێرخوازی ئارەزوومەند و چالاک و لێهاتوو، کەشایستە بێت بۆ خوێندنی دەرهێنانی شانۆی. | 97 |
| ٢ | میوانداری کردنی ئەو دەرهێنەرانەی بە ئاڕاستەی نوێ کاریانکردووە لە شانۆدا، بۆسازکردنی سیمینار و گوتنەوەی چەند وانەیەک بۆ خوێندکارانی دەرهێنان. | 97 |
| ٣ | گۆڕینی میتۆد و بابەتەکان کەلەگەڵ ئەمڕۆی دونیای گلۆبالیزمی زانستی سەردەم بگونجێت. | 96 |
| 3 | ئەپدەیتکردنەوەی مامۆستاکان. ئەویش بە دورخستنەوەی هەموو نامیلکە و مەلزەمە سواوەکان و کردنەوەی خول لەسەر شێوازی نوێی پێکەوەفێربوون، نەک شێوازی لەبەرکردن لە فێرکردنی هونەریدا. | 96 |
| 4 | چالاک کردنی ڕۆڵی مامۆستایان، چونکە یەک مامۆستای باش دەتوانێت نەوەیەک دەرهێنەری چالاک و وریا بجوولێنێت. | 96 |
| 4 | کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستاکانی دەرهێنان بۆ زیاتر ئاشنا بونیان بەشێوازی نوێی وانەبێژی و بەکارهێنانی هۆکارە نوێیەکانی وانە وتنەوە. | 96 |
| 4 | دابین کردنی بینای گونجاو، بەپێداویستیە هونەریەکانیاوە و بونی هۆڵی گونجاو بۆ ڕاهێنان و نمایشکردنی شانۆییەکان، نەک وەک ئەو بینایانەی ئێستا کەهیچیان گونجاونین بۆ شوێنی هونەری. | 96 |
| 4 | گرنگیدان بەهەموو شێواز و ستایل و میتۆدەکانی دەرهێنان بەتیوری و | 96 |

| | | |
|---|---|---|
| | پراکتیکی بۆ ئەوەی لەئایندەدا خوێنکاری دەرهێنەر سەرپشک بێت کام ستایل دەکاتە هەوێنی شێوازی کارکردنی خۆی، نەک تەنیا بەیەک دوو میتۆد ئاشنا بکرێت. | |
| 4 | باشترکردنی ئاستی کارگێڕی پەیمانگاکان و دانانی بەڕێوەبەر و سەرۆک بەشی هونەرمەند. | 96 |
| 5 | دابینکردنی تەکنیک و سینۆگرافیای سەردەمیانە. | 95 |
| 6 | کردنەوەی خول و وۆرک شۆپ بۆ مامۆستایان لەدەرەوەی وولات. | 94 |
| 6 | بینینی کاری هونەری زیاتر، بۆئەوەی بەنمونەی زیندو خوێندکار ئەو ڤیدۆیانە ببینێت و پاشان جەخت بکرێتە سەر بواری پراکتیزەی ئەو دەرهێنەرانە. | 94 |
| 7 | جەخت بکرێتە سەر زیادەی بەشە وانەی دەرهێنان بەتایبەتی پراکتیکی بەهەموو میتۆد و ستایلەکانەوە. | 94 |
| 7 | دابین کردنی بژێوی ژیانی مامۆستا و کادرە هونەریەکان بەشێوەیەک کە پێویستیان بە کاری زیاتر نەبێت لەدەروەی پرۆسەی خوێندن. | 94 |
| 7 | جەختی زیاتر بخریتە سەر ڕێباز و شەپۆلە هاوچەرخ و نوێیەکان، کە بەڤیدۆ و لەیوتوب ئەو نمایشانە بەردەستن و دەکریت بۆ خوێندکارسود بەخشبێ بۆ زیاتر ئاشنایان بێت. | 94 |
| 8 | پێویستە بەزووترین کات بەپێی رەوت و میتۆدە نوێیەکان سەرلەنوێ پێداچونەوە بە یەکەکانی میتۆد بەگشتی و وانەی دەرهێنان بەتایبەتی بکرێت. | 93 |
| 9 | گرنگی زیاتر بدرێت بەشانۆی خوێندنگە و منالان، چونکە لەدواجاردا لەپرۆسەی پەروەردە و دامەزراندنیاندا،خوێندکار سودمەند دەبیت. | 92 |
| 9 | زیادکردنی وانەی پراکتیکی لەبابەتی دەرهێناندا و زیادکردنی بابەتی هاوچەرخ و مەشق و راهێنای زۆر. | 92 |
| 10 | بەکەم کردنەوەی پەیمانگەکان لە کوردستاندا ئەوەش بۆئەوەیە کە حکومەت بتوانێ بودجەی تایبەت بۆ پەیمانگەکانی کوردستان دابین بکات. | 90 |
| 10 | پێویستە خوێندکاری دوا قۆناغی خوێندن، بەپیی قەناعەت و تێگەیشتنی خۆی ( بەتیوری و پراکتیکی) لەسەر ڕۆشنای تەنیا یەک میتۆد و بەزانستیانە کارنامەکەی پێشکەش بکات، نەک بەتێکەڵی و سود وەرگرتن لەهەموو میتۆدەکان ،ئەویش بۆئەوەیە تانیا پسپۆڕی لەیەکێک لەمیتۆدەکان وەربگرێت. | 90 |
| 11 | پێویستە کۆرس بووکی وانەی دەرهێنان بۆ سەرجەم بەشی شانۆی پەیمانگەکان یەک بخرێت بۆ ئەوەی بتوانن مەنهەجێکی زانستی دابرێژن لەسەر بنەمایەکی و هونەری و زانستی. | 89 |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | کردنەوەی خول و سمینار لەڕێگەی ئۆنلاینەوە بۆ خوێندکاران. | 86 |

وەک لە خشتەی ژمارە (8.4) دا دەرکەودەکەوێت، پێشنیارەکانی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە دیدی بەرتوێژانەوە لە ژێر ڕۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکاندا بۆ سەرجەم بڕگەکانی ئەم تەوەرە لە ئاستێکی باشدایە, بەو پێیەی کە زۆرینەی بەرتوێژان هاوڕان لەگەڵ بڕگەکانی سەرجەم تەوەرەکە

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بڕگەی ژمارە (1) لەتەوەری هەشتەمدا کەدەڵێ (وەرگرتنی فێرخوازی ئارەزوومەند و چالاک و لێهاتوو، کەشایستەبێت بۆ خوێندنی دەرهێنانی شانۆیی) لە پلەی یەکەمدا دێت، چونکە زۆربەی بەرتوێژان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو خوێندکارەی هەڵدەبژێرێت بۆ لقی دەرهێنان ئارەزوومەندی خۆی لەسەر هەبێت نەوەک بەزۆری مامۆستاکانی یان کاریگەری لاوەکی وای لێبکات لقی دەرهێنان هەڵبژێرێت.

یان پرسیاری بڕگەی (2) کەدەڵێ (میوانداری کردنی ئەو دەرهێنەرانەی بە ئاراستەی نوێ کاریان کردووە لەشانۆدا، بۆ سازکردنی سمینار و وتنەوەی چەند وانەیەک بۆ خوێندکارانی دەرهێنان)، بەپێی وەڵامی بەرتوێژان ئەم بڕگەیە لەپلەی دووەمدا دێت، زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێویستە بێجگە لە مامۆستای تایبەتی وانەکە، بانگهێشتی ئەو دەرهێنەرانەش بکرێت کەشارەزان و دەکرێت سود لە تواناکانیان ببینرێت.

هەر لە ئەنجامی ڕاڤەکردنی ئامانجی دووەمدا، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە لەپلەی سێهەمدا زۆربەی بەرتوێژان لەسەر بڕگەی (3) و (3) هاوڕان بەوەی، کە لە بڕگەی سێیەمی یەکەمیاندا دەڵی (گۆڕینی میتۆد و بابەتەکان کەلەگەڵ ئەمڕۆی دونیای گلۆبالیزمی زانستی سەردەم بگونجێت) ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی پێویستە گرنگی بە بابەتە هاوچەرخەکان بدرێت و میتۆدی هونەری لە کوردستاندا بگۆڕێت و هاوشێوەی جیهانی

ئێستا و وولاتە پێشکەوتوەکانی لێبکرێت. لەبڕگەی دووەمین سێهەمیاندا پرسیارەکە دەڵێ (ئەپدەیتکردنەوەی مامۆستاکان. ئەویش بە دورخستنەوەی هەموو نامیلکە و مەلزەمە سواوەکان و کردنەوەی خول لەسەر شێوازی نوێی پێکەوەفێربوون، نەک شێوازی لەبەرکردن لە فێرکردنی هونەریدا.). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە پێویستە مامۆستایان دوربکەونەوە لە پشت بەستن بەو نامیلکە کۆنانەی چەندین ساڵە لەبەردەستیاندایە و قۆناغ دوای قۆناغ دەوترێتەوە لە پەیمانگەکاندا، بەڵکو دەبێت پشت بە سەرچاوە و شێوازی نوێ ببەسترێت بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆیی.

لەکۆی گشتی ئەنجامی دووەمدا، بەپێی ڕیزبەندی بڕگەکانی تر وەک لەنەخشەکەدا دیارە، بەرتوێژان هاوڕان لەسەر کۆی گشتی وەڵامەکانی تر و سەرجەم پرسیارەکان لە پلەی باڵادا دێن.

## 2.4 دەرئەنجامەکان

1.2.4 سەلماندی چەقبەستوی لەپەیڕەو پرۆگرامی خوێندندا و نەبوونی هۆڵی شیاو بۆ پراکتیزە کردنی وانەی دەرهێنان.

2.2.4 سەلماندنی نەبوونی پلانێکی گشتی بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لەسەرجەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستاندا.

3.2.4 جەختکردنە سەر فێرکردنی خوێندکاران بەشێوەی تیوری و پراکتیکی و دروستکردنی کەشێکی گونجاوی هونەریانە.

4.2.4 جەختکردنە سەر لایەنی بینین و پراکتیک کردنی دیمەنی شانۆیی، بە بەشداری پێکردنی خوێندکارانی لقی نواندن.

5.2.4 شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی شانۆیی و پراکتیزەکردنیان لەسەر شێوازێکی شانۆیی، پاشان هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی کارکردنی شێوازی دەرهێنەرەکان.

6.2.4 یاساکانی وەزارەتی پەروەردە و پرۆگرامی ناوخۆی پەیمانگەکان کۆنن و کۆمەڵێک یاسای چەسپاوی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەسەر پەیمانگەکان و وانە هونەریەکاندا جێبەجێ دەکرێن.

7.2.4 سەلماندنی گرنگی خوێندنی وانەی دەرهێنانی شانۆیی، بۆ پەرەپێدانی پێشخستن و توانا هونەریەکانی دەرهێنەری شانۆیی.

8.2.4 سەلماندنی کاریگەری دەرهێنانی هاوچەرخ بەسەر ناوەندە ئەکادیمیاکانداو جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندنی دەرهێنانی هاوچەرخ لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا.

## 3.4 راسپاردەکان

1.3.4 ئامادەکردنی پێداویستی لایەنی پراکتیکی لەلایەن سەرۆکایەتی بەشی شانۆوە، بۆ ئەنجامدانی وانە پراکتیکیەکان کە وەک (هۆڵ و کەرەستە بەکارهاتووەکان بۆ دروستکردنی دیمەنی شانۆیی).

2.3.4 بەکارهێنانی نامەی ماستەرەکە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆی بۆ هەموو قۆناغەکانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، لە قۆناغی (سێهەمی دەرهینان تاوەکو پێنجەمی دەرهێنان).

3.3.4 کردنەوەی خولی راهێنان و بەهێزکردنی مامۆستایانی دەرهێنانی شانۆیی لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پەیمانگانەوە، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات لەلایەن کەسانی شارەزا و ئەکادیمییەوە.

4.3.4 ئاڕاستەکردنی مامۆستایانی وانەی دەرهێنان لەلایەن سەرۆکایەتی بەشی شانۆوە، بە گرنگیدان بە لایەنی پراکتیکی و بینینی شانۆ و سەرجەم وانە تیوریەکان بکرێنە شێوازی پراکتیکی بۆئەوەی بەشێوەی پراکتیکی ڕاهێنانی لەسەر بکرێت.

5.3.4 هاوتاکردنی پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، هاوشێوەی ناوەندە ئەکادیمیە هونەرەجوانەکانی جیهان و خوێندنی هونەری شانۆ بەشێوەیەکی سەردەمیانە.

6.3.4 پێویستە وەزارەتی پەروەردە پێداچونەوە بە شێوازی وەرگرتنی خوێندکاراندا بکات بەتایبەت لەدوای (9) بنەڕەتیەوە. لەبەرئەوەی لەئێستادا لەهیچ شوێنێکی تری وڵاتە پێشکەوتوەکاندا پەیمانگەی هونەری حکومی بونی نەماوە کە خوێندکار لەقۆناغی (9) ی بنەڕەتیەوە تێیدا بخوێنێت و بڕوا بە بڕوانەماکەی بکرێت بەبێ تەواوکردنی (12) بنەڕەتی ، واتا خوێندکار دەبێت خوێندنی گشتی تەواوبکات، کەدەکاتە قۆناغی دوای (12)، پاشان دەتوانێت پەیمانگەی باڵای شانۆ یان کۆلیژی هونەری شانۆ بخوێنێت و بڕوانامەکەی باوەڕپێکراو بێت.

## 4.4. پێشنیارەکان

توێژەر بۆ تەواوکردنی لایەنەکانی تری ئەم توێژینەوەیە، پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی لای خوارەوە وەک پرۆژەی توێژینەوە بۆ توێژەران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا دەکات، لەبەشی پەروەردەی هونەری و بەشی شانۆ و هاوشێوەکانی:

1.4.4 کاریگەری پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لەسەر ڕەوتی دەرهێنانی شانۆیی لە کوردستاندا

2.4.4 دۆخی دەرهێنانی شانۆی هاوچەرخ و کاریگەریەکانی بەسەر بزاوتی شانۆی کوردییەوە لەپاش ڕاپەڕینی 1991

3.4.4 دۆخی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کوردستاندا، بە بەراورد کردنی لەگەڵ پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی عێراقدا.

4.4.4 کاریگەری وانە پراکتیەکانی دەرهێنانی شانۆیی لەسەر دۆخی پەروەردەکردنی دەرهێنەر لە ناوەندە ئەکادیمیەکادا.

# (سەرچاوەکان)

# (سەرچاوەکان)

## سەرچاوە بەزمانی کوردی

- بریخت، برتولد (1980) دەربارەی شانۆی ئەزموونگەری. وەرگێرانی کەمال مەمەند میراودەلی.چاپخانەی الحوادث بغداد.

- بریخت، برتۆلد (1980) هەڵبژاردە لە چەند نوسینێکی کتێبەکەی "برتۆلد بریخت". وەرگێڕانی یاسین. چاپخانەی حوادث.بغداد

- جهانبەگلو، رامین (2003) مۆدێرنیتە لەچەمکەوە تا بەواقعی بوون.وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- دارتاش ،بەدیعە (2020) یادەوەریەکانم لە ڕۆژە سەختەکانا

- رەئووف،دانا (2015) تیوەرەکانی دەرهینانی شانۆیی. زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- شکسپیر،ویلیام (2008) شانۆی هاملێت. وەرگێڕانی د.ئازاد حەمە شەریف. دەزگای ئاراس.

- عەلی،بەختیار (2011) لەدیارەوە بۆ نادیار.کتێبخانەی ئەندێشە.

- فەرهادپوور،موراد (2006) جوانناسی شکست. بەشی(ناکۆکیەکانی مۆدێرنیزم) . وەرگێرانی مەنسوری تەیفوری.چاپخانەی رەنج.

- قەرەچۆڵی،د.عادل (1980) بۆچی- بریخت- رووی کردە شانۆی تەعلیمی؟. وەرگێڕانی فواد مەجید میسری. چاپخانەی حوادث.بغداد.

- هابرماس (2010) گوتاری فەلسەفەی مۆدێرنە.وەرگێرانی هاوژین مەلا ئەمین.

- ئانتوانین،ئارتۆ (2017) شانۆ و هەمبەرەکەی. وەرگێڕانی مستەفا قەسیم. زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- یەکەکانی میتۆد، لەساڵی خوێندنی 2000-2001) دا دانراوە لەلایەن مامۆستایانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلیمانی.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

- ابراهيم ، احمد (2006) الدراما والفرجةالمسرحية. دار الوفاء لدنيا.

- ابرسفيلد،ان (2012) قراءة المسرح.ترجمة.مي التلمساني. مهرجان قاهرة الدولي للمسرح التجريبي.

- ابو دبسة،فداء حسين و غيت،خلود بد و العمادي،محمد علي ( 2008 ) ، فلسفة الجمال عبر العصور.

- ارتو،انتونين (1973) المسرح وقرينة. ترجمة ساميه اسعد. دار النهضة العربية. القاهرة.

- اردش،سعد ( 1979) المخرج في المسرح المعاصر. المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب.الكويت.

- الجادري،عدنان حسين (2007) الاحصاء الوصفي في العلوم التربوية. دارالمسيرة للنشر.عمان.

- امل ، احمد ( 2009 ) نظرية فن الخراج المسرحي دراسة فى اشكالية المفهوم. دار البيضاء.

- اوسلاندر،فيليب (2002) من تمثيل الى العرض- مقالات حول العداثة ومابعد العداثة. ترجمة،د.سحر فراج.وزارة الثقافة القاهرة.

- آونيل، آر،آج و بورتز، آن، آم (2019) المخرج فنانا –الاخراج المسرحي المعاصر . ترجمة د.سامي عبدالحميد. جامعة سانت كلمنتس.

- آوين،فردريك (1981) برتولد بريخت- حياته، اعماله، فنه. ترجمة ابراهيم العريس، دار ابن خلدون.بيروت.

- ايجري،لايوس (2000) ضمن كتابة المسرحية. ترجمة درين خشبة.القاهرة، مكتبة الانجلو الصرية. القاهرة.

- ايكو،امبرتو (2004 ) التآويل بين السيميائيات والتفكيكية. ترجمة سعيد بنكرار.المركز الثقافي للعرب. المغرب.

- ايلام،كير (1992) سيمياء المسرح والدراما. ترجمة رنيف كرم. المركز الثقافي العربي .بيروت.

- بردبي،ديڤيد&وليامز،ديڤيد (1997) مسرح المخرجين .ترجمة، امير سلامة .الهيئة العامة لقصور الثقافة مكتبة الشباب.

- بروك،بيتر (1995) الحداثة وما بعده الحداثة، ترجمة عبدالوهاب علوي.

- بريخت،برتولد (1973) نظرية المسرح الملحمي. ترجمة د.جميل نصيف.عالم المعرفة. بيروت.

- بووبووف،آلكسي (1976) التكامل الفني في العرض المسرحي.ترجمة شريف شاكر.وزارة الثقافة والارشاد القومي. دمشق.

- بينتلي، اريك (1986) نظرية المسرح الحديث.ترجمة يوسف عبدالمسيح ثروت.دار الشؤون الثقافة العامة.

- بينيت،سوزان (1984) جمهور المسرح.ترجمة سامي فكري.

- تشيني، شلدون (1998) ثلاث الاف سنة من الدراما والتمثيل والحرفة المسرحية. ترجمة حنا عبود، وزارة الثقافة دمشق.

- تودوروف ( 2001 ) الشعرية . ترجمة شكري المبخوتي و رجاء بن سلامة ، دار توبقال للنشر.

- تيجام، فليب ڤان ( ب-ت ) التكنيك المسرحي. ترجمة يوسف البدري.

- ثروة،يوسف عبدالمسيح (1985) دراسات في المسرح المعاصر.مكتبة النهضة. بغداد.

- جان وا، م جوسار (2007 ) المسرح الديني في العصور الوسطى. ترجمة د.محمد القصاص.

- جدري،عبدالكريم (2002) التقنيات المسرحية. المؤسسة الوطنية للفنون.الجزائر.

- جوجاكيه،بيرجر (2005) المسرح ورؤية الاخر.ترجمة د.آماني فوزي حبشي. اصدارات مهرجان القاهرة الدولي للمسرح.

- جودمان،ليزبيث & جاى،جين دى (2001) المرشد في السياسة والاداء. ترجمة د.محمد لطفي نوفل. اصدارات مهرجان القاهرة الدولي للمسرح التجريبي.

- جيبلسكو، ستان (2009 ) كشف اسرار الفيزياء.ترجمة بسام صقر. الدار العرب.بيروت.

- دين،الكساندر(1972 ) العناصر الاساسية لاخراج المسرحية. ترجمة سامي عبدالحميد.

- الزيدي،قيس (2004 ) درامية التغير-دراسات مختارة في المسرح الملحمي. دار الكنعان.دمشق.

- سبيلا،دمحمد (2005) الحداثة ومابعد الحداثة.مركز دراسات فلسفة الدين في بغداد.

- سكران، د.رياض موسى (1999) مسرح المسرح.

- شرقاوى،جلال ( 2012 ) الاسس في فن التمثيل وفن الاخراج المسرحي. هيئة المصرية العامة للكتاب. القاهرة.

صبري،عزام عبدالرحمان (2006) الاحصاء الوصفي ونضام spss، جدارللكتاب العالمي،عمان.

- صليحة،د.نهاد (2001) التيارات المسرحية المعاصرة. دائرة الثقافة والاعلام. حكومة الشارقة.

- طرابشي، جورج (1987) برهية اميل تاريخ الفلسفة. دار الطليعة. للطباعة و النشر.بيروت.

- عبدالحميد، شاكر (2009) الخيال من الكهف الى الواقع الافتراضي. المجلس الوطني للثقافة والفنون. الكويت.

- عبدالحميد،د.سامي (2004) ابتكارات المسرحيين في القرن العشرين.

- عبدالحميد،سامي (2016) مقاربات ومقارنات لمشاهير الخرجين- اجانب وعراقيين.دار الكتب والوثائق ببغداد.

- عبدالرحيم، عزالدين (2011) خواص المادة، الخرطوم.

- عبدالصاحب،د.سعد عزيز، (2019) الجدل في المسرح المعاصر- دراسة في تنوع الخطاب الفلسفي.الهيئة العربية للمسرح.الشارقة.

- عبدالوهاب، شكري (2009) الاخراج المسرحي، دراسة في ابداع الصورة المرئية.

- عزيز،آ.د.قاسم موئنس (2013) جماليات الشكل في المسرح المعاصر.دار الايام للطباعة والنشر. عمان-الاردن.

- العماري،د.لميس (2004) المفاهيم الاساسية لمسرح بريشت.دار كنعان للدراسات.دمشق.

- عيد، كمال الدين ( 1996 ) مناهج عالمية في الاخراج المسرحي .سان بيتر للطباعة.

- عيد،كمال الدين (2007 ) نظريةالحركة في الدراما والباليه. دار الوفاء لدنيا.

- فراج. وزارة الثقافة، اصدارات مهرجان القاهرة الدولى للمسرح التجريبى.القاهرة.

- فراي، تورثروب (1990) تشريح النقد - محاولات أربع . ترجمة عصفور.الجامعة الأردنية. عمان.

- فريد،بدري حسون& عبدالحميد،سامي (1980) مبادىء الخراج المسرحي.وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.جامعة بغداد.

- كارلسون،مارفن (1990) فن الاداء مقديمة نقدية. ترجمة منى سلام. وزارة الثقافة. اصدارات مهرجان القاهرة الدولى للمسرح التجريبى.القاهرة.

- الكاشف ، د.مدحت (2008) المسرح ولانسان- تقنيات العرض المسرحى المعاصر.

- كرستيفا،جوليا (1991) علم النص.ترجمة فريد الزاهي.دار توبيقال. للنشر المغرب.

- كروتووسكي،جيرزي (1986) نحو مسرح فقير. ترجمة د.كمال قاسم نادر.دار الشؤون الثقافة والاعلام.بغداد.

- كوفجي،قاسم محمد& نصار،محمد يوسف (2008) نظريات فنية في الفن والفنون الموسيقية والدرامية. عالم الكتب الحديث.

- كونسل،كولين (1998) علامات الاداء المسرحي مقدمة في مسرح القرن العشرين. ترجمة د.امين الرباط.وزارة الثقافة. القاهرة.

- لوفيفر،هنرى (1988) ماالحداثة .ترجمة، كاظم جهاد.

- ليور،ميشال (1965 ) فن الدراما. ترجمة احمد بهجت فنصه. منشورات عويدات. بيروت.

- ماييرهولد،فيسفولد (1979) في الفن المسرحي،الكتاب الاول.ترجمة شريف شاكر. دار الفارابي.بيروت.

- مجدي،فرج (2000) جماليات فن الرقص. دار الاوبرا المصرية.

- مهدي،د.عقيل (ب ت ) في بنيتة العرض المسرحي.مطبعة اسد. بغداد.

- مور،سونيا (2016) تدريب الممثل بطريقة ستانسلافسكي.تر،سامي عبدالحميد.مكتبة المصادر.بغداد.

- ميتنسافى،فيرنر (2004) بريشت- انتاجية عمل كلاسيكي.دار كنعان.دمشق.

– هلتون،جوليان (2001) نظرية العرض المسرحي، ترجمة د. نهاد صليحه. منشورات مركز الشارقة للابداع الفكري.

– هوى، ئونا شود (2000) المكان المسرحي. ترجمة امين حسين. مركز اللغات. القاهرة.

– وايتمور،جون (2021) الاخراج في مسرح مابعد الحداثة. ترجمة د.سامى عبدالحميد.

– يفانز،جيمس روزا (1979) المسرح التجريبي من استانسلافسكي الى اليوم . ترجمة ، فاروق عبد القادر. دار الفكر المعاصر.القاهرة.

**سەرچاوە بەزمانی فارسی**

– اونز،جيمز (1392) تئاتر تجربى از استانيسلاوسكى تا پيتر بروک.ترجمه مصطفى اسلاميه.انتشارات سروش. تهران.

– بارت،رولان (1385) نقدها و نوشتەها دربارەى تئاتر،ترجمه د.مازيار مهيمنى،نشر قطره،تهران.

– بريشت،برتولد (1391) درباره تئاتر. ترجمه فرامرز بيهزاد.

– دين،الكسندر&كاررا،لارنس (1384) اصول كارگردانى نمايش . ترجمة د.محمد باقر قهرامانى.

– روبين، ژان ژاک ( 1386 ) تئاتر و كارگردانى. ترجمه مهشيد نونهالى.سلسله انتشارات،نشر قطر. تهران.

– ميتر،شوميت& شفتسووا،ماريا (1390) پنجاه كارگردان كليدى تئاتر. ترجمه محمد سپاهى& معصومه زمانى.نشر بيدگل تهران.

**سەرچاوە بەزمانی ئینگلیزی**

- Alexander Dean (1953) The Fandamentals of play Directing.
- Grotowski,jerzy (1968) Towards apoor Theatre. New Yor.

- Cooper ,johnd (1974) Measurment and Analysis of Behavioural Techiques, Columbus, ohio,Choes,E,Mervill.
- John Dolman (1984) The Art of play production.
- Marshall, Norman (1962) The produce and the play. London.

**گۆڤارەکان**

- احمد، فوزى فهمى (1995) المسرح وجسد الانسان. القاهرة. مجلة فصول. العدد الرابع المجلد 12. الهيئة المصرية العامة للكتاب.القاهرة.

- بسكاتور،اروين (1984) المسرح السياسي. ترجمة امل فضل.مجلة عالم الفكر.

- بكر،هيمداد حسين (1997) مێژوی شانۆی کوردی.گۆڤاری کاروانی ئەکادیمی، ژمارە2 هەولێر.

- الجابري، محمد عابد (1989) التناص في الخطاب النقدي المعاصر. مجلة الفكر العربي المعاصر. عدد 60-61.

- الجابري،محمد عابد (1989 ) التناص في الخطاب النقدي المعاصر. مجلة الفكر العربي المعاصر.عدد 60-61.

- حمادة، ابراهيم (1992) مفهوم تغريب في المسرح بريخت. مجلة المسرح والسينما المصرية.عدد 57

- دياب، محمد حافظ (2004) ابداعية الشفاهي والكتابي محاورة نص الشعبي. مجلة فصول. العدد 64.

- دياب،محمد حافظ (2004 ) ابداعية الشفاهي والكتابي محاورة نص الشعبي. مجلة فصول. العدد 64.

- صليحة،نيهاد (1979) مجلة الحياة المسرحية.العدد 9.

- ف،تيريشكوفيتش (1979) مجلة الحياة المسرحية. ترجمة ريمون بطرس. العدد 9.

- المصدق،اسماعيل (1998) هوسرل وازمة الثقافة الاوربية.مجلة مدارات فلسفية. الجمعية الفلسفية المغريبية.العدد الاول، يونيو.

- هابرماس،يورغن (1990) مجلة العرب والفكر العالمي – الخطاب الفلسفي في الحداثة .ترجمة د.علي مقلد.

**ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان**

- الإخراج المسرحى . مدخل الى علوم المسرح 2019 ، له رۆژى 12 \ 6 \ 2022 لەم ماڵپەرە وەرگیراوە. https://sites.google.com

- الامير،سالم حسين: تاريخ تاسيس معهد الفنون الجميلة. ) نشر يوم 4 \ 8\ 2013. ڕۆژی 17 \ 5\ 2022 لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە . http://www.watar7.com

- الجادر،عبد المنعم :ثمانون عاما على تآسيسه.معهد الفنون الجميلة في دوراته الاولى، الكاردينيا، مجلة ثقافة عامة.نشر يوم 19 \ 9\ 2016 له رۆژى 18 \ 5\ 2022 لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە https://www.algardenia.com

- الغمراي ،فاروق: دراسه اوليه في الاخراج المسرحي . 2018. لەڕۆژی 22 \ 3 \ 2022 لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە. http://talantberth.blogspot.com

- المحمدي، ايمان مصطفى، من تاريخ معهد الفنون الجميلة. نشر يوم 11 \ 4 \ 2022 . لەڕۆژی9 \ 6\2022 لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە. https://www.almadasupplements.com

- خليل ، فاضل ، منهج الإخراج . موقع الحوار المتمدن ، نشر يوم ١٠\٨\ ٢٠٢١.ڕۆژی ٢٠\2\ 2٠٢ لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە https://m.ahewar.org/s.asp?aid=727763&r

- رئاسة الجمهورية العراقية. القوانين والتشريعات العراقية ،نص نظام معهد الفنون الجميلة ، 1969،لەڕۆژی2022\6\9 لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە. http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/

- مفهوم الإخراج المسرحي وتطوره التاريخي في "ملتقى الأوائل . 2017. رۆژی 6 \ 6 \2022 لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە https://www.alittihad.ae/article/

**چاوپێکەوتن**

- ئەحمەد سالار عبدالواحید. چاوپێکەوتن،1-3-2022، سەعات 5ی ئێوارە.

- ئازاد جەلال. گفتوگۆ لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفونییەوە، 2--2-2022-، سەعات 4ی پاش نیوەڕۆ.

- عەلی جۆلا. چاوپێکەوتن. 14-2-2022، سەعات 3ی پاشنیوەڕۆ.

- فەرهاد عەبدولا. چاوپێکەوتن. 5-3-2022 . سەعات 10ی سەلەبەیانی.

- شەماڵ فەهمی، چاوپێکەوتن، 10-2-2022، سەعات 3:30 خولەکی دوای نیوەڕۆ.

**لێکۆڵینەوەکان**

- علي،معمد كاظم (2005) تداخل الاتجاهات الاخراجية في عروض المسرح العراقي.جامعة بغداد.بحث غير منشور.

- حاجی قاسمی، مصطفی (1391) تئاتر دانشگاهی در ایران، شکل گیری، تحولات، نقاط عطف، کارگردانی نمایش "من رویاهایم را در ماه خاک می کنم. لەڕۆژی4\9\2021 https://art.modares.ac.ir لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە.

- حسنى پور،سيده فاطمه (1391) بررسى شيوه‌هاى كارگردانى در تئاتر پوست مدرن و تئاتر سنوگرافى هاى متفاوت آن بر نمايش معاصر . لەڕۆژى2021\9\12 https://ctb.iau.ir لەم ماڵپەڕە وەرگيراوە.

- محمدى،محمد (1397) مطالعه تطبيقى نضريه هاى اجرايى يرژى گروتفسكى و يوجينيو باربا، با تاكيد بر چگونگى تاثيرپزيرى از تئاتر شرق. لەڕۆژى2021\9\23 لەم ماڵپەڕە وەرگيراوە.

https://farabi.art.ac.ir

- محمد،سعدية نوري (2020) سوسيولوجية العرض لمسرحي الرواد وتجارب الشباب المعاصر. مجلة الاكاديمي،عدد 98.

# (پاشکۆکان)

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**لیستی شارەزایان و هەڵسەنگێنەران بۆ ئامرازەکانی توێژینەوەکە**

| ژ | ناو | نازناوی زانستی | پسپۆری | ناونیشان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.نظام عبدالجبار حسین | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەووتنەوەی زمانی کوردی | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٢ | پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر | پرۆفیسۆر ی یاریدەدەر | شانۆ | زانکۆی سەلاحەددین کۆلێجی هونەرە جوانەکان |
| ٣ | پ.ی.م. وفاء محمد حسین | پرۆفیسۆر ی یاریدەدەر | پەروەردەی هونەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٤ | د.نیاز لطیف | مامۆستا | شانۆ | پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی |
| ٥ | م. کامەران محمود احمد | مامۆستا | پەیکەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٦ | م.ی. دارا اورحمن احمد | مامۆستای یاریدەدەر | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هونەر | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |
| 7 | م.ی. تۆڵە ئومێد محمود | مامۆستای یاریدەدەر | پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی موزیک | زانکۆی سلێمانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی |

جۆری ڕاپرسی:

ا – ڕاپرسی تایبەت بە دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا.

ب- ڕاپرسی تایبەت بە پێشنیارەکانی ڕێگاکانی گەشەپێدانی دەرهێنانی شانۆیی لە ژێر ڕۆشنایی ئاڕاستە هاوچەرخەکاندا.

## پاشکۆی (2)

ڕاپرسی کراوە بۆ مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی. تایبەت بە دۆخی وانە وتنەوەی دەرهێنانی شانۆیی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا

زانکۆی سلێمانی

کۆلیژی هونەرەجوانەکان

بەشی پەروەدەی پەروەردەی هونەر

راپرسی بۆمامۆستایان و پسپۆڕانی بواری دەرهینانی شانۆیی

بەشداربوی بەڕیز......

من خوێندکاری ماستەرم هەڵدەستم بەئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی

(دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ڕێگاکانی گەشەپێدانی لەژێر ڕۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکاندا)

مامۆستایانی بەشی شانۆ لەپسپۆڕی بواری دەرهێنانی، ئەم راپرسیە پەیوەستە بە بەڕێزتان و دەتوانن بەبۆچونی خۆتان و شارەزایتان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، بۆ هەر پرسیارێک نیو پەرەگراف بەجێهێڵراوە بۆ وەڵام دانەوە، ئەگەر پێویستت بە وەڵامی زیاتربوو ئەوا ئازادی لەوەڵامدانەوەدا بەمەرجیک لەخزمەتی پرسیارەکاندابێت. پرسیارەکان پەیوەستە بە بابەتی دەرهینانی شانۆیی و ئەزمون و شارەزایی ئێوەی بەڕیز خزمەتی زیاتری توێژینەوەکەم و ناوەندی شانۆیی دەکات.

لەگەڵ ریز و سوپاسدا

| | |
|---|---|
| خوێندکاری ماستەر | سەرپەرشتیاران |
| گۆران عەلی کەریم | ١- پ . د. جواد نعمت حسين |
| | ٢-ی.پ. د. دڵشاد مستەفا رەحیم |

تەوەری یەکەم

تکایە ئەم زانیارانەی لای خوارەوە پڕ بکەرەوە

١- ناوی سیانی:

.........................................................................

2- ناوی ئەو زانکۆیەی لێت خوێندووە:

.........................................................................

٣- ناوی ئەو پەیمانگەیەی خزمەتی مامۆستایەتیت لێکردووە:

.......................................................................

٤- بڕوانامەی زانستی:

.........................................................................

5- دانیشتوی کام شاریت

.........................................................................

تەوەری دوەم پرسیارەکان

١- دۆخی (واقعی) وانەی دەرهێنانی شانۆیی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟

٢- ئایا بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنان بەپیی قۆناغەکان چی میتۆدێک پەیڕەو کراوە؟

٣- ئایا شێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنان لەکوردستاندا توانیویەتی هاوشێوەی ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیابێت؟

٤- ئایا لەشێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆی پێویستە چ جۆرە تەکنیکێکی پراکتیکی بەکار بهێنرێت؟

٥- ئایا پێویستە چی جۆرە چالاکیەک بەکار بهێنرێت بۆ وتنەوەی ئەم وانەیە، تا لەڕێگەی ئەو چالاکیانەوە ئەزمونی بواری دەرهێنانی شانۆیی بکریت؟

٦- ئایا ئەو گرفتانە چین کەتوشی بابەتی دەرهینانی شانۆی دەبیت لە وتنەوەی ئەم بابەتەدا لە پەیمانگەکاندا ؟

٧- ئایا پرۆسەی خوێندنی بابەتی دەرهێنانی شانۆیی دەتوانێت وا لەخوێندکار بکات بەشێوازی زانستی و ئەکادیمی پەرە بەتوانا هونەریەکانی بدات لە بواری دەرهیناندا؟ ( ئەگەر پرسیارەکەت بە بەڵێ بوو یان نەخێر تکایە ڕەنکردنەوەی پێبدە).

پاشکۆی (3)

ڕاپرسی کراوە بۆ مامۆستایانی بواری دەرهێنانی شانۆیی، سەبارەت بە پێشنیارەکان

زانکۆی سلێمانی

کۆلیژی هونەرەجوانەکان

بەشی پەروەدەی پەروەردەی هونەر

راپرسی بۆمامۆستایان و پسپۆڕانی بواری دەرهینانی شانۆیی

بەشداربوی بەڕیز......

من خوێندکاری ماستەرم هەڵدەستم بەئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی

(دۆخی وانە وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ڕێگاکانی گەشەپێدانی لەژێر ڕۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکاندا)

مامۆستایانی بەشی شانۆ لەپسپۆڕی بواری دەرهێنانی، ئەم راپرسیە پەیوەستە بە بەڕێزتان و دەتوانن بەبۆچونی خۆتان و شارەزایتان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، بۆ هەر پرسیارێک نیو پەرەگراف بەجێهێڵراوە بۆ وەڵام دانەوە، ئەگەر پێویستت بە وەڵامی زیاتربوو ئەوا ئازادی لەوەڵامدانەوەدا بەمەرجیک لەخزمەتی پرسیارەکاندابێت. پرسیارەکان پەیوەستە بە بابەتی دەرهینانی شانۆیی و ئەزمون و شارەزایی ئێوەی بەڕیز خزمەتی زیاتری توێژینەوەکەم و ناوەندی شانۆیی دەکات.

لەگەڵ ریز و سوپاسدا

| | |
|---|---|
| خوێندکاری ماستەر | سەرپەرشتیاران |
| گۆران عەلی کەریم | ١- پ . د. جواد نعمت حسين |
| | ٢-ی.پ. د. دڵشاد مستەفا رەحیم |

تەوەری یەکەم

تکایە ئەم زانیارانەی لای خوارەوە پڕ بکەرەوە

١- ناوی سیانی:

.........................................................................

2- ناوی ئەو زانکۆیەی لێت خوێندووە:

.........................................................................

٣- ناوی ئەو پەیمانگەیەی خزمەتی مامۆستایەتیت لێکردووە:

.......................................................................

٤- بڕوانامەی زانستی:

.........................................................................

5- دانیشتوی کام شاریت

.........................................................................

تەوەری دووەم

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان پێویستە پشت ببەستن بە میتۆد و ڕێبازەکانی هەریەک لەم دەرهێنەرە هاوچەرخانەی لای خوارەوە:

1- **ئانتۆنین ئارتۆ:** (1896 – 1948) شانۆکار و شاعیر و وێنەکێشی فەڕەنسی کە شانۆکەی بە شانۆی توندوتیژی ناوبانگی دەرکردووە.

2- **جێرزی گرۆتۆفسکی**: ( 1933 – 1999 ) دەرهێنەر و ڕاهێنەر و داهێنەری مەزنی شانۆی هاوچەرخ بەرەگەز پۆلۆنی، لەپێناوی بەدیهێنانی شانۆییەکی مۆدێرن و تایبەتدا لەگەڵ ڕەخنەگر (لۆدفێل فلازن) تاقیگەیەکی شانۆییان کردەوە بۆ گەیشتن بە ئەزمونێکی تازە و شانۆکەی بە شانۆی هەژار ناوبانگی دەرکردووە.

3- **برتۆلد برێخت:** دەرهێنەر و نوسەری بەڕەگەز ئەڵمانی، خاوەنی شانۆی داستانی و توانیویەتی قوتابخانەیەکی هاوچەرخی شانۆیی بۆخۆی دابمەزرێنێت.

1- ئایا چۆن دەکرێت پەرە بەبواری دەرهێنانی شانۆی بدرێت لەژێر ڕۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکاندا و پێشناری ئێوە چییە؟

پاشکۆی (4)

دروستکردنی ڕاپرسی داخراو و دابەشکردنی بەسەر شارەزایاندا.

زانکۆی سلێمانی

کۆلیژی هونەرەجوانەکان

بەشی پەروەردەی هونەر

خوێندنی باڵا – ماستەر

راپرسی

مامۆستای بەڕێز............

سڵاوی زانستی :

ئەم فۆرمەی لەبەردەستاندایە بۆ توێژینەوەیەکی زانستییە، کە توێژەری خوێندکاری ماستەر لەبەشی پەروەردەی هونەر، هەڵدەستێ بەئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی (دۆخی وتنەوەی بابەتی دەرهێنانی شانۆی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ڕێگاکانی گەشەپێدانی لەژێر ڕۆشنای ئاراستە هاوچەرخەکاندا)

داوا لەبەرێزتان دەکەم وەک مامۆستا و شارەزا لەم بوارەدا هاوکاریم بکەن لەڕێی وەڵامدانەی بڕگەکانی ئەم راپرسییە

لەگەڵ ریز و سوپاسدا

تێبینی: تکایە ئەم زانیاریانەی لای خوارەوە پڕبکەرەوە

ناو:

بڕوانامە :

پسپۆڕی گشتی :

پسۆڕی وورد:

سەرپەرشتیاران: پ.د. جواد نعمەت

ی.پ.د. دڵشاد مستەفا

خوێندکاری ماستەر

گۆران عەلی کەریم

تەوەری یەکەم

1- دۆخی دەرهێنانی شانۆی لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکاندا.

| ژمارە | برگە | هاوڕام | تارادەیەک هاوڕام | هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | لاوازیی لە ئاستی زانستی و شیکردنەوە و دۆزینەوەی بابەتی نوێ لای مامۆستایان لەئاستێکی پێویستدا نییە. | | | |
| 2 | گەڕان و قوڵبونەوە و بەرکەوتن لەگەڵ مادە زانستیەکاندا لای مامۆستایان و خوێندکاران کەمن. | | | |
| 3 | بونی ژمارەی زۆری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لەکوردستاندا بۆتە گرفت بۆئەوەی ژمارەی تەواوی مامۆستای پسپۆڕ لە پەیمانگەکان بونی نەبێت. | | | |
| 4 | زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کە وانەی دەرهێنانی شانۆیی دەڵێنەوە خودی خۆیان دەرهێنەرێکی دیار و ناسراو نین و ئەزموونیان کەمە، بۆیە دەرئەنجام ناتوانن خوێندکارەکان بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی لەسەر بنەمایەکی و زانستی و هونەری فێربکەن. | | | |
| 5 | یەکەکانی پرۆگرام لەناو پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکانی کوردستاندا بەشیوەیەکی زانستی و هونەری باش دانراوە | | | |
| 6 | هۆکاری فێرکردنی هاوچەرخ لەبەردەست مامۆستایاندا نییە بۆ وتنەوەی وانەی دەرهێنانی شانۆی. | | | |
| 7 | هۆڵی شیاو و گونجاو بۆ پراکتیزە کردنی وانەی دەرهێنان وەک پێویست بونی نییە. | | | |
| 8 | لەساڵانی (2000) بەدواوە هیچ جۆرە گۆڕانکاریەکی بنەرەتی لە پەیڕەو پرۆگرامی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | یەکەکانی میتۆدی بەشی شانۆ نەکراوە، ئەمەش جەقبەستنی دروست کردوە، پێویستە بەزووترین کات بەپێی ڕەوت و میتۆدە نوێیەکان سەرلەنوێ پێداچونەوە بە یەکەکانی میتۆد بەگشتی و دەرهێنان بەتایبەتی بکرێت. |
| 9 | نەبوونی فێرخوازی ئارەزوومەند، کە پێویستیی داواکاری هونەری بۆ بابەتەکە و وانەکە هەبێت. | | | |
| 10 | پابەند نەبوونی مامۆستایان بە یەکەکانی میتۆدی دیاری کراوی ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگاکان بۆتە گرفت لەشێوازی وتنەوەی وانەکانیان | | | |
| 11 | بڕی ئەو وانانەی بۆ ئەم بەشە تەرخانکراوە تا ڕادەیەک کەمەو وەک پێویست ناتوانرێت .خوێندکاری پێ پەروەردە بکرێت. | | | |
| 12 | ئەو بابەتانەی کە بۆ خوێندنی بەشەوانەکان تەرخان کراوە بابەت گەلێکن بە تەنها لە یەک کۆرس بۆ دوو کۆرسدا دەتوانرێت بوترێتەوە نەوەک سێ ساڵی بۆ تەرخان بکرێت کە هەمووی دەکاتە شەش کۆرس ئەگەر وەک کۆرس لێی بڕوانین، لەماوەی هەرسێ سڵەکەدا. | | | |

تەوەری دووەم

2- میتۆدی پەیڕەوکراو بۆ وتنەوەی بابەتی دەرهێنان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.

| | بڕگە | هاوڕام | تارادەیەک هاوڕام | هاوڕانیم |
|---|---|---|---|---|
| 1 | میتۆدی پێگوتنەوە زیاتر لە هەموو میتۆدەکان پەیڕەوکراوە، مامۆستا زانیاریی لە کتێبێکەوە وەرگرتووە و هەمان زانیاری دەگوازێتەوە و بە خوێندکاری دەڵێتەوە، دواتر داوای لێدەکات ئەویش هەمان زانیاری بداتەوە. | | | |
| 2 | بەشێکی مامۆستاکان بوونەتە زمانحاڵی کتێبێک یان مەلزەمەیەک، نەک دەرئەنجامی گەڕان و | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | توێژینەوەی خۆی بکاتە دەروازەیەک بۆ فراوانکردنی دیدگای خوێندکاران. | | | |
| 3 | زۆرکەم شێوازی گەڕان و دۆزینەوە لەلای مامۆستایان بەکارهاتووە، بەڵکو خوێندکار کراوەتە وەرگرێکی پاسیڤ نەک توێژەریکی بەشدار. | | | |
| 4 | تاوەکو ئێستا لە وانەی دەرهێنان پلانێکی گشتی نیە بۆ سەرجەم بەشی شانۆی پەیمانگەکان بە واتایەکی تر لە هەر پەیمانگەیەک بەشێوازێک وانەی دەرهێنان دەگوترێتەوە کە لەسەر بنەمایەکی زانستی نیە. | | | |
| 5 | بەپێی ئەو یەکە سەرەکیانەی کەلە پرۆگرامی شانۆی پەیمانگەدا جێبەجێ کراوە سەرنج خراوەتە سەر ئەوەی کەلەقۆناغی دووەمەوە بنەماکانی دەرهێنان بخوێنرێ، کەئەمەش بۆ بەرچاو ڕونی خوێنکاران و بەخشینی هەندێک زانیاری بنەڕەتی و سەرەتای بواری دەرهێنانە، کەچۆن بتوانێت دەق بخوێنێتەوە و راڤەو شیکاری بۆبکات و لەمەغزا و مانا شاراوەییەکانی دەق و نوسەر تێبگات و کورتەیەک لە مێژوی دەرهێنان ئاشنابێت. ئەمە بەشێوەیەکی زانستی لەمیتۆددا جێگەی کراوەتەوە. | | | |
| 6 | خوێندکار لەقۆناغی سێهەم بەدواوە پسپۆڕی بواری دەرهێنان دەخوێنێت، کەبەپشت بەستن بە میتۆدە بەناوبانگەکەی (ئەلکساندەر دین) رەگەزە سەرەتاییەکانی دەرهینان بەقوڵی و فراوانی دەخوێنێت، جیاکردنەوەی خوێندنی پسپۆڕی بەسەر ئەوسێ ساڵەدا کارێکی پەروەردەی و هونەرییە. | | | |
| 7 | پێویستە مامۆستا گرنگی زیاتر بدات بە هەر پێنج رەگەزە سەرەکیەکەی دەرهێنان، کەپایەی داهاتوی کاری دەرهێنانی شانۆییە ، بۆئەوەی خوێندکار بە تیوری و بە پراکتیکی بتوانێت سەرجەم پرۆسەی دەرهێنانی بەستایل و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لەئایندەدا جێبەجی بکات. | | | |
| 8 | لەقۆناغی چوارەم و پێنجەمی خوێندنی وانەی | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێناندا ستایل و قوتانخانە ناسراوەکانی دەرهێنان دەخوێنرێت، بەڵام زۆربەی کات لەبەر نەبونی نمونەی زیندو کاریی پراکتیکی ئەم قوتابخانە و ستایلانە تەنیا بەتیوری و بەکورتی دەخوێنرێن و خوێندکار تەنیا بە (راگوزەر) ئاشنایەتی سادەی ئەم میتۆدانە دەبێت. | |
| | | | کەمکردنەوەی ئەو هەموو دەرهێنەر و ستایل و شێواز و میتۆدانە بۆچەند دەرهێنەرێکی سەرەکی و گرنگ کەڕۆڵیان زۆر کاریگەرە لەسەر شانۆ و رەوتی دەرهێنای شانۆیی. | 9 |
| | | | نەبونی پسپۆڕیی لە ستایل و قوتابخانە شانۆییەکاندا لەلایەن مامۆستای وانەی دەرهێنانەوە هەروەک ستایل و قوتابخانەکانی( ئەندرێ ئەنتوان و برێخت و مایرهۆلد و ئانتۆنین ئارتۆ و جیزی گرۆتۆفسکی و پیتەر بروک ...... هتد.) وای لەخوێندکارانیش کردوە کەنەتوانن بەشێوەیەکی باش لەبابەتەکان تێبگەن. | 10 |

تەوەری سێهەم

3- شێوازی وتنەوەی وانەی دەرهێنان لەکوردستاندا بە بەراورد بە ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیا.

| هاوڕانیم | تارادەیەک هاوڕام | هاوڕام | بڕگە | ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| | | | شێوازی ووتنەوەی وانەی دەرهێنان لە کوردستان هاوشێوەی ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیا نیە، چونکە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانەی دەرهێنان دەڵێنەوە شارەزاییەکی تەواویان نیە لەسەر ئاراستەکانی شانۆی هاوچەرخ یان قۆناغەکانی گەشەسەندنی شانۆ هەر لە گریکەوە تاوەکو ئەمڕۆ. | 1 |
| | | | پێویستە مامۆستا بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی ستایلە شانۆییەکانی جیهانی فێری قوتابیان بکات | 2 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | وەکو شێوازی دەرهێنان لای (ستانسلاڤسکی ، مایرهۆلد ، بریخت، ئارتۆ، کرۆتۆفسکی، پیتەر برۆک ... هتد. | |
| | | | لەبەرئەوەی هیچ پەیمانگایەک لەکوردستاندا باڵەخانەیەکی پرۆفیشناڵ و تایبەتی بەهونەرە جوانەکان نیە . چ لەهۆلی تیۆری و چ لە هۆلی پراکتیکی، بۆیە ناتوانین بڵێین ئێمە وەک ناوەندە ئەکادیمیەکانی دونیاین. | 3 |
| | | | کوردستان نەیتوانییەوە هاوشێوەی ناوەندە هونەرییەکانی دونیا بێت، چونکە کەشێکی گونجاو و لەبار بۆ هونەری شانۆ دروست نەکراوە. | 4 |
| | | | چونکە کوردستان داخراوو نە بووە، لە چەند ساڵانی ڕابردودا وە لەڕێگای ڤیستیڤاڵەکانەوە بەشدار بووە لەکارە شانۆکانی دەرەوەی کوردستان و کارەکانی هاوشانی کارەکانی ئەو وڵاتانە بووە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئێمەش هاوشانی ئەکادیمیاکانی دونیا شانۆی خۆمانمان هەیە. | 5 |
| | | | لەکوردستان وەک جیهانی پێشکەوتونیە، ناوەندە ئەکادیمیەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان لەڕوی تەکنەلۆژیا و سینۆگرافیاوە هەموو ساڵێک گۆڕانی بەسەرداد‌یت، تەنانەت بابەتە تیوری و پراکتیکیەکانیش دەگۆڕێن. | 6 |
